# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (١٥) شوباتی
٢٠١٨


**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
**٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٠٠٦٣٧٦٦٤**
**tofeqkarem@yahoo.com**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**عادل سدیق**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**

ڕاوێژکاران
**پ. د. موحسین عەبدولحەمید**
**پ.ی. د. عوسمان عەلی**
**پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی**
**پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی**
**پ.ی. سەلام ناوخۆش**
**م.ی ئیدریس سیوەیلی**


**وێنەی بەرگ کاری (ڕەجا محەمەد) تایبەت بە گۆڤاری خاڵ**


**سایتی گۆڤاری خاڵ:**
**www.xalkurd.com**

تیراژ: ١٥٠٠

نرخ: ١٥٠٠ دینار

ئەم ژمارەیە بە سپۆنسەری
سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی
فیکریی چاپکراوە

# لەم ژمارەیەدا

## تەوەر (ڕاجیایی سیاسی)


ڕۆڵی ڕاجیای سیاسیی لە بنیاتنانی دەوڵەتی ڕەشیددا..................................... د.ئاوات محەمەد ئاغا ٥

جیاوازی بۆچوونی سیاسی لە فکری ئیسلامیدا .......................................... د.ئاراس محەمەد ساڵح ١٣

ئیسلامخوازانی کوردستان لە پەرتەوازەییەوە بۆ تەواوکاریی ......................... تۆفیق کەریم ٢١

فەلسەفەی ئازادی ئاینیی خوێندنەوەیەکی ئیسلامگەراییانە ............................ سامان مامڵێسی ٢٦

ئۆپۆزسیۆن بوون لە دەوڵەتی ئیسلامیدا ......................................................... ڕێدار ئەحمەد ٣٢

ڕەهەندەکانی ڕاجیایی سیاسیی و گرفتەکانی لە فکری ئیسلامییدا .................. سەرتیپ عزیز فارس ٤١

چاوپێکەوتن لەگەڵ د.موحسین عەبدولحەمید ................................................. ئا: ڕێدار ئەحمەد ٥١

ڕانانێک بۆ پەرتووکی (ئادابی ڕاجیایی لە ئیسلامدا) ........................................ کۆسرەت ساڵح ئەحمەد ٥٨

ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان هاوەڵان ............................................................ ڕانانی: ئیدریس سیوەیلی ٦٩

سیما ئاڵۆزکاوەکانی پەیوەندی نێوان ڕامیاریی و کولتوور ................................ بوخاری عەبدوڵڵا ٧٤


## بابەتی گشتی


ململانێی ناوخۆیی لە یەکەم ئەزموونی حوکمڕانیی کوردی ئیسلامیدا ............. یاسین تەها ٨١

ڕامان لە وێستگەکانی ئەم قۆناغە ................................................................... شوان هەورامی ٨٦

چەند سەرنجێک لەسەر ڕێبازی توێژینەوەم لە بواری مێژوودا ........................... و. د.ئیسماعیل بەرزنجی١٠٦

ئەحمەد نەعیم بابانزادە و بیری نەتەوایەتی لە ئیسلامدا ................................. سامان سەلاح ١١٣

مافی چارەی خۆنوسین هەوڵی کورد لەم پێناوە و کاردانەوەکان لەسەری ........ ئیمداد تەها ٢١٢

پرسی کورد لە ململانێی هەرێمایەتیدا شۆڕشی ئەیلول وەک نموونە ................ فاروق محەمەد ١٢٨

ئایینی زەردەشت لە دیدگای ئێمەوە ................................................................ و: جوتیار قارەمان ١٣٩

دواخاڵ ............................................................................................................. د.عوسمان عەلی ١٥١




# تەوەری ژمارە

# ڕاجیایی سیاسی

(ڕاجیایی سیاسی) هەم ڕەهەندی سیاسی لەخۆ دەگرێت و هەم ڕەهەندی هزری و ڕۆشنبیری، ئەم ژمارەیەی (خاڵ) کە تەوەرەکەی بۆ ئەو بابەتە تەرخانکراوە، زۆرینەی نووسینەکان ڕێڕەوی گۆڤاری (خاڵ)یان گرتووە و ویستوویانە لە گۆشەنیگای هزری و ڕۆشنبیرییەکەیەوە ئەو بابەتە شیی بکەنەوە، بەڵام سروشتی ناونیشانەکە و ناوەڕۆکەکەشی یەخەی نووسەرانیان گرتووە و ناچاربوون لە دەلاقە سیاسییەکەشەوە نیگایەك بکەن.

ئەم بابەتە بە هەردوو ڕەهەندەکەیەوە ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێمەی تەنیوە، لە لوتکەی هەرەمی سیاسی و هزری و رۆشنبیرییەوە شۆڕبووەتەوە بۆ ناو خێزان و تاك بەتاکی کۆمەڵگە! جیاوازییەکان هێندە زۆرن سەرجەم کایەکانی ژیانمانی گرتووەتەوە، بە ئەندازەیەك خەریکە چەسپاوەکانیش لەق دەکرێن و دەبنە گۆڕاوو لەسەریان جیاواز دەبین.

کەواتە ئەم واقیعەی ئێمە پیایدا گوزەر دەکەین حاڵەتێکی ئاساییە یان ناسروشتی، ئەمە بە ڕاجیایی یان پەرتەوازەیی ئەژمار دەکرێت؟

ئەدی خودی ڕاجیایی چ دەگەیەنێت؟ ناوەرۆك و بنەما و یاساکانی چین؟ مێژووی کۆن و نوێمان چی لەخۆگرتووە؟ لە شەریعەت و فیکری ئیسلامیدا پێگەی ڕاجیایی و شەرعیەتپێدانی چۆن باسکراوە؟

لەم ژمارەیەی (خاڵ)دا توێژەران و نووسەرە بەڕێزەکان زیاد لەم بابەتانەشیان تاوتوێ کردووە، بەو ئومێدەی خوێنەرانی بەڕێز بە گرنگییە وە بابەتەکان بخوێننەوە و لایەنی مەعریفی خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن.

# ڕێنماییەکان بۆ نوسەرانی خۆشەویستی گۆڤاری خاڵ

یەکەم: لە ژمارە(١٣)ی ساڵی سێیەمی گۆڤاری(خاڵ)ەوە، گۆڤارەکەمان دەبێتە گۆڤارێکی زانستی بۆیە داوا لە نوسەران و توێژەرانی خۆشەویستی گۆڤارەکەمان دەکەین، کە پابەندی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بن لە ناردنی بابەتەکانیاندا بۆ گۆڤارەکە:

١- ناونیشانەکان کورت و پوخت بن.

٢ - ناوەڕۆکی بابەتەکان دەبێت تەعبیر بێت لە ناونیشان و بە پێچەوانەشەوە.

٣ - نوسینەکان دەبێت زانستی و پوخت بێت و لە (٣٠٠٠) وشە زیاتر نەبێت.

٤- بە وردی ئاماژە بە سەرچاوەی زانیارییەکان بکرێت.

٥- ڕەچاوی خاڵبەندی بکەن.

٦- بابەتەکانیان بە فۆنتی کوردی(یونیکورد/Unikurd goran) بنوسن و ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستە و سەرچاوانەشی کە عەرەبین بە فۆنتی(Ali K sahifa bold)بنوسن.

٧- نوسەران بەر لە ناردنی بابەتەکانیان هەڵەچنی زمانەوانی وردی بکەن.

٨- لەگەڵ ناردنی بابەتەکانیاندا، وێنەیەکی ڕوون و پرۆفایلێکی کورتی خۆیان بەوشێوەی کە لە ژمارەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کراوە بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

دووەم: هەر لە گۆڤارەکەدا ڕێگە دەدرێت بە بڵاوکردنەوەی: گفتوگۆی زانستی، خوێندنەوە بۆ ئەو کتێبانەی کە قورسایی زانستی و ڕۆشنبیرییان هەیە لەگەڵ کورتە و پوختەی ئەو کتێب و نامە ئەکادیمییانەی کە بە شێوازێکی زانستی نوسراون و دەکرێت خوێنەر لە ڕێگەی ئەو پوختەیەوە شارەزای ناوەڕۆکی ئەو نوسینانە ببێت.

# ڕۆڵی ڕاجیای سیاسیی لە بنیاتنانی دەوڵەتی ڕەشیددا





**د.ئاوات محەمەد ئاغا**

لەدایکبووی ١٩٧٨. دکتۆرا لە شەریعەو یاسا لە زانکوی ملایا/مالیزیا
کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی لە گۆڤارەکانی
ناوەوە و دەرەوە بڵاوکردووەتەوە.

ڕاجیایی کارێکی مەشروع و زەرورەتێکی سروشتییە؛ چونکە خودی دەقەکان سروشتیان وایە کە چەند ڕاڤە و مانایەک لەخۆبگرن، هەروەها سروشتی کەسەکانیش وایە کە جیاوازی تاکەکەسی هەبێت لە نێوانیاندا لە ئاستی تێگەشتیان، بەمەرجێک لە چوارچێوەی ئەو زەوابتانە دەرنەچن کە بە ڕەچاونەکردنیان مرۆڤ توشی لادان دەکات، چ لەسەر ئاستی تاک یاخود ئاستی کۆمەڵگە و دەوڵەت و دەسەڵات. بەو جۆرە دەوترێت ڕاجیای (اختلاف) کە ئەگەر بێت و لە چوارچێوەی شەرعدا پەیڕەو و پراکتیک بکرێت دەبێتە ڕەحمەت بۆ هەڵگرانی و سامانێکی فکری بۆ ئەوانەی دوای خۆیان دێن، ئەبو بەقای کەفەوی دەفەرموێت: «ڕاجیایی (اختلاف) بریتییە لەوەی کە ڕێچکەکان جیاوازبن بۆ یەک مەبەست، ناکۆکیش (اختلاف) ئەوەیە هەردوکیان جیاوازبن (ڕێچکە و مەبەست)»(١). ئەو زەوابتانەش کە بۆ کۆمەڵگە دانراون بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر شێوەی بوونی حیزبی سیاسی تەعبیر لە بۆچونەکانی خۆیان بکەن چەند ڕێکارێکی یاساییە، بۆئەوەی ڕۆڵی بنیاتنەریان هەبێت لە دروستکردنی دەوڵەتێکی ڕاشید و ڕەشید لە حوکم و فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتدا، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەو ڕێکارانە نەگرێتەبەر ئەوا دەبێتە هێزێکی تێکدەر و ئاژاوەگێڕ، هەربۆیە لە چەندین ئایەتی قورئاندا ئاماژە بەوەکراوە کە نابێت ڕاجیایی بگاتە لادان و پەرتەوازەبوون و لەناوبردنی یەکڕیزی مسوڵمانان، ئەوەی کە پەسەند ناکرێت لە هزری سیاسی ئیسلامیدا ڕاجیاییە لەسەر بنەمای شوێنکەوتنی هەواو ئارەزو و حسابنەکردن بۆ کەسانی دیکە، بەشێوەیەک کە هەرکەسە و ڕێچکە و ڕێبازێک بگرێتەبەر جیاواز لە ڕێچکە و ڕێبازی کەسانی دیکە، لە پرۆگرام و کار و کردەوەکانیدا. هەروەک شاتبی ئاماژەی بەو جیاوازییە کردووە کە ناکۆکی (خلاف) بەهۆی شوێنکەوتنی هەوا و ئارەزووەوەیە، بەڵام ڕاجیایی (اختلاف) ئەوەیە کە لە زاناکانەوەیە (واتە زاناکان شوێن بەڵگە دەکەون)(٢).

ئەو ڕاجیاییە ئەگەر گەیشتە ئەوەی کە لێکتێگەشتن و لێکنزیکبونەوەی تێدا نەبوو ئەوا بە ڕووەکەیتردا دەردەکەوێت و دەبێتە ناکۆکی و لێکجیابونەوە و لێکدورکەوتنەوە کە پێی دەوترێت (خلاف) و ڕووبەڕووبوونەوەی یەکتر و سەنگەر بەستن لە یەکتر، تەنانەت ڕاجیایش ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت سەر دەکێشێ بۆ ناکۆکی، لە زمانەوانیشدا هاتووە: «ڕاجیایی (الاختلاف) بریتییە لەوەی کە هەرکەسە و ڕێچکەیەکی جیاواز لە کەسانی دیکە بگرێتەبەر و پەیڕەوی بکات... هەروەها سەردەکێشێ بۆ ناکۆکی و ململانێ»(٣)؛ چونکە هەر لایەنە و هەوڵی سەرکەوتن و زاڵبوون و تۆڵەسەندنەوە دەدات بەسەر بەرامبەرەکەیدا، سەرچاوەی ئەو ناکۆکیەش شوێنکەوتنی هەواو ئارەز و خۆ بە گەورە زانین و خۆشەویستی دەسەڵات و هەندێک جار نەخۆشی دەروونی و بیری تەسکی نەتەوایەتیی و مەزهەبیی و ناوچەگەریی(٤) و حیزبیی و خێڵەکیی و سەرسامبوون بە ڕای خود کاریگەری دەبێت لەسەری، بەشێوەیەک کە بەرچاویان تاریک دەبێت، لەبری ئەوەی هەردوولا پێکەوە گفتوگۆ بکەن بۆ گەیشتن بە ڕاستی و لێک نزیکبوونەوە و شوێنکەوتنی بەڵگە. بۆیە بەم جۆرەیان دەوترێت ناکۆکی (خلاف)، هەروەک دەبینین لە چەندین دەقی قورئاندا ئاماژەی بۆ کراوە لەوانە:

**١- (فَاخْتَلَفَ الْأَحْزَابُ مِنْ بَيْنِهِمْ فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ مَشْهَدِ يَوْمٍ عَظِيمٍ) مريم: (٣٧).**

**٢- إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ) يونس (٩٣)**

**٣- (إِنَّكُمْ لَفِي قَوْلٍ مُخْتَلِفٍ) الذاريات: (٨)**

کەواتە بوونی ڕاجیای سیاسی لەگەڵ ئەوەی کە کارێکی مەشروعە، لە هەمانکاتیشدا کارێکی پێویستە و زەرورەتی کۆمەڵگە و چینە ڕۆشنبیرەکانە، بۆیە پێویستی بە چەند بنەمایەک هەیە بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا. بۆیە دەبینین

لە ئیسلامدا چەند ڕێکارێک دانراوە بۆ شەرعیەتدان بە ڕاجیای سیاسیی و لە هەمانکاتیشدا دەبێتە بنیاتنەر لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، لەو ڕێکارانەش:

١- پێویستی بوونی حیزبی ئیسلامی.

٢- داواکردنی پۆستی سەرۆک و جەختکردن لەسەری.

٣- بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ کاندیدەکان.

٤- لە بنەماکانی سستەمی فەرمانڕەوایی لە ئیسلامدا؛ سەروەری بۆ شەرعە و دەسەڵاتیش بۆ گەل(٥).

هەریەک لەو چوار خاڵەی سەرەوە ئاماژە بە پێویستی بوونی ڕاجیاسی سیاسی دەکەن بە مەرجێک لەو ڕێکارانە دەرنەچن کە شەرع بۆی دیاریکردون. بۆیە پێویستە لەسەر هەریەکەیان بەپێی پێویست بدوێین:

١- پێویستی بوونی حیزب و گرووپی ئیسلامی بانگەشە بۆ ئیسلام بکەن بەپێی پەیڕەو پرۆگرامی ئیسلام لەکاتی نەبوونی قەوارە و دەسەڵاتی ئیسلامیی و فەرمان بە چاکە و بەرگری لە خراپە بکەن لە کاتی بوونی قەوارە و دەسەڵاتی ئیسلامی، لە هەردوو دۆخەکەدا دور لە شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوو بۆئەوەی نەبێتە ململانێی نەشیاو تێکدەرانە و ئاژاوە، هەروەک لە قورئاندا هاتووە دەفەرموێت: **(وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) آل عمران:** (١٠٣-١٠٤)، لە ڕوانگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەوە دەتوانین پێویستی بوونی حیزبی ئیسلامی بزانین کە دەفەرموێت **(وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ)** لامی ئەمر چوەتە سەر فیعلی ڕانەبردوو، داوای دروستکردنی حیزب دەکات هەروەک دەفەرموێت **(أُمَّةٌ)**، وشەی ئومە بە واتای کۆمەڵ هاتووە(٦) هەروەک لە تەفسیردا هاتووە: «با لە ئێوەی بڕوادار کۆمەڵێک هەبێت بانگەشە بۆ ئیسلام و دروشمەکانی بکات»(٧). وشەی **(مِنْ)** بۆ هەندێک بەکاردێت، چونکە فەرمانکردن بە چاکە و نهەی کردن لە خراپە یەکێکە لە فەرزەکانی کیفایە کە دەبێت کۆمەڵێک هەستن بە جێبەجێکردنی و بە ئەنجامگەیاندنی کارەکە، هەروەک تەنها هەستان بە کارەکە بەس نیە، بەڵکو دەبێت بەو کۆمەڵە ئەنجامبدرێت ئەوجا فەرزەکە لەسەر هەموویان لادەچێت.

لە ئایەتەکەدا داوا لە هەموو کراوە، بەڵام هەندێک پێی هەڵدەستێت، ئەوانەی کە لە تواناياندایە چۆن پێی هەستن و بە ئەنجامی بگەیێنن(٨). کاری ئەو حیزبەش دەبێ دیاریکراو بێت و دەفەرموێت **(يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ)** بانگەشە بۆ ئیسلام بکات و هەروەها **(وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ)** لەگەڵ بانگەشەکردنیان دەبێت فەرمان بە چاکە و نهەی لە خراپە بکەن. ئەو کارەش دەکرێت چەندین حیزب و پارتی ئیسلامی پێی هەستن و ڕێگری ناکرێت لە دروستبونیان، چونکە لە ئایەتەکەدا ئاماژە بەوە نەکراوە بفەرموێت (أمه واحده) بەڵکو بە نەناسراو هاتووە، هەروەک چۆن چەندین کەس دەتوانن کاری قەزا و پێشنوێژی و بانگدان بکەن لە یەک کاتدا(٩). کەواتە ئەو ڕاجیاییەی کە لە حیزب و پارتە ئیسلامیەکاندا هەیە هەموو پێکەوە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی یەک کار ئەویش بانگەشەیە بۆ ئیسلام ئەگەرچی ڕاجیابن لە هەندێک بیروباوەڕ و پرۆگرام سەبارەت بە کاری ئیسلامی ئەو ڕاجیایەش دەبێتە هۆی لێکنزیکبونەوە نەک لێکجیابوونەوە و لێکترازان، چونکە ئایەتەکە دەفەرموێت: **(كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ) آل عمران:** (١١٠)، وە دەفەرموێت **(وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا...) البقرة:** (١٤٣).

٢- داواکردنی پۆستی سەرۆک و جەختکردن لەسەری:

داواکردنی پۆستی سەرۆک لەلایەن کەسی شیاو و لێهاتوو بەتوانا کارێکی شیاوو ڕەوایە(١٠) هەروەک پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: «نعم

# له چەندین ئایەتی قورئاندا ئاماژە بەوەکراوە کە نابێت ڕاجیایی بگاتە لادان و پەرتەوازەبوون

الشيء الإمارة لمن أخذها بحقها وحلها، وبئس الشيء الإمارة لمن أخذها بغير حقها تكون عليه حسرة يوم القيامة»(١١). واتە: «باشترین شت فەرمانڕەواییە بۆ ئەو کەسەی بە هەقی خۆی بەدەستی بهێنێت، و خراپترین شت فەرمانڕەواییە بۆ کەسێک بە هەقی خۆی بەدەستی نەهێنابێت و لە ڕۆژی دوایشدا دەبێتە نەهامەتی بۆی». لە مێژووی ئیسلامیشدا ئەوە چەسپیوە کە مسوڵمانان ململانێی (مونافەسە) یەکتریان کردووە لە پێناو پلە و پۆستدا، بۆ نمونە لەو کاتەوەی کە پێغەمبەر (د.خ) وەفاتی کرد مسوڵمانان سەرقاڵی پڕکردنەوەی پۆستی سەرۆکی وڵات بوون، تەنانەت تەرمی پێغەمبەریشیان بە خاک نەسپارد لەبەر گرنگی پڕکردنەوەی ئەو پۆستە، بۆیە لە سەقیفەی بەنی ساعیدە مسوڵمانان سەرقاڵی دانانی کەسێکی شیاو بوون لە پۆستی سەرۆکی دەوڵەت، مەشغوڵبوونی هاوەڵانی پێغەمبەر بە دانانی سەرۆکی وڵات و بەخاکنەسپاردنی تەرمی پێغەمبەر(د.خ) بەڵگەی یەک دەنگی و یەک هەڵوێستی و کۆدەنگی (ئیجماعی) هاوەڵانە لەسەر دوو شت: یەکەمیان ئەوەیە کە کەسی شیاو بۆی هەیە داوای ئەو پۆستە بکات بەپێی ئەو پڕوپاگەندە و بەرنامەیەی هەیەتی بۆ فەرمانڕەوایی؛ دووەمیان دانانی کەسی شیاو لە پۆستی سەرۆکی وڵات لەپێشترە لە ناشتنی تەرم(١٢). لە هەمانکاتدا ڕێگری کراوە لەوەی کەسی نەشیاو ئەو پۆستە بگرێتەدەست، چونکە دەبێتە مەینەتی و نەهامەتی بەسەر گەل و میللەتدا، هەروەک لە فەرموودەدا هاتووە نهەی لەو کەسانە کردووە کە داوای پلە و پۆست دەکەن و توانای بەڕێوەبردنیان نییە، وەک بە ئەبوزەری فەرموو کاتێک کە داوای لە پێغەمبەر (دخ) کرد پلە و پۆستێکی بداتێ: «إنک ضعیف وإنها أمانة وإنها خزي وندامة إلا من أخذها بحقها وأدى الذي عليه فيها...»(١٣). واتە: «تۆ لاوازی ئەوەش ئەمانەتە و سەرشۆڕیی و پەشیمانییە، تەنها بۆ کەسێک نەبێت کە بە هەقی خۆی وەریگرتبێت و ئەوەی لەسەریێتی لە ئەرک جێبەجێی بکات»، هەروەک لە ڕاڤەی فەرمودەکەدا هاتووە: «سەرشۆڕیی و پەشیمانی بۆ ئەو کەسەی شایەنی پۆستی پلە و پایە نییە...»(١٤). کەواتە هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی یاخود هەر پلەیەکی دیکە لە دەوڵەتدا کارێکی شیاوە و هەرکەس لە توانایدا بوو بۆی هەیە داوای بکات، ئەوانەش کە داوای دەکەن مەرج نییە هەموو یەک ڕاو بۆچونیان هەبێت دەشێ لە زۆربەی باسەکاندا ڕاجیا بن، بەڵام بەپێی ئەو مەرجانەی کە دانراون کەسی شیاو دەخرێتە شوێنی شیاو.

٣- بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ کاندیدەکان: یەکێکی دیکە لە ڕێکارە یاساییە شەرعییەکان کە دانراوە بۆئەوەی ڕاجیایی سیاسی ببێتە بنیاتنەر بریتییە لە ڕێگەدان بە بانگەشە بۆ کاندیدەکان چ لەلایەن خۆیانەوە بکرێت یاخود لەلایەن لایەنگران و شوێنکەوتوانیانەوە، بەڵگەش بۆ ئەم خاڵە بانگەشەی هەریەک لە هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ)

بوو بۆ ئەو کاندیدەی دەیانویست پۆستی سەرۆک پڕ بکاتەوە، بۆ نموونە لە پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) لە سەقیفە چەندین کاندید هەبوون بۆ پۆستی سەرۆک، کاندیدی ئەنسارەکان سەعدی کوڕی عەبادە بوو، ئەوەشی کە بانگەشەی بۆ دەکرد ئەلحوبابی کوڕی مونزیر بوو، کاندیدی موهاجرینیش یەکێک بوو لەو سێ کەسە ئەبو بەکری سدیق، عومەری کوڕی خەتاب، ئەبو عوبەیدە(١٥)، هەروەک لە ڕیوایەتە صەحیحەکاندا هاتووە: «ئەنسارەکان لە دەوری سەعدی کوڕی عەبادە کۆبونەوە لە سەقیفەی بەنی سەعد... موهاجیرەکانیش لە دەوری ئەبو بەکر کۆبوونەوە... عومەر دەفەرموێت خۆم ئامادە کرد کە ووتەیەک پێشکەشکەم، بەڵام ئەبوبەکر فەرمووی پەلەمەکە و خۆی وتەیەکی پێشکەشکرد، عومەر دەفەرموێت ئەوەی من دەمویست بیڵێم ئەویش دەیوت، لە وتەکانیدا فەرمووی: عەرەب پێشتر ئەو کارەی تەنها بە کاری قورەیش زانیوە (لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کاری ئاینی پێش هاتنی ئیسلام و دوای هاتنی هەر بۆ قورەیش دەبێت، چونکە سەرپەرشتی ماڵی خودا و کاری ئاینی لەدەست ئەواندا بووە)، خەبابیش کە پروپاگەندەی بۆ کاندیدی ئەنصارەکان دەکرد وتی: «نەخێر واللە کاری واناکەین، با ئەمیرێک لە ئێوە بێت و ئەمیرێک لە ئێمە... عومەر لە وەڵامدا پێی فەرموو: ئەگەر بەوشێوەیە بێت ئەوا گەر دەتوانی بمرە، ئەبوبەکریش فەرمووی ئێمە ئەمیر و ئێوەش وەزیر، ئەو ئیشەش با لە نێوان هەردوولاماندا بێت... زەیدی کوڕی سابت گووتی: نێردراوی خودا لە موهاجیرەکان بوو بۆیە پێشەواش دەبێ لەوان بێت، ئێمەش ئەنصاری پشتیوانی خوداین هەروەک پشتیوانی پێغەمبەربووین ئەبوبەکریش فەرمووی خوا پاداشتان بداتەوە...»، لە هەندێک ڕیوایەتدا هاتووە ئەبوبەکر فەرمووی: «ئێمەی گرۆەی موهاجیران یەکەم کەس بووین مسوڵمان بووین و عەرەبیش بە پیاوێک لە قورەیش ئیصلاح دەکرێت، خەڵکی شوێنکەوتەی قورەیشە، و ئێوەش برامانن... لە هەموو کەس خۆشەویسترن... بۆیە ئێمەش دوو کاندیدتان پێ دەڵێین عومەری کوڕی خەتاب یاخود ئەبوعوبەیدە، عومەریش وتی تۆ هەڵدەبژێرین تۆ گەورەی ئێمەی خۆشەویستی پێغەمبەربووی لە ئێمە باشتری... کێ ئەو سێ سیفەتەی تیا کۆبۆتەوە کە لەگەڵ پێغەمبەر لە ئەشکەوتەکەدا، بە هاوەڵەکەی گووت، خودامان لەگەڵە، عومەر بەیعەتیدا بە ئەبوبەکر و خەڵکیش دوا بەدوای عومەر بەیعەتیاندا بە ئەبوبەکر»(١٦). عەلی کوری ئەبو تاڵب و زوبەیریش فەرمویان: «ئێمە ئەبوبەکر بەشیاو دەزانین، لە ئەشکەوتەکە لە گەڵ پێغەمبەر بوو، دەزانین کەسێکی خاوەن پلەو پایەیە، پێغەمبەر فەرمانی پێکرد پێشنوێژی بکات...»(١٧).

تەنانەت عەلی لە بانگەشەیدا بە ئەنصارەکانی دەگووت: «ئێمە شیاوترین بۆ ئەو کارە، چونکە ئالوبەیتین، شارەزاترینمان لە قورئان لە ئێمەدایە، تێگەشتوترینمان لە دینی خودا لە ئێمەدایە شارەزاترینمان لە سوننەتی پێغەمبەر لە ئێمەدایە...»(١٨).

لەکۆتایدا دەرگاری پروپاگەندەی هەڵبژاردن داخراو هەموو پێکەوە بەیعەتیاندا بە ئەبوبەکر و تەنانەت سەعدی کوڕی عەبادەش بەیعەتیدا و بە ئەبوبەکری فەرموو: ئێوەی موهاجرین حەسادەتان بە من برد کە ببمە ئەمیر، تۆ و قەومەکەم ناچارتانکردم بەیعەت بدەم بەتۆ(١٩). بانگەشەی پروپاگەندە بەوشێوەیە بوو کە ترسی ئەوەی هەبوو ببێتە کێشە و ناکۆکی بەهۆی دەنگ بەرزبونەوە و ململانێ(٢٠)، بەوشێوەیە هەموو پێکەوە ئەگەرچی ڕاجیاش بوون توانیان کەسی شیاو هەڵبژێرن و ماوەی فەرمانڕەواییەیان بە حوکمی ڕاشد ناوببرێت.

٤- لە بنەماکانی سستەمی فەرمانڕەوایی لە ئیسلامدا؛ سەروەری بۆ شەرعە و دەسەڵاتیش بۆ گەل(٢١).

# له بنه‌ماكانی سسته‌می فه‌رمانڕه‌وایی له‌ ئیسلامدا؛ سه‌روه‌ری بۆ شه‌رعه‌ و ده‌سه‌ڵاتیش بۆ گه‌ل

مه‌به‌ست له‌ سه‌روه‌ری: «ده‌سه‌ڵاتێكی به‌رزی ڕه‌هایه‌، ته‌نها ئه‌و مافی ته‌شریعی هه‌یه‌ به‌ ده‌ركردنی بڕیار له‌ سه‌ر شته‌كان و كاره‌كان»(٢٢). ڕای هه‌موو زانایان له‌سه‌ر ئه‌وه‌ كۆیه‌ كه‌ سه‌روه‌ری له‌ ئیسلامدا بۆ شه‌رعه‌ و بگره‌ كۆی هاوه‌ڵانی له‌سه‌ره‌ له‌ باسه‌كانی ئه‌لحاكم له‌ كتێبه‌كانی ئوصولی فیقه‌دا باسكراوه‌(٢٣) و شه‌وكانی پێیوایه‌ ڕاجیایی له‌و باسه‌دا نییه‌ له‌نێو زانایاندا(٢٤) و به‌هه‌مان شێوه‌ له‌ باسه‌كانی هیچ فه‌رمانێك نییه‌ پێش هاتنی شه‌رع له‌وانه‌ ئامێدی(٢٥)، ئیبن ئه‌لعه‌ره‌بی(٢٦)، ئه‌سنه‌وی(٢٧)، شه‌وكانی(٢٨). به‌ڵگه‌ی ئه‌و زانا به‌ڕێزانه‌ش زۆرن له‌ قورئان و فه‌رمووده‌ و كۆی هاوه‌ڵان، له‌ به‌ڵگه‌كانی قورئان:

١- خودا ده‌فه‌رمووێت: **(يَا أَيُّها الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوه إِلَى اللهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا) النساء: (٥٩).**

٢- **(وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْه فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللّه وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنْكُمْ شِرْعَةً وَمِنهاجًا) المائدة: (٤١).** و چه‌ندین ئایه‌تی دیكه‌(٢٩).

له‌ فه‌رمووده‌شدا هاتووه‌: « من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد»(٣٠)،...» ومن عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو رد»(٣١). واته‌« هه‌ركه‌سێك داهێنانێك بكات له‌ ئاینه‌كه‌مان و له‌ ئایندا نه‌بێت ڕه‌تده‌كرێته‌وه‌»؛ «هه‌ركه‌س كارێك بكات و فه‌رمانی ئێمه‌ی له‌سه‌ر نه‌بێت ڕه‌تده‌كرێته‌وه‌».

مه‌به‌ستیش له‌وه‌ی كه‌ ده‌سه‌ڵات بۆ گه‌له‌، واته‌ گه‌ل خاوه‌نی بڕیاره‌ له‌وه‌ی كه‌سێك هه‌ڵبژێرێت و بیكاته‌ فه‌رمانڕه‌وا به‌پێی شه‌رع فه‌رمانڕه‌وایی بكات له‌ هه‌مانكاتیشدا گه‌ل بۆی هه‌یه‌ لێپێچینه‌وه‌ی له‌گه‌ڵدا بكات له‌كاتی لادانی و پێشكه‌شكردنی به‌ دادگا و لابردنیشی ئه‌گه‌ر به‌ كه‌ڵكی فه‌رمانڕه‌وایی نه‌هات(٣٢). چونكه‌ مافی گه‌له‌ ئه‌و كه‌سه‌ی متمانه‌ی پێده‌كات و هه‌ڵی ده‌بژێرێت لیی ڕازی بێت، ئه‌گه‌ر وانه‌بێت گوێڕایه‌ڵی ناكرێت به‌پێی ئه‌و گرێ به‌سته‌ی له‌ نێوان كه‌سی فه‌رمانڕه‌وا و گه‌لدا هه‌یه‌، كه‌ ده‌بێت كاربه‌ده‌ست پابه‌ندبێت به‌ پراكتیزه‌كردنی ئیسلام و دادپه‌روه‌ریی و پاراستنی مافه‌كانیان، خه‌ڵكیش له‌ به‌رامبه‌ر ئه‌وه‌ ده‌بێ گوێڕایه‌ڵ بن(٣٣). به‌ڵگه‌ش له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ ده‌سه‌ڵات بۆ گه‌له‌ خودا ده‌فه‌رموێت: **(يَا أَيُّها الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللّه وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ)** وشه‌ی **(مِنْكُمْ)** ئه‌وه‌ ده‌گه‌یه‌نێت كه‌ كاربه‌ده‌ست له‌ خۆتانه‌ و خۆتان هه‌ڵی ده‌بژێرن، نه‌ی فه‌رمووه‌ (عليكم) واته‌ ئه‌وه‌ی له‌سه‌رتان كراوه‌ به‌ فه‌رمانڕه‌وا و كاربه‌ده‌ست، هه‌روه‌ها به‌ڵگه‌یه‌كی دیكه‌ش له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ ده‌سه‌ڵات بۆ گه‌له‌ پێغه‌مبه‌ر له‌ به‌یعه‌ی عه‌قه‌به‌ی دووه‌مدا به‌ ئاماده‌بووانی فه‌رموو: « **أخرجوا إلي ﴿منكم﴾ اثني عشر نقيباً منكم يكونون على قومهم فأخرجوا منهم اثني عشر نقيباً منهم تسعة من الخزرج وثلاثة من**

**الأوس** «(٣٤). لەو کۆبونەوەیەدا پێغەمبەر داوای لە خۆیان کرد سەرکردە و چاودێر بۆ خۆیان هەڵبژێرن. بەڵگەی ئیجماعی هاوەڵانیش لەسەر ئەوەی لە بەنی سەقیفە هاوەڵان خۆیان بە ویستی خۆیان کەسێکیان کرد بە سەرۆکی خۆیان. کەواتە هەڵبژاردنی سەرکردە و کاربەدەست مافی گەلە و خەڵکی بۆیان هەیە ڕاجیابن لەسەر ئەوەی کێ هەڵدەبژێرن بەپێی ئەو بەرنامە و پڕۆپاگەندەیەی پێشکەی خەڵکی دەکەن، و ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی مرۆڤ مافی خودایە و مسوڵمانان و ئەوانەی لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئیسلامیدا دەژین بۆیان نیە ڕاجیا و ناکۆک بن لەو خاڵەدا.

کەواتە لە دروستکردنی دەوڵەتێکی ڕاشید و ڕەشیددا ڕاجیایی سیاسی ڕۆڵ دەبینێت ئەگەر پابەند بێت بەو پەیڕەو و ڕێکارانەی کە ئیسلام دیاریکردووە، بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی ناکۆکیی و پەرتەوازەیی.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١ـ أبو البقاء أيوب بن موسى الكفوي، الكليات (بيروت: مؤسسة الرسالة، ط٢، ١٤١٩ه-١٩٩٨م)، ص٦١.

٢ـ ابراهيم بن موسى بن محمد الشاطبي، الموافقات، تحقيق: أبو عبيدة مشهور بن حسن آل سلمان (دون مكان: دار ابن عفان، ١٤١٧ه- ١٩٩٧م)، ج٥، ص٤٢٩.

٣ـ الراغب الصفهاني، مفردات ألفاظ القرءان، تحقيق: صفوان عدنان داوودي (دمشق: دار القلم، ط٤، ١٤٢٥ه)، ص٢٩٤.

٤ـ وەک زۆرجار لە کەناڵە کوردییەکان بانگەشە بۆ تێگەشتێکی کوردییانە بۆ ئیسلام دەکرێت.

٥ـ تقي الدين النبهاني، نظام الحكم في الإسلام (١٣٧٢ه-١٩٥٣، ط٢)، ص٦-٧؛ عبدالعزيز عزت الخياط، النظام السياسي في الإسلام، النظرية السياسية نظام الحكم (القاهرة: دارالسلام، ط٢، ١٤٢٥ه-٢٠٠٤م)، ص٦٩.

٦ـ محمد بن عبد الله الأندلسي ابن العربي، الجامع لأحكام القرءان (بيروت: دار الكتب العلمية، دون ط، دون سنة)، ج٢، ص٦٥.

٧ـ محمد بن جرير الطبري، تفسير الطبري، جامع البيان عن تأويل آي القرآن، تحقيق محمود محمد شاكر وآخرون (القاهرة: مكتبة ابن تيمية، ط٢، دون سنة)، ج٧، ص٩٠.

٨ـ عبدالله بن عمر بن محمد البيضاوي، أنوار التنزيل وأسرار التأويل، المعروف

بتفسير البيضاوي، اعداد وتقديم: محمد عبدالحمن المرعشلي (بيروت: دار إحياء التراث العربي، دون ط، دون سنة)، ج٢، ص٣١-٣٢.

٩ـ محمود الخالدي، الإسلام وأصول الحكم (الأردن: عالم الكتب الحديث، إعادة الطباعة ٢٠٠٦م)، ص٢٣٧.

١٠ـ إحسان عبدالمنعم عبدالهادي سمارة، النظام السياسي في الإسلام (عمان: دار يافا، ٢٠٠٠م-١٤٢٠ه)، ٣٨.

١١ـ ابن حجر، فتح الباري، شرح صحيح البخاري، ج١٣، ص١٢٦.

١٢ـ تقي الدين النبهاني، الشخصية الإسلامية (بيروت: دار الأمة، ط ٥، ١٤٢٤ه-٢٠٠٣م)، ج٢، ص١٦.

١٣ـ مسلم، صحيح مسلم، كتاب الإمارة، باب كراهية الإمارة بغير الضرورة، رقم (١٨٢٥)، ج٣، ص١٤٥٧.

١٤ـ محي الدين أبو زكريا يحيى النووي، صحيح مسلم بشرح النووي (دون مكان: مؤسسة القرطبة، ط٢، ١٤١٤ه-١٩٩٤م)، ج١٢، ص٢٩٠.

١٥ـ سمارة، النظام السياسي في الإسلام، ص٤٠.

١٦ـ أحمد بن علي بن حجر العسقلاني، فتح الباري بشرح صحيح البخاري، تحقيق: عبدالله بن عبدالعزيز وآخرون (بيروت: دار المعرف، دون معلومات)، ج٧، ص٣٠-٣٣، محمد بن سعيد بن منيع، كتاب الطبقات الكبير، تحقيق: علي محمد عمر (القاهرة: الشركة الدولية للطباعة، ١٤٢١ه-٢٠٠١م)، ج٣، ص١٦٣-١٦٤؛ الطبري، تاريخ الطبري، ج٣، ص٢١٩-٢٢٢.

١٧ـ اسماعيل بن كثير، السيرة النبوية، تحقيق: مصطفى عبدالواحد (بيروت: دار المعرفة، دون ط، ١٣٩٥ه-١٩٧٦م) ج٤، ص٤٨٦-٤٩٧.

١٨ـ عبدالله مسلم أبي قتيبة الدينوري، الإمامة والسياسة، تحقيق: طه محمد الزيني (بيروت: دار المعرفة)، ج١، ص١٩.

١٩ـ محمد بن جرير الطبري، تاريخ الطبري، تحقيق: محمد أبو الفضل ابراهيم (القاهرة: دارالمعارف، ط٢، دون سنة)، ج٣، ص٢٢٣.

٢٠ـ ابن هشام، السيرة النبوية لابن هشام، تحقيق:عمر عبدالسلام تدمري (بيروت: دار الكتاب العربي، ط٢، ١٤١٠ه-١٩٩٠م)، ج٤، ص٣١١.

٢١ـ تقي الدين النبهاني، نظام الحكم في الإسلام (١٣٧٢ه-١٩٥٣، ط٢)، ص٦-٧؛ الخياط، النظام السياسي في الإسلام، ص٦٩.

٢٢ـ الخالدي، الإسلام وأصول الحكم، ص٢٧.

٢٣ـ الخالدي، الإسلام وأصول الحكم، ص٣٧

٢٤ـ محمد علي الشوكاني، إرشاد الفحول إلى تحقيق الحق من علم الأصول، تحقيق: سامي بن العربي الأثري (الرياض: دارالفضيلة، ١٤٢١ه-٢٠٠٠م)، ج١، ص٧٨.

٢٥ـ سيف الدين علي بن محمد الآمدي، منتهى السؤل في علم الأصول، تحقيق: أحمد فريد المزيدي (بيروت: دارالكتب العلمية، ١٤٢٤ه-٢٠٠٤م)، ص٢٣.

٢٦ـ ابن العربي، أحكام القرءان، ج٥، ص٤٣٩.

٢٧ـ جمال الدبن عبدالرحيم الآسنوي، نهاية السؤل في شرح منهاج الوصول في علم الأصول، للقاضي عمر عبدالله البيضاوي (عالم الكتب، دون معلومات)، ج١، ص٢٥٨.

٢٨ـ الشوكاني، إرشاد الفحول، ج١، ص٧٨.

٢٩ـ النساء: (٦٥)، (٥٨)، (٦٠)، (١٠٥)، (١١٥)، الشورى: (١٠)، الأحزاب: (٣٦)، البقرة: (١٢٠)، الأنفال: (٢٤)، النور: (٥١).

٣٠ـ مسلم بن الحجاج النيسابوري، صحيح مسلم، اعتنى به: محمد فؤاد عبدالباقي (القاهرة: دارالحديث، ١٤١٢ه-١٩٩١م)، كتاب الأقضية، باب نقض الأحكام الباطلة، ورد محدثات الأمور، رقم (١٧١٨)، ج٣، ص١٣٤٣.


٣١ـ محمد بن إسماعيل البخاري، صحيح البخاري (بيروت: دار ابن كثير، ١٤٢٣ه،٢٠٠٢م)، كتاب الصلح، باب إذا اصطلحوا على صلح جور فالصلح مردود، رقم: (٢٦٩٧)؛.

٣٢ـ الخياط، النظام السياسي في الإسلام، ص٧٤.

٣٣ـ هشام البدراني، تعدد الأحزاب السياسية في الدولة الإسلامية المعاصرة، المشروعية والحقوق والواجبات (سورية: مكتبة دارالمنهاج القويم، ١٤٣٥ه-٢٠١٤م)، ص١٢٩.

٣٤ـ نورالدين بن علي بن أبي بكرالزيلعي، بغية الرائد في تحقيق مجمع الزاوئد ومنبع الفوائد، تحقيق: عبدالله محمد الدرويش (بيروت: دارالفكر، دون ط، ١٤١٤ه-١٩٩٤م)، ج٦، ص٥٢ - المغازي والسير.

# جیاوازی بۆچوونی سیاسی له فکری ئیسلامیدا






**پ.ی.د.ئاراس محمد ساڵح**

دکتۆرا لە زانستە ئیسلامییەکاندا. چەند توێژینەوەی زانستی بڵاوکراوەی هەیە. ژمارەیەک کتێبی چاپکراوی هەیە. مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی.

یەکێک لەو بابەتانەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە نێوان موسڵمانان و دیدو بۆچوون و ئاراستە ئیسلامیەکاندا جێگەی مشتومڕ و لێکدانەوەی زۆرە بابەتی جیاوازی سیاسییە، ئایا موسڵمانان کام دیدو بۆچوون و شێوازی کاری سیاسی هەڵبژێرن، چۆن کاری سیاسی بکەن و هەوڵی باڵادەستی حوکمی شەرعی بدەن، ئایا لەناو سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلامدا کە (قورئان و سونەتن) شێوازی کاری سیاسی یەکلایی کراوەتەوە و پێویستە موسڵمانان پێوەی پابەندبن و لێی لانەدەن؟ یان فیقهی سیاسی ئیسلامی هەمووی بەڵگەی شەرعی لەسەرە لە قورئان سونەتدا؟ یان بەشێکی زۆری بنەما و سەرچاوەکانی فیقهی سیاسی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ ئیجتیهاد و بیری کاربەدەست و موجتهەیدەکانی فیقهی ئیسلامی؟ لێرەدا هەوڵدەدەین لەناو کەلەپووری سیاسیی و مێژووی ئیسلامیدا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە؟

ئاینی ئیسلام وەک پەیامێکی ئاسمانی گرنگی دەدات بە دەوڵەتداریی و ڕێکخستنی کاروباری سیاسی وڵات، بەڵام لەناو دەقەکانی ئیسلامدا وەک قورئان و سونەت جۆری سستەمی سیاسی دیارینەکراوە، بەڵکو بەدرێژایی مێژوو هەڵبژاردنی خەلیفە و ناوی کەسی یەکەمی دەسەڵات و کێ ببێتە خەلیفەی موسڵمانان شێوازی حوکمڕانی هەموو ئەمانە بەپێی ئیجتیهاد و لێکدانەوەی موسڵمانان بووە، بە دەقی شەرعی دیاری نەکراون، ئەگەر شێوازی حوکمڕانی دیاری بکرایە ئیتر وەک دەقێکی ئاینیی چەسپاو سەیری دەکراو نەدەتوانرا دەستکاری بکرێت و بگۆڕێت.

بەڵام ئەوەی لە بنەماکانی ئیسلامدا جەختی لێکراوەتەوە چەسپاندنی دادگەریی و بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتییە، بەڵام بە چ شێوەیەک حوکمڕانی دەکرێت چۆن بەرژەوەندی گشتی دێتەدی؟ ئایا تەنها یەک ڕێگا و یەک شێوازی حوکمڕانی و سیاسەتکردن هەیە؟ بێگومان هەموو ئەمانە لەبەرئەوەی بە دەقی شەرعی یەکلایی نەکراونەتەوە جێگەی مشتومڕی زۆرن، ئەم بابەتە زیاتر بۆ ئیجتیهاد و بیرکردنەوەی خودی مرۆڤ دانراوە، دەکرێت بەپێی ئیجتیهاد و خوێندنەوەی مرۆڤ بگۆڕێت، هەروەها لەکات و جێگەیەکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕانی بەرسەدا دێت، بەڵام ئەوەی سەنتەرە لە فکری سیاسی ئیسلامیدا هێنانەدی بەرژەوەندی گشتیە (تحقیق المصلحە العامە) بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی هەموو ڕێگایەکی شەرعی کراوەیە لە بەردەم دەسەڵاتداران و ئەهلی زانست و ئیجتیهادا(١).

ئەوەی لە قورئان و سونەتدا جەختی لێکراوەتەوە دادگەریی و شورا و ستەم نەکردنە، هەروەها هەڕەشەی توند کراوە لەوانەی ئەمانەتی دەسەڵاتداری گشتی دەگرنە دەست و کەمتەرخی تێدا دەکەن و ئەمانەت ناپارێزن، هەر ئەوەیشە بەدرێژایی مێژوو ئەهلی سوننە زۆر کەم لایان بەلای فیقهی سیاسیدا کردوەتەوە، لەبەرئەوەی زانایانی ئەهلی سوننە لە فیتنەی دەسەڵاتداری ترساون کە زۆر کات مرۆڤ لەکاتی دەسەڵاتداریدا تووشی لادان بووە، هەروەها لەبەرئەوەی ئەهلی سوننە بەدرێژای مێژووی ئیسلامی خاوەنی دەسەڵات بوون و زۆر پێویستیان بە هەموو بنەما و لقەکانی فیقهی سیاسی نەبووە و زۆر بایەخیان بەو لایەنە نەداوە.

دادگەریی و بەرقەرارکردنی لەناو کۆمەڵدا یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکان و قورئان و سونەت و زۆر جەختی لێدەکەنەوە، هەروەها هەموو ڕێگا و بنەماکانی چەسپاندنی دادگەری لەناو دەق و بنەماکانی ئیسلامدا یەکلایی کراونەتەوە، تەنانەت قورئان جەخت دەکاتەوە کە بەهۆی ڕق و کینە و جیاوازی ئاینەوە نابێت پەنا بۆ نادادی بەرن، بەڵکو دادگەری تەقوا و خواپەرستی ڕاستەقینەیە،

وەک دەفەرموێت: **(وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآَنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ) المائدة: ٨.** با ڕق و کینەتان لە گەلێک واتان لێنەکات نادادی بکەن، دادگەربن، دادگەری نزیکە لە تەقوا و خواناسییەوە، خوای گەورە ئاگادارە بە کارەکانتان.

یەکێکی تر لە بنەماکانی تری سیاسەت لە ئیسلامدا شورایە، شورا یەکێکە لەو بنەمایانەی قورئان جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەڵام ئایا شورا واجبە یان موستەحەب؟ ئەگەر شورا کرا پێویستە پێوەی پابەند بین یان نا؟ هەموو ئەمانە جێگەی جیاوازی موسڵمانانە، لە بابەتی شورادا یەک بۆچوون و تەفسیری یەکلاکەرەوە نیە، کەواتە لێرەشدا جیاوازی هەیە و ناکرێت تەنها ڕای یەک موفەسیر یان فەقیەو ئوصولی بەڕاست بزانرێت و ئەوانی تر بە بەتاڵ(٢).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای کاری سیاسەت و دەوڵەتداری لە ئیسلامدا، سەرەتای کاری دەوڵەتداری لە مێژووی ئیسلامییدا لە دەوڵەتی مەدینەوە دەستپێدەکات کە پێغەمبەر (د.خ) نەخشەو پلانی بۆ داڕشتووە و هەرخۆشی کەسی یەکەمی ئەو دەوڵەتە بووە، پێغەمبەر (د.خ) لە شاری مەدینەدا بنکەی دەوڵەتی لە مزگەوتەکەی خۆیدا داناوە و لەیەک کاتدا دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و قەزا و سوپا بەدەست خۆیەوە بووە و هەموویان بە بڕیاری خۆی کاروبارەکانی ڕاپەڕاندووە، بەڵام کۆدەنگیی و یەکڕیزی ناوخۆی دەستبەر کردووە و لە هەمان کاتدا دەستوری دەوڵەتی نووسیوەتەوە کە بە (صەحیفەی مەدینە) ناسراوە، بۆئەوەی هەموو کەسێک ئەرک و واجبی خۆی بزانێت و کەس ستەمی لێ نەکرێت و پەراوێز نەخرێت بەهەر بیانویەکەوە بێت، پێغەمبەر (د.خ) لە دەستوری وڵاتدا جێگەی ناموسڵمانەکانیشی کردووەتەوە کە جولەکەکان بوون، چونکە دەوڵەت سنوری فراوانترە و ناکرێت لە وڵاتێکدا یەک جۆر خەڵکی هەبن و بە زۆر خەڵکی لەسەر یەک عەقیدە و بیرکردنەوە کۆبکرێتەوە، دەستوری مەدینە بنەمای هاوڵاتی بوونی ئیقرار کردووە، کەواتە هاوڵاتیانی یەک نیشتمان بازنەی ئەو نیشتمانە کۆیان دەکاتەوە و ماف و واجبەکانیان دیاری دەکات(٣).

پێغەمبەر (د.خ) دە ساڵ لە مەدینەدا دەوڵەتداری کردووە، دەوڵەتێک لەسەر پەیامی پێغەمبەرایەتی، بەڵام بۆ دوای خۆی شێوەی حوکمڕانی دیاری نەکردووە و نەیفەرمووە لە دوای من بەو شێوەیە وڵات بەڕێوەبەرن، تەنانەت جێنشینی بۆ خۆیشی دانەناوە بە دەقێکی ڕاشکاو نوسراو(٤). بەڵکو جیاوازی هەیە لە نێوان زانایاندا، ئایا ئەبوبەکر بە دەقێکی شەرعی کراوە بە خەلیفە یان دەقێکی ئاماژەیی، یان بە هەڵبژاردن لەلایەن موسڵمانانەوە؟، هەندێ ئاماژە هەیە لە فەرمودەکاندا کە بە (النص الاشاري) ناو دەبرێن، ئەو ئاماژانە هەموویان بۆ ئەوە دەچن پێغەمبەر(د.خ) لە دوای خۆی ئەبوبەکری صدیقی لە شوێنی خۆی داناوە، یان بەلایەوە باش بووە لەدوای خۆی ئەبوبەکر ببێتە فەرمانڕەوای موسڵمانان، ئەگەر پێغەمبەر(د.خ) بە فەرمودەیەکی ڕاشکاو یان فەرمانێکی نوسراو ئەبوبەکری دەستنیشان بکردایە لە دوای خۆی ببێتە خەلیفە، ئەوا جیاوازی نەدەکەوتە نێوان هاوەڵان کە کێ ببێتە خەلیفە، تەنانەت لەسەر ناوی خەلیفەیش جیاوازی هەبووە، کە سەرۆکی وڵات ناوی چی بێت(٥)؟!. ناوی خەلیفە لەلایەن موسڵمانەکانەوە دیاریکراوە نەک ئەوەی دەقێکی شەرعی دیاری کردبێت، ئەو ناوە تا ڕۆژگاری عومەری کوڕی خەتاب مایەوە، هەتا هەندێک لە هاوەڵان وتیان ئێمە موسڵمانین و عومەر ئەمیرمانە، لەوەوە خەلیفە ناونرا ئەمیری موسڵمانان لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا و کەسیش نەیوت ئەو ناوە لادانە لە ئیسلام و کۆدەنگی موسڵمانان(٦).

# فیقهی سیاسی ئیسلامی فیقهێکی گۆڕاوە و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیجتیهاد و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی

هەڵبژاردنی ئەبوبەکری صدیق لە دوای کۆچی پێغەمبەر(د.خ) بە خەلیفەی موسڵمانان سەرەتا جیاوازی هەبوو ئایا کەسێکی پشتیوان یان کۆچەر ببێتە خەلیفە، پاشان بەهەوڵی عومەری کوڕی خەتاب لە سەقیفەی بەنی ساعیدە موسڵمانان ئەبوبەکری صدیقیان هەڵبژارد بە خەلیفە و پاشان لە مەدینەدا کۆدەنگی لەسەر کراو ئەبوبەکری صدیق بووە خەلیفەی موسڵمانان، هەرچەندە کۆمەڵە دەقێکی ئاماژەپێکردن هەبووە بۆئەوەی ئەبوبەکری صدیق ببێتە خەلیفە، بەڵام بەشێکی زۆر ئیجتیهادی تێدا بووە کە بەهێزترین کەس لە دوای پێغەمبەر(د.خ) کە شوێنەکەی پڕ بکاتەوە ئەبوبەکری صدیقە(٧).

ئەبوبەکری صدیق دوو ساڵ و سێ مانگ خەلیفە بووە، پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات لەبەرئەوەی وڵات لە جەنگدا بووە، بۆئەوەی لەکاتی کۆچی دوایی خەلیفەدا جیاوازی و شڵەژان لەناو موسڵماناندا دروست نەبێت، عومەری کوڕی خەتابی دەستنیشان کرد بۆ شوێنگرتنەوەی خۆی و ڕاوێژی بە گەورە هاوڵان کرد، ئەوانیش پشتگیری ئەو هەنگاوەیان کرد و دواتر هەموو موسڵمانان بەیعەتیان پێدا.

ئەبوبەکری صدیق لە هەڵبژادنی عومەری کوڕی خەتابدا کارێکی کردووە کە پێغەمبەر (د.خ) نەیکردووە، هەروەها هیچ دەقێکی قورئان و سونەتیش فەرمانی بەو هەنگاوە نەکردووە، لێرەدا ئەوە تێدەگەین کە سستمی سیاسی ئیسلامی یەک جۆری دیاریکراوی نیە، هەروەها بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی لە سستمی سیاسی ئیسلامیدا سەنتەرە(٨).

عومەری کوڕی خەتاب دە ساڵ خەلیفە بووە، کاتێک لە پەلامارێکی تیرۆریستیدا بریندارکرا، لە کاتی برینداریی و پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، شەش هاوەڵی هەڵبژارد کە هەر شەشیان لە مژدە پێدراوانی بەهەشت بوون، بۆئەوەی لەناو خۆیاندا کەسێکیان هەڵبژێرن بە خەلیفەی موسڵمانان، ئەو شەش هاوەڵەش عوسمانی کوڕی عەفانیان بە خەلیفە هەڵبژارد.

ئەو هەنگاوەی عومەر هیچ یەک لە پێغەمبەری خوا (د.خ) و ئەبوبەکری صدیق بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە و دەستنیشانکردنی ئەو کارەیان نەکردبوو، بەڵام لەبەرئەوەی لە هەموو لایەکەوە فتوحاتی ئیسلامی بەردەوام بوو، زۆرینەی هاوەڵان لە دەرەوەی مەدینە و لە وڵاتە فەتحکراوە دوورە دەستەکان بوون، هەروەها بۆئەوەی کاروباری موسڵمانان پەکی نەکەوێت و وڵات توشی بۆشایی سیاسی نەبێتەوە، عومەری کوڕی خەتاب ئەو هەنگاوەی ناوە، هیچ یەکێک لە هاوەڵانیش نەیانوتووە ئەو هەنگاوە بەڵگەی شەرعی لەسەر نیە، لەو بارودۆخەدا باشترین هەنگاو دەستەبەری بەرژەوەندی گشتی بکات ئەو هەنگاوەی عومەر بووە، کەواتە سستمێکی سیاسی جێگیر نیە لە

فیقهی سیاسی ئیسلامیدا کەس بۆی نەبێت لێی لابدات(٩).

له دوای شەهیدبوونی عوسمانی کوڕی عەفان دەوڵەتی ئیسلامی تووشی باردۆخێکی نالەبار بووەتەوە، لەلایەن خەلیفەشەوە کەس دیاری نەکرابوو ببێتە جێگەداری، لەوکاتەدا دەستەی یاخیگەران دەستیان بەسەر مەدینەدا گرتبوو، ئەو هاوەڵانەی لە مەدینەدا بوون کەوتنە خەمی ئەوەی کەسێک بکەنە خەلیفە و وڵات لەو بارودۆخە نالەبارە ڕزگار بکەن، لەوکاتەدا باشترین کەسێک بەلایانەوە کە بتوانێت لەو قۆناغەدا جڵەوی وڵات بگرێتە دەست و بارودۆخەکە هێور بکاتەوە عەلی کوڕی ئەبوتالیب بوو، هەرچەند عەلی زۆر حەزی لە هەڵگرتنی ئەو ئەمانەتە نەدەکرد لەو بارودۆخە سەختەدا، بەڵام وەک واجبێکی ئاینی ڕازی بووە، لەدوای ئەوەی بووەتە خەلیفە بەهۆی باردۆخی نالەباری مەدینەوە ناچار بووە پایتەختی خەلافەتەکەی لە شاری مەدینەوە بگوازێتەوە بۆ شاری کوفە لە عێراق.

لەکاتی هەڵبژاردنی خەلیفەی چوارەمیشدا هیچ یەکێک لەو شێوازانەی پێشوو پیادە نەکراوە، بەڵکو ئەوەی بەلای موسڵمانانەوە گرنگ بووە دەستەبەری بەرژەوەندی گشتی بووە، ئەویش بە ڕزگارکردنی وڵات لەو بارودۆخە خراپەی تێیکەوتبوو، هەروەها ئەوەی زۆر ڕەچاوکراوە هەڵبژادنی خەلیفەیەکی بەهێز بووە کە بتوانێت لە ئاست ئەو بارودۆخە سەختەدا بێت، بۆ ئەو کارە قورسەیش بەهێزترن کەسیان دەستنیشان کردووە، هەموو ئەو هەنگاوانەیش بە ئیجتیهاد و بۆچوونی موسڵمانان بووە نەک جێبەجێکردنی دەقێکی شەرعی(١٠).

قۆناغی فەرمانڕەوایی خەلیفەکانی ڕاشدین بە سیاسەتی سەرکەوتوو و عەقڵانی (راشد) ناونراوە لەلایەن مێژوونووسەکانەوە، تەنانەت و نەیار و ڕۆژهەڵاتناسەکانیش دانیانناوە بەو حوکمڕانیە سەرکەوتووەدا، چونکە لەگەڵ هەموو کارەساتەکاندا وەک مردنی خەلیفەکان و بەردەوامی فتوحاتی ئیسلامی و نائارامی سیاسی و... هتد، بۆ تەنها ساتێک بۆشایی سیاسی و دەسەڵات دروست نەبووە لەناو دەوڵەتی ڕاشدیندا، بەڵکو لەگەڵ هەموو پێشهاتەکاندا ئیجتیهادیان کردووە و بڕیاری گەورەیان داوە و کۆدەنگیان دروستکردووە لەسەر هەنگاو و ئیجتیهادەکانیان، هەروەها زۆرترین وڵات فەتحکراوە و سنوری دەوڵەتی ئیسلامی فراوان بووە و لە سنوری دەوڵەتەکەیندا زۆر کاری گەورەیان کردووە، وەک گەشەپێدانی وڵات و پێشخستنی زانست و ڕۆشنبیریی و ئابووریی و دروستکردنی چەند شارێک چەسپاندنی بنەماکانی ئیسلام و دەوڵەوتداری لە هەموو وڵاتە فەتحکراوەکاندا(١١).

لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارە بکرێت ئایا کار و کردەوەی خەلیفەکانی ڕاشدین دەبێتە بەڵگەی شەرعی و نابێت موسڵمانان بەدرێژایی مێژوو لێی لابدەن؟ خەلیفەکانی ڕاشدین هاوەڵی پێغەمبەر(د.خ) بوون، هەروەها کاربەدەست بوون (اولی الامر) کە گوێڕایەڵیان واجبە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا جیاوازی هەیە لە نێوان زانایاندا لەمبارەیەوە، کۆمەڵێک لە زانایان ڕایان وایە کار و ئیجتیهادی خەلیفەکانی ڕاشدین ئەگەر کۆدەنگی هاوەڵانی لەسەر بێت حوکمی فەرمودەی مەرفوعی هەیە، بەڵام ئەگەر کۆدەنگی هاوەڵانی لەسەر نەبوو ئەوە نابێتە بەڵگە بۆ دوای خۆیان(١٢).

بەڵام ئەگەر کار و ئیجتیهادی خەلیفەکانی ڕاشدین بەڵگەیش بێت و پێویست بێت موسڵمانانی دوای خۆیان پێوەی پابەندبن، ئەوا خەلیفەکان هەموویان بەیەک شێوە حوکمڕانیان نەکردووە، هەر لە هەڵبژاردنی خەلیفە و دیاریکردنی جێنشینی بۆ خۆیان و مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتەکاندا، لە

زۆر کار و کردەوەی تردا جیاوازیان هەیە و بەپێی بارودۆخ و بەرژەوەندی گشتی وڵات و نەتەوە ئیجتهادیان کردووە و هەنگاویان ناوە.

یەکێک لە کێشەکانی فیقهی سیاسی ئیسلامی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە زۆر جەدەل و گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، بابەتی ئایا کام جۆرە سیاسەتکردن بۆ خزمەتی ئیسلام و موسڵمانان شەرعیە و کام شێواز نا شەرعیە؟ لەهەمان کاتدا ئایا تەنها یەک شێواز لە سیاسەتکردن هەیە؟ بەڵام ئەوەی ڕوون ئاشکرایە لە سستمی سیاسی ئیسلامیدا یەک جۆری دیاریکراو لە کاری سیاسی نیە، بەڵکو هەموو هەنگاوێکی سیاسی بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی گشتی بێت دروستە و کەسیش ناتوانێت بڵێت تەنها شێوازەکەی من دروستە و ئەوانی تر پێچەوانەی قورئان و سونەتن، چونکە قورئان و سونەت بە دەقی شەرعی جۆر و چۆنیەتی سیاسەتکردن و کاروباری کارگێڕی و دەوڵەتداریان یەکلایی نەکردوەتەوە، مادام هیچیان بەڵگەی ڕاشکاویان نیە و هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئیجتیهادی مرۆڤەکان، لەبەرئەوەی ئیجتیهاد و فیقهی هەڵگۆزرا و لە دەقەکان بەرهەمی ئەقڵی مرۆڤە نابێتە هەقی ڕەهاو بنەمای شەرعی بە جۆرێک ئەگەر کەسێک پێچەوانەی هەنگاوی نا گوناەبار دەبێت و لە ئاین لایداوە.

لێرەدا لەبەرئەوەی چۆنیەتی دەوڵەتداری و کاری سیاسیی و بەڕێوەبردنی وڵات یەک شێوای دیاریکراوی نیە بە دەقی شەرعی و ڕاشکاو، بەڵکو بەشێکی زۆری فیقهی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ ئیجتیهاد و لێکدانەوەی مرۆڤ، کەواتە گومانی تێدا نیە بەپێی سروشتی مرۆڤ فرەڕایی و دیدو بۆچوونی جیاواز دروست دەبێت و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر گۆڕانی بەسەردادێت، هەربۆیە پێویستە موسڵمانان دیدوبۆچوونی جیاوازی یەکتری قبوڵ بکەن، هەروەها نابێت بەهیچ جۆرێک تۆمەتی بیدعە و لادان لە ئاین و تەخوین و تەفسیق بدەنە پاڵ کەسێک دیدوبۆچوونی سیاسی لەوان جیاوازە، بەڵکو بۆچوونی هەموویان ئەگەری دروستیی و سەرکەوتن و شکستی هەیە.

فیقهی سیاسی ئیسلامی ڕووبەرێکی فراوانی بۆ ئیجتیهاد و بیری مرۆڤ هێشتوەتەوە، ئەگەر نەڵێین هەموو فیقهی سیاسی ئیسلامی بەرهەمی لێکدانەوەی فەقیەو کاربەدەستەکان بووە (أولي الامر)، ئەوەی لە دەقە شەرعیەکاندا جەختی لێکراوەتەوە ڕەوشتی سیاسی و دەسەڵاتدارییە، وەک ستەم نەکردن و دادگەری و یەکسانی و پاراستنی ئەمانەت و ڕاستگۆیی، ئەوەی وەک بنەمایەکی سیاسیی و قەزایی لە زۆر دەقدا چەسپاوە و تەنانەت بەپێی سونەتی خوایی هۆی بەردەوامی دەسەڵات و دەوڵەت دادگەرییە.

قۆناغێکی زێڕینی مێژووی سیاسیی و ژیاری ئیسلامی سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب و فەتحی عێراق و وڵاتی فارسە (بلاد الفارس)ە، فارسەکان یان ئێرانیەکان لە پێش ئیسلامدا و بۆ ماوەی (١٥٠٠ساڵ) خاوەنی دەوڵەت و سیاسەت و فەلسەفە و کتێب و کتێبخانە بوون، کاتێک موسڵمانەکان وڵاتی فارس فەتح دەکەن و کەلەپووری سیاسیی و مەعریفی ئەو وڵاتە دەکەوێتە دەستیان سودی زۆری لێوەردەگرن و بۆ سیاسەت و دەوڵەتداری، وەک دیوانی سەربازی و دارایی و بەرید مۆرو. ..هتد، لەو قۆناغە بەدواوە سستمی سیاسی ئیسلامی گەشەی زۆر دەکات، کەواتە سودوەرگرتن لە ئەزمونی گەلان لە بواری سیاسیی و ژیاریی و مەعریفیدا هەنگاوێکی باشە و ئیسلام ڕێگری لێناکات، بەڵکو تەوزیفکردنی بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان کارێکی باشە هەروەک موسڵمانان و کەسێکی وەک عومەری کوڕی

# فیقهی سیاسی ئیسلامی ڕووبەرێکی فراوانی بۆ ئیجتیهاد و بیری مرۆڤ هێشتوەتەوە

خەتاب ئەو کارەیان کردووە لە کاتی فەتحی وڵاتی فارسدا(١٣).

کۆتایی توێژینەوە: قۆناغی دەوڵەتی ڕاشدین لە مێژووی ئیسلامیدا قۆناغێکی گرنگە، چونکە حوکمڕانیەکی سەرکەوتوو بووە، لە هەمان کاتدا لەبەرئەوەی خەلیفەکانی ڕاشدین و ئەوانەی خاوەن بڕیار بوون هەموویان هاوەڵی پێغەمبەر(د.خ) بوون، هاوەڵانیش هەموو ئەهلی ئەمانەت و عەدلن لە ڕوانگەی ئەهلی سوننەتەوە، لەبەرئەوە دەکرێت کارەکانیان وەک بەڵگەی شەرعی سەیر بکرێت ئەگەر کۆدەنگیان هەبوو (الاجماع) موسڵمانان بیانکەنە پێشەنگی خۆیان لە کاروباری ژیانی ڕۆژانەی تاک و هەتا ئاستی گشتیی و دەوڵەتداریی و سیاسەتکردن.

هەروەها ئەو ئەزمونەی خەلیفەکانی ڕاشدین پەیڕەویان کردووە دەکرێت بکرێتە سەرچاوە و وەک کەلتورێکی ئیسلامی سیاسی سەیری بکرێت و سودی لێوەربگیرێت، هەر لە هەڵبژاردنی خەلیفە و سیاسیەتی مامەڵەکردن و کاروباری ئیداری و دارایی و سەربازیی و ..هتد، خەلیفەکانی ڕاشدین لە سیاسەتکردن و بەڕێوەبردنی وڵاتدا کە شێوازی چەسپاویان پەیڕەو نەکردووە، بەڵکو بەپێی کات و سەردەم و بەرژەوەندی گشتی ئیجتیهادیان کردووە و گۆڕانیان کردووە لە کاروباری سیاسیی و دەوڵەتداریدا.

ئەو گۆڕان و گەشەکردنەی لە سیاسەتی خەلیفەکانی ڕاشدیندا ڕوویانداوە ئاماژەی بەهێزن کە فیقهی سیاسی ئیسلامی فیقهێکی گۆڕاوە و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیجتیهاد و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی، هەر هەنگاوێک بەرژەوەندیەکی گشتی بەدیبهێنێ کارێکی باشە و ئیسلام پشتگیری دەکات، دەکرێت شێوازی حوکمڕانی بەپێی بەرژەوەندی گشتی بکرێت نەک گەڕانەوە بۆ قۆناغێکی مێژوویی، چونکە هیچ قۆناغێکی مێژوویی نابێتە بەڵگەی شەرعی کە موسڵمانان وەک ئەو قۆناغە سیاسەت بکەن و کاروباری وڵات بەڕێوەبەرن.

فیقهی سیاسی ئیسلامی لەبەرئەوەی ڕووبەرێکی فراوانی دەگەڕێتەوە بۆ ئیجتیهاد و لێکدانەوەی خودی مرۆڤ و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی، هەموو ئەمانەیش ژیری مرۆڤ دیاری دەکات نەک دەقێکی شەرعی یەکلاکەرەوە، لەبەرئەوە کەس ناتوانێت تەنها بۆچوونەکانی خۆی بەڕاست بزانێت و هەموو ئاراستە و بۆچوونەکانی تر بە پێچەوانەی ئیسلام دابنێت، چونکە ئیجتیهاد زانایان هەرچەندە پلەوپایەیان بەرز بێت نابێتە هەقی ڕەها و ئەوانی تر ببنە بەتاڵ، بۆیە پێویستە هەمووان دیدبۆچوونی جیاوازی سیاسی یەکتر قبوڵ بکەن و تۆمەتی بیدعە و لادان و تەخوین و تەفسیق نەدەنە پاڵ یەکتری، لەهەمان کاتدا ئەو جۆرە جەدەل و تۆماتانە لە نەزانی و بیئاگایی لە فیقهی سیاسی ئیسلامەوە سەرچاوەیان گرتووە، نەک زانست و بەڵگەی شەرعی دروست.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

– ينظر: أ.د. عبدالرزاق احمد السنهوري، فقه الخلافة وتطورها لتصبح عصبة أمم شرقية، الطبعة الأولى ١٤٢٢ه٢٠٠١م، مؤسسة الرسالة، بيروت ـ لبنان، ص ٧٩ وما بعدها.

٢ ينظر: د. عبدالرزاق السنهوري، فقه الخلافة، ص ١٩٢ وما بعدها. د.أكرم ضياء العمري، الخلاة الراشدة، ص٩٧ وما بعدها.

٣ ينظر: د. مهدي رزق الله احمد، السيرة النبوية في ضوء المصادر الاصلية، الطبعة الاولى ١٤٢ه ١٩٩٢م، مركز ملك فيصل للبحوث والدرسات الاسلامية- الرياض، ص ٢٩٣ وما بعدها. و د.أكرم ضياء العمري، السيرة النبوية الصحيحة، الطبعة الثامنة ١٤٣٠ه٢٠٠٩م، مكتبة العبيكان، الرياض، م٢ص٢٧٢ وما بعدها.

٤ ينظر: عبدالرزاق السنهوري، فقه الخلافة، ص٢٧٧ وما بعدها.

٥ ينظر: الامام على بن على ابن محمد ابن ابى العز الدمشقى، شرح العقيدة الطحاوية، التحقيق: د.عبدالله عبدالمحسن التركي وشغيب الارنؤوط، بدون عدد الطبع ولا تاريخ النشر، مؤسسة الرسالة، بيروت- لبنان، م٢ص ٦٩٨ وما بعدها.

٦ ينظر: محمد رضا، تاريخ و سيرة ومناقب أمير المؤمنين عمر الفاروق، الطبعة الاولى ١٣٥٥ه ١٩٣٦م، ص٢٩.

٧ ينظر: د.محمد محمد علي الصلابي، الانشراح ورفع الضيق في سيرة أبي بكر الصديق، الطبعة الاولى ١٤٢٣ه٢٠٠٢م، دار التوزيع والنشر الاسلامية، القاهرة، ص ١١٧ وما بعدها.

٨ ينظر: د.محمد محمد علي الصلابي، الانشراح ورفع الضيق في سيرة أبي بكر الصديق ص٣٩١ وما بعدها.

٩ ينظر: محمد رضا، تاريخ و سيرة ومناقب أمير المؤمنين عمر الفاروق ص٦٢٦ وما بعدها.


١٠ ينظر: د. أكرم ضياء العمري، عصرالخلافة الراشدة، بدون عدد الطبع ولا تاريخ النشر، مكتبة العبيكان، الرياض، ص ٥٨ وما بعدها.

١١ د.حسن ابراهيم حسن، تاريخ الاسلام السياسي والاجتماعي، الطبعة الرابعة عشرة، ١٤١٦ه١٩٩٦م، دار الجيل- بيروت، دار النهضة المصرية- القاهرة، م١ص١٤٤ وما بعدها.

١٢ ينظر: د.أكرم ضياء العمري، عصر الخلافة الراشدة، ص٩٣ وما بعدها.

١٣ينظر: د.علي محمد الصلابي، فصل الخطاب في سيرة ابن الخطاب أمير المؤمنين عمربن الخطاب شخصيته وعصره، الطبعة الأولى ١٤٢٣ه ٢٠٠٢م، مكتبة الصحابة- الامارات، ص ٣١٥-٣١٦.

# ئیسلامخوازانی کوردستان پەرتەوازەییەوە بۆ تەواوکاریی





**تۆفیق کەریم**

لەدایکبووی هەڵەبجە، ١٩٦٨. زانستە ئیسلامییەکانی لە سلێمانی تەواوکردووە. خاوەنی دە کتێبی چاپکراوە. ئێستا سەرنووسەری گۆڤاری (خاڵ)ە.

جیاوازی نێوان مرۆڤەکان مەسەلەیەکی خواکرد و خۆڕسکە و ناتوانرێت لێی لابدرێت، خوای گەورە دەفەرموێت **(وَلَوْ شَاء اللّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَـكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُم)** (المائدة: ٤٨)، ئەم جیاوازییە سەرتاپای مرۆڤ بە دەرەوە و ناوەوەی دەگرێتەوە، هەر لە بەژن و باڵا و ڕوخسارەوە تا حەز و خولیا و بیرکردنەوە و باوەڕ و قەناعەت، ئەمە حەتمیەت و واقیع و چەسپاوە و نکۆڵی لێناکرێت.

نەبوونی جیاوازی واتە جوینەوە و کۆپی بوون و دووبارەبوونەوە و وەستانی ڕەوڕەوەی ژیان و کۆتاییپێهاتنی. بۆیە ئەم جیاوازییە لە دوو کورەکەی ئادەمەوە دەستپێدەکات و دەبێتە مایەی ئەفراندنی زۆر جوانیی و ناشیرینی، خۆشیی و ناخۆشی، ئارامیی و پشێوی، ئاوەدانیی و کاولکاریی...، تا دوا مرۆڤ لەسەر ئەم ئەستێرەدا نیشتەجێ بێت جیاوازیش بەردەوام دەبێت.

ئەم ڕاستییە زانراوانە بۆیە جەختی لێدەکەمەوە تا ئەوەی ئەمرۆ لە نێوانماندا دەگوزەرێت بە بارێکی نامۆ لێی نەڕوانین.

سەرنجی قورئانی پیرۆز بدەین بەتایبەت بەسەرهاتەکان، دەبینین ململانێی تیایاندا بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە، گەشتێک بە ژیانی پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه وسلم) بکەین دەبینین هەر بابەتێک یان دەقێک بێ چەندو چوون یەکلایی نەکردبێتەوە، جێگەی مشتومڕی نێوان هاوەڵان بووە، هەر کە نیگای خودایش کۆتایی دێت و دەق نامێنێت دابەزێت، هێشتا جەستەی پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) نەنێژراوە، جیاوازی لە نێوان باشترین نەوە لە مێژوودا بەشایەتی قورئان **(كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ)** ﴿**آل عمران : ١١٠**﴾ پەیدا دەبێت بۆ مەسەلەی پڕکردنەوەی بۆشایی دوای پێغەمبەری ئیسلام (صلی الله علیه وسلم)، ناکۆکی دەکەوێتە نێوان هاوەڵانی پشتیوانان و کۆچەرییان لەسەر شایستەیی پڕکردنەوەی بۆشاییەکە(١)، ئەم جیاوازییە تەنها لە بواری سیاسیی و ئیدارییدا نەبووە، بەڵکو بوارەکانی فیقەو زانستەکانی دیکەشی گرتووەتەوە بە بەشێک لە مەسەلە عەقیدەییەکانیشەوە(٢)، ئەم ڕاجیایی و ناکۆکییانە تایبەت نییە بە مێژووی موسڵمانان و جیهانی ئیسلامییەوە بەتەنها، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتیی و زانست و ئایدیاکانی دیکەشی گرتووەتەوە، چونکە وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا ڕاجیایی بابەتێکی خواکرد و خۆڕسک و پێویستیشە بۆ بەردەوامبوونیشیان.

بەدڵنیاییەوە ئەم جیاییە دەرهاویشتەی دەبێت، کاریگەریی و کاردانەوە و ناکۆکی و تێکگیرانیشی بەدوادا دێت، بەڵکو ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت و نەخرێتە سەر ڕێڕەوی خۆی تەشەنە دەکات، گرژی و ئاڵۆزی و ئاژاوە تەنانەت شەڕ و پێکدادانیشی لێ پەیدا دەبێت.

بۆیە زانا و بیریارەکان بە وردی لەم بابەتە کۆڵیونەتەوە و کۆمەڵێک بنەما و شێوازیان بۆ دارشتووە بە پشتبەستن بە دەق و توێژینەوە و لۆژیک و ئەزموونە جیاوازەکان(٣). لەم پێشەکییە گشتییانەوە دەچینە ناو خودی بابەتەکە تا بزانین ئیسلامییەکانی کوردستان لە کوێی ئەم بنەمایانەدان.

دیارە پێش هاتنی بانگەوازی نوێی ئیسلامی(٤)، ئەوانەی کاری بێدارکردنەوەی خەڵکیان لە ئەستۆ گرتبوو لە ڕووە ئاینییەکەوە شێخ و مەلاکان بوون، لەناو شێخەکانیشدا هەردوو تەریقەتی قادریی و نەقشبەندی بەربڵاوبوون و بە هەزاران مورید و مەنسوبیان هەبووە، ئەگەر سەرنجی مێژوو بدەین ئەو جیاوازییە لە نێوان مەلا و شێخەکان لەلایەک و لە نێوان ئەو دوو تەریقەتەدا لەلایەکی دیکەوە بە زەقی دەردەکەوێت، بەڵکو زۆرجار سەری کێشاوە بۆ مشتومڕی توند و تۆمەتبارکردنی یەکدیی و سەنگەر و ناوچە لەیەکجیاکردنەوە، تەنانەت هاندانی دەسەڵات و خەڵک لە دژی یەکتری(٥)،

ئەم حەقیقەتە هەر لەناو دوو تەریقەتەکەدا نەبووە، بەڵکو لەناو خودی مەلاکانیشدا ڕاستە و هەمان حاڵەت ڕوویداوە(٦).

کە بانگەوازی نوێی ئیسلامیش هاتە کوردستان بە ئایدۆلۆژیایەکی نوێ و زمانیکی دیکە کەوتە چالاکی، هەرزوو لەگەڵ هەردوو بەرەکەدا جۆرێک لە ناکۆکیی و ململانێ هاتە ئاراوە، سەرەتا بە خودی بانگەوازەکەش، لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ قۆناغی جیاجیا و هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە، (قۆناغی دامەزراندن ـ قۆناغی متبوون ـ سەرهەڵدانەوە ـ پێکهێنانی حیزب ـ هاوخەباتیی و بەشداری سیاسیی و ئیداری ـ قۆناغی جیابوونەوە و فرەیی) هەریەک لەم قۆناغانەش بە هەلومەرجی خۆیاندا تێپەڕیون و هۆکاری خودیی و بابەتی، ناوخۆیی و دەرەکی ڕۆڵیان هەبووە لە پەیدابوون و بەردەوامی و کۆتایی هاتنیاندا.

بە هەمووشیانەوە کاروانەکەیان گەیاندووەتە ئەمڕۆ بە گشت خاڵە ئەرێنیی و نەرێنییەکانییەوە، ئەگەر توێژینەوە لە گشت ئەو قۆناغانە بکەین ڕاجیایی و ناکۆکی بەزەقی لە هەموویاندا بەدی دەکەین، ئەوەی ئەمڕۆش خەمی بانگەوازی ئیسلامی هەڵگرتووە، جگە لە ڕەوتەکانی ڕابردوو (مەبەستم مامۆستایانی ئاینیی و تەریقەتە جیاوازەکانە) بریتین لە:

١ـ حیزبە ئیسلامییەکان.

٢ـ هەڵگرانی بیری سەلەفی.

٣ـ ڕەوت و گرووپ و کەسایەتییە ناحیزبییەکان.

ڕوونیشە هەریەک لەم سێ تاقمەش لەناو خۆیاندا دابەشن، ڕاوبۆچوون و ئیجتیهاد و بیری جیاوازیان هەیە، لەمەڕ شێوەی کار و بانگەوازی ئیسلامیی و ئەولەویەتی بایەخپێدان و ئامانج و هۆکارەکاندا.

ئەم جیاوازییانە لە سەرەتادا کەم و بچووک بوون و لەناو بازنە داخراوەکاندا بوون، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات و فراوانبوونی کار، جیاوازییەکانیش دیار و دیارتر کەوتن، کە ئەمڕۆ هەموو لایەک لێی ئاگادارە و هەر تاقمێک شێوازی خۆی و میمبەری تایبەت و گوتاری لەوانی دیکە جیاوازە، ئەم ڕاستییە هەم خۆیان ڕایدەگەیەنن و هەم جەماوەریش لێی بەئاگایە.

ڕاستە زۆرجار لێرە و لەوێ یاران و نەیارانیان لە ڕووی سۆزداریی و عاتیفەوە یان بە مەرامی تانە و تەشەر و شکاندن، ڕەخنەی توند لە جیاوازییەکانیان دەگیرێت، جارجارەش کەسایەتییەکان وەک پروپاگەندە یان پابەندبوون بە بنەما ئاینییەکەوە لەسەر یەکرێزی دەڵێن هەموومان یەکین هیچ جیاوازییەکمان نییە، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە دەگوزەرێت نەک ئەوەی دەوترێت یان حەزمان لێیەتی.

**هۆی جیاوازییەکانیش هەندێکی نەگۆڕ و بەشێکیشی گۆڕاون، نەگۆڕەکان ئەوانەبوون باسمان کردن:**

١ـ حەتمیەتی ڕاجیایی خواکرد و خۆڕسکە و ڕەوڕەوی ژیان لەسەر ئەوە گەشە دەکات.

٢ـ پاشخانی هزریی و بیرکردنەوە سەرچاوەی بەرنامە.

٣ـ هۆکاری مێژوویی و ئەولەویەتی بایەخپێدان.

٤ـ هۆکاری سیاسی بە ناوخۆیی و دەرەکییەوە.

٥ـ هۆکاری شەخسیی و دەمارگیری.

ڕەنگە هۆکاری دیکەش هەبن، بەڵام لەو بڕوایەدام لەناو یەکێک لەم هۆکارە سەرەکییانەدا جێگەیان دەبێتەوە. کەواتە لەبری ئەوەی بە دووی ڕێگای سڕینەوەی ڕاجیاییدا بگەڕێین، کە ئامانجێکی مەحاڵ و دەستنەکەوتووە، دەبێت لە دووی چارەسەری دیکەوە بین.

بەدڵنیاییەوە ئەم جیاوازییە تەنها لە سنووری ڕاجیاییدا قەتیس نەماوەتەوە زۆر جار و لە زۆر شوێندا گەشتۆتە ئاستی ناکۆکیی و سنووربەزاندن و هەندێک جاریش پەرتەوازەیی، ئەمانەش کاریگەریی نەرێنی بەدوای خۆیاندا هێناوە لە

ئاستی ناوخۆیی ئیسلامخوازان و دەرەوەشیاندا.

دڵسۆزانی کاری ئیسلامی زۆرجار هەوڵی چارەسەری ئەو پەرتبوونەیانداوە و چەندین جۆر پرۆژەی لێکنزیکبوونەوە پێشکەشکراوە، سەردان و دیدار و کۆبوونەوە و کۆنفرانس لە ئاستە جیاوازەکاندا سازدراوە، کە ناکرێت بوترێت هیچ ڕۆڵێکیان نەبووە، بەڵام بەدڵنیاییەوە نەگەیشتووەتە ئامانجی سەرەکییان، پێشناچێت بەم زووییە هەر هەوڵێکی دیکە بەو ئامانجە بگات، لەبەر زۆر هۆکاری خودیی و دەرەکی، مێژوویی و دنیابینی، دەروونیی و دەستەگەریی.

کەواتە گرنگە لە نێوان پەرتەوازەییدا کە هەموان لێی بێزارن و لە نێوان یەکڕیزییشدا کە بۆی عەوداڵین و پێی ناگەین، لە دووی چارەسەری دیکە بگەڕێین. چارەسەرێکی واقیعی مومکین نەک ئەوەی پێمانخۆشە و حەزی لێدەکەین، بەڵکو ئەوەی توانای بە کرداریی بوونی هەیە.

ڕەنگە باشترین چارەسەر پێش هەموو شتێک لە یەکگەیشتن و یەکدی قبوڵکردن بێت، بە دوورکەوتنەوە لە خوێندنەوەی سلبی بۆ مەرام و نیازی یەکدی و گەڕان بە دوای کەموکورتییدا، پاشان تۆمەتبارکردنی یەکدی بە لادەر، بیرتەسک، بیدعەچی، دواکەوتوو، لەبری ئەوانە بگەڕێین بە دوای خاڵی هاوبەشی نێوان بیروڕا جیاوازەکاندا، کە زۆر لە خاڵە جیاکان زیاترن. بە واتایەکی دیکە دەکرێت کاری ئیسلامخوازان کارێکی تەواوکاریی بێت.

مەبەستم ئەوەیە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئایینێکی تێروتەسەل و سەرتاپاگیری ژیانە، هەریەک لەم دەستەو بیروبۆچوونە جیاوازانەش ئەگەر وەک قەناعەت ئاینیان بەوشێوە تێروتەسەلەش وەرگرتبێت، گومانی تێدا نییە کە چالاکیی و توانایی خۆیان لە بەشێکی ئەو سەرتاپاگیرییەدا چڕکردووەتەوە، خۆیانی زیاتر تێدا ماندوو دەکەن و پێی ناسراون و بووەتە پسپۆڕی ناسنامەیان.

بەڕوونی دیارە کە بەشێکی زۆرترین کاتی بە زانستە شەرعییەکانەوە خەریکە بەتایبەت بواری عەقیدە، سیاسییەکانیش توانایان پڕبووەتەوە لە هەوڵی گۆڕانکاری دەسەڵاتدا، بەشێکیش باس لە کاری تەزکییە و پاکژکردنەوەی دەروون زۆرتر سەرقاڵی بۆ دروستکردوون، خەڵکێکیش کاری ڕێکخراوەیی و پیشەیی کردووەتە ڕێڕەوی خۆی و بووەتە ڕێبواری ئەو ڕێگایە.

ئەگەر سەرجەمی ئەم بوارانە و بواری دیکەی هاوشێوەیان سەرنج بدەین، لە هیچیان بێ ئاتاج نین و هەریەکەیان زەرورەتی خۆی هەیە، سروشتی بەشێک لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگەش بەسەر هەموویاندا دابەش دەبێت.

بەدرێژایی مێژووی بانگەوازی نوێ هەر لایەنێکیش لافی ئەوە لێبدات کە تاقمەکەی ئەو سەرتاپاگیرە و بایەخ بە سەرجەم ئەو بوارانە دەدات، لە ڕووی تیۆرییەوە لێی بسەلمێنرێت هەرگیز بۆی نەلواوە و فریای گرتنەبەری گشت بوارەکان نەکەوتووە.

کەواتە لێرەوە دەگەینە دەرچەیەک، ئەویش ئەوەیە دەکرێت هەردەستە و تاقمێک سەرقاڵ بێت بە کار و پسپۆڕی خۆیەوە و پێکەوەش ببنە جەستەیەکی تەواوکاریی (تكاملی) بۆ یەکتر، بەم شێوازەی کار سەرتاپاگیریی و تێروتەسەلیەکەی ئاینی ئیسلام بەرجەستە دەبێت، هەموشیان پێویستن و لێیان بێئاتاج نین، ڕەنگە لە زەمین و زەمانێکدا بەشێکیان سەردەستەبن و لە ڕیزی پێشەوەی زەرورەتییەکان بن، بەڵام مەرج نییە لە هەموو قۆناغەکاندا ئەو ڕیزبەندییە لزومێکی بمێنێت، سەرەکی و لاوەکی جگە لە مجێزی مرۆڤەکان کات و شوێن کاریگەرییان هەیە لە دیاریکردنیاندا.

هەنگاونان بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم گیانە تەواوکارییە، ڕەنگە سەرەتای گرتنەبەری ڕێگە ڕاستە دووروودرێژەکە بێت، کە ئامانجی هەموو لایەکە، چونکە پەیدابوونی ئەم قەناعەتە زۆر تەمومژی گومانی دەڕەوێنێتەوە و چاویلکەی

ڕەشی چاوەکان ڕووندەکاتەوە، کاریگەریی گەورەی لەسەر دنیابینی لایەنەکان دادەنێت.

لە پڕۆسەیەکی وەها بنەڕەتدا، کەس بەشی کەس ناخوات، برا گەورە و برا گچکە نامێنێت، هیچ لایەک خەمی توانەوە و پاشقولی لایەنەکەی دیکە ناخوات.

بەدڵنیاییەوە تایبەتمەندیی و جیاوازی هەر دەمێنێت، ڕەخنە و گلەیی ناسرێتەوە، ئیشی خۆ بەگرنگتر زانین بەردەوام دەبێت، بەڵام زاراوەی پەرتەوازەیی هەڵدەگیرێت و دەگۆڕێت بۆ ڕاجیایی.

وەک ئاماژەمان پێدا ئەگەری مەیسەربوونی ئەم پڕۆسەیە هەیە ئەگەر دڵسۆزانی هەموو لایەک بەرنامەی بۆ دارێژن و خۆیانی بۆ ماندوو بکەن، بەو مەرجەش کێشە شەخسیی و نەفسییەکان نەبنە بەربەست.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. سەیری ناکۆکییە سیاسییەکانی نیوان هاوەڵان بکە، و.ڕێدار ئەحمەد، وردەکاریی و جۆری ئەو ڕاجیاییانە باس دەکات.

٢.

٣. زانایان لە کۆن و نوێدا لەم بابەتە دوواون، ڕەنگە یەکێک لە باشترین نووسراوەکان کتێبی (أدب الاختلاف)ی د. طه جابر العلوانی بێت کە زیاد لە نووسەرێک بۆ زمانی کوردی وەریانگێڕاوە.

٤. بانگەوازی نوێی ئیسلامی بە مانا سیاسییەکەی مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، بڕوانە ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق.

٥. بڕوانە کتێبی: ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی ـ خالیدی ، و.هەڵکەوت حەکیم، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٤٧-٥٣

٦. بۆ نموونە سەرنجی (د.موستەفا زەڵمی: کاروانی ژیانم) ی بدە کە بۆچی سلێمانی و کوردستانی بە یەکجاری جێهێشتووە و وازی لە مەلایەتیش هێناوە.

# فەلسەفەی ئازادی ئاینیی

## خوێندنەوەیەکی ئیسلامگەراییانە



**سامان مامڵێسی**

لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٢، تەکیە.

خوێندکاری دکتۆرا و مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین

خاوەنی ١٠ کتێبی چاپکراوە.

دیرۆکناسان مێژووی سەرهەڵدانی ئایین بۆ ٢ ملیۆن ساڵ لەوەوبەر دەگێرنەوە و، پێیانوایە هەر لە سەرەتای هاتنە دنیای یەکەم مرۆ و دروستبوونی یەکەم خێزان، پێداویستیی رۆحی وایلێکردووە ئایین ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی.

نەتەوەکان ئاینی جۆراوجۆریان بۆ خۆیان داهێناوە و، هەندێک لە ئاینەکانیش لەلایەن خوداوە بۆ رێنمایی مرۆکان دابەزێنراون. (الشویخات، ٢٠٠٤، مادە: الدین).

دیارە ئایینیش وەک رەمەکێکی خواکردی ناوەکیی، پێش ئەوەی رووکارەکانی لە مرۆدا ببینرێن، وابەستەگییەکی دەروونیی و ویژدانیی و رووحییە و، سەروکاری لەگەڵ ناوەوەیدا هەیە.

بۆیە ناکرێت شتێک لە دەرەوەی مرۆ و بە زۆر بەسەریدا بسەپێنرێت و، داوای لێبکرێت بیکاتە بەها و دیدگە و هەڵسوکەوت و رەوتارەکانی لەسەر بنیات بنێت، بەڵکو ئازادانە و سەرپشکانە هەڵیدەبژێرێت.

ئیسلامیش وەکی ئاینێکی بانزەمینیی و تێروانینێکی سەراپاگیر، لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆی بە سەرمۆری ئاینەکانی ئاسمانیی دادەنێت، کەچی بواری بۆ پیادەکردنێکی ئازادانە و، پابەندبوونێکی سەرپشکانە کردووەتەوە و مرۆکانی لە هەڵبژاردنیدا ئازاد کردووە: **(فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ) (الکهف:٢٩)** و جادەی لێتێگەیشتنی بۆ تەخت کردوون: **(إِنَّا هَدَيْنَاه السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا) (الإنسان:٣)** و پێپلیکانەی هەڵزنان بە شالوتکەکانیدا بۆ هەڵواسیون: **(وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاه بِهَا وَلَكِنَّه أَخْلَدَ إِلَى الْأَرْضِ) (الأعراف: ١٧٦)** و کلیلی تێرامان و تێهزرینی داوەتە دەستیان: **(وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِنْ مُدَّكِرٍ) (القمر: ١٧)**.

باشە ئاینێک مەیدانخوازیی ئەوانی دیکە بکات: **(فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ)(البقره: ٢٣)** و، پێغەمبەرەکەی بە میسکولخیتام ناودێر کردبێت: **(وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ) (الاحزاب: ٤٠)** و، هەر خۆی بە هەق و رەوا دابنێت: **(فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلَّا الضَّلَالُ)(یونس: ٣٢)**، ئەدی لە پای چییە بە نکۆڵیکارانە دەپرسێت:**(أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ)**(یونس: ٩٩)؟

باشە مەرەدی ئیسلام چییە خەڵکی لە پابەندبوون و هەڵبژاردنیدا دەستکراوە کردووە: **(قُلْ آمِنُوا بِه أَوْ لَا تُؤْمِنُوا)(الإسراو: ١٠٨)**؟

داخۆ چ فەلسەفەیەکی تێدایە بە بەرانبەرە رکابەرەکانی بڵێت: **(وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ)(سبأ: ٢٤)**؟

لە سۆنگەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە، دەکرێت حیکمەت و ووردکاریی و فەلسەفەی ئازادیی لە هەڵبژاردنی باوەڕدا شەن و کەو بکەین و، عەردی وشک و برینگی بیر و حەپەسانەکانمان لهەمبەر ئەو مەشخەڵە درەوشاوەیەی ئیسلامدا، ئاودێر بکەین، سا بەڵکو ئاوێک بەو ئاگرەی لە ناخماندایە بکەین کە گینگڵ دەدات و دەپرسێت: ئەدی چۆن من لەسەر هەق بم و بەرانبەرەکانم لەسەر ناهەق، کەچی بۆم نەبێت زۆریان لێبکەم و بەرەو مێرگوزاری راستی و کامەرانییان بهێنم و، لە بیابانی قاقڕی نەزانیی و بێبڕوایی ڕزگاریان بکەم!

باشە ئەو رازە چییە کە خودێ لە دووتوێی ئەو سەرپشککردن و دەستوالاکردنەدا حەشاری داوە؟ فەرموون با بیری تینوومان بەرە و شیرناوی فەلسەفە و ووردکاریی ئازادیی ئاینیی ببەین و، لە کۆشە گەرمەکەی دایکی حیکمەتی خوداییدا پرسیارە سەرمابردووەکانمان گەرم بکەینەوە، سا بەڵکو ئاهێک بەبەر دۆشدامان و چاو ئەبڵەقبوونماندا بێتەوە.

## حیکمەتی یەکەم:

وەدیهێنانی مرۆبوونی مرۆ و پێداگرتن لەسەر رێز و حورمەتی: چونکی هیچ دروستکراوێک لە بوونەوەردا هێندەی مرۆ رێز و حورمەتی بۆ دانەنراوە، ئەوەتانێ خودا فەرموویەتی **(وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ)(الإسراو: ٧٠)**.

یانی ئازادی ئایینی، یەکەمین مافی مرۆیە و، هەر بەوە پێی دەوترێت مرۆ، هەرکەسیش ئازادی بیروباوەڕ لە کەسێکی دی بسەنێتەوە، ئەوە یانی هەر لە بنەڕەتەوە مرۆبوونەکەی لێسەندووەتەوە، هەروەک ئازادی بیروباوەڕ، ئازادی بانگەواز بۆ لاکردن و پارێزراوبوون لە ئازار و دڵنیابوونیش دەگرێتەوە.

لێرەوەیە ئیسلام لە سیستەم و پێڕۆ داتاشراوەکانی دەستی مرۆ جودا دەبێتەوە، بەوەی بە هەڵگرانی خۆی وتووە: ئێوە بۆتان نییە خەڵکی دیکە بە زۆر بهێننە ناو ئاینەکەتانەوە، نەک بیروباوەڕە مرۆکردەکان کە بە زۆری هێز و کوتەک خۆیان دەسەپێنن و، پیاوم دەوێت لە ئاستیاندا سەری بەرز بکاتەوە! (وصفی، ٢٠٠٩، لا ٦١).

## حیکمەتی دووەم:

پێداگرتن لەسەر واتای ویژدانی خودیی و بەرپرسارییەتی تاکیی: ئەمیان تایبەتترین جوداکەرەوەی ئازادکردنی مرۆیە، ڕێز لە ویستی بگیرێت، هزر و هەستەکانی بنرخێنرێن، پرسەکانی ڕێنموونیی و گومرایی لە بیروباوەڕدا بۆ خۆی جێبهێڵرێن و، دەرئەنجامی کار و کردەوەکانیشی بخرێنە ئەستۆی خۆی و لەسەری حسێب بکرێن.

لێگەڕێ، با مرۆ لە بەرهەمی کردەوە چاکەکانی بچنێتەوە، یان بەدرەوتارییەکانی بە چاویدا بدرێنەوە: **(إِنْ أَحْسَنْتُمْ أَحْسَنْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَا)(الإسراو: ٧).**

لەولایش کردەوەکانی –جا باش بن یان خراپ– دیسان بەرۆکی دەگرن:**(كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ) (المدثر: ٣٨).**

بۆچی؟ چونکی سەرپشککردن یانی ئازادیی، ئەگەریش ئازادی نەبوو، بۆ سەرپشککردن مەگەڕێ، سەرپشککردنیش بۆ هەڵگرتنی کۆڵی بەرپرسیارییەتی سەردەکێشێت، چونکی سەرپشککردن بۆ هێنانەکایەی کردەوەکان، شتێکی پێویستە. (بدوی، ١٩٦٦، لا ١٧).

## حیکمەتی سێیەم:

بەرزکردنەوەی پایەی ئەقڵ: بڕواهێنان لەسەر ئازادیی بنیاتنراوە، هەربۆیە زۆرلێکراو بە بڕوادار حسێب ناکرێت. خودا بە پێغەمبەرەکانیدا پەیامی بۆ مرۆکان ناردووە و، دەقی پەیامەکەیان بۆ خەڵک ڕوون کردووەتەوە، پاشان ئەقڵیشی پێداوە تاکو دەقەکانی پێ بخوێنێتەوە، دواتریش بۆ خۆی سەرپشکە چی هەڵدەبژێرێت.

عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەڵێت: **إن الله أَمَرَ تخييراً، ونهى تحذيراً، وكلَّف يسيراً)** واتە: خودا فەرمانی کردووە، سەرپشکیشی کردووین، ڕێگریی کردووە و بە ئاگادارکردنەوە هۆشداریی پێداوین، تەکلیفیشی کردووین، وەلێ بە ئاسانی.(القرافی، ٢٠٠٧، لا ٩٨).

خۆ ئەگەر ئازادی هەڵبژاردن لە ڕێگەی ئەقڵەوە نەبێت، ئەوە پاداشت و سزا، فەرمانکردن و ڕێگریکردن، بەڵێن و هەڕەشە، دەبنە شتگەلی بێ مانا. زانایانی بواری مەبەستگەرایی شەریعەت، ئەقڵیان کردووەتە نێو سەبەتەی ٥ شتە پێویستییەکانەوە کە دەبێت ڕەچاوبکرێن و بپارێزرێن: (ئاین، گیانی مرۆ، پارە و سامان، وەچە و ئەقڵ).(الزیدان، ٢٠٠٠، لا ٣٨١).

باشە ئەگەر ئەقڵ ماکی تەکلیفی خرابێتە سەر و، مرۆی ناتەواو حیساب و کیتابی لەگەڵدا نەکرێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئیدی بە ڕەبەی ئەقڵی خۆمان هەموو شتێک بپێوین و گوێ بۆ دەقەکانی شەریعەت هەڵنەخەین؟ نا، هەرگیز، بەڵکو پێوەرەکە ئەمەیە: بە ئەقڵ لە شەریعەت تێبگەین و، بە شەریعەت حوکم بەسەر ئەقڵدا بدەین.

## حیکمەتی چوارەم:

وەدیهێنانی مانای دادگەریی خودایی: بە شێوەیەک ئەم دادگەرییە ڕەهایە و تەواوی گەردوون و ژیانی تەنیوە، چاکەی چاکەکارێک کەم ناکاتەوە، خراپەی خراپەکارێک قەبە ناکات، ئەگەر ئەو ماستە موویەکی تێدا نەبێت، ڕێی تێناچێت کەسێک سوڕ و گوڕ بدات! یان بە تەحقیق فەرموویەتی: **(وَلَا يَظْلِمُ**

# له شەریعەتی ئیسلامیدا وەدیهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی بنەمایەکی گشتیی و مەبەستێکی گەورەیە

**رَبُّكَ أَحَدًا)(الكهف: ٤٩). یان : (إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ النَّاسَ شَيْئًا) (یونس: ٤٤)، یان: (إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ)(النساو: ٤٠).**

له سەرپشککردنی مرۆدا بۆ هەڵبژاردنی بیروباوەڕ، ترۆپکی دادگەریی خودایی دەبینرێت، چی دەکەیت بیکە، چی هەڵدەبژێریت هەڵبژێرە، وەلێ حیساب بۆ ئەوسەری دەگیرێتەوە، بەرپرسی لەوەی هەڵتبژاردووە، بزانە چیت کردووە، تێهزرە چیت پەسن داوە، چونکی پاداشت یان سزا، لەپای کردەوەکانتە. لێرەوە مرۆ دڵنیایە و پشتی لێدەکاتەوە و دەزانێت لەسەر ئەو شتە نەبێت کە ئەنجامی داوە، لێپرسینەوەی لە تەکدا ناکرێت، ئا ئەمەیە هاوسەنگییە سەرسوڕهێنەرەکە و، رێی تێناچێت کەسی زۆرلێکراو و فشار بۆهێنراو لەسەر بیروباوەڕێک کە پەنای بۆ بردووە، لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، چونکی کە زۆر هات، قەواڵە بەتاڵە!

## حیکمەتی پێنجەم:

تاقیکردنەوەی خوداییە بۆ مرۆکان: ئازادی بیروباوەڕ و ئاین، بۆتەی تاقیکردنەوەیە بۆ مرۆکان و، ویستی خودایش ئەوەیە تاقییان بکاتەوە، تا دەربکەوێت کێن سەرکەوتووان و کێیشن شکستخواردووان؟ مەگەر مەبەستی خودا ئەوە نییە تاقیمان بکاتەوە: **(وَهُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ الْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ) (الانعام: ١٦٥)**؟ ژیان و مردنیشی هەر بۆ ئەوە نەخوڵقاندووە: **(الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ)(الملك: ٢)**؟

## حیکمەتی شەشەم:

پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگە و سەلامەتبوونی: له شەریعەتی ئیسلامیدا وەدیهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی بنەمایەکی گشتیی و مەبەستێکی گەورەیە، بۆیە حدودەکانی شەرعیی دانراون تاکو ببنە ترسێنەرێک لە دنیادا و مافهێنەرێک لە دواڕۆژدا: (الحدود زاجرة في الدنيا، جابرة في الآخرة).

سەرباری ئەوەی قورئان بۆ گوتوبێژ و راگۆڕینەوە هانمان دەدات، کەچی سنوورەکانی مەحکەم کردووە و، رێگرە لە زێدەڕۆیی و دەمەدەمێ و چەلەحانێ، نەبادا هەوای نەفس باڵۆنی خۆبەگەورەگرتن و خۆڕادانمان پڕ بکەن و، بە ئاسمانی کەشوفشدا خەیاڵمان بفڕێت! خودا رێگریی لێکردووین و فەرموویەتی: **(وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ)(العنكبوت: ٤٦)**، هەروەک فەرمانمان پێدەکات:**(قُلْ هَلْ عِنْدَكُمْ مِنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا)(الانعام: ١٤٨)، (قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ) (البقره: ١١١).**

جا هەر کۆمەڵگەیەک ئازادی لێکەم بوو، چەوساندنەوە باڵی بەسەردا کێشابوو، نیشانەکانی راڕایی و ئاماژەکانی تۆقین تێیدا سەرهەڵدەدەن، تاوانکاریی بڵاودەبێتەوە، کوشتوبڕ دێتە کایە، چونکی ئەوانە نیشانەی نەبوونی رادەربڕینی ئازاد و گوزارشتنەکردنن لە هەست و خوست و هزر دیدگەکان.

## حیکمەتی حەوتەم:

دەرخستنی ئاشتیخوازیی ئیسلام و لێبوردەییەتی: سەرجەم بەرنامەرێژییەکانی ئیسلام – تەنانەت لەگەڵ دوژمنیشدا– دەرخەری مرۆدۆستیی و لێبوردەیین: **(وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ)(التوبه: ٦).**

لە وەسیەتەکانی پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر) بۆ فەرماندە و سەربازەکانی، ئەوەبوو: توخنی پیر و پەککەوتە نەکەون، ئاگاتان لە منداڵ بێت، ئافرەت بپارێزن، ئاممان نەکەن دەست بۆ خواپەرست و جێنزگەکەی ببەن، جیهادیش بۆ پاراستن و سەلامەتیی ئەمانە بەرپادەکرێت: **(وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا)(الحج: ٤٠).**

چەندان بنەمای فیقهیی لەسەر ئەم مەبەستە داڕێژراون، وەکی:(لا ضرر ولا ضرار) و (دفع المفاسد مقدم على جلب المنافع) و (المشقة تجلب التيسير) و (يرتكب أخف الضررين).(الزيدان، ٢٠٠٠، لا ٣٨٣).

ئەوەی ئیسلام لە ماوەی هەژموونی حوکمڕانیی خۆیدا کردوویەتیی و بەرانبەرەکانی لە هەڵبژاردنی بیروباوەڕدا ئازاد کردووە، هیچ ئاین و مەزهەبێک نەیکردووە و، لە هیچ قارەیەکیشدا وێنەی نەبینراوە. (الغزالي، ٢٠٠٥، لا ٧٥).

## حیکمەتی هەشتەم:

نەرێکردنی لاساییکردنەوە لە بژاردەکانی بیروباوەڕدا: ئەگەر لاساییکردنەوە لە بابەتەکانی فیقهیدا بۆ خوێندەوار و تواناداڕەکان ڕێگەپێدراو نەبێت، ئەوە لە پرسەکانی بیروباوەڕدا نەک هەر نەنگیی و شورەییە، بگرە پووچ و بێ بنەمایشە.

خودا سەرزەنشتی ئەو کەسانە دەکات کە بە شانازیی و لمۆز بەرزییەوە دەڵێن: باب و باپیرانمان هەر لێرەوە تا مەکە و مەدینە بەردیان لەسەر ڕێی حاجیان لاداوە: **(قَالُوا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِمْ مُهْتَدُونَ)(الزخرف: ٢٢)!**

بێزراویی لاساییکردنەوە، ئەوەندەی بەسە کە پەککخەری ئەقڵە و، شوێنکەوتنی کوێرانەیە، بۆیە ئیمامی شافیعی کەسی لاساییکەرەوەی ناوناوە: شەوکوێر. (ابن القيم، ١٩٧٣، لا ٢٧٩).

## حیکمەتی نۆیەم:

بەهێزکردنی سوننەتی خوداییە: چەندان سوننەتی خودایی لە گەردوون و دروستکردنەکانیدا هەن، لەوانە: لابردنی نەتەوە و گەلان بە یەکتر، دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە، هاتنەکایەی دەوڵەتان و لەنێوچوونیان، ڕاجودایی و لەیەکترجودایی مرۆکان لە هەموو شتێکدا، جودابوونیان لە ڕەنگ، زوبان، خووخدە، نەریت، دابەکان، تێگەیشتن، وێناکردنەکان و ئاکاریاندا: **(وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ، إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ)(هود: ١١٨، ١١٩).**

## حیکمەتی دەیەم:

پووچەڵکردنەوەی بانگەشەی ویسایەی ئاینیی و بیردۆزەی مافی خودایی: لە چاخەکانی ناوەندا، پاپاکان خۆیان بە سێبەری خودا دەزانی، ماف و ئازادییەکانیان پێشێل کردبوو، ویستی خەڵکیان کۆت و بەند کردبوو: **(اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ)(التوبه: ٣١).**

پاشاکان خەڵکیان بە کۆیلەی خۆیان دەزانی، مافی خوداییان بە خۆیان دابوو، گوایە ئەوان لە ڕەچەڵەکی پاکی خوداییین، تا ئەو ڕادەیەی هەندێکیان خۆیان بە وەچەی خودا دەزانی! لە بەرانبەریشدا ئەو خزمەتکردن و بەندایەتی دەربڕینەی خەڵک بۆیان، تەنێ ئەرکێکی پیرۆزە و بۆ دڵسۆزی دەربڕین و ملکەچییە بۆ تەخت و تاجی پیرۆز!

ئیسلام هات و لە بنەوەڕا ئەو بیرۆکەیەی دەرکێشا و، بەندایەتی لە پەرستنی تەنێ یەک خوادا کە (الله)یە، قەتیس کرد، حوکمڕان و فەرمانڕەوایش لە خەڵکی دیکە زێتر نین، وەلێ چەند مافێکی پێدان و، چەندان ئەرکیشی خستە سەر شانیان.

خەڵکیش بینیان ئەو فەرق و سووەیان لەگەڵ کاربەدەستاندا نییە و، هەمووان تەواوکەی یەکدین و، بەرژەوەندی هەموویان پێکەوە گرێدراوە.

ئازای ئاینیی هەموو ئەو ئەفسانانەی تێکشاند و، لە ڕێی جیهادەوە کۆڵەکەکانی حوکمی بەناو خودایی و دەستەی ئەکلیرۆسیی یەک بە یەک ڕووخاند. (الحوالی، ١٩٩٨، لا ٢١٦).

## سەرچاوەکان


١- إعلام الموقعين عن رب العالمين، ابن القيم الجوزية، دار الجيل، بيروت، ط١، ٢٠٠٥.

٢- حقوق الإنسان بين تعاليم الإسلام وإعلان الأمم المتحدة، محمد الغزالي، دار نهضة مصر، القاهرة، ط٤، ٢٠٠٥.

٣- الحرية الدينية ومقاصدها في الإسلام، وصفي عاشور أبو زيد، دار السلام، القاهرة، ط١، ٢٠٠٩.

٤- الفروق، أحمد بن إدريس شهاب الدين الصنهاجي القرافي، دار السلام، القاهرة، ط٢، ٢٠٠٧.

٥- العلمانية نشأتها وتطورها، سفر الحوالي، مكتب الطيب، ط١، ٢٠٠٨.

٦- دراسات في الفلسفة الوجودية، عبدالرحمن بدوي، القاهرة، ط٢، ١٩٦٦.

٧- الوجيز في أصول الفقه، عبدالكريم زيدان، نشر إحسان، طهران، ط٥، ٢٠٠٠.

٨- الموسوعة العربية العالمية، رئيس التحرير: أحمد الشويخات، مادة: الدين.

# ئۆپۆزسیۆن بوون لە دەوڵەتی ئیسلامیدا





**ڕێدار ئەحمەد**

لەدایکبووی ١٩٧٤ هەڵەبجە. بەکالۆریوس لەیاسا. ماستەر لەیاسای ئیسلامیدا. دە کتێبی چاپکراوە. سەرپەرشتیاری چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمییە.

## سەرەتا بە پێویستی دەزانم بەکورتی ڕۆشنایی بخەینە سەر زاراوەی ئۆپۆزسیۆن:

ئۆپۆزسیۆن لەڕووی زاراوەییەوە: واتای بەرەنگاربوونەوە و، نەیاربوون و، ڕێگری لە شتێک دەگەیەنێت کە لەگەڵ شتێکی دیکەدا بەریەک بکەون(١)، بەرەنگاربوونەوەیەک ئەگەر ئینکاری لە گوفتار یاخود ڕەفتارەکەی کرد(٢) ، واتە یەکرا نەبوو لەگەڵی، بۆچوونەکەی وەک ئەو نەبوو(٣).

بەکورتی دەتوانین بڵێین: ئۆپۆزسیۆن بوون دەربڕینی بیروبۆچۆن دەگرێتەوە، یاخود ڕووبەڕوو وەستانی بەشێوەی ڕاگرتنی یاخود ڕێگری لێکردنی بەبۆچوونێکی دروستتر.

لە کتێبی (معجم لغة الفقهاء)دا وشەی (المعارضة) بەمشێوەیە پێناسەکراوە: «نقض الرأي ومحاولة المنع من المضي فيه من غير تجريح ولا تشهير، ومنها المعارضة السياسية»(٤). واتە: پێچەوانەبوونی بۆچوون و هەوڵدانە بۆ ڕێگری لەوەی کە دەیەوێت لەسەری بچێت بەبێ بریندارکردن و ناوزڕاندن، لەوانەش ئۆپۆزسیۆنی سیاسی.

لەڕووی زاراوەشەوە بەواتای: پێشکەشکردنی بەڵگەیە بەپێچەوانەی ئەو بەڵگەیەی لایەنی بەرانبەر خستویەتیە ڕوو(٥).

**پێناسەی سیاسەتیش بریتییە لە: ئەنجامدانی کارەکان بەو جۆرەی کە گونجاوە(٦).**

لەمەوە دەتوانین پێناسەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بەوجۆرە بکەین کە: دەربڕینی بۆچوونی سیاسی پێچەوانەیە بەکردار و گوفتاری ڕەوا بۆ دەوڵەت کە پشت بەستوو بە بەڵگە بێت و گفتوگۆ لەبارەیەوە لەتوانادا بێت.

## چەمکی ئۆپۆزسیۆن:

لێرەدا واگونجاوە کە بەکورتی باس لە چەمکی ئۆپۆزسیون لە فکری سیاسی خۆرئاوا و فکری سیاسی ئیسلامیشدا بکەین:

## یەکەم: چەمکی ئۆپۆزسیۆن لە فکری سیاسیی خۆرئاوادا:

هەڵوێستەکانی فەلسەفە و ڕەوتە سیاسییە خۆرئاواییەکان سەبارەت بە چەمکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی (کە یەکێکە لەبنچینەکانی دیموکراسیەت) جۆراو جۆرە، ئەمەش بەهۆی هەڵوێستیانەوەیە لەبارەی یەکێتی و فرەیی، فەلسەفە و ڕەوتی سیاسی وا هەیە جەخت لەسەر یەکێتی کۆمەڵگا دەکاتەوە، ئەو جەختکردنەوەیەی بەڕادەیەکە ئازادی تاک ڕەتدەکاتەوە (ڕێبازی یەکێتی ڕەها) وەک هیگڵیی و مارکسیی و نازیی و فاشی... ئەمەش ڕەتکردنەوەی ڕەهای چەمکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لێ فەرهەم دێت.

لەهەمان کاتدا فەلسەفەی دیکە هەیە جەخت لەسەر ئازادی تاک دەکاتەوە کە پێکهێنەری کۆمەڵگان، بەڵام زیادەڕەوی کردووە لە جەختکردنەوەکەیدا بەڕادەیەک یەکێتی کۆمەڵگا ڕەتدەکاتەوە (ڕێبازی فرەیی ڕەها) وەک لیبراڵیەت، ئەمەش بەواتای قبوڵکردنی ڕەهای چەمکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دێت.

## دووەم: چەمکی ئۆپۆزسیۆن لە فیکری سیاسی ئیسلامیدا:

لە فیکری سیاسی نوێ و هاوچەرخی ئیسلامیدا دوو هەڵوێست بەرچاو دەکەوێت:

١- ڕەتکردنەوەی ڕەها: ئەم هەڵوێستە پشتبەستووە بە هەندێک بۆچوون و تێڕوانین نادروست، گرنگترینیان:

یەکێتی ڕەها: وا وێنا دەکات کە ئیسلام بانگەشە بۆ یەکێتی ڕەها دەکات ئەمەش پێچەوانەی چەمکی ئۆپۆزسیۆن بوونە، ئەمەش بەوێناکردنێکی نادروست ئەژمار دەکرێت (بە گەڕانەوە بۆ چەمکی میانڕەویی – الوسطية) کە لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی یەکێتی و فرەیی دامەزراوە، جەخت لەسەر یەکێتی کۆمەڵگا دەکەنەوە لە ڕێگەی ملکەچبوونی کۆمەڵگا بۆ ڕێساکان (ئەو بنچینانەی

که سەرچاوەکەیان دەقی بنبڕی یەکلاکەرەوەن: (إن هذه أمتكم أمة واحدة وأنا ربكم فاعبدون) و (الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعا كل حزب بما لديهم فرحون)، جەختیش لەسەر فرەیی و ئازادی تاکەکانی پێکهێنەری دەکاتەوە لە ڕێگەی ڕێگەدان بەجیایی خەڵک لە ڕێسا –لاوەکیەکان (فروع) کە سەرچاوەکەیان دەقی گومانئامێز (ظني)و ماناهەڵێنجراوە.

٢- هەڵوێستی دووەم قبوڵکردنی چەمکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسییە، بەڵام پاش دیاریکردنی بە چەمکە هەمەکییەکانی فەلسەفەی ئیسلامی، ئەمەش وەک پێودانگی بابەتی ڕەها بۆ جێبەجێکران و ئەنجامدانی کاری سیاسی وەهایە(٧). پێش ئەوەی زیاتر بچینە قوڵایی بابەتەکە بەپێویستی دەزانین تیشێک بخەینە سەر چەمکی دەوڵەت بەواتا هاوچەرخەکەیی و تێڕاوانینی ئاین بەگشتی و ئاینی ئیسلام بەتایبەتی بۆ دەوڵەت.

## ئاین و دەوڵەت و دەوڵەتی ئاینیی و مەدەنی:

گومانی تێدا نیە ئاینە ئاسمانییەکان بۆ بەختەوەری مرۆڤەکان و ڕێکخستنی پەیوەندی و کاروبارەکانی ژیانیان هاتوون، لەم بوارەشدا بوونی قەوارەیەکی سەربەخۆ و ڕێکخراو پێویستییەکە بەدرێژای مێژوو مرۆڤەکان پێویستیان پێی هەبووە، دەوڵەت لە ئێستادا ئەو قەوارەیەیە و پێناسەی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم سەرباسە چەند پێناسەیەکی کورت دەخەینە ڕوو:

## یەکەم: دەوڵەت چییە؟

دەستەواژەیەکی تازادەیەک نوێیە، پێشتر بەو واتایەی ئێستا دەیگەیەنێت بەکارنەهێنراوە، لە ڕابردوودا بەمانای ئیمپراتۆریەت یان شانشین، یاخود خەلەفەت، بەکارهێنراوە.

پێناسەی دەوڵەت لای زانایانی یاسای دەستووریی و یاسای نێودەوڵەتی گشتی بە چەندین شێواز کراوە: (کۆمەڵە خەڵکێک، بەشێوەیەکی جێگر لەسەر خاکێکی دیاریکراو بژی و خاوەن سەروەری سیاسی و کەسێتی مەعنەوی و دەسەڵاتی حوکمڕانی خۆی بێت و دانپێدا نراو بێت)(٨) ، وەک ئەوەی ئەمڕۆ لە جیهاندا دەبینرێت و هەیە.

لای (ئایسمان- Esmein) بریتییە لە: «دیاریکردنی یاسایی هەر نەتەوەییەک»(٩).

(بونار- Bounnar) دەڵێت: یەکێتیەکی یاسایی هەمیشەییە، دەستەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە مافی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتە دیاریکراوەکانیان هەیە لە ڕووی نەتەوەیەکی سەقامگیر لە هەرێمێکی دیاریکراودا(١٠).

ئادەم سمیس ئەرکەکانی دەوڵەت لە پاراستنی هاوڵاتیانی و سەرپەرشتی جێبەجێکردنی یاسا و بەدیهێنانی دادپەروەریی و هەستان بەکارەکانی خزمەتگوزاریدا کورت دەکاتەوە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە لینین دەڵێت: دەوڵەت بەرهەمی دژیەکییە چینایەتیەکانە کە ناتوانرێت گونجان لە نێوانیاندا دروست نەکرێت و چارەسەر خۆی لە شۆڕشدا دەبینێتەوە تا دەوڵەتێکی پرۆلیتاری دروست بکرێت، پاش نەهێشتنی ململانێی چینایەتی و لە ڕەگەوە دەرهێنانی پاشماوەکانی بۆرجوازییەت بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگایەکی شیوعی خۆیشی ناهێڵێت. بەڵام ئەوەی زۆرینەی توێژەران لەسەری هاودەنگن ئەوەیە کە دەوڵەت کیانێکە پێویستە سێ پایەی تێدا بێتەدی:

زەوی: مەبەست بوونی چوارچێوەیەکی جوگرافی یا هەرێمییە کە سنوورێکی سەقامگیری دیاریکراو یاخود گۆڕاوی هەبێت.

گەل (کۆمەڵگا): بریتییە لە کۆمەڵێکی مرۆیی نیشتەجێ لەسەر ئەو زەوییە.

دەسەڵات: بریتییە لەو کۆمەڵە تاک و ڕێوشوێن و ڕێکارانەی کە بەهۆیانەوە سامانەکان و پەیوەندییەکانی گەل بەو جۆرەی دەسەڵاتی بەسەریاندا دەربخات بەڕێوە دەبات.

## دووەمیان: دەوڵەتی مەدەنی:

لەوکاتەوەی ئیبن خەلدون وتوویەتی: (مرۆڤ بە سروشتی خۆی مەدەنییە)(١١) مەدەنی وەک دەستەواژە چەند واتایەکی جیاواز دەگەیەنێت، توێژەران هەندێک جار وەک دژە واتای دەشتەکی بەکاریان هێناوە، هەندێک جاریش دژە واتای سەربازیتی یاخود بەدژە واتای حاڵەتی ئاینی، هەروەها هەندێک لە لێکۆڵەران وەک وەرگێرانی وشەی «civilization» بەکاریان هێناوە لەکاتێکدا دەستەواژەی شارستانییەت وەک وەرگێرانی وشەی «culture» بەکارهاتووە، بەڵام ئەوەی لەناو خەڵکدا باوە گوزارشتە لە حاڵەتی لێبوردەیی و توانای ئاوێتەبوونی باش لە نێوان تاکەکاندا.

وشەی مەدەنی وەک وشە هاووتای چەند وشەیەکی دیکەیە، پێکەوەش چەمکی جیاواز دروست دەکەن، وەک کۆمەڵگای مەدەنی، حاڵەتی مەدەنی و دەوڵەتی مەدەنی و. ..هتد.

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە دەستەواژەی «دەوڵەتی مەدەنی» لەسەر ئاستی دەستەبژێری فکریی و سیاسی کەوتە بەرباس وبۆ دۆزینەوەی کۆمەڵێک قییەم و چەمک کە گوزارشتیان لێبکات چەندین توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجامدرا، هەتا ئێستاش توێژینەوە لەبارەیەوە بەردەوامە.

بەڵام دەکرێت بەکورتی بڵێین کە دەوڵەتی مەدەنی بەتەواوەتی گوزارشت لە ئیرادەی کۆمەڵگا دەکات، پشتیوانی بنەماکانیەتی، دەبێتە بریکاری.

ئەم دەوڵەتە سێ خەسڵەتی بنەڕەتی هەیە:

١- دەوڵەتی هاووڵاتی: مەبەست لە هاووڵاتی لێرەدا تەنها پێگەی یاساییە و، هیچ پەیوەندییەکی نیە بە هەستی ویژدانی تاک و ئینتیمایەوە بۆ دەوڵەت، هەروەها پەیوەندی نیە بەکارابونیەوە لە کۆمەڵگادا، بەمەش دەوڵەتی هاووڵاتی هەوڵدەدات بۆ ئەندامێتی تەواو و یەکسان بۆ تاکەکان لە کۆمەڵگادا بەجۆرێک ئەرک و مافەکانی لێ بکەوێتەوە، بەجۆرێک هیچ تاکێک بەهۆی پیشەکەی یاخود ئاینەکەی یا سامانەکەی یان دەسەڵاتی یا هەرێمەکەیەوە نەناسرێتەوە، بەڵکو بەهۆی پێناسەیەکی یاسایی کۆمەڵایەتی وەک هاووڵاتی بناسرێتەوە، لەم دەوڵەتەدا ڕێگەنادرێت هیچ تاکێک بگاتە پایەیەکی بەرز، ڕێگەش بە دابەزینی پایەی هیچ تاکێک بۆ پلەیەکی نزم لە خوار پلەی هاووڵاتیەوە نادرێت.

٢- دەوڵەتی یاسا: ئەویش گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە پەیوەندی نێوان تاکەکانی گەل لە نێوان خۆیاندا و لە نێوان دەسەڵاتی دەوڵەتدا ڕێکدەخات، بەجۆرێک دەوڵەت ئەو دەسەڵاتە باڵاییە کە تاک و کۆمەڵەکان لەکاتی پێشێلکردنی مافەکانییان یاخود لەکاتی هەڕەشە بۆ سەر پێشێلی مافەکانیان پەنای بۆ دەبەن تا لە ڕێی دامەزراوەکانییەوە هەستێت بەجێبیجێ کردنی یاسا، بەوەش ڕێگە لەهەر لایەک دەگرێت کە خۆیان شێوەکانی سزا ئەنجامبدەن، سەروەری یاسا لە سەروو کیانەکانی دەوڵەتەوەیە لە تاکەکان و کۆمەڵەکان و دامەزراوەکان.

٣- دەوڵەتی دامەزراوەی دیموکراسی: زۆرێک لە وڵاتانی هاوچەرخ خۆیان بە دیموکراسی دەناسێنن، لە کۆریای باکوورەوە بیگرە تا دەگاتە سویسرا، پێویست دەکات مانای زمانەوانی (دیموکراسی- democracy) بناسێنین کە بنچینەکەی یۆنانیە (demosKratia) بریتییە لە دوو ووشەی یۆنانی «دیمۆس- Demos (واتە: هەموو خەڵک) و کراسی- Kratia/Kratos (واتە حوکم)»، بەمانای حوکمی گەل دێت، لەمەشەوە دەستەواژەی حوکمی گەل لەلایەن خۆیانەوە هاتووە، لەڕاستیدا دیموکراسیەت پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام لێرەدا بە سادەیی پێناسەی دەکەین بەوەی ئەو ڕێوشوێنە پشت پێ بەستراوانەیە کە گرەنتی گەیشتنی کارای ئیرادەی گەلە بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت و، چاودێری کارەکانی و لێپێچینەوە لەوانەی بە بەڕێوەبردنی کارەکان هەڵدەستن.

### ئـاین و دەوڵـەت:

دەستوور شێوازی  حکومەت و بەڕێوەبردن دیاری دەکات، پرسیارە هەستیارەکە ئەوەیە لە سایەی ئاینی ئیسلامدا چ جۆرە دەوڵەتێک پەسەندکراوە؟ ئایا ئیسلام دەوڵەتێکی ئاینی دەوێت بەو شێوازەی کۆن لە ئەوروپادا هەبووە بەواتا سیۆکراتیەکەی یاخود دەوڵەتێکی مەدەنی؟ لێرەدا پێویستمان بەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە: ئایا ئیسلام تەنها ئاینە؟ یاخود ئاین و دەوڵەتە؟

**دوو ئاڕاستەی جودا لەم ڕووەوە بەدی دەکرێت:**

ئاڕاستەی یەکەم پێیوایە ئیسلام تەنها ئاینە، هیچ پەیوەندی بە دەوڵەت و دەسەڵاتەوە نیە، هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان لە ڕابردوودا و لە ئێستاشدا چەندین نووسەر لە وڵاتانی ئیسلامیش هەمان بۆچوونیان هەیە، لای ئەوان ئیسلام تەنها پەرستش و هەندێک بنەمای تایبەت بە خێزانە، ناوی ئەو نوسەرانەی لەم ڕووەوە نووسیویانە زۆرەو لێرەدا پێویست بەناوهێنانیان ناکات، وەک وتراوە ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەوێت، ئاڕاستەی دووەمیش پێیوایە ئیسلام  ئاین و دەوڵەتداریشە(١٢).

### بـنـەمـاکـانـی حـوکمـڕانـی لـە ئـیـسـلامـدا:

حوکمڕانی لە ئیسلامدا هاوتا نیە لەگەڵ ئەوەی لە ڕۆژئاوا بە حوکمڕانی پیاوانی ئاینی ناسراوە و هەبووە، ئیسلام بنەمای گشتی هاوشێوەی ئەوەی لە ئەمڕۆدا لە دەستووری وڵاتاندا هەیە لەخۆگرتووە و درێژەی بابەتەکە و چۆنیەتیەکەی لێگەڕاوە تا بەپێی کات و سەردەمە جیاوازەکان و چۆنیەتی بەدیهێنانی مەبەستەکانی شەریعەت کە ببێتە حکومەتێکی گونجاو بەرژەوەندییەکانی خەڵکی بێنێتەدی پێکبهێنرێت.

**گرنگترین ئەو بنەما گشتیانەش بریتین لە:**

١- دادپەروەری: ئایەت و فەرموودەکان سەبارەت بە دادپەروەری لە ئیسلامدا زۆرە، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بدەین و پەیوەندیدارە بە بابەتەکەمانەوە ئەوەیە کە دادپەروەری ئیسلام یاخود حوکمڕانی ئیسلامی تەنها موسڵمانان ناگرێتەوە، بەڵکو بۆ هەمووانە باوەڕدار و بێ باوەڕ، وەک لەم فەرمایشتەی خوای گەورەدا دەفەرموێت: **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ (٨)) (المائدة:٨).**

ئیسلام لەکاتێکدا کە دادپەروەری پێویست کردووە- بە دەقی یەکلاکەرەوە لەهەمانکاتدا ئەم بوارەی بە فراوانی بەجێهێشتووە بۆ ئیجتیهادی مرۆڤەکان تا هۆکار و ڕێوشوێنی گونجاو بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری دابنێن، چونکە ڕێگاکانی بەدیهاتنی دادپەروەری بەپێی سەردەم و شوێن و ڕەوشی کۆمەڵگا و گەشەسەندنی گۆڕانی بەسەردا دێت(١٣).

د. فتحی درایني لەمبارەیەوە دەڵێت: (تەشریعی سیاسی ئیسلام ڕێگاکانی دادپەروەری دیاری نەکردووە، لەوەی کە دەقی لەسەر نەهاتووە... مەبەستمان «سستەمە« کە لە ڕێگەیەوە دادپەوەری بەدی دێت و ناوەڕۆکەکەی لە حوکمڕانیدا جێبەجێ دەکرێت»(١٤).

٢- ڕاوێژ: ئیسلام بۆچوونی هیچ مرۆڤێک بە پیرۆز دانانێت، هەر لەبەرئەوەشە پێویستی کردووە کاروباری موسڵمانان بەڕاوێژ بێت، ڕاوێژی بە بنچینەی حوکمڕانیی و ڕێگای بەدەستهێنانی باشترین بۆچوون و کارگێڕییەکی باشی کاروباری کۆمەڵگا و دەوڵەتێکی سەرکەوتوو داناوە، ئەمەش گرنگترین بنەمای سیاسییە کە ئیسلام هێنابێتی(١٥).

ئەوەی بە گرنگی دەزانین کە لێرەدا سەبارەت بەڕاوێژ یاخود شورا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە ئیسلام شێوەیەکی دیاریکراوی بۆ دانەناوە، لەمبارەیشەوە (د.أبو فارس محمد) لە کتێبی (النظام السیاسي في الاسلام)دا دەڵێت: «هیچ دەقێک لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) نەهاتووە کە چۆنیەتی شوراو پابەندبوون پێیەوە بۆمان

# ئاینە ئاسمانییەکان بۆ بەختەوەری مرۆڤەکان و ڕێکخستنی پەیوەندی و کاروبارەکانی ژیانیان هاتوون

ڕوون بکاتەوە، هەروەها دەقێک نەهاتووە ئوممەت پابەند بکات بە ژمارەییەکی دیاریکراوی ئەندامانی ئەنجومەنی شوراو، ڕێگای بە ئەندامبوونی ئەو ژمارەیە، لەڕاستیشدا ئەمە باشێتیەکە لە باشێتییەکانی ئەم ئاینە کە پابەندی شێوازێکی دیاریکراوی نەکردوون، کە لەوانەیە بۆ سەردەمێک بگونجایە و بۆ سەردەمێکی تر دەستی نەدایە و ئەوەش نارەحەتی بۆ ئومەت دروستبکردایە».

ئەم دیاری نەکردنە ڕێگای لە بەردەم کۆمەڵگادا والاکردووە گرۆی سیاسیی و جۆراوجۆریان هەبێت تابتوانرێت گونجاوترین بۆچوونیان بگۆڕێت بۆ پرۆژە و بەرنامەی بەسوود بۆ کۆمەڵگا.

٣- ئازادی: خوای گەورە ڕێزی لە مرۆڤەکان گرتووە و کردونی بەجێنشینی خۆی لەسەر زەوی، عەقڵ و زانست و ئازادی پێ بەخشیوون، کردونیەتییە بەرپرسیار لە هەموو ڕەفتارێکیان، لە ڕێگەی پەیام و پەراوە ئاسمانیەکانەوە دەربازی کردوون لە کۆیلایەتی بۆ مرۆڤ و کردونەتییە بەندەی خودای تاک و بێ هاوتا و، جگە لە خودا لە کەس نەترسن، بەمەش ئازادی پێویستییەکە لەپێویستییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا.

ئازادی بە هەموو شێوەکانییەوە دەستەبەرکراوە و پێویستی بەبوونی دەق لەسەری نیە، چونکە ئەسڵ ڕێگەپێدران (إباحة)یە(١٦)، د.وەهبە زوحەیلیش دەڵێت: «ئازادی بە هەموو جۆرەکانیەوە لە بنچینەکانی ڕێسای سستەمی فەرمانڕەواییە لە ئیسلامدا، ئیدی ئازادی تاک بێت یاخود کۆمەڵایەتی، یان سیاسی، یان ئاینیی، ئۆپۆزسیۆن بوونی سیاسیش دەرئەنجامێکی سروشتی ئەو مافانەیە و، لە پێداویستیەکانیەتی، ئەمەش مافێکی بڕیار لەسەردراوە لەئیسلامیدا»(١٧).

**نمونەی ئەو جۆرانەی ئازادیش کە لە ئیسلامدا دەستەبەرکراوە:**

أ. ئازادی بیروڕا و دەربڕین.

ب. ئازادی بەشداری کردن لە فەرمانڕەوایی و ژیانی سیاسیدا.

ت- ئازادی کۆبوونەوە و خۆپیشاندان.

٤. چاودێریکردنی چۆنیەتی حوکمڕانی: ئیسلام بنەمای بەرپرسیارێتی فەرمانڕەوای چەسپاندووە، لەبەرئەوە چاودێریکردنی فەرمانڕەوا و لێپرسینەوەیان لەهەر ڕەفتارێک مافێکە لە مافەکانی ئومەت، لە ئیسلامدا فەرمانڕەوا لە بەردەم خودا و پاشان لە بەردەم خەڵکیدا لە ڕەفتار و گوفتاری بەرپرسیارە.

**هۆکارەکانی چاودێریش**

**لە سستەمە هاوچەرخەکاندا بریتییە لە:**

أ. چاودێریکران لەلایەن ڕای گشتییەوە: مەبەست لێی بۆچوونی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگایە سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو.

ب- چاودێریکران لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە: یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران یاخود پەرلەمان بریتییە لە چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە هەموو دامەزراوەکانییەوە.

ت. حیزبە سیاسییەکان: حیزبە سیاسییەکان بەتایبەت ئۆپۆزسیۆنەکان ڕۆڵی کارایان هەیە

لە چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن واتە حکومەتدا.

ئیسلام وەک بنەمایەکی گشتی بڕیاری لەسەر ڕەوایەتی چاودێریکردنی فەرمانڕەوا داوەو درێژەی ئەم بابەتە و هۆکارەکانی بۆ کۆمەڵگا لێگەڕاوە، ئەمەش بەمەبەستی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکان و پێویستییەکانی هەر سەردەمێک بووە.

### ڕەوایەتی ئۆپۆزسیۆن بوون لە ئیسلامدا:

دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە جیاوازی هەیە لە نێوان ئۆپۆزسیۆنبوونی سیاسیی کە مەبەست لێی ڕێگرییە لە نادادپەروەریی و پێشکەشکردنی خزمەت بە کۆمەڵگا و ڕێگەنەدان بەلادان لە بنەماکانی حوکمڕانی ڕەشید لەگەڵ چەمکی هەڵگەڕانەوە و ڕاگەیاندنی جەنگ لە دژی فەرمانڕەوا و بەرپاکردنی ئاشوپێک کە سەرئەنجامەکەی مەترسیدارتر بێت لەو ستەمەی کە هەبووە. لە مەزهەبی سوننەدا بابەتی فەرمانڕەوا لە بابەتە فەرعیەکانی ئاینە، بەپێچەوانەی مەزهەبی شیعەوە کە بە بابەتی بنچینەیی (اصول) ی داناوە، لەبەرئەوە لە مەزهەبەکانی سوننەدا فەرمانڕوا نوێنەرایەتی خەڵک دەکات و بۆچوونەکانی پیرۆز نیە و دەکرێت ڕەخنەی لێ بگیرێت و کار بۆ ڕاستکردنەوەی بکرێت.

### بنەماکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیش لە ئیسلامدا بریتییە لە:

یەکەم: بنچینەی ئۆپۆزسیۆن سیاسی لە ئیسلامدا بریتییە لە پێشکەشکردنی ئامۆژگاری بۆ فەرمانڕەوا و ئومەت، ئامۆژگاری ئومەت بەوەی کە ڕازی نەبن بەو گەندەڵیی و زیانەی بەرانبەریان ئەنجام دەدرێت، ئامۆژگاری فەرمانڕەواش بە خستنەڕووی بۆچوونێک کە خزمەت بە گەل بکات و بەرژەوەندییەکانی لەچوارچێوەی مەبەستە شەرعییەکاندا بهێنێتەدی.

دووەم: لە بابەتە ئیجتیهادییەکاندا بێت.

سێیەم: بنچینەی سێیەم لە ئۆپۆزسیۆنی سیاسیدا بریتییە لە خستنەڕووی حەق سەبارەت بە هەڵویستێک، کە ئەویش فەرمانکردن بە چاکە یاخود ڕێگری لە خراپەیە، ئیسلام ستایشی ئەم کارەی کردووە و لەمبارەیەوە ئایەت و فەرموودە زۆرە.

چوارەم: پێویستە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی پشت بە بەڵگە ببەستێت لە نەیاربوونیدا، وەک ئەوەی ئافرەتێک وەڵامی عومەری کوڕی خەتابی دایەوە کاتی ویستی مارەیی دیاری بکات.

پێنجەم: ئەسڵ ئەوەیە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی داوای فەرمانڕەوا بێت بەر لە خەڵکی، چونکە وا پێویستە فەرمانڕەوا داوا لە خەڵک بکات چاودێری کاروباری بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی دەوڵەت بکەن، وەک ئەوەی ئەبوبەکری صدیق لە وتارە بەناوبانگەکەیدا ئاماژەی پێدا: خەڵکینە من کرامە فەرمانڕەواتان و لە ئێوە چاکتر نیم، ئەگەر چاکم کرد ئەوا پشتیوانم بن، ئەگەر خراپیشم کرد ڕێگریم لێ بکەن، ڕاستگۆیی ئەمانەتە، درۆش ناپاکییە، کەسی لاوازتان لای من بەهێزە تا مافی خۆی بۆ وەردەگرمەوە بەویستی خوا، بەهێزیشتان لای من لاوازە تا مافی لێ وەردەگرمەوە بەویستی خوا، هەر گەلێک دەستبەرداری جیهاد بووبێت گیرۆدەی بەڵا بوون، خراپەکاریش لە نێوان گەلێکدا بڵاونابێتەوە خوای گەورە گیرۆدەی بەڵایان نەکات، گوێڕایەڵم بن لەوەی کە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرم تێدا کردبێت، ئەگەر سەرپێچی خوا و پێغەمبەریشم کرد ئەوا گوێڕایەڵی منتان لەسەر نیە.

شەشەم: ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لایەنێکە لەلایەنەکانی بەرپرسیارێتی گشتی، وەک ئەوەی لە فەرموودەکەی پێغەمبەردا(د.خ) هاتووە: «هەمووتان بەرپرسیارن و بەرپرسن لەوەی لەژێر چاودێریانایە»(١٨).

حەوتەم: بنەڕەت ئەوەیە ئۆپۆزسیۆن بوون کاتییە و بەردەوام نیە.

هەشتەم: ئۆپۆزسیۆن بوون لەئیسلامدا تەنها

لەپێناوی ئۆپۆزسیۆن بوون نیە، واتە پەیامێک لە پشت ئۆپۆزسیۆن بوونەکەوە هەیە کە ڕاستکردنەوەی ڕەوتی بەڕێوەچوونی حوکمڕانییە نەک تەنها بابەتێکی ڕاگەیاندن بێت بۆ دەستکەوتی تایبەتی، پێشخستنی بەرژەوەندی گشتییە بەسەر بەرژەوەندی تایبەتیدا.

## دەرئەنجام

لە دەرەوەی ئەوەی لە کتێبەکاندا دەنوسرێت بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم ڕەوشی جیهانی ئیسلامی گۆڕدراوە، ئەم گۆڕانە هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە، بەڕاستی پێویستی بە خوێندنەوەی واقیعی هەیە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم جۆرە بابەتانە، سوپاس بۆ خوا شەریعەتی ئیسلام و ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) بۆ هەموو سەردەم و گۆڕانکاری ڕووداوەکان پەند و نمونە و بەسەرهاتی تێدایە کە دەکرێت ببنە ڕێگا چارەی دەربازبوون لە قۆناغەکە.

لێرەوە دەمەوێت بڵێم: لە ئێستادا بوونی دەوڵەتان واقیعە و هەمووان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، حوکمڕانی هەر وڵاتێکیش مرۆڤن، ڕاستکردنەوەی هەڵەی دەوڵەت و چاکسازی لەوە گەورەترە بە تاک ئەنجامبدرێت لەبەرئەوە پێویستمان بە حیزبی سیاسیی و فرەیی و ئۆپۆزسیۆنیش هەیە.

**وەک دەرئەنجامی ئەم بابەتەش ئەم چەند خاڵە دەخەینەڕوو:**

١- دەوڵەت لە ئیسلامدا دەوڵەتێکی مەدەنییە، مەرجەعیەتەکەی ئیسلامە، لە ئیسلامدا دەوڵەتێک بوونی نیە بەناوی دەوڵەتی ئاینی-سیۆکراتی، تێیدا فەرمانڕەوا بەناوی حەقی خواوە حوکم بکات، دەستەڵاتدار هەڵبژێردراوە و بەپابەندبوونی بەشەریعەتەوە ناگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی سیۆکراتی.

٢- دەوڵەت لە ئیسلامدا ئەرکێکی مەدەنییە و ئەرکی ئایینی پێویستی کردووە و پێویستی دەکات و فەرمانڕەوا تێیدا بێگوناهـ نیە و هیچ فەرمانڕەوایەک نەیتوانیووە بانگەشەی ئەوە بکات کە مەعسومە.

٣- پابەندبوون بە بڕیارەکانی فەرمانڕەواوە پەیوەستە بەڕادەی پابەندی بە بنەما شەرعیەکانەوە.

٤- دەوڵەت لە ئیسلامدا دەوڵەتی یاساییە و سەروەری بۆ یاسای شەریعەتە و لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەروەری دەستەڵاتی دادگا و گرەنتیکردنی ماف و ئازادییەکان دامەزراوە.

٥- ئۆپۆزسیۆنبوون لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئیسلامیدا تەنها مافێکی گرەنتی کراو نیە، بەڵکو پێویستیەکی شەرعیە و دەبێت هەبێت، ئەبوبەکری سدیق -ڕەزای خوای لێبێت دەڵێت: ئەی خەڵکینە من کراومەتە فەرمانڕەواتان، لە هەمووتان باشتر نیم، ئەگەر باش بووم هاوکارم بن، ئەگەر خراپەم کرد بەرەنگارم ببنەوە.

٦- بیروباوەڕ مەرجێکی هاووڵاتیبوون نیە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا و چۆنیەتی مامەڵەی پێغەمبەر لەگەڵ ناموسڵمانان و ئەوەی دەستووری مەدینە لەوبارەیەوە لەخۆی گرتبوو، هەروەها مانەوەی پەیڕەوانی ئاینەکانی تر لەو هەموو قۆناغانەی مێژووی حوکمی ئیسلامیدا بەڵگەیە کە وەک هاووڵاتی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و پێویستە وەک هاووڵاتی ماف و ئەرکیان بۆ دیاری بکرێت و خاوەن حیزبی سیاسی خۆشیان بن بۆ داواکردنی مافەکانیان.

٧- دەوڵەتی مەدەنی لە واقیعدا یەکسان نیە بەمانای عەلمانیەت، بەڵکو دوو شتی تەواو لێکجیاوازن.

٨- هاووڵاتیبوون واتە ئەو زەوییەی لەسەر دەژین هەست بکرێت نیشتیمانە، ئەو تاکەی لەسەری دەژی هەست بکات هاونیشتمانی ئەو نیشتیمانەیە و هاوبەشە لە دروستکردنی بڕیارەکاندا و ئازادی و مافەکانی دابینکراوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١ ـ ابن منظور،لسان العرب،ج٧،ص١٦٥،ط١،ابن فارس،مقايس اللغة، ص٢٢١.

٢ ـ مصطفى، المعجم الوسيط، ج٢، ص٩٤.

٣ ـ الجوهري،الصحاح في اللغة، ج١، ط٤، ص٤٦٠.

٤ ـ قلعجي، معجم لغة الفقهاء، ط٢، ص٤٣٧.

٥ ـ السيوطي،معجم مقاليد العلوم في الحدود والرسوم، ط١، ص٧٨.

٦ ـ مطبقاني، النظام السياسي في الاسلام، ص١٦.

٧ ـ مفهوم المعارضة فی الفكر السیاسی الاسلامی المقارن، د. صبري محمد خليل، https://drsabrikhalil.wordpress.com.

٨ ـ بحث مقارن موضوعه الدولة الاسلامية وسلطاتها التشريعية،د. حسن صبحي عبداللطيف،مؤسسة شباب الجامعة للطباعة والنشر،اسكندرية،ص٩.

٩ ـ عبد الفتاح عبد الرزاق محمود، الاعلان عن الدولة، ص٩.

١٠ ـ عمر أحمد قدور، شكل الدولة وأثره في تنظيم مرفق الأمن، ط١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٧، ص١٨.

١١ ـ المقدمة ،ص٦٠.

١٢ ـ لەڕاستیدا زۆر لەسەر ئەم بابەتە نوسراوە، بۆیە بەپێویستم نەزانی بچمە قوڵاییی بابەتەکەوە چونکە درێژتر دەبوو لەوەی بۆ گۆڤارێک دەست بدات.

١٣ ـ التعددية السياسية في الفكر الاسلامي، رسالة ماجستير، جامعة الجزائر- كلية العلوم الاسلامية- قسم الشريعة، اعداد الطالب: بوشيان عيسى، ٢٠١٣-٢٠١٤ ص١٣.

١٤ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص١٤.


١٥ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص١٦.

١٦ ـ سەرچاوەی پێشوو، هەروەها بڕوانە: د. مصطفى أبو زيد فەمي، النظرية العامة للدولة في الديمقراطية الغربية الماركسية والاسلام،ص٣٠٨.

١٧ ـ بڕوانە: د.وهبة الزحيلی: حق الحرية فی العالم، ط١، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٠م، ص١٣٢.

١٨ ـ مرتكذات المعارضة السياسية وأحكامها فی الفقه الاسلامی، علی جمعة الرواحنه، دراست، علوم الشريعه والقانون، المجلد ٤٢، العدد ٣، ٢٠١٥.

# ڕەهەندەکانی ڕاجیایی سیاسیی و گرفتەکانی لە فکری ئیسلامییدا






**سەرتیپ عزیز فارس**

لەدایکبووی سلێمانی، ١٩٨٣. ماستەر لە زانستی فەرمووودەناسی. مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

کاتێک باسی ڕاجیایی سیاسی دەکەین پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگرن کە فرەبۆچوونی سیاسی وەک بنەمایەکی کاری سیاسی چەمکێکی نوێیە و فراوانترە لە تەنها فرەبۆچوونیی و جیاوازی بیروڕاکان، چونکە ئەم چەمکە چەند حزبێتی و سستەمی سیاسی نوێش لە خۆدەگرێت. گرنگە ئێمە لە سۆنگەی سەیرکردنی ڕەهەندەکانی ئەم چەمکەوە بڕیاربدەین نەک قبوڵکردنی گشتی یان ڕەتکردنەوەی گشتی.

## سروشتی بوونی جیاوازی:

سروشتی ژیان هەمیشە فرەچەشنی بوونە، ئەم فرەییەش لەگەڵ مرۆڤەکاندا لە گەشەسەندندا بووە، کاتێک خوای گەورە باسی بازنەی مرۆڤەکان دەکات ئەو جیاوازییە وەک بەڵگەیەکی گەورەیی خۆی پشاندەدات و دەفەرموێت: ((ومن آياته خلق السماوات و الأرض و اختلاف ألسنتكم و ألوانكم)) الروم:٢٢، وە ئەو جیاوازییە دەکاتە بنەمای کارلێکی مەعریفی گەلان و دەفەرموێت: ((و جعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا إن أكرمكم عند الله أتقاكم)) الحجرات:١٣. حاشا هەڵنەگرە مرۆڤیش لە ڕووی بیرکردنەوەیان جیاواز و قورئانیش دەفەرموێت: ((و لو شاء ربک لجعل الناس أمة واحدة و لايزالون مختلفين)) الهود:١١٨.

## جیاوازی نێوان جیاوازبوون و پەرتبوون:

هەرکات باسی جیاوازی دێت باسی پەرتبونیش لە بەرامبەریدا دێت، دەربارەی جیاوازبوون وتراوە: (بریتییە لەوەی کە دوو کەس یان زیاتر لە مامەڵەکردن لەگەڵ یەک شتدا دوو مەنهەجی جیاواز دەگرنە بەر، جا ئەو شتە بیروڕا بێت یان کردار یان هەڵوێست، ئەمەش لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بۆچوون کە یەکێکیان بەڕاستی دەزانێت و ئەویتر بەهەڵە)١ وشەی (الخلاف) و (الاختلاف)ش هەندێک بەهاو واتا و هەندێکی تر بە دوو واتای جیاواز بەکاریان هێناون بەوەی لە دووەمیاندا ئامانج یەکە بەڵام ڕێگای پێگەشتنی جیاوازە، بەڵام لە خیلافدا هەردوو هەر جیاوازن. هەندێکیش دەڵێن کە ئیختلاف بۆ وتەیەک بەکاردێت کە لەسەر بنەمای بەڵگە بنیاتنرابێت، بەڵام خیلاف بەڵگەی نیە٢.

پەرتبوون لە نەریتی زانایاندا بە واتایەکی بەرتەسکتر بەکارهاتووە و مانایەکی نەرێنی هەبووە، هەربۆیە بەکارهێنانی کورتیهێناوە لە بازنەی بنەماکان و بیروباوەڕدا، بەڵام ئیختلاف گشتگیرتر بووە، شاتبی دەفەرموێت: (دەبینین کە هاوەڵانی پێغەمبەر -درودی خوای لەسەر- لە دوای ئەو جیاوازییان هەبووە، بەڵام پەرت نەبوون و، نەبوون بە چەند پارچەوە، چونکە لە ئاینەکە دوورنەکەوتنەوە، بەڵکو ئیجتهادیان لەو شتانەدا کردووە کە دەقیان لەسەر نەبووە، لە کتاب و سوننەوە ڕاوبۆچونیەکانیان هەڵهێنجاوە، لەمەشەوە جیاوازی بۆچونیان سەریهەڵداوە)٣.

لەم وتەیەی شاتبییەوە دەردەکەوێت کە دەرگای جیاوازبوون لەسەر ئەو شتانەی دەقێکی قەتعیان لەسەر نیە شتێکی ئاساییە و لە سەرەتای ئیسلامەوە هەبووە، جیاوازبوون و پەرتبوونیش جیاوازن، هەموو پەرتبونێک جیاوازبوونە، بەڵام هەموو جیاوازبوونێک مانای پەرتبوون ناگەیەنێت.

## جۆرەکانی جیاوازی:

جیاوازی فرەڕەنگی(تنوع): هەموو ئەو جیاوازییانە دەگرێتەوە کە دژیەکی دروست ناکەن و بەشێکن لە سروشتی ژیان.

جیاوازی زەمکراو: ئەو جیاوازیانەن کە کۆناکرێتەوە و دژبەیەک دەوەستن.

وەک ئیبن قەیم دەفەرموێت: (جیاوازی لۆمەکراو دەستدرێژی هەندێکیانە -کەسە جیاوازەکان بۆ سەر هەندێکی تریان، بەڵام ئەگەر جیاوازی بەجۆرێک نەبێت کە سەر بدات بۆ لێکدورکەوتنەوە و گرووپگەرایی، و هەریەک لەلایەنە جیاوازەکان

مەبەستیان خوا و پێغەمبەرەکەی بێت ئەوە جیاوازییەکە زیانی نیە و پێویستە بۆ ژیان)٤.

بەڵام ڕەنگە جیاوازی سەربدات بۆ لێکترازان بەپێی دەمارگیری کەسە جیاوازەکان، بۆیە کاتێک دوو کەس یان یەکێکیان دەست دەگرن بەجیاوازی خۆیانەوە و جەدەلی لەسەر دەکەن و حەزی سەرکەوتنی خۆیان و خستنی بەرامبەری لەلا ئەچەسپێت و پردی لێکتێگەشتن لە نێوانیاندا دەپچڕێت ئەوکات دەبێتە لێکترازان ٥. بۆیە دەکرێت بڵێین: ڕاجیایی سیاسییش بەپێی پاشخانی ڕۆشنبیری ململانێکارەکان دەکرێت لە جیاوازییەکی ئاساییەوە سەربدات بۆ لێکترازن، بەڵام پێوەرێکمان نیە بۆ پێوانی ئەم ڕێژەیە و مەرجیش نیە هەموو کات ئەوە ڕوبدات.

### فره حیزبی:

فره حیزبی، یەکێکە لەو دەرهاویشتانەی کە لەدایکبووی ڕاجیاوازی سیاسییە، بەڵام لە فکری سیاسی ئیسلامیدا هەتا هەنووکەش بە چەند ئاڕاستەیەکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئەوانیش:

### یەکەم: ئاڕاستەی ڕەتکەرەوە:

ڕەتکردنەوەی فرەحیزبیی و سەیرکردنی وەک هەڕەشەیەک لەسەر گیانی ئومەت و پارچەکردنی لێی دەڕوانن، لە گرنگترین ئەو بەڵگانەش کە ئەم ئاڕاستەیە بەکاری دێنێت: ((إن الذين فرقوا دينهم و كانوا شيعا لست منهم في شيء)) ((ولاتكونوا من المشركين * من الذين فرقوا دينهم و كانوا شيعا كل حزب بمالديهم فرحون)) الروم: ٣١-٣٢، ((ولاتنازعوا فتفشلوا و تذهب ريحكم))الأنفال:٤٦ . لەگەڵ چەند فەرموودەیەک لە باسی دەستگرتن بە جەماعە و زەمکردنی پەرتبوون و دەمارگیری.

**ئەم ئاڕاستەیە لەو باوەڕەدان کە فرەحیزبی چەند لایەنێکی خراپی هەیە لەوانەش:**

١- دۆستایەتیی و دژایەتی لەسەر ئیسلامەوە دەگوازێتەوە بۆ سەر حیزب و گرووپێک، و خودی ئیسلام بچووک دەکاتەوە لە گرووپێکدا.

٢- دەرگا بەڕووی ئەوانەدا دەکاتەوە کە دەیانەوێت لەژێر ناوی ئیسلامدا لە خودی ئیسلام بدەن.

٣- فرەحیزبی هۆکاری پەرتبوونی ئومەتە و ئەم پەرتبوونەش هۆکاری ململانێیە، کە کۆتاییەکەی بە شکست و لاوازی دەگەڕێتەوە. وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ((ولاتنازعوا فتفشلوا و تذهب ريحكم))، مێژووی موسڵمانانیش لەمبارەوە باشترین نموونەیە.

٤- سەدەکانی پێشینی ئیسلام ئەم دیاردەیەی نەبووە، بەڵکو ئەمە درێژکردنەوەی بە ڕۆژئاوایی کردنی کۆمەڵگایە٥.

ئەم ئاڕاستەیە ئەگەرچی ئەمڕۆ سەلەفیەکان لە بەرچاوترینیانن، بەڵام تەنها لەواندا چڕنابێتەوە پێشتر پێشڕەوانی هەندێک لە گرووپە ئیسلامییەکانیش هاوڕابوون، حەسەن بەنای ڕابەری ئیخوان یەکێکە لە ڕەتکرەوەکان و بە خراپەی گەورەی وڵاتی دەزانێت، باوەڕی وایە فرەحیزبی لە مەرجی سستەمی پەرلەمانی نییە، و جیاوازی هەیە لە نێوان ئازادی بیروڕا و شورا و دەمارگیری بۆ بیربۆچون و دەرچوون لە جەماعە، کە ئەمە لە پێویستی و لەدایکبووی حزبیەتە و ئیسلام ڕەتیدەکاتەوە و حەرامی دەکات.

### دووەم: ئاڕاستەی باوەڕبوون بە حەڵاڵی چەند حیزبی لە بازنەی بنەما شەرعییەکاندا:

ئەوانەی نوێنەرایەتی ئەم ئاڕاستەیە دەکەن بریتین لە هەندێک لە بیریار و نوسەرانی سەردەم، ئەوەی دەبینرێت واقیعی حاڵی جیهانی موسڵمانان و ناڵینی لەژێر ستەمکاری سیاسیدا یەکێکە لە پاڵنەرە بەهێزەکانی، بۆیە هەوڵیانداوە دەرچەیەک بدۆزنەوە کە هەم لەم ستەمکارییە بدات و هەم سنورێک بۆ ئازادی ڕەها و دەسەڵاتی مرۆڤ

**سیاسەت لە شەرعدا هێندە سنوردارنەکراوە کە دەرفەتی ڕێگای نوێی تێدا نەهێڵدرابێتەوە.**

بەسەر ئەحکامەکانی شەرعدا دابنێت، لەم نێوەندەدا لە بازنەی شەرعدا بەدوای بەڵگەی دروستیدا گەڕاون، لەوانەش:

١- ئەگەرچی پێشینەمان لەمبارەوە نیە، بەڵام مەبەستی سیاسەتی شەرعی دەرفەتی ئەوە لەخۆدەگرێت، چونکە ئامانجی ئەم سیاسەتە هێنانەدی سود و لادانی زیانە لە خەڵک، بەڵام گرنگە لەگەڵ بنەما شەرعییەکان لێکنەگیرێت، ئەمڕۆش پێویستی قبوڵکردنی ئەم واقیعە لە ئارادایە.

٢-ئەسڵ لە مامەڵەدا(معاملات) دروستی و ئیباحەتە هەتا بەڵگەیەک دێت بۆ حەرامکردنی، جا ئەگەر ڕێگەدان بە چەند حیزبی سودی هەبێت بۆ چەسپاندنی زیاتری بنەماکان و دورخستنەوەی ستەمی ستەمکاران لەسەر ئومەت و لەگەڵ حوکمێکی شەرعیدا لێکنەگیرێت ئەوە ئەسڵ تێیدا دروستییە مادەم بەڵگەی ڕێگری نیە.

٣-هەرشتێک واجب بەبێ ئەوە تەواونەکردێت واجبە.

هەندێک بنەمای شەرعی هەن کە پێویست دەکات بە جوانترین شێواز جێبەجێبکرێ بکرێن، لەوانەش شورایە، کاتێک فرەیی سیاسی بوونی هەبێت یارمەتیدەرە بۆ جێبەجێکردنی بە باشترین شێواز، بەڵام لە وەڵامی ئەمەدا وتراوە: چەسپاوە کە فرەیی سیاسی ڕێگای سەرەکی شورا نیە لە مێژووی موسڵمانانداا، لەوەڵامدا دەوترێت: بەڵێ ڕاستە، بەڵام فرەیش یەکێکە لەو ڕێگایانە و هیچ ڕێگرییەکی شەرعی لەوبارەوە نیە، هەر خودی سیاسەت لە شەرعدا هێندە سنوردارنەکراوە کە دەرفەتی ڕێگای نوێی تێدا نەهێڵدرابێتەوە.

٤-یاسای (سد الذرائع):

بە واتای سەیرکردنی سەرکێشانی کارەکە، ئەمەش لای فوقهاکان جێی ئیعتبار بووە، بەوەی ڕەنگە شتێک لە خودی خۆیدا دروست بێت، بەڵام ڕێگری لێکراوە بە سەیرکردنی ئەو دەرئەنجامەی سەری بۆ کێشاوە، بەپێچەوانەشەوە.

لێرەدا ئەم بنەمایە لە تێڕوانین لە فرەیی سیاسیی و حزبیدا بەکارهاتووە بەوەی ئەو سودەی هەیەتی زیاترە لە هەندێک زیان.

گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کە لێرەدا مەرجی دروستی ئەم چەندێتیە ئەوەیە دژایەتی بیروباوەڕی ئیسلامی نەکات٩.

### سێیەم: ئاراستەی پێویست بوونی حزبی سیاسی:

ئەم ئاراستەیە هەنگاوێکی زیاترە لەوەی دووەم، چونکە لێرەدا قبوڵکردنی فرەیی سیاسی لە تەنها قبوڵکردنەوە گۆڕا بۆ بەپێویستی زانین، ڕای ئەم ئاراستەیە وایە کە بنەمای ئەم بۆچوونە لە قورئاندا هاتووە ئەویش کاتێک کە خوای گەورە داوا دەکات کۆمەڵێک لە موسڵمانان هەستن بە بانگەشە بۆ کاری چاکە و بەرگریکردن لە خراپە((و لتكن منكم أمة يدعون الى الخير يأمرون بالمعروف و ينهون عن المنكر و أولئك هم المفلحون))آل عمران:١٠٤.

فهەمی الشناى بۆچونی وایە کە: ئەم ئایەتە فەرمانە بە دروستکردنی حیزب بەمانا مۆدێرنەکەی، چونکە وشەی ئوممە بەواتای کۆمەڵێکی ڕێکخراو دێت لە ڕووی بیر و ئامانجەوە، فەرمان بە چاکە

و ڕێگری لە خراپەش چەمکێکی گشتییە و ژیانی ساسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە١٠.

لێرەدا فرەیی سیاسی دەبێتە یەکێک لە پێداویستییەکانی واقیع و پێویستییە لەژێر سایەی هەر مەشروعێکی ئیسلامیدا هەبێت١١.

## فرەچەشنی پاشخانی فکری ڕاوبۆچوونی سیاسی:

کاتێک باسی چەندڕایی سیاسی دەکەین هەر لە خودی ئەم فرەییە بۆ بازنەی فکری سیاسی ئیسلامی توشی کێشەی ڕەتکردنەوەبووین، لێرەدا بۆ ئەوانەشی قبوڵیانە ئایا تا چ سنورێک ئەم فرەییە قبوڵ دەکەن؟ فەهمی هوەیدی باوەڕی وایە کە گوتاری فرەیی سیاسی کێشەکەی لەوەدا نیە کە بڕیاری لەسەر بدرێت بۆ هەڵگرانی باکگراوند ئیسلامی، بۆیە دەڵێت: بەڵکو پرسیارەکە لەوەدایە کە ئەویتری جیاواز تا چەند لەنێو بازنەی ئەم فرەیی سیاسییەی ئیسلامدا جێی دەبێتەوە؟ چونکە بەشێکی ئیسلامییەکان کە باس لەم فرەییە دەکەن مەبەستیان پێی جگە لە خۆیان کەسی تر نیە، بەڵکو نکۆڵی لە بونیشیان دەکەن. هوەیدی دەڵێت: ئەم ئاڕاستەیەش لە سێ بواری شەرعیی و پەیامداریی و سیاسیش هەڵەیە، لە شەرعدا: چونکە لە قورئان دانی ناوە بە بنەمای جیاوازیبوونی خەڵک، لە ڕووی پەیامدارییەوە: چونکە مەشروعی ئیسلامی ئەوی جیاوازی لەخۆگرتووە وەک ئەهلی زیممە، ئەگەر ئەویش نەبێت ئیتر بانگەوازی کێ بکرێت؟ لە ڕووی سیاسییەوە: ئەم لایەنانە بونیان واقعێکی بەرجەستەیە، کەسێک بیەوێ سیاسەت بکات چۆن دەگونجێت بیر لە پشتگوێخستنیان بکاتەوە؟!

هەر لەم سۆنگەیەشەوە هوەیدی داوای لەخۆگرتنی ئاڕاستەی مارکسیی و عەلمانی بێ کێشە لەگەڵ دین دەکات، بەڵام بەومەرجەی ئاشتەوایی لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامدا بکرێتە پێوەری قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەیان١٢.

یوسف قەرزاویش لەوەڵامی ئەوەی لە قۆناغێکدا فرەیی قبوڵ بکرێت و لە دواتردا ڕەتبکرێتەوە، بۆچونی وایە کە ناکرێت ئەم دوو پێوەرییە بگیرێتەبەر، بەڵکو هەرکات هەمووان پابەندبوون بە قەتعیاتی شەریعەت و بیروباوەڕی ئیسلامەوە ئەوا فرەحیزبیی و جیاوازی سیاسی ئاساییە، جا پاشخانی ئایدۆلۆژی حزبەکان هەرچییەک بن عەلمانی یان نەتەوەیی یان مارکسی، با هەموو بۆ سودی گشتی هەولبدەن١٣.

واتە لێرەدا دانپێدانانی دەستوور بە سەرەکی بوونی ئیسلام وەک سەرچاوەی تەشریعی وڵات و پابەندبوون پێوەی پێوەرەی کۆکردنەوەی جیاوازییە ئایدۆلۆژییەکانە.

## جیاوازی گرووپە فکرییەکان لەگەڵ حیزبی سیاسی:

هەندێکجار تێکەڵییەک لە نێوان چەمکی حیزب بە مانا سیاسییەکەی لەگەڵ ئەو گرووپە عەقیدەیی و فکریانەی لە مێژووی موسڵماناندا سەریانهەڵداوە و بە چەمکی (الفرق) ناوزەندکراون لە بەرامبەر چەمکی مەزهەب بۆ گرووپە فقهییەکان ڕوودەدات، یاخود بە حیزب دەوترێت مەزهەبی سیاسی١٤، بەڵکو هەندێک لە توێژەرانیش هەندێ لەو فیرەقانە بە گرووپی سیاسیی و ناسیاسی پۆلێن دەکەن و خەواریج و شیعە لە بازنەی سیاسییەکاندا پۆلێن دەکەن١٥.

باوەڕم وایە ئەم دابەشکارییە وردنەبێت و هەم ناونانی ئەو گرووپانەش بە حیزب بە مانا مۆدێرنەکەی ڕاست نەبێت، ئەگەرچی لە ڕووی زمانەوە ئاساییە، بەڵام وەک چەمک هەم فیرەق و هەم حیزب پێناسی دیاریکراویان هەیە، خەواریج بنەمای دەرچوونیان بەکافردانانی عەلی بوو کاتێک بە تێگەشتنی ئەوانی بۆ هەندێ دەقەکان نەکرد، نەک خودی ئامانجی دەسەڵات گرتنە دەست ئامانجی دەرچوونیان بووبێت، تێگەیشتنی شیعەش بۆ

ئیمامەت وایە کە ئەم کارە لە دینە و خودا خۆی جێگر بۆ پێغەمبەرەکەی دیاری دەکات نەک کۆمەڵی موسڵمانان خۆیان ئەوە بکەن، ئامانجی بیربۆچونی هەردووکیان سیاسی ڕەها نیە، بەڵکو بە پلەی یەک وابەستەی دینە نەک دنیایی و سیاسی. هەربۆیەش بوونی ئەم گرووپانە نابنە بەڵگەی فرەحیزبی، بەڵکو لەدایکبووی فکریی قۆناغێکە کە بەسلبییەوە سەیرکراوە.

## لە ڕەتکردنەوە بۆ قبوڵکردن:

پێشتر ئاماژەمان بەڕای حەسەن بەنا کرد بە ڕەتکردنەوەی فرەحیزبی، بەڵام دواتر هەندێک لە پێشەوایانی ئیخوان ئەمەیان قبوڵکرد، بەڵکو خودی ئیخوان لە میسر دوای لەسەرکار لابردنی موبارەک حیزبی سیاسی دروستکرد، کۆمەڵی ئیسلامیش لە پاکستان لە سەرەتاوە دژ بوو بە دیاردەی فرەحیزبی، بەڵام لە نەوەدەکاندا گۆڕانکاری بەسەر دیدیاندا هات و وەک سالآنی حەفتا و هەشتاکان نەمایەوە، بەگەڕانەوە بۆ گۆڕانی ئەم دیدە لەوە تێدەگەین کە ئەم دیدە چەندە هەڵقوڵاوی خوێندنەوە بۆ هەندێک لە دەقەکان و فیقهی سوڵتانی بوو، هێندەش هەڵقوڵاوی واقیعی ئەوکاتی موسڵمانان بوو، بەتایبەت ئەو بۆشاییەی موسڵمانان تێیکەوتن لە دوای کەوتنی خیلافەت، کە موسڵمانانی لە چوارچێوەیەکی سیاسیی و فەرمانڕەواییدا کۆکردبۆوە، واتە لە ڕووی واقیع و سەردەم پێویستییەک بۆ فرەیی سیاسی نەبووە هێندە پێویستی بە چەسپاندنی بنەماکانی سوڵتانیەت هەبوو، هەر دەرچونێک بە خوێن و سەرکوتکردن کۆتایی هاتووە. بۆیە دەبینین بازنەی جیاوازی زیاتر لە جیاوازییە فکریی و فقهییەکاندا چڕبۆتەوە، هێندە خاوەنی پاشخانێکی فکری گەورەین لە باسە کۆمەڵایەتیی و پەرستشییەکاندا لە بەرامبەردا پاشخانی فیقهی سوڵتانیمان هێندە دەوڵەمەند نیە، ئەوەشی لەو بوارەدا نووسراوە زیاتر جەختکردنەوەیە لەسەر بنیاتنانی مەنزومەی خیلافەت وەک بونیادی دەوڵەت. بەڵام دوای ئەو قۆناغە موسڵمانان لە بۆشایی ساسیدا بوون لەچوارچێوەی دەوڵەتی مۆدێرندا کە ناو و پێکهاتەکانی جیاوازبوون لە خیلافەتی پێشوو.

## ڕێکخستنی بنەماکانی دەسەڵات وەك سەرەتایەك بۆ فرەیی سیاسی:

لێرەدا پێویستە هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەین ئایا دەکرێت بنەما سوڵتانییەکان لەچوارچێوەیەکدا ڕێکبخەین کە تێیدا دەوڵەت جیابکرێتەوە لە بنەما سیاسییەکان و فرەیی سیاسیش وەک یەکێک لەو بنەمایانە قبوڵ بکەین؟ ئەمە یەکێکە لە کێشەکانی ئەم باسە، کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ مەنزومەی سوڵتانیەت دەبینین چەند مەرجێک بۆ خەلیفە دادەندرێت کە ئەو مانایە دەبەخشن کە خەلیفە پراکتیزەی ئامانجەکانی خیلافەت دەکات، بەڵام بەپێچەوانەی ئامانجەکە زۆر کات ئەمە سەریکێشاوە بەوەی بازنەیەکی پیرۆز بەدەوری خودی خەلیفەدا کێشراوە کە خودی دەقەکان ئەو پیرۆزییەی پێنادات، بەڵکو ئەو ئەرکەی خراوەتەسەری ئاڕاستەی دەکات بەوەی خزمەتکاری خەڵکەکەی بێت، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە فەرمانڕەوابوون تەکلیفە نەک تەشریف، بەڵام زۆرینەی کات تەشریفی زاڵکراوە بەسەر تەکلیفەکەدا و ونبووە تێیدا، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم لادان لە ئامانجە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و جیاکردنەوەی دەسەڵاتی تەشریعیی و جێبەجێکار و بنەماکانی مەنزومەی سیاسی لە پیرۆزکردنی فەرمانڕەوا ڕزگارمان دەکات و دەیگێڕێتەوە بۆ ئەو ئەرکەی شەرع خستویەتییە ئەستۆی.

## جیاوازی سستەمی سیاسی و دەوڵەت:

سستەمی سیاسی مانایەکی فراوانترە لە دەوڵەت، دەوڵەت یەکێکە لە دامەزراوەکانی ئەم سستەمە، هەریەکە لەم دووانە دەوری گرنگ لەوەی تریاندا دەبینێت، بەڵام دەوڵەت تاکە دامەزراوە نیە

لە سستەمی سیاسیدا، بەڵام جیاوازی دەوڵەت لەوەدایە کە دەوڵەت دەسەڵاتی ملکەچپێکردنی هەیە، بەڵام ئەوانیتر نیانە.

پەیوەندییەکانی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی لەرێی ئەم دامودەزگایانەوە نەبێت پراکتیزە نابن، بەڵکو هیچ ئامانجێکی سیاسی لەرێیانەوە نەبێت دادارێژرێت. ئەم دامەزراوانەش تەنها هەیئە تەشریعی و جێبەجێکارەکان ناگرێتەوە، بەڵکو رێکخراوی سیاسی تریش لەخۆدەگرێت لە پێشینەشیان حیزبە سیاسییەکانە، لەمەشەوە دەردەکەوێت پەیوەندی دەوڵەت بە سستەمی سیاسییەوە پەیوەندی لقە بە بنەمای گشتییەوە(جزء بالکل).

چەمکی دەوڵەتیش واتایەکی فراوان و واتایەکی بەرتەسکی هەیە، یەکەمیان دەربڕینێکی فەرمییە دەربارەی کۆمەڵگایەک لێرەدا هاوواتای سستەمی سیاسییە، کاتێک دەڵێین: دەوڵەتی فەرەنسی یان عێراقی مەبەست پێی سستەمی سیاسی ئەو وڵاتەیە، بەڵام لە واتا بەرتەسکەکەیدا بریتییە لە یەکێک لە دامودەزگاکانی سستەمی سیاسی کە دەسەڵاتی ملکەچپێکردنی هەیە.

سستەمی سیاسی وەک باسکرا فراوانترە لە واتا بەرتەسکەکەی دەوڵەت بەهەمان شێواز فراوانتریشە لە رێکخراوە سیاسییەکانی کۆمەڵگە، ئەو رێکخراوانەی کە هۆکارێکی گرنگی رەنگرێژی سستەمی سیاسیی و قانوونی کۆمەڵگە و بەرێوەبردنین، بەڵام ناکرێت سستەمی سیاسی لەو رێکخراوانەدا بچووک بکرێتەوە، چونکە هەر لەواقعدا دەردەکەوێ کە ژیانی سیاسی و پەیوەندییەکانی فراوانترە لە چالاکی رێکخراوەکان١٦.

مەبەست لێرەدا دەوڵەت و بنەماکانی کە لە فیقهی سوڵتانیدا باسکراوە لە هۆکارەکانی رێکخستنی کۆمەڵگە و ئا[استەکردنی جیابکەینەوە، بەتایبەتیش ئەمرۆ کە ژیان و پێکهێنەرەکانی ئاڵۆزترن لەهەرکاتێکی تر، ئەمەش کێشەیەک دروست ناکات کاتێک هەمووان پابەندن بە بنەما سوڵتانییەکانەوە. بۆ روونکردنەوەی ئەمەش پێویستە هەڵوێستەیەک بکەین لەسەر دوو جۆرە گشتییەکەی حوکمڕانی ئەوانیش:

١-مۆنۆکراتی: ئەو دەسەڵاتە حوکمڕانییەیە کە لەلایەن یەک کەسەوە پەیڕەو دەکرێت، واتا لێرەدا بواری فرەیی و ڕای جیاواز نییە.

٢-دیموکراتی: ئەو دەسەڵاتەیە کە لەلایەن گەل یان نوێنەرانی گەلەوە پەیڕەو دەکرێت، لێرەدا فرەیی بوونی هەیە.

لە مۆنۆکراتیدا بیروڕای تاکە کەسێک زاڵ دەکرێت بەسەر خەڵک و دەوڵەتدا و قسەی ئەو دەبێتە قسەی گەل، مۆنۆکراتی کۆن خۆی لە حوکمی پادشایەتی ڕەها و سەرکوتکاریدا دەنوێنێت.

جیاوازی پادشایەتی ڕەها و سەرکوتکاریش ئەوەیە: یەکەمیان پادشا ئەگەرچی لە سەرووی یاساوەیە، بەڵام پابەند دەبێت بە هەندێک یاسای تایبەت بە وەرگرتنی تەختی دەسەڵات و مەرجەکانی، بێ ئەوەی کەس پەیوەستی بکات پێوەی لە حاڵەتی پێچەوانە کردنیشیدا دەبێت تەنها خودا سزای بدات، چونکە لێرەدا پشت بە یاسای ئاینی دەبەسترا.

بەڵام لە سەرکوتکاریدا بنەمایەک بۆ وەرگرتنی تەختی دەسەڵات نیە، بەڵکو زۆرینەی کات بە کودەتا دەچێتە دەسەڵات و بە کودەتاش لادەچێت، لە ئێستادا وشەی دکتاتۆر لەبری سەرکوتکار بەکاردێت، هەندێک جاریش ئەم جۆرە بە هەڵبژاردن چۆتە دەسەڵات، بەڵام دواتر گۆڕاوە بۆ دکتاتۆری وەک ئەوەی هیتلەر کردی.

دیکتاتۆریش دابەش دەبێت بۆ دکتاتۆری ئایدۆلۆژیی و تەجریبی یان واقعی، دکتاتۆری ئایدۆلۆژی وەک ئەو سەرکوتکارییانەی خۆی پاڵداوەتە پاڵ هەندێک بیری دیاریکراوەوە وەک فاشی لە ئیتاڵیا بە سەرکردایەتی مۆسۆلۆنی(١٩٢١-١٩٤٣) و نازی لە ئەڵمانیا بە سەرکردایەتی هیتلەر (١٩٣٣-١٩٤٥). بەڵام دووەمیان پشت بە باکگراوندی ئایدۆلۆجی نابەستێت وەک زۆرێک لە دیکتاتۆرەکان کە لەرێی کودەتای سەربازییەوە لەم ناوچەیەدا هاتونەتە سەر دەسەڵات١٧.

ئاشکرایە کە سستەمی مۆنۆکراتی ئەو سستەمە نیە کە شەریعەتی ئیسلام دەیەوێت، کاتێک کە پێغەمبەر(د.خ)- باسی دەسەڵات دەکات وەسفی دەسەڵاتی ڕاشدی دەکات و زەمی مەلیکایەتی دەکات کە دواتر پەیدابوو، چونکە لەگەڵ سستەمی شورا و داواکارییەکانی ئیسلام ناچونیەک بوو، بەڵام ئایا ئەو فرە ڕەنگیی و حزبییەی لە دیموکراسیدا هەیە چەند لەگەڵ داوای ئیسلام یەکدەگرێتەوە؟

## تێڕوانین بۆ فرەیی سیاسی:

تێڕوانین بۆ فرەیی سیاسی لە فکری ئیسلامیدا لە نێوان دوو ئاڕاستەی ڕەتکردنەوە و قبوڵکردندایە، جگە لە باسی فرەحیزبی کە ڕابورد و پەیوەستە بەهەمان بابەت، لێرەدا گفتوگۆی بەڵگەکانی تری ئاڕاستەی ڕەتکردنەوەی فرەیی سیاسی دەکەین:

ئاڕاستەی ڕەتکەرەوەی فرەیی سیاسی باوەڕیان وایە ئەگەرچی ئیسلام حوکمێکی دادوەرانەی دەوێت، بەڵام ئەم فرەییە سیاسییە لەگەڵ ئاڕاستەی سیاسی ئیسلامدا یەکناگرێتەوە، چەند بەڵگەیەک دێننەوە کە هەندێکیان دەقی قورئان و سونەتن و هەندێکی تریش لێکدانەوەی واقیع و بەراوردکردنیانە بە فیقهی سوڵتانی، لەوانە:

١-لە سستەمی ئاینیدا سیاسەت لەسەر ڕێکەوتن و تەسوییەی چەند حیزب و ئایدیایەکی جیاواز دەبێت، هەربۆیە ئەمە لە پەرلەمانیشدا بەردەوام دەبێت دەوڵەت سەقامگیری نابێت، کە ئەم سەقامگیرییە گرنگە بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی.

ملکەچی بۆ سیاسەت و گۆڕانکاری لەو سیاسەتەدا بۆ کۆمەڵگایەک ئایدۆلۆژیایەکی نەبێت ئاساییە، بەڵام ئەم تەسوییە و گۆڕینە لە کۆمەڵگە و دەوڵەتێکی ئایدۆلۆژی ئیسلامیدا نابێت، چونکە لێرەدا بەرژەوەندییەکان لەسەر بنەمای ئاینی بنیات دەنرێت و دەربارەی چاک و خراپ و حەڵاڵ و حەرام بۆچونی تایبەتی خۆی هەیە١٨.

هەڵەی ئەم تێگەشتنە لەوەدایە بە یاسا ڕێکخستن(تقنین) و تەشریعی تێکەڵکردووە، بنەمای تەشریعی لە دەستوردا دیاری دەکرێت کە یاساکانی لە سۆنگەوە دەردەکرێت، چ نەنگییەک لەوەدایە ڕاجیاوازەکان پێکەوە هەوڵی بەرهەمهێنانی باشترین یاساکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگە بدەن لەکاتێکدا پێچەوانەی بنەمای یاسادانانی دەستور نەبێت کە ئاینی تێدا چەسپابێت، لەکاتی پێویستدا بەپێی پێویستی کۆمەڵگە هەمواری یاساکان بکرێتەوە، دەقە ئاینییەکان خۆسەپێن نین و هەموو بوارەکانیان کۆنتڕۆڵ نەکردووە، بەڵکو سنورە گشتییەکانیان دیاریکردووە و مەودایەکی فراوانیان بۆ ئیجتهادی مرۆڤ جێهێشتووە.

٢-کاتێک مەوقیفی سیاسی تێکەڵی ئاینی دەکرێت ئیتر پاشەکشێ قبوڵناکات و دەبێتە هۆی دەمارگیری و کێشە و بانگەشەکردن بۆی و لەدواتریشدا ڕەنگە ببێتە هۆی کوشتار لە نێوان موسڵماناندا. لە مێژووی موسڵمانانیشدا نمونە زۆرن بۆ پەندلێوەرگرتن١٩.

ئەم خاڵە گرنگە، پەیوەستە بەو پیرۆزییەی کە بیروباوەڕی ئاینی لەخۆی گرتووە کە هەندێک جار کەسی ئایندار ئەو پیرۆزییە بەسەر بیروڕا ئیجتهادییەکانی خۆشیدا دەبڕێت و سنوری پیرۆزیی و ئاسایی بوون تێکەڵ دەکات. بۆ دوورکەوتنەوە لەم ئەگەرەش یەکێک لە چارەسەرەکان بە دامەزراوەیی کردنی دەوڵەت و جیاکردنەوەی دامودەزگاکانێتی، ئەو کات فرەڕەنگی لە شوێنی خۆیدا نابێتە مەترسی، جگەلەوەی ئەمە ترسێکی سەد لەسەد نیە ئەوەتا مەزهەبە فقهییەکان کە تەواو ئاینیشن نەبوونەتە هۆی کوشتار، گرووپە فکرییەکانیش هەموو کات کوشتاریان نەناوەتەوە جگە لە خەواریج کە کوشتاریان وەک جەنگێکی پیرۆز لە بیریاندا هەڵگرتووە.

٣-ئۆپۆزسیۆن بوون دژی یەکدەستی ئومەتە:

مبارکفوری کاری ئۆپۆزسیۆن دەچوێنێ بە دووڕووەکان و دەڵێت کە ئەوان لەهەر بابەتێکی

شورادا بۆچونی پێچەوانەیان دەربڕیووە، ئەوان هاوشێوەی ئۆپۆزسیۆنن کە هەردەم دژی حکومەتەکانیانن لە جەنگ و ئاشتیدا و، کاریان نانەوەی ئاژاوەگێرییە، بەڵکو سەنتەری زانیارییەکانیان دەچوێنێت بە مزگەوتی زیرار.٢٠

هەروەها ئەوانەی دژی عوسمان دەرچوون و شەهیدیان کرد، دەرچوونی خەواریج و حوسەین و ئیبن زوبەیر و عەباسییەکان و جەمەل و شام هەموو ئەمانە نمونەی ئۆپۆزسیۆنن کە بەخوێن ڕشتن کۆتایی هاتووە.

زۆرینەی ئەم نمونانەی مبارکفوری نمونەی ئۆپۆزسیۆنی چەکدارن کە هەوڵیانداوە بە زۆری چەک دەسەڵات لە بەرامبەریان وەربگرن، بەڵام لە ئیجابیەکانی سستەمی فرەیی کەمکردنەوەی ویستی دەرچوونی چەکدارییە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و ڕێگرییە لە دووبارەبوونەوەی ئەو کارەساتە خوێناویانانەی لە مێژووی موسڵمانانندا ڕوویانداوە، چونکە ئۆپۆزسیۆنی چەکدار زۆربەی کات کاتێک دەردەچێت کە هیوایەکی نامێنێت بۆ گۆڕانکاری یان گەشتنە دەسەڵات بەهۆی خۆسەپێنی لایەنێک یان کەسێکەوە. ئەگەر گونجاوبێ ئەو نموونانەی سەرەوە وەک ئەنجامی نەرێنی بوونی چەندێتی سیاسی سەیر بکرێت ئەوا زۆر گونجاوترە وەک بەرهەمی چەسپاندنی یەک ڕەنگی و یەک دەنگی سەیر بکرێت. ئەگەرچی جەمەل و شام کێشەکە باسی خوێن بوو نەک وەرگرتنی دەسەڵات، هێندە بەسە بوترێت کە زوبەیر و تەلحە لە یەکەمینەکان بوون کە بەیعەتیان بە عەلیدا.

ڕەتکردنەوەی داننان بە هەبوونی ئۆپۆزسیۆن و ڕاجیایی سیاسی بەواتای نەبوونی ناگەیەنێت لە واقیعدا وەک د.صلاح الصاوی دەڵێت: (ئەوانەی باسی خراپی چەندێتی سیاسی دەکەن بۆ لەژێر بەراوردی خراپییەکانی بوونی ئەو ئۆپۆزسیۆنە شاراوەیەدا سەیری ناکەن کە لەژێر زەمینەکاندا لەدایک دەبێت و لەهەرکاتدا لە شێوەی کودەتای سەربازی یان شۆڕشی جەماوەری دەتەقێتەوە)٢١،

بێگومان هەمووانیش لە ئێستادا زیانەکانی ئەمە لە دەوڵەتانی ناوچەکە بەباشی دەبینین.

٣-ئەو دەقانەی دەربارەی ئەمارەت هاتوون ڕەهان و باس لە کۆتایی هاتنی شەرعیەتی ئەو فەرمانڕەوایە لە ماوەیەکی دیاریکراودا ناکات. بۆیە دەسەڵاتی بەرەهایی دەمێنێتەوە و هەر هەوڵێکیش بۆ لادانی ئەگەر بە هەڵبژاردنیش بێت دەچێتە بابی دەرچوون و هەوڵی لەدەست دەرهێنانی دەسەڵات (منازعە)، جگە لەوەی هاوشێوەی ئەم کارە لە مێژووی ئیسلامدا نەبووە٢٢.

نەبوونی بەڵگە لەسەر ڕێگری لەم ڕێکارە خۆی لە خۆیدا بەواتای بوونی مەودایە بۆ ئیجتهادی مرۆڤەکان تابتوانن لە سۆنگەی بنەما نەگۆڕەکان بەشێوەیەک ڕێکیبخەن لە سودی خۆیان بێت. ئەو دەقانەشی لە باسی دەرهێنانی دەسەڵات دەکرێنە بەڵگە هیچ لێکگیرانێکی لەگەڵ ئەم باسەدا نیە، چونکە لە بنەڕەتدا هەر باسی نەکردووە، لە عورفی سیاسیشدا بەمە ناوترێت دەسەڵات سەندن لە کەسێک، هەروەک ئاڕاستەی بەرامبەریش دەتوانن بڵێن دەسەڵات دەرهێنان (منازعە) پەیوەستە بە ململانێکردن لە ماوەی یاسایی فەرمانڕەوادا، بەڵام پاش کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە و گۆڕانی بۆ کاربەڕێکەر و چوونەوە نێو هەڵبژاردن ناچێتە ژێرناوی دەسەڵات لێوەرگرنەوە، چونکە خودی ئەو پۆستە لەو ماوەیەدا دەکەوێتە بۆشایی یاساییەوە تاکەسێکی تر هەڵدەبژێردرێت، هیچ دەقێکیشمان نیە بڵێت حکومڕانی تا مردنە ئەوەشی لە سەردەمانێکدا ڕوویداوە تەنها عورفی ئەوکاتە بووە نەک بەڵگەیەکی شەرعی، هەر خودی ئەوانەی لە فیقهی سوڵتانیدا نوسیویانە باس لە مەرجەکان و حاڵەتەکانی لابردن (خلع)ی فەرمانڕەوایان کردووە بەواتا نەوتراوە بۆ ئەبەدییە، یان باسی گریمانەی چەند حاڵەتێکیان کردووە وەک چارەسەری ئەگەر دوو کەس لە وڵاتێکدا بەیعەتیان پێدرابوو چۆن چارە دەکرێ؟

هەموو ئەوانەشی باوەڕیان وایە لابردن

بە هەڵبژاردنیش دروست نیە داندەنێن بە فەرمانڕەوایەکدا ئەگەر کودەتای بەسەر یەکەمدا کرد و بە خۆسەپێنی (غلبة) خۆی کردە فەرمانڕەوا و هەمان حوکمی لابراوەکەی بۆ دەچەسپێنن لە گوێڕایەڵی! موسڵمانان لەسەر ئەو مەرجانەن کە لە نێوان خۆیاندا لەسەری ڕێکدەکەون، بابی سیاسەتیش بابێکە زۆرترین مەودای ئیجتهادی تێداهێڵدراوەتەوە وەک ئیمامی حەرەمەین چەند جار دووپاتی دەکاتەوە کە باسەکانی ئیمامەت باسی قەتعی و یەقینی نین٢٣.

ئەو خراپیانەی باس دەکرێت لە سستەمی فرەیی و ڕاجیایی سیاسیدا لە سستەمی تاک دەسەڵاتیدا بە زیاترەوە بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی پێویست دەکات ئەوەیە کە زەمینەی ڕۆشنبیرکردنی خەڵکی بۆ ئامادە بکرێت کە بزانن چۆن جیاواز دەبن ئەوەش لە باسی ناسراو بە (أدب الإختلاف) ڕەوشتی جیاوازبووندا باسکراون و ئومەت لە هەموو جومگەکانی ژیانیدا پێویستێتی.

بەدرێژایی مێژووی موسڵمانانیش لە دوای سەردەمی ڕاشیدینەوە موسڵمانان خەونیان بە دەسەڵاتی دادگەرەوە دیوە کە بەڕێوشوێنی شورا بەڕێوەبچێت، هەمیشەش لەم باسانەدا خەیاڵ لە چوارچێوەی سەردەمی ڕاشیدی و سەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیز تێناپەڕێت و نایەوێ بەشەکانی تری مێژوو بەنمونە بهێنێتەوە، گیرۆدەبوونی چەند سەدەیش بە ستەمکاریی و تاکڕەوییەوە لە بەرامبەردا هەردەم شۆڕشی چەکداریی و جیابونەوەی ئەم ئیمارەت و ئەو ناوچەی لێ بەرهەمهاتووە. بۆیە ناکرێت ئومەتێک لە نێوان ستەمکاریی و خەوبینین بە ڕابردوو و چاوەڕێی مەهدیدا بوەستێت و نەتوانێت سستەمی سیاسی خۆی بەپێی پرەنسیبەکانی خۆیی و پێویستی سەردەمی پەرەپێبدات.

بەگەڕانەوە بۆ فیقهی سوڵتانی و مێژوو دەبینین کە جاران چۆن فەرمانڕەوا کۆکەرەوەی خەلافەت بووە لە خۆیدا، هەروەاش مەنزومەی سیاسی سپێردرابوو بە واعیزی ناوەکی فەرمانڕەواکان، کە بەرژەوەندی ئومەت زاڵ بکەن بەسەر وەی خۆیاندا، ئەگەر لادانێکیش هەبووبێت وەک حاڵەتێکی لاوەکی سەیرکراوە نەک بەردەوام، بۆیە فەرمانکراوە بە ئارامگرتن و گوێڕایەڵی تا فیتنەیەکی گەورەتر نەیەتەکایەوە، بەڵام لە ئێستادا کە جیابوونەوەی واعیزی ناوەکی لە سیاسەت و فەرمانڕەواکان بە ئاشکرا دەبینرێت، وە زەمەنێکی دوورودرێژ لە لادان و ستەمکاری هەگبەی مێژووی پڕکردووە، ئەگەر باشترین تێکۆشان وشەیەکی حەق بووبێ لە ڕووی دەسەڵاتدارێکی ستەمکاردا، ئێستا زۆربەی کات ئەو چاونەترسییەش هێزی خۆی لەدەستداوە، بەڵکو بە زیندانی یان کوشتنی ئامۆژگاریکار و نەمانی سەنگی ئامۆژگارییەکەی کۆتایی دێت، لە بەرامبەردا دیاریکردنی ماوەی دەسەڵاتداریی و ڕێگەدان بە فرەیی و بوونی دەزگای چاودێری بەشێکی ئەو مانا ونبوو وانەمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەگەر چاودێری ناخیش مردبێ دەتوانرێت بە چاودێرییەکانی تر و دەرفەت و ململانێی فرەچەشنی ئاشتیانە هەندێ لەو بنەمایانە بەدەستبێنینەوە.

وەک وتراویشە مەرج نیە تەجروبەی خەڵکیتر پێ بەپێ جێبەجێ بکرێت، بەڵکو هەر کۆمەڵگەیەک کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی هەیە کە دەکرێت لە بنەما دەستورییەکانیدا بچەسپێندرێت. لەکۆتایدا ڕاستییەک هەیە پێویستە دانی پێدابنرێت ئەویش: تائێستا بوونی ڕاجیایی سیاسیی و فرەچەشنی حیزبیی و سیاسی لە فکری سیاسی ئیسلامیدا کێشەیەکە و پێویستی بە تەئسیل و فراوانکردن و دەوڵەمەندکردن هەیە تا باسەکە لە ململانێی نێوان ئاڕاستە حزبییەکان و ئاڕاستە سەلەفییەکان بێتەدەرەوە و ببێتە بابەتێکی فکریی و پاشخانی فیقهی سوڵتانی پێ دەوڵەمەند بکرێت و موسڵمانان لە خەوبینین بە دادگەرییەوە بگوازێتەوە بۆ بینینی. بۆیە لە ئێستادا بە تەنها بەگەڕانەوە بۆ کتێبەکانی فیقهی سوڵتانی ناتوانرێت وەڵامێکی تەواو دەستبخرێت لەسەری.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

(١) سانو، مصطفى قطب: معجم مصطلحات أصول الفقه. دار الفكر، ط١، ٢٠٠٠م، ص٤٥.

(٢) بڕوانە: التهانوي، محمد علي: موسوعة كشاف اصطلاحات الفنون و العلوم. تحقيق: د.علي دحروج، مكتبة لبنان الناشرون، ط١، ١٩٩٦م، ١/١١٦.

(٣) الشاطبي، ابراهيم بن موسى: الإعتصام. تحقيق:سيد ابراهيم، دار الحديث، القاهرة،٢٠٠٣م، ٢/٤٤٧.

(٤) ابن قيم، احمد بن أبي بكر: الصواعق المرسلة. تحقيق:أياد عبداللطيف، مكتبة الرشد ناشرون، الرياض، ٢٠٠٤م، ١/٢٣٢.

(٥) العلواني، د.طه جابر: أدب الاختلاف في الإسلام. الأمة سلسلة فصلية، قطر،ط ١، ١٠٣٩٥ه، ص ٢٣-٢٤.

(٦) بڕوانە: المباركفوري، صفي الرحمن: الأحزاب السياسية في الإسلام. دار سبيل المؤمنين، القاهرة، ط١، ٢٠١٢م، ص٥٤.

أبوبكر، بكر بن عبدالله: حكم الانتماء الى الفرق و الأحزاب و الجماعات الإسلامية، دار الحرمين، ط١، ٢٠٠٥، ص ١٠٦-١١١.

(٧) عدوان، عاطف: التحول إلى التعددية الحزبية في الفكر السياسي الإسلامي المعاصر. مجلة جامعة النجاح للأبحاث (العلوم الإنسانية)، المجلد ١٦، (١) ٢٠٠٢، ص٩٥.

(٨) الصاوي، د.صلاح: التعددية السياسية في الدولة الإسلامية. دار الإعلام الدولي، نسخة بي دى اف، ص ٧٦-٧٧.

(٩) الهويدي، فهمى: الإسلام و الديمقراطية. مؤسسة الأهرام، القاهرة، ط١ ، ١٩٩٣م، ص ١٥٠.

(١٠) عدوان: التحول الى التعددية، ص ١٠٦.

(١١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤.

(١٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

(١٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤.

(١٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨.

(١٥) بڕوانە: أبوزهرة، محمد: تاريخ المذاهب الإسلامية.دار الفكر العربي، لا.ط، ١٩٩٦، ص ٢٠.

(١٦) كاظم،د.صالح جواد – العاني، د.على غالب: الأنظمة السياسية. جامعة بغداد، كلية العلوم، بحث، ١٩٩٠، ص ٧-٨.

(١٧) بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ١٣-١٥.

(١٨) المباركفورى: الأحزاب السياسية في الإسلام، ص ٨٣.

(١٩) بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ١٩.

(٢٠) بڕوانە: هەمان سەرچاوە.

(٢١) الصاوي، التعددية السياسية في الدولة الإسلامية، ص ٨٥.



# دەکرێت ڕێگە بە حیزبی نائیسلامیش بدرێت چالاکی فکریی و سیاسی هەبێت، ئیتر ئەو حیزبە ئاینی بێت یاخود نا ئاینی

چاوپێکەوتن لەگەڵ د.موحسین عەبدولحەمید

دکتۆر محسین عەبدولحەمید زانا و بیرمەند و کەسایەتیەکی ناسراوی کورد و جیهانی ئیسلامییە، لەدایکبووی ساڵی (1937)ی شاری کەرکوکە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی 1959 خانەی باڵای مامۆستایان (کۆلێژی پەروەردەی ئێستا) بەشی زمانی عەرەبی تەواو کردووە، ساڵی 1968 لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی قاهیرە بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێناوە و ماستەرنامەی بەناوی (الالوسی مفسرا) بووە، بەوەش یەکەم قوتابی بووە ماستەر لە دیراساتی ئیسلامیدا لە زانکۆی قاهیرە بەدەستبهێنێت، چونکە دیراساتی ئیسلامی تەنها تایبەت بووە بە زانکۆی ئەزهەر، ساڵی 1972 لە هەمان زانکۆ بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە، نامەی دکتۆراکەشی (الرازي مفسرا) بووە، پلە زانستییەکانی بڕیوە و ساڵی 1983 بۆتە پرۆفیسۆر.

وێڕای ئەزموونی فراوانی لە بواری نووسین (زیاتر لە چل کتێبی لە بوارەکانی فیکری ئیسلامیی و شەریعەت و تەفسیری قورئانی پیرۆزدا چاپکراوە) و وانەوتنەوە لە زانکۆی چەند وڵاتێکی ئیسلامیدا، خاوەن ئەزموونی کردارییە لە مەیدانی کاری ڕێکخراوەیی ئیسلامیی و دەوڵەتدا، بۆ چەند ساڵێك سەرۆکی ئەنجومەنی شوراو ئەمینداری حزبی ئیسلامی عێراق و ئەندامی ئەنجومەنی حوکم بووە، لە مانگی ئازاری ساڵی 2004دا بۆتە سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم بۆ مانگێك، لەم دیمانەیەدا وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری خاڵ تایبەت بە دەوڵەت و دەوڵەتی ئیسلامیی و ئۆپۆزسیۆن بوون و ڕاجیایی سیاسیی دەداتەوە:

## ئامادەکردنی ڕێدار ئەحمەد

**خاڵ: سەرەتا دەمانەوێت لە پێناسەی دەوڵەت بەشێوەیەکی گشتی دەست پێ بکەین و، پێناسەی دەوڵەت لە چوارچێوەی فیکری ئیسلامیدا؟**

د.محسین عەبدولحەمید: پێناسەی دەوڵەت بەوشێوەیەی کە هەیە پێویستە خاکێک کە سنوورەکەی بەشێوەیەکی ڕوون دیاریکراو بێت و گەلێکی دیاریکراو بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەسەری بژی، هەروەها دەسەڵاتێک کاروبارەکانی بە یاسا بەڕێوە ببات و خاوەن سەروەری بێت و دانپێدا نراو بێت، ئەگەر ئەو پێکهێنەرانە هەبوو ئەوا بە دەوڵەتێکی یاسایی ناودەبرێت.

هەمان ئەو پێکهێنەرانەی بۆ دەوڵەتی یاسایی باسمان کرد بەسەر دەوڵەتی ئیسلامی یەکەمدا لە شاری مەدینەی منەوەر جێبەجێ دەبێت، خاوەن زەوییەکی دیاریکراو بوون، سنوورەکەیان ڕوون بوو (شاری مەدینە)، گەلەکەش موسڵمان و ناموسڵمان بوون، یاسا گشتییەکەش (دەستووری مەدینە) بوو، ئەو دەستوور (شەریعەت)ەش و دەسەڵاتیش (کە پێغەمبەر سەرۆک و ئەنجومەنی شورا) هەبوو.


هۆزەکانیش دانیان پێدا نابوو، چووبوونە هاوپەیمانی لەگەڵیدا، هەموو ئەو دەوڵەتانەشی پاش دەوڵەتی یەکەمی ئیسلامی هاتن، وەک دەوڵەتی ئومەویی و عەبباسیی و عوسمانی بەپێی پێناسەکانی دەوڵەت ئەوانیش دەوڵەت بوون.

**خاڵ: ئامانجی ئەم دەوڵەتە ئیسلامییە چییە؟ ئایا دەوڵەتی پیاوانی ئایینییە یاخود دەوڵەتێکی مەدەنییە؟**

د.موحسین عەبدولحەمید: شەریعەتی ئیسلام لە بنچینە گشتی (اصول العامة)یەکانیدا ئامانجەکانی دەوڵەتی لە ئیسلامدا دیاریکردووە، ئەویش هێنانەدی حەق و دادپەروەری تەواوە لە تێکڕای بوارەکانی ژیان و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن وچاودێری و، دیاریکردنی ماف و ئەرکەکان و بڵاوکردنەوەی ئاشتی گشتی لەنێو مرۆڤەکاندا و، بەدیهێنانی کۆمەڵگای هاووڵاتییبوون (مجتمع المواطنیة)ە، ئیسلام بابەتی چۆنیەتی سستەمە جۆراوجۆرەکانی حوکمڕانی گەلی هەر وڵاتێک لێگەڕاوە بۆ عەقڵی مرۆڤەکان تا ئیجتیهاد بکەن لەپێناوی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی گەل لەبەر ڕۆشنایی گەشەسەندنی بارودۆخە تایبەت و گشتییەکانی مرۆڤایەتیدا.

بەدەیان توێژینەوەی یاسایی لە کۆن و نوێدا سەبارەت بە ئیسلام و بنچینەکانی سستەمی حوکمڕانی لەسەر بنەماکانی حەق و دادپەروەری و شوراو ئازادیی مرۆڤایەتی هەیە، بەتایبەت لە سەردەمی شەش خەلیفە ڕاشیدینەکەدا.

دەوڵەتی ئیسلامیش بەو چەمک و ئامانجانەی کە باسمان کرد دەوڵەتێکی مەدەنییە بەتەواوەتی، چونکە سیۆقراتی پشت بەستووە بە حەقی خودایی بۆ تاک یاخود بۆ خانەوادەی فەرمانڕەوا و خاوەن حوکمڕانییەکی ڕەهای بێ دەستوور و بێ یاسا و بێ دادپەروەری و بێ ئازادی و، بێ ڕاوێژە و ماف و ئەرکەکان تێیدا دیاری نەکراوە، خۆ ئەگەر شتێ لەوانە بوونی هەبوو لە دەوڵەتی سیۆقراتیدا ئەوا وەک بەخششێک لە فەرمانڕەوای ئەو وڵاتەوە سەیری دەکرێت، ئەگەر نەشبوو کەس بۆی نیە لەسەر هیچ شتێک لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات، ئەمە لەکاتێکدایە کە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا سەرۆک بە چەند مەرجێک هەڵدەبژێردرێت، ئەگەر



لەو مەرجانە لایدا ئەوا لەسەر کار لادەبرێت، لە دەوڵەتی ئیسلامیدا گەل نوێنەرەکانی هەڵدەبژێرێت بۆ ئەنجومەنی شورا، مافی ئۆپۆزسیۆن بوون و مافەمەدەنییەکانی دیکەش تێیدا دەستەبەر کراوە.

**خاڵ: بەر لەوەی باس لە مافی ئۆپۆزسیۆن بوون بکەین کە تەوەری سەرەکی دیدارەکەمانە دەمەوێت بپرسم: ئایا پێویستە زاراوەکانی خەلیفە و ئیمام و هاوشێوەکانیان کە لە کۆندا بەکارهێنراوە لە ئێستاشدا بەکاربهێرێن؟**

د.موحسین عەبدولحەمید: زاراوە کۆنەکانی وەک خەلیفە و ئیمام لەڕاستیدا زاراوەی شەرعی ئوسوڵی چەسپا و نین، چونکە ئەم زاراوانە لە ڕێی ئیجتیهادەکانەوە هاتنە ئارا، لەبەرئەوە بۆ هەموو سەردەمەکان تا ڕۆژی دوایی پابەندکراو نیە، لە ئێستادا (سەرۆک کۆمار) یاخود (سەرۆکی وڵات) تەنانەت زاراوەی (پادشا) ئەگەر دەستووری بوو دەکرێت ئەمانە بەکاربهێنرێن. ئەمەش بەو مانایە نیە کە بەکارهێنانی زاراوە کۆنەکان لە ڕووی شەرعییەوە حەرام بێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە

# ئیسلام حوکمڕانی هەر وڵاتێك لێگەڕاوە بۆ عەقڵی مرۆڤەکان تا ئیجتیهاد بکەن

بزانین ئەو زاراوە کۆنانە لە هەموو سەردەمەکاندا پێویست نیە پابەند بین پێیانەوە.

**خاڵ: ئایا فرەیی سیاسیی (التعددیة السیاسیة) لە دەوڵەتی ئیسلامیدا ڕێگە پێدراوە؟**

د. موحسین عەبدولحەمید: شەریعەتی ئیسلامی کە بڕیاری ئازادی دابێت پێویستە فرەیی فیکریی و سیاسیش هەبێت، ئەم فرەییەش خۆی لە کۆمەڵ و پارتە سیاسییەکاندا دەبینێتەوە، ئەمەش لەو ڕوانگەوەیە کە ئیسلام لە شەریعەتەکەیدا بنەڕەتە بنبڕەکان (الاصول القطعیة)ی دیاریکردووە کە دەستوورە و هەمووان پێیەوە پابەند دەبن، بابەتەکانی دیکەی ژیانی فیکریی و ئیجتیهاداتی فیقهی و جگە لەوانەش، کە ئەو دوانەیان ڕووبەری گەورەی ژیان پێکدەهێنن، لەنێو ئەو کۆمەڵە فیکریی و پارتە سیاسیانەدا دابەش دەبێت کە بەشێوەیەکی ڕەوا لەپێناوی بەدیهێنانیاندا کۆشش دەکەن و بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دەکەن هەتا بەدەستیان بێنن و لە حوکمڕانیدا جێبەجێیان بکەن.

زۆرێک لە فرەیی لە مێژووی دەوڵەتە ئیسلامیەکاندا بینراوە، وەک فرەیی مەزهەبە فیقهی و کەلامیی و تەنانەت سیاسییەکانیش، هەرچەندە فەرمانڕەواکان تاڕادەیەک سنووربەزاندنیان هەبووە لە هەندێک بواردا، بەڵام لە سەردەمی نوێدا کە کاروبارەکان گەشە و گۆڕانکاریان بەخۆوە بینیوە بەشێوەیەکی بنەڕەتی وا گۆڕانی بەسەردا هاتووە کە دەکرێت ڕێگە بە حیزبی هەمەجۆری نائیسلامیش بدرێت چالاکی فیکریی و سیاسیی هەبێت، ئیدی ئەو حیزبە نائیسلامییە حزبێکی ئاینیی بێت یاخود نائاینی، چونکە ئەگەر هاتوو ڕێگەت بە چالاکی پارتێکی ئاینی نائیسلامیی نەدا ئەوا لایەنگرانی پەنا بۆ کاری نهێنی دەبەن و ئەمەش مەترسییە بۆ سەر یەکێتی کۆمەڵگا و لێک تێگەیشتنی گشتی بەپێی دەستوور، بەهەمان پلە پێویستە ڕێگە بدرێت لەم سەردەمەدا کە حیزبی دیکەش هەبێت.

**خاڵ: چوارچێوەی کاری ئۆپۆزسیۆن لە ئیسلامدا چییە؟**

د. موحسن عەبولحەمید: چوارچێوەی کاری ئۆپۆزسیۆن لە ئیسلامدا لەلایەک لە ئەخلاقیاتە گشتیەکاندا قەتیسی کردووە و لەلایەکی تریشەوە ئەو دەستوورەیە کە هەمووان لەسەری هاودەنگن و خۆی لە ئوسوڵەکاندا دەبینێتەوە، هەرئەمەش کۆمەڵگاکان بەرەو بنیاتنان دەبات و لە وێرانکردن و داڕوخان دەیانپارێزێت، هیچ کۆمەڵگایەک نیە لە ئێستادا کاری ئۆپۆزسیۆنی تێیدا سنووری بۆ دانەنرابێت، هەرچەندە ئازادییەکانیش فەراهەم هاتبێت.

**خاڵ: جیاوازی چییە لە نێوان دەوڵەتی ئیسلامیی و دەوڵەتی هاوچەرخدا؟**

د. موحسن عەبولحەمید: دەوڵەتی ئیسلامی بنەمای بنبڕ (أصول قاطعة)ی هەیە و ئەویش خۆی لە عەقیدەی زۆرینەی هەرە زۆردا دەبینێتەوە، ئەوانەش لە زۆرینەیاندا دژ نیە لەگەڵ ئوسوڵی ئاینەکان بەگشتی، دەوڵەتی ئیسلامی

# دەوڵەتی ئیسلامی ڕێز لە ئوسوڵ و شەریعەتی ئاینەکانی دیکە دەگرێت کە لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا بوونیان هەیە

ڕێز لە ئوسوڵ و شەریعەتی ئاینەکانی دیکە دەگرێت کە لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا بوونیان هەیە و ناسنامەی ئەو مرۆڤانە دەپارێزێت کە باوڕیان پێی هەیە، هاونیشتمانیبوون و ئازادییە گشتییەکان بۆ هەمووان دەستەبەر کراون، بەڵام دەوڵەتی هاوچەرخ دەوڵەتێکی عەلمانییە، ئاین و بەها ڕەوشتییەکان جیا دەکاتەوە، هەروەها لەنێو کۆمەڵگادا بەپێی پلەکانی میانڕەویی یاخود توندڕەوی جیاکاری دەکات، هەندێک جار دان بە هەندێ ئازادی ئاژەڵیشدا دەنێت وەک هاوسەرگیری هاوڕەگەزیی و پەیوەندی زایەندییە ئازادەکان و جگە لەوانیش کە نەئاین دانی پێدەنێت نە عەقڵی ساغ و دروست. دەکرێت ئەمە جیاوازی بێت لە نێوان ئەو دەوڵەتەی کار بە ئوسوڵی شەریعەتی ئیسلام دەکات لەگەڵ دەوڵەتی عەلمانی ئازاددا کە لە هیچ ئاینێکەوە سەرچاوەی نەگرتووە.

**خاڵ: ئەوەی ئێستا لە وڵاتانی ئیسلامیدا لە نێوان بزووتنەوە ئیسلامیەکاندا دەگوزەرێت ئایا ڕاجیایی سیاسییە یاخود ململانێیە؟**

د. موحسن عەبولحەمید: ئەسڵ ئەوەیە بزاڤە ئیسلامییەکان لە یەک ئوسوڵەوە سەرچاوە بگرن و، جیاڕاییان لە زۆرێک لە بەشەکییەکان (جزئیات) دا هەبێت، هەموو ئەمانەش بەو جۆرە ئاڕاستە بکەن کە لە خزمەتی کۆمەڵگادا بێت، جیاڕاییەکانیان بەوشێوەیە بێت کە کۆمەڵگا پێش دەخات، بەڵام بەداخەوە هەندێک جار هەندێ حزبی دیاریکراو جیاڕاییەکانیان لە ململانێ مێژووییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لە وەحی خوایی یەکلاکەرەوەوە تابیگەیەنێت بە سەردەمی ئێستا، ئەمەش جیاڕایی دەگۆڕێت بە ناکۆکیی و دەبێتە هۆی بەرپابوونی ململانێ لە نێوان ئەو حیزبانەدا و، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێکیان بەرەو چەواشەکاری ببات و هەندێکجاریش دەبێتە هۆی یەکتر کافرکردن، ئەوەش بەڵایەکی گەورەیە و زیانی زۆری بە هەموو جوڵانەوەی ئیسلامی گەیاندووە.

کێشەی ڕیشەییەکە ئەوەیە کە لە مێژووەوە بەرەو ئێستا دێن نەک لە وەحیەوە، چونکە گەڕانەوە بۆ مێژوو و سەرچاوە گرتنی گشتی لە مێژووەوە دەبێتە هۆی گەڕانەوە بۆ ململانێکانی ڕابردوو و کوشتنی ئێستا و ئایندە، ئەمە لەکاتێکدا سەرچاوە گرتن لە وەحییەوە بەرەو سەردەمی ئێستا ڕێگای پێشکەوتن و گۆڕانکاریی و گەشەو بونیاتنانی ئایندەیە.

**خاڵ: ئایا دەکرێت لە ڕوانگەی فیکری ئیسلامییەوە جیاڕایی سیاسیی لەنێو یەک حیزبی ئیسلامیدا هەبێت؟**

د. موحسن عەبولحەمید: پێویست وایە کە یەک ژیانی لە ڕوانگەیەکی یەکگرتووەوە و لە چوارچێوەی یەک ڕێکخستندا سەرچاوە بگرێت، دەکرێت جیاڕایش لە بابەتە ئیجتیهادییەکاندا بەپێی کات و جێ بەتایبەت لە پرسە سیاسییەکاندا هەبێت، چارەسەری ئەو جیاڕاییەش بەپێی پێودانگی شەرعیی و پەیڕەوی حیزبی بکرێت، ئەمەش پاش تاوتوێکردنی لە ئەنجومەنی شورا (سەرکردایەتی) ئەو حیزبەدا و

بەدەنگدان کۆتایی پێبهێنرێت، واتە ٥١٪ و بەرەو سەرەوەی دەنگەکان یەکلای بکاتەوە، هەندێک جیاوازیی بنەڕەتیش هەیە پێویستی بە دوو لەسەر سێی دەنگەکانی ئەنجومەنی شورای ئەو حیزبە هەیە بۆ یەکلاکردنەوە، هەر حیزبە و بەگوێرەی ئەوەی لە پەیرەوی ناوخۆیدا لەسەری ڕێککەوتوون، پێویست وایە لە چوارچێوەی ئەو پەیرەوەدا جیاوازییەکە یان ناکۆکیەکە چارەسەر بکرێت، ئەو کەسەشی کە دەست بەبۆچوونەکەی خۆیەوە دەگرێت یان ئەوەتا ملکەچی بۆچوونی زۆرینە ببێت یاخود بەشێوەیەکی ئاشتیانە و بە ئارامی لە حیزبەکە بکشێتەوە.

**خاڵ: بۆچونی بەڕێزتان سەبارەت بەو ئەزموونانەی حوکمڕانی ئیسلامی لە سەردەمی هاوچەرخدا هەبووە چییە؟**

د. موحسن عەبولحەمید : ئەو ئەزموونانەی کە بووە و لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ کراوە لە دوو جۆردا خۆی دەبینێتەوە: جۆری یەکەمیان وەک نمونە ئەزموونی تاڵیبان کە لە ڕوانگەی پەیامی مەزهەبیی و ئیجتیهاداتی مەزهەبییەوە سەرچاوەی گرتبوو کە لەگەڵ بزاڤی ئەم سەردەمەدا نەدەگونجا، ئەوەبوو تووشی پێکدادان بوو لەگەڵ بەرنامەی کاری حیزبە ئیسلامییەکانی دیکە و گۆڕا بۆ پێکدادانی خوێناویی و دەروازەی بۆ بیروبۆچوونە توندە خوێناوییەکانی قاعیدە واڵا کرد، سەرئەنجامی ئەمەش داگیرکرانی ئەفغانستان و وێرانکاری و خوێنڕژان بوو.

جۆری دووەمیشیان ئەزموونی ئێرانە کە شۆڕشەکەیان لە ڕوانگەی مەزهەبییەوە سەرچاوەی گرتووە و، دەستوری خۆیان لەسەر ئەوە بنیاتناوە، لەبەرئەوە لەبری ئەوەی کە ئەزموونێکی ئیسلامی گشتی پەیڕەو بکات کە لەگەڵ وەحی خوایی و ڕەوشی سەردەمدا بگونجێت ڕوویکردە بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعەی سەفەوی لەژێر پەردەی ناردنە دەرەوەی شۆڕش و بەو نەهامەتییە خوێناویانە کۆتایی هات کە لە عێراق و سوریا و یەمەن هێنایە ئارا.

ئەم ئەزموونەی کە لەسەر ئەو مەزهەبە بنیاتنراوە کە مێژوو و ململانێکان دروستیانکردووە دان بە هیچ ئەزموونێکی ئیسلامی دیکەدا نانێت جگە لەخۆی، ئەمەش کارێکی مەترسیدارە ناکرێت بەبێ ململانێ و خوێنڕێژی و بەریەککەوتنی مەترسیدار کۆتایی بێت.

ئەزموونێکی سەرکەوتوو لە ئێستای جیهاندا هەبێت ئەزموونی پارتی دادو گەشەی مەغربییە کە پێویستی شەرعی (الواجب الشرعي)و جێبەجێکردنی هاوچەرخی پێکەوە کۆکردۆتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی باوەڕبوون بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات و پەنابردن بۆ سندوقەکانی دەنگدان لە سایەی ئەو دەستورەی کە لەسەری ڕێککەوتوون. ئەزموونی دووەمیش ئەزموونی بزووتنەوەی نەهزەیە لە تونس ئەویش لە ڕێگەی باوەڕبوون بە دەستاوستکردنی دەسەڵات و دەستورێک کە لەسەری پێکهاتوون و پەنابردن بۆ سندوقەکانی دەنگدان.

لە هەرێمی کوردستانیش ئەوەندەی من ئاگادارم لە ڕوانگەی کاری هەرسێ لایەنی ئیسلامی (یەکگرتووی ئیسلامی) و (کۆمەڵی ئیسلامی)و (بزووتنەوەی ئیسلامی) کە ئەم دوانەی کۆتاییان چەکیان لە دژی ڕژێمی بەعس هەڵگرتبوو، لە سایەی ڕەوش و گۆڕانکارییە نوێیەکاندا هەموویان لە ئێستادا بەپێی حیکمەت و بە میانڕەوی کە باوەڕیان بە کاری پەروەردەیی و سیاسەتی هێمنانە هەیە، ئەمەش لە ڕێی باوەڕبوونیان بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە چوارچێوەی ئەخلاقیاتە ئیسلامییە باڵاکان و ئەوەش لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خۆیان لەگەڵ جگە لە خۆیان لە پارتە عەلمانییەکانی ترو دانانیان بە ئەنجامەکانی سندوقەکانی لێی دەکەوێتەوە و پاشان بەشدارییان لە دەسەڵات یاخود مانەوەیان لە ئۆپۆزسیۆن کاردەکەن تا ئەو کاتەی گەل بە بەرنامەی ئیسلامی گشتگیری هاوچەرخ ڕازی دەبێت و لەوەحییەوە بەرەو سەردەمی هاوچەرخ دێت و ناگەڕێنەوە بۆ ململانێ مێژووییەکان و زیان بە کۆمەڵگاکەیان ناگەیەنن و نابنە مایەی وروژاندنی بابەتە جێ ناکۆکەکان.

# ڕانانێك بۆ پەرتووكی
# (ئادابی ڕاجیایی لە ئیسلامدا)



**كۆسرەت ساڵح ئەحمەد**

لەدایکبوون ١٩٨٩. ماستەر لە زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆی ئیسلامی جیهانیی مالیزیا ٢٠١٥. خوێندکاری دکتۆرا لە هەمان زانکۆ. مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین. دوو کتێبی چاپکراو و چەند توێژینەوە و وتارێکی بڵاوکراوەی هەیە.

(أدب الاختلاف فی الإسلام)، ناونیشانی پەرتووکێکی دکتۆر تەها جابر ئەلعەلوانییە. یەکێکە لە کتێبە هزرییەکان کە لەلایەن پەیمانگای جیهانی فکری ئیسلامی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەم پەرتووکە جگە لە پێشەکی و پاشەکی لە شەش بەش پێکهاتووە و قەبارەکەی ۱۷۹ لاپەڕەیە، تائێستا چەند جارێک لە چاپدراوەتەوە و بۆ چەند زمانێکیش وەرگێردراوە. لەم ژمارەیەیی گۆڤاری خاڵ ڕانانێکی پوختی بۆ دەکەین. بابەتەکەمان بۆ چەند تەوەرێک دابەش دەکەین، سەرەتا پوختەیەک سەبارەت بە پێشەکی پەرتووکەکە و دواتر دەچینە سەر تەوەرە سەرەکیەکانی.

لە پێشەکیدا نووسەر جەخت لەسەر چەند ڕاستییەک دەکاتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئوممەت تووشی دەیان دەردی جۆراوجۆری دینداریی و دونیاداری بۆتەوە کەچی خۆشبەختانە هەر گوزەر دەکات. تاکە پارێزەری ئەم ئوممەتەش لە تیاچوون سەرەرایی ئەم هەموو دەردوکێشەیە تەنیا هەبوون و دەستگرتنە بە قورئان و فەرموودە.

ئاشکرایە، یەکێک لە کوشندەترین دەردەکانیش بریتییە لە ڕاجیایی و جیاوازی (الاختلاف والمخالفە)، کە تووشی گشت شوێن و سەرجەم کۆمەڵگەکان هاتووە، هەروەک سەرجەم لایەنەکانی هزر، بیروباوەڕ، تێڕوانین، بۆچوون، سەلیقە، ئاکار، ڕەفتار، ڕەوشت، شێوازەکانی ژیان، ڕێگاکانی مامەڵەکردن، شێوەکانی گوفتار، هیوا و ئامانجە دوور و نزیکەکانیشی تووشی گێژاوی ڕق و کینە کردوون. کەسێک بە قوڵی سەیری ئەم دەردە کوشندانە بکات، ڕەنگە وا تێبگات کە گشت فەرمان و ڕێگرییە ئاینییەکان لە ئیسلامدا جەخت لەسەر بەربەرەکانی و تەڵەکە و پیلانگێری بکەنەوە. لەکاتێک پەیامی ناوازەی قورئان و فەرموودە ڕێک پێچەوانەی ئەمەیە.

بنەماکانی ئیسلام دوای باوەڕ لە هەموو شت زیاتر جەختیان لەسەر ڕێز و، تەبایی و، برایەتی و یەکریزی کردۆتەوە. چونکە وشەی تەوحید لە هەموو وشەکانی تر لە دەقە پیرۆزەکان و ئەدەبیاتی ئیسلامی جەختی لەسەر کراوەتەوە، هەروەها کۆڵکەی هاوبەشی نێوان دەستە و تاقم و گەلانی نێو ئوممەتی ئیسلامی چەند خاڵێکە، لەمانە: خاوەنی یەک باوەڕ، یەک خودا، یەک پەیامهێن، یەک ڕووگە، بۆیە پێویستە خاوەن یەک قسە و یەک هەڵوێستیش بین.

ئەم پەرتووکە هەوڵێکە بۆ هێنانە پێشەوەی ڕەهەندی ئیمانی بۆ ناو ئەو پرس و بابەتانەی ڕاجیایی لەسەرە، لەپێناو ڕێکخستنی پەیوەندییەکانمان بەشێوەیەکی شەرعییانە لە هەموو بوارەکاندا، چونکە گومان لەوەدانییە، کە لە ئێستادا، وەک جیهانی ئیسلامی، مەعریفەمان دەستخستووە کەچی ڕەوشتەکەیمان ونکردووە، ئامرازەکانمان هەن بەڵام ئامانج و مەبەستمان ونکردوون. هونەری ململانێ و بەڵگەسازی و جیاوازی بەچاکی دەزانین، بەڵام ئاداب و ڕەوشتەکانیانمان ونکردوون؛ بۆیە تووشی خۆخۆری ناوەخۆ و بەربەرەکانێ و ملشکاندن بوینەتەوە کە ئەنجامەکەی ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی و فاشیلانەیە. قورئان لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکی گەلانی ڕابردوو پێمان دەڵێ دووبەرەکی لەناوبەر و یەکریزی سەرخەرە. لەکاتێک ڕاجیایی لە بۆچوون شتێکی سروشتییە و پەیوەندیدارە بە جیاوازییە کەسییەکان، ناکرێت پەیوەندیەکانمان ڕەنگرێژبکرێن بەیەک ڕەنگ و شێواز، بەڵکو بە جیاوازی و فرەڕەنگییەوە جوانین. کارەسات ئەو کاتە دەستپێدەکات کە ئەم ڕاجیایی و جیاوازییە ببێتە نەخۆشی و ژەهرێکی کوشندە کە خۆخۆریی و پارچەپارچەیی و پیلانلێکگێران و ملشکاندن بەرهەم بێنێت. کار گەیشتۆتە ئەوەی بەشێک لە مسوڵمانان بتپەرست بە ڕاستتر بزانن لە مسوڵمانەکەی بەرامبەری کە ڕاجیایی لەسەر بۆچونێک یان بابەتێکی فەرعی فیقهی لەگەڵ هەیە،

ئەمەش جگە لە کارەساتێکی گەورە هیچی تر نییە.

یەکێک لە کوشندەترین جۆرەکانی ڕاجیایی بریتییە لە «ڕاجیایی گەمژانە» (اختلاف الاهوج) ئەمیش بریتییە لە ڕاجیاییەک کە گشت پرەنسیپ و بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام لە بیری خاوەنەکەی دەباتەوە و دەیخاتە گێژاوی کوێرەوەریی، دیدلێلی، ونکردنی هاوسەنگی، دەستبردن بۆ کافرکردن، فاسقکردن و تۆمەتبارکردنی بەرامبەر. هەر ئەمەش بوو بەرهەمی ڕابەرانی قوتابخانە فیقهی‌یەکانی لەسەر دەستی شوێنکەوتەکانیانی بەبادا، کاتێک کە حیزبایەتی هزریی و دەمارگیری سیاسی لە ڕێگەی ملبادانی دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودە هاتەکایەوە، بەشێوەیەک هەر دەقێک لە گەڵ ئارەزوو و بۆچوونی ئەوان نەهاتایەتەوە بەر تەئویلکردن و تۆمەتی هەڵوەشانەوە (نسخ) دەکەوتن، سەرەنجام کار گەیشتە ئەوەی پەندە بەناوبانگەکەی سەردەمی نەفامی بە کرداری زیندوکرایەوە کە دەڵێت: (درۆزنەکەی ڕەبیعە لە ڕاستگۆکەی مضر چاکترە = كذاب ربيعة أفضل من صادق مضر).

شیاوی ئاماژەپێکردنە، پێشینە چاکەکانمان ڕاجیاییان بەکردەیی لەنێودا هەبوو، بەڵام نەبۆتە هۆکاری لێکترازان و دووبەرەکی، ئەوان جیاوازبوون بەڵام یەکگرتوو بوون. جیهانی ئیسلامی تا لەژێر هەژموونی قورئان و فەرموودەدا بوو یەک جەستە بوو، کەچی ئێستا لە حەفتا بۆ هەشتا وڵات و وڵاتۆچکە زیاترە، ئەگەرچی هەمووان بانگەواز بۆ یەکبوون دەکەن، بەڵام کارگەیشتۆتە ئەوەی یەک وڵات بەسەر چەند کیان دابەش بووە.

هیچ کێشە و دیاردەیەک بەبێ هۆکار بوونی نییە، هەمیشە قەیران بەرهەمهێنەری تەنگ و چەڵەمە و چەرمەسەرییە، کێشەی یەکتر قبوڵنەکردن و داننەنان بە ڕاجیایی بەرهەمی قەیرانی هزرە. قەیرانی سەرەکی مسوڵمانان قەیرانی هزرە، کێشەمان لە تەنگەوەهاتنی ئینتمایە، تا قورئان و فەرموودە ڕابەرایەتی هزری ئوممەتیان دەکرد، یەکبوون و یەکریزی باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا کێشابوو، لەکاتێکدا پێداویستییە سەرەکیەکانی ژیانیش بەکەمی نەبێت بەردەست نەبوون، هێشتا ئەم یەکبوونە ڕێگەی بە دابەشبوون نەدەدا و قەرەبووی کەمی پێداویستییەکانی دەکردەوە، بەپێچەوانەی ئەمڕۆ مسوڵمانان لە کاڵایان کەم نییە و لە کولەمەرگی ناژین، بەڵکو بەرهەم و ماددەی خاویشیان زۆرە، کەچی لەپێشی پێشەوەی گەلە بەکاربەرەکانن لە سەر ئاستی هەردوو بەشی هزر و ئامرازەکانی ژیان. سەرەنجام پرۆژەی گەورەیان لێونبووە و ژێرخانی هزریان تووشی دارمان و کێشە هاتووە. هیچ دەرچەیەکیش بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە نیە جگە لە چارەسەرکردنی ڕیشەکانی کێشەی هزریی و چاکسازی لە میتۆدەکانی بیرکردنەوە، هەردەبێت دوبارە دارشتنەوە بۆ بونیادی عەقڵ بکرێت و دوبارە پلیکانەی گرنگ و گرنگتر دابرێژرێتەوە، ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی گەڕانەوە و دەستگرتن بە قورئان و فەرموودە بەدیدێت.

هەروەها بە دانانی چوارچێوە و ڕێسا بۆ دانبەخۆداگرتن و دەستەبەری ڕێڕەوی هزر و بەیەکبەستنەوەی زانست و ڕەوشت، مەعریفە و ئادابەکانی بەیەکترەوە. هەروەها پەرەدان بەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی جەخت لەسەر یەکبوونی ئوممەت دەکەنەوە و دەست دەبەن بۆ زەقکردنی کۆڵکە هاوبەشکان، ئامانجە باڵاکان، یەکخستنی بەرەکان، دەستنیشانکردن و داگیرساندنی مەشخەڵەکانی ڕێگە و ڕێکخستنی هەنگاوەکان.

دواتر ناوەڕۆکی پەرتووکەکە بۆ شەش تەوەری سەرەکی دابەش دەکات، پوختەکەیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە.

**تەوەری یەکەم: ڕونکردنەوەی هەقیقەتی**

## ڕاجیایی و بابەتە پەیوەندیدارەکان:

لەم تەوەرەدا سەرەتا لەسەر پێناسە و ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی چەند چەمکێکی سەرەکی دەوەستێت، وەک: ڕاجیایی، جیاوازیی و زانستی جیاوازیبوون. نووسەر پێیوایە، ڕاجیایی (الاختلاف و المخالفە) بریتییە لە گرتنەبەری ڕێگەیەکی جیاواز لە ئەوانی تر، لە گوفتار یان کردار. ناکۆکی (الخلاف) فراوانترە لە دژیەکبوون (ضد)، چونکە دژیەکەکان هەمیشە جیاوازن، لەکاتێک هەموو ناکۆکیەک دژیەکی نییە، بۆیە دەگونجێت (الخلاف و الاختلاف) بە ناکۆکی و جیاوازی لە گوفتار، بۆچوون، شێواز، یان هەڵوێست پێناسە بکرێت. زانستی ناکۆکی (علم الخلاف) بریتییە لەو زانستەی کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت بەرهەمی زانایەک، لەلایەن شوێنکەوتووەکانییەوە، بپارێزرێت و بۆچوونی جیاوازی بەرامبەرەکەی بڕوخێنرێت، بێ گەڕانەوە و پشتبەستن بە بەڵگەیەکی دیاریکراو، چونکە ئەگەر پشت بە بەڵگە بەسترا و بەڵگە هێنانەوە هاتە ئاراوە ئەوە بابەتەکە دەچێتە چوارچێوەی ئیجتهاد و بکەرەکەی بە موجتهیدی ئوسوڵی هەژمار دەکرێت، لەکاتێک ئەوانەی سەرقاڵی جیاوازیین کاریان بە دەق و بەڵگە فقهییەکان نییە، بگرە تەنیا دەست بە قسە و بۆچوونی پێشەواکانیان دەگرن و بەڕاستی دەزانن بێ لێکۆڵینەوە و بەدواگەڕان، چونکە لە بنچینەدا ئەم جۆرە کەسانە توانای ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەیان نیە.

دواتر باس لە جەدەل و زانستی جەدەل دەکات، هەروەها لەسەر پێکهاتەی چەمکی (الشقاق) دەوەستێت. کە لە دیدی ئەودا بریتییە لە مکوڕبوونی هەر لایەک لەسەر سەپاندنی بۆچوونی خۆی، نەوەک دەرخستنی هەق و ڕاستی، دەرەنجام ناگەن بە هیچ لەیەک تێگەیشتنێک.

دواتر نووسەر باس لە قبوڵکراو و قبوڵنەکراو دەکات لە بابەتەکانی جیاوازیی و ڕاجیایی. هەندێ لە سوودەکانی ڕاجیایی پەسەند دەخاتە ڕوو کە گرنگترینیان ئەمانەن: دەرخستنی سەرجەم ئاماژەی دەقەکان، وەرزشی هزر و فراوانکردنی ئاسۆکانی بیرکردنەوە، دۆزینەوەی زیاد لە ڕێگە چارەیەک بۆ هەر کێشەیەک، ئەمانەش بە هاوڕێیەتی نیازی پاک و لە سنور و ڕەوشت دەرنەچوون بەرهەم دێت، بەپێچەوانەوە جگە لە تەفرەقە و خراپەکاری ڕاجیایی شتێکی تر بەرهەم ناهێنێت. ئینجا لەسەر جۆرەکانی ناکۆکی لە ڕوانگەی پاڵنەرەکان دەوەستێت و بەسەر سێ پاڵنەری سەرەکی دابەشیان دەکات، کە ئەمانەن:

أ/ ناکۆکی هەڵقوڵاو لە هەوەس و ئارەزوو کە هەمیشە ناپەسەندە، چونکە خۆپەرستی خاوەنەکەی دەردەخات. لە چەند ڕێگەیەوە دەزانرێت کە جیاوازی پاڵنەری ئارەزووی لە پشتە، لەوانە: ڕێگا دەرەکیەکان و ناوەکیەکان، یەکەمیان وەک پێچەوانەبوونی بۆچوون لەگەڵ قورئان و فەرمووده و عەقڵی دروست، دووەمیان: لە ڕێگەی ئاشکراکردنی دیوی شاراوەی بۆچوونەکە، هۆکاری سەرهەڵدانی و، کاریگەری بارودۆخ لەسەر خاوەن بۆچوون، زۆربەی جاریش ناوەڕۆکی بۆچوونەکە ئاماژەی جۆراوجۆری لێدەخوێنرێتەوە کە ئەشێت لە ڕێگەیە پاڵنەری ڕاستەقینەی پشت بۆچونەکە دەستنیشان بکەین، هەروەها هەرکات ڕاڕایی و دوودڵیی و ناجێگیری بە ڕاجیاوازەکەوە دیاربوو، بەڵگەیە لەسەر هەڵقوڵانی بۆچوونەکە لە هەوەس و ئارەزووەوە.

ب/ ناکۆکی هەڵقوڵاو لە هەق و ڕاستی: بریتییە لەوەی زانست و ژیریی و باوەڕ پاڵپشتی بۆچوونە جیاوازەکە بکات، ناکۆکی باوەڕداران لەگەڵ ئەهلی کوفر و دووڕوویی و مارکسیەت ....هتد بە نموونە، کە پێویستە هەموو مسوڵمانێک پەیڕەوی لێبکات.

ج/ ناکۆکی لە نێوان ستایش و لۆمەکردن: بریتییە لە ناکۆکی لەسەر شتە لاوەکیەکان کە ڕاجیایی هەڵدەگرێت، وەک جیاوازی لەسەر حوکمی دەستنوێژ شکان بە خوێن و ڕشانەوە،

# قورئان لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکی گەلانی ڕابردوو پێمان دەڵێ دووبەرەکی لەناوبەر و یەکڕیزی سەرخەرە

وتنی ئامین بە دەنگ...هتد. ئەم جۆرە ناکۆکییە شیاوی هەڵخلیسکان و تێکەڵکردنی زانست بە گومان، ڕاجح بە مەرجوح، ڕەتکراوە بە وەرگیراو.. هتد، ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک یاساوە نەبێت یەکلانابێتەوە و بەپێچەوانەوە هەوڵدان بە یەکلاکردنەوەی پرسەکە لە دەرەوەی ئەم یاسا و ڕێسایانە دەکەوێتە خانەی پاشاگەردانی و دەچێتەوە سەر خاڵی ئەلیف کە لەسەرەوە باسکرا. لە برگەکانی ئەم تەوەرەدا، نووسەر چەند قسەیەکی زانایان لەسەر ڕاجیایی دەگوازێتەوە و شیکاریان دەکات.

### تەوەری دووەم:
### مێژووی ڕاجیایی و پەرەسەندنی:

نووسەر لەم تەوەرەدا تیشک دەخاتە سەر مێژووی ڕاجیایی، لە ڕاجیایی هاوەڵان لە سەردەمی پەیامهێنەوە(د.خ)- دەستپێدەکات، ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکات، دواتر هۆکارەکەی دەگێڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی تەئویل، تەئویلیش بەسەر سێ بەش دابەش دەکات: تەئویلی نزیک، تەئویلی دوور، تەئویلیی مستەبعەد. جۆری یەکەم بەسانایی زانا پێی دەگا و دووەم لە ڕێگەی قەرینە و بەڵگەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام جۆری سێیەم بەهیچ شێوەیەک لە دەقەکە ناوەشێتەوە کە مانایەکی لەم شێوەیە بەدەستەوە بدات. دواتر لە سەر ڕێساکانی تەئویل دەوەستێت و کەمێک باس لە موجتەهیدەکانی هاوەڵان دەکات. هەروەها هۆشداری پەیامهێن لە جیاوازی و ڕاجیایی بە گرنگ هەژمار دەکات و پێی وایە بەهێزترین و کاریگەرترین خاڵی مانەوەی ئوممەت لەخۆگرتنی ڕاجیاییە و بەرگرتنە لە سەرکێشانی بۆ ئاژاوە و تێکدانی یەکریزی. دواتر باس لە ئادابەکانی ڕاجیایی دەکات لە چاخی پەیامهێن، کە لە چەند شتێک خۆی دەبینییەوە، لەوانە: تا کرابوایە خۆیان لە ڕاجیایی دەپاراست، گەڕانەوە بۆ سەر دەقەکانی قورئان و فەرموودە، تەسلیمبوون بە حوکمی خودا و پەیامهێن، دەستنیشانکردنی حوکمی دروست لەلایەن خودی پەیامهێن، خۆپارێزیی و دوورکەوتنەوە لە هەوەس، خۆدورگرتن لە قسەی توند و ناشرین، دەرنەچوون لە بابەت و، ڕێزگرتنی بەرامبەر و، گەڕان بەدوای هەق و ڕاستی.

دواتر باس لە ڕاجیایی لە سەردەمی هاوەڵان دەکات، هەر لە ڕاجیایی لە سەر هەقیقەتی مردنی پەیامهێن، شوێنی ناشتنەکەی، دەستنیشانکردنی جێنشین، شەڕکردن لەگەڵ زەکات نەدەران و هەندێ بابەتی تری فیقهی. دواتر نموونە بە ڕاجیایی نێوان هاوەڵە دیارەکان دەهێنێتەوە، وەک ڕاجیایی نێوان: عومەر و عەلی، عومەر و عەبدوڵڵای کوری مەسعود، ئیبن عەباس و زەیدی کوری سابت (ڕەزای خودا لە هەموویان بێت). دواتر باس لە سیماکانی ڕاجیایی دەکات لە سەردەمی چوار جێنشینەکە، کە گرنگترینیان ئەمانەن: کەمکردنەوەی ڕاجیایی تا بکرێت، دانانن بە هەڵە و ملکەچ بوون بۆ هەق دوای ڕوونبوونەوە و سەلماندنی، پاراستنی

برایەتی و تەبایی، خۆدورگرتن لە ڕاجیایی لە بابەتەکانی بیروباوەڕ. دواتر لەسەر ڕاجیایی لە سەردەمی تابعین و سیماکانی دەوستێت.

ئینجا چەند قسەیەک دەکات لەسەر ڕاجیایی لە سەرەتای مێژووی ئیسلام و کاریگەرییەکانی ڕاجیایی سیاسی لەسەر جیاوازییە بیروباوەڕیی و فیقهیەکاندا. ئەو پێیوایە، جیاوازییە سیاسییەکانی چاخی جێنشینەکان و، شەهیدکردنی پێشەوا عوسمان و گواستنەوەی ناوەندی جێنشینی لە مەدینە بۆ کوفە، دواتر بۆ شام و، ڕووداو و لێکەوتە پەیوەندیدارەکانی ئەم بابەتانەوە، چەند شتێکی تریان هێنایە ناو ڕاجیایی کە لە دەرەوەی چەقی بابەتەکە بوون، دواتر بارودۆخی سیاسیی و ئۆپۆزسیۆن بوون بەتایبەت لە بەسرە و کوفەی عێراق و دروستبوونی شیعەگەرێتی ژینگەیەکی بەپیتی دروستکرد بۆ کارلێکردنی هزری سیاسی و ئاڵۆزبوون و هەناردەکردنی ئاڵۆزیی و دوبەرەکی بۆ شوێنەکانی تر. دەرەنجامەکەشی بریتی بوو لە دەرکەوتنی دەیان تاقمی وەک جهەمییەکان، موعتەزیلە، خەواریج... هەڵبەستنی فەرموودە، هەڵبەستنی کۆمەڵێک چیرۆک بە پاڵنەری سیاسیی، بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە، دروستبوونی بەربەرەکانی لە نێوان عێراقییەکان و حیجازییەکان و دەرکەوتنی دەیان بابەتی فیقهی و دانانی کۆمەڵێک کۆت و بەند و مەرج بۆ وەرگرتنی فەرموودە... دواتر ڕاجیایی لە زۆرێک لە بابەتەکان لە نێوان هەر دوو قوتابخانەی کوفی و بەسرییەکان لەلایەک و عێراقیی و حیجازییەکان لەلایەکی تر دروست بوو، ڕەخنەکاریی و ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان ڕابەر و قوتابی و شوێنکەوتەی ئەم قوتابخانانە ڕوویدا. سەرەڕایی هەموو ئەمانە هێشتا پابەندبوون بە ئادابەکانی گفتوگۆ، برایەتی، ڕێزگرتن لە بۆچوونی بەرامبەر و قبوڵکردنی ڕایی جیاواز بە نەگۆڕی مایەوە. ئەوەی مێژوونووسان دەیگێرنەوە لە دڵڕەقی و تۆمەتبارکردنی بەرامبەر، تەنیا لە نێوان تاقمە عەقیدەییەکان بووە و لەسەر بابەتەکانی پەیوەندیدار بووە بە بیروباوەڕ، بۆیە سەریکێشاوە بۆ تۆمەتبارکردنی بەرامبەر بە کوفر یان فیسق یان بیدعەچێتی.

### تەوەری سێیەم:
### جیاوازی میتۆدی پێشەوایان لە هەڵێنجانی حوکمە فقهییەکان:

لەم تەوەرەدا نووسەر جەخت لەسەر بابەتگەلێکی پەیوەست بە ڕاجیایی فیقهی دەکات. سەرەتا بە شیکاری پەیکەری هەرەمی مەزهەبەکان دەستپێدەکات و ئەو پێیوایە، مەزهەبە فقهییەکان کە دوای چاخی هاوەڵان و تابعین سەریانهەڵدا ژمارەیان سیانزە مەزهەب بووە، کە هەموویان بە ئەهلی سوونە هەژمارکراون، بەڵام تەنیا بەرهەمی هەشت یان نۆ دانەیان نوسراوەتەوە، کە لە ڕێگەی بەرهەم و پاشماوەکانیان دەکرێت میتۆدەکانیان دەستنیشانبکرێن، دواتر بەکورتی باس لە خاڵە میتۆدییە جیاوازەکانیان دەکات. هەروەها بە پوختی باس لە پێکهاتەی میتۆدی پێنج مەزهەبە زیندووەکەی ئەم ڕۆژگارە دەکات، کە ئەمانەن: حەنەفی، مالیکی، شافیعی، حەنبەلی و زاهیری. دواتر کۆمێنتێک لەسەر جیاوازی نێوانیان دەنوسێت و دەڵێت:

«لەڕاستیدا زۆربەی بنچینە ئوسوڵیەکانی پاڵدراو بۆ پێشەواکان، بریتین لەو بنچینانەی کە لە بنچینەدا لەسەر وتەکانیان بیناکراون—أصول مخرجە علی أقوالهم، کە ناتوانرێت بسەلمێنرێن کە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو بنچینە ئوسوڵیانە ئەو پێشەوایانەن کە وەک خاوەنیان ناسێنراون. بۆیە دەستپێوەگرتن، بەرگریلێکردن، زۆر لەخۆکردن بۆ ڕەتکردنەوەی ڕەخنەلێگرتن و وەڵامدانەوەی بەرامبەرەکانیان، سەرقاڵبوون بەو بازارە و دورکەوتنەوە لە قورئان و فەرموودە، گشتی بریتییە لە لێکەوتەی ئەو ڕاجیایی و جیاوازییە

نەشیاوەی کە هەرگیز پێشەواکان مەبەستیان نەبووە، سەرەنجام پاشینەکان شتە گرنگەکانیان لە ئوممەت دورخستەوە و سەرقاڵیان کردن بە شتی پوچ و لاوەکی تا ئوممەتیان بەم ڕۆژە گەیاند لە گەوزین و دارمان».

### تەوەری چوارەم: هۆکارەکانی ڕاجیایی و پەرەسەندنیان:

نووسەر پێیوایە، گرنگترین هۆکارەکانی ڕاجیایی لە سەردەمی پەیامهێن- تا سەردەمی فەقیهەکان بریتییە لە سرووشتیبوونی ڕاجیایی و هاتنەوەی لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی هزریی و عەقڵی مرۆڤەکان، هەروەها ئاماژە دەکات بۆ ئەم پرسە و دەنوسێت، ئەگەر دانماننا کە ڕاجیایی شتێکی ئاسایی و سروشتییە و، دەرەنجامی جیاوازی هزر و، تێگەیشتن و عەقڵی مرۆڤەکانە، دەبێت دانیش بەوە بنێین کە لە سەردەمی پەیامهێن و چوار جێنشینە بەڕێزەکە بە کرداری ڕوویداوە، ڕووداوگەلێکی ئەو سەردەمانیش ئەم ڕاستییە پشتراست دەکەنەوە.

دواتر لەسەر پرسی جیاوازی نێوان چەمکەکانی ڕاجیایی و ناکۆکی (الاختلاف والخلاف) دەوەستێت، ئەو پێیوایە: هەر جیاوازییەک دوو خاڵی تێدا بێتەدی بریتییە لە ڕاجیایی، بەپێچەوانەوە ناکۆکییە، یەکەمیان: هەردوولا بەڵگەیەکیان بەدەستەوە بێت و پشتی پێببەستن، چونکە هەرکات لایەنێک بەڵگەی نەبوو، ئیدی خاوەن بەڵگە براوە دەبێت. دووەم: نابێت وەرگرتن و چوونەسەر بۆچوونی بەرامبەر بە بڤە و ئەستەم هەژماربکرێت، هەرکات ئەمە ڕوویدا، لە بنچینەوە بابەتەکە شیاوی گفتوگۆکردن نییە، چونکە لە ڕاجیایی چۆتە دەرەوە. بۆیە ڕاجیایی یەکێکە لە سیماکانی ژیرمەندی و کۆشش، زۆربەی کات ڕێگا و هۆکارەکانیشی میتۆدیی و لۆژیکین، بۆیە ئەم دوو خاڵەی سەرەوەی تێدا بەدیدێن، بەپێچەوانەوە ناکۆکی یەکێکە لە سیماکانی پێداگری و گرژیی و هەوەسبازی، هۆکارەکانی بکوژی بابەتی بوونن، بۆیە ناپەسەندە و پێویستە هەوڵی بنبڕکردنی بدرێت.

دواتر باس لە هۆکارەکانی ڕاجیایی لە نێوان فەقیهەکان دەکات، گرنگترینیان لەمانەی خوارەوە کورت دەکاتەوە:

هۆکارە زمانەوانییەکان، هۆکارەکانی پەیوەست بە گێڕانەوەی فەرموودەکان، ڕاجیایی لەسەر واتای فەرموودە و لێوەرگیراوەکانی، ڕاجیایی لە دەرەنجامی جیاوازی ڕێسا ئوسوڵییەکان و ڕێساکانی هەڵێنجانی حوکمە فیقهییەکان. بەم بڕگەیە کۆتایی بە تەوەری چوارەم دێنێت.

### تەوەری پێنجەم: مەشخەڵەکانی ڕاجیایی لە نێوان پێشەوایان و ئادابەکانی:

فەقیهەکان لە زۆر شت ڕاجیاییان هەبووە، ئەم ڕاجیاییەش تا ئەو شوێنەی گەیشتۆتە لێواری ناکۆکی و هەوەس و لەتکردنی یەکڕیزی بریتی بووە لە ڕاجیاییەکی قبوڵکراو و مانەوە لەسەر هیدایەت. هەوڵەکانی بەشێک لە فەقیهەکان لە لێکۆڵینەوەکانیان بریتی بووە لە جەختکردنەوە لە بۆچوونی دروست و، ڕاستکردنەوەی بۆچوونە هەڵەکان و، داوای لێخۆشبوون بۆ خاوەنەکانیان و پێبردنی گومانی باش. لە هەرشوێنێکیش پێویست بوبێت بێسڵەمینەوە بۆچوونی بەرامبەرەکەیان وەرگرتووە و بەپێچەوانەی بۆچوونی مەزهەبەکەیان کاریان کردووە. دواتر نووسەر ئاماژە بۆ کۆمەڵێک نموونە دەکات و گرنگتریان پەیامەکەی لەیسی کوڕی سەعدە بۆ پێشەوا مالیک و بە نایابترین نموونەی ڕاجیایی دەناسێنێت، کە تیاییدا لەیس بەجوانترین شێوازی زانستی سەرنجەکانی لەسەر بەشێک لە بۆچوونە جیاوازەکانی لەگەڵ پێشەوا مالیک دەخاتە ڕوو. پاشان نموونە بە ئادابەکانی ڕاجیایی لە نێوان فەقیهەکان دەخاتە ڕوو، وەک: ئەبو حەنیفە و مالیک، محەمەدی کوڕی حەسەن

# مەزهەبە فقهییەکان کە دوای چاخی هاوەڵان و تابعین سەریانهەڵدا ژمارەیان سیانزە مەزهەب بووە

و مالیک، شافیعی و محەمەدی کوڕی حەسەن، مالیک و ئیبن عویەینە، مالیک و شافیعی، ئیبن حەنبەل و مالیک. دواتر هەندێ لە قسەی زانایان لەسەر ئەبو حەنیفە و شافیعی دەگوازێتەوە، پاشان چەند قسەیەک لەسەر پەیوەندی نێوان ئەحمەد و شافیعیش دەکات.

### تەوەری شەشەم و کۆتایی: ناکۆکی (الخلاف)- لە سەدەکانی دواتر و ئادابەکانی:

بەر لە سەدەی چوارەم ئیجتیهاد و هەڵێنجانی حوکمەکان لە سەرچاوە سەرەکییەکان تایبەت قورئان و فەرموودە بەردەوام بوو، دواتر دەستگرتن بە تەقلید و، چەقبەستوویی ئیجتهاد و، پابەندبوون بەیەک مەزهەب و لێ لانەدانی بووە دیاردە. دوای سەدەی چوارەم لێکەوتەکانی دابڕانی نێوان ڕابەرە هزرییەکان و ڕابەرانی سیاسی بەتەواوەتی دەرکەوتن، فیقهی گریمانەیی دەستی بەسەر عەقڵی مسوڵمانانادا گرت، بەم هۆیەوە عەقڵ لە واقیعی ژیان دورکەوتەوە، زۆربەی بابەتە فقهییەکان وەک دەرەنجامی ئەم فیقهە و بابەتە ڕاجیاییەکان لەدایکبوون. ئامانجی فیقە بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا هات، لەبری وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی خەڵک و ڕێکخستنی ژیانییان بوو بە ئامرازێک بۆ بیانوو هێنانەوە و شەرعاندنی ئەمری واقیع بۆ دەسەڵات و دەسەڵاتداران، کارگەیشتە ئەوەی کارێک لای فەقیهێک حەڵاڵ و لای ئەوی تر حەرام بوو، چەندین دەروازەی نوێ بۆ ئەم واقیعە نەخوازراوە کرانەوە، تا کار گەیشتە ئەوەی دەروازەیەکی فیقهی لەژێر ناونیشانی دەرچە و تەڵەکە (المخارج والحيل) بونیاد بنرێت، تەنانەت شارەزایی زیاتر لەو دەروازەیە بە ئاسۆ فراوانی هەژماردەکرا.

تەقلید و دەرەنجامەکانی: چارەنووسی ئیجتیهاد کەوتە دەستی کۆمەڵێک کەسی نەشیاو کە بە هەوەسی فەرمانڕەوا ملی دەقەکانیان بادەدا، چاکسازەکان و دڵسۆزان تەنگەتاوبوون بۆ چارەسەری دۆخەکە و پاراستنی دین و ژینی خەڵک، جگە لە دەستگرتن بە تەقلید دەرچەیەکی تریان نەدۆزیەوە بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە، چ کارەساتێک بووە کە تاکە دەرچەی دۆخەکە تەقلید بوبێت؟!. زۆربەی زاناکان متمانەی خەڵکیان لە دەستدا، بۆیە خەڵک بەناچاری گەڕانەوە سەر بۆچوونی زانایانی پێشین، تەنانەت متمانەیان بە حوکمی هیچ دادوەرێک نەبوو مەگەر هاوتای فەتوای یەکێک لە چوار پێشەواکە بوایە. سەرەنجام ئیمامی حەرەمین فەتوای پێویستییەتی تەقلیدی بۆ خەڵکی ئاساییدا و، ئیبن صەلاحی شارەزووریش داخستنی دەرگای ئیجتیهادی بە ڕووی زانایان بە پێویست زانی و، ئوممەت کەوتە گێژاوی چەقبەستن و تەقلید و، هزر لە جوڵە کەوت و، داری ئیجتهاد بە زڕ و نەزۆک هەژمارکرا و، نەزانی و ئاژاوە باڵی بەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامی کێشا، دواتر خورافە و، هەڵیت و پەڵیت و، بیدعەسازی سەریهەڵدا و، دەرگای ڕووخانی ژیاری ئیسلامی

به ڕووی دوژمنان کرایەوە.

باری ئوممەت لە سەردەمانی دواییدا: بە کورتی بیروباوەڕ خامۆش، باوەڕ لاواز، ئاکار لار، بەردەوامی لەرزۆک، هزر چەقیبەست، ئیجتیهاد لەکارخرا، فیقە ونبوو، بیدعە هەستایەوە، سوننەت نوێنرا، هۆشیاری باریکرد، بۆیە ڕۆژئاواییەکان هەلیان قۆستەوە و وڵات داگیر و ژیار تالانکرا. لەپێناو هەستانەوە، جارنامەی چاکسازی جارڕیدا، ڕابوونی ئیسلامی بەرپابوو، دەیان ڕەوت لەدایکبوون، دیسان ناکۆکی سەریهەڵدایەوە، هەندێ سەلەفی، بەشێ مەزهەبی، سۆفی لەلایەک و ئەهلی حەدیس لەلایەکی تر و لامەزهەبیش سەربار و بنبار، دەرەنجام تۆمتبارکردن بە دەیان ناتۆرە دەستییپێکرد، تەکفیر و تەفسیق و بیدعەچی و لادەر و گومڕاکار، کرێگرتە و جاسوس، دەیان ناتۆرەی تر...مسوڵمانان لەبری دوژمن بەیەکترەوە خەریک بوون، دوژمنیش دەستی لە قوڵکردنەوەی ناکۆکیەکان زیاتر ڕۆبرد.

بۆیە: هەڵگیرساندنی (الخلاف)- ناکۆکی و دنەدانی هۆکارەکانی بریتییە لە خیانەتیی گەورە لە ئامانجەکانی ئیسلام و، ڕوخێنەری ڕابوونی ئیسلامییە و، مرێنەری ئومێدەکانی ئوممەتە و، بەربەستی بەردەم کاروانی ئیسلامە و، لەتکەری هەوڵی دڵسۆزانە و، بەهەدەردانی توانا و، وزە ماددیی و مرۆییەکانە. کاری لە پێشینەش دوای باوەڕ بریتییە لە یەکخستنی تاقمە جۆراوجۆرەکان و، بنبڕکردنی سەرجەم کارەکتەرەکانی ناکۆکی یان سنورداركردنی و، مامەڵەکردن لەگەڵی چەشنی پێشینی ئوممەت.

## هۆکارەکانی ڕاجیایی لەم سەردەمە:

دیارترینیان بریتین لە نەزانی یان زانستێکی کەم و کورت بەرامبەر ئیسلام. بەر لە هاتنی داگیرکەران مسوڵمانان تووشی ئەم دەردە ببوون، بەڵام دوای داگیرکەر لە ڕێگەی دارڕشتنی پرۆگرامەکانی خوێندنی هاوچەرخ و، لەژێر پەردەی چاکسازی دڕۆینە و، پەرەپێدانی سێکتەرەکان و، جیاکاری دین و دەوڵەت لەیەکتر و، پشتکردن لە یاساکانی ئاین، دەردەکە قوڵتر کرایەوە. ئەگەرچی بەشێک لەم بانگەشانە بۆ ئەوروپا و ڕۆژئاوا ڕاست بوون، بەڵام هەرگیز بۆ ئیسلام ڕاست نەبوون، چونکە ئاینەکەی ئەوان بەلاڕێدا برابوو، ئیسلام بە پاکی و چاکی پارێزراو بوو.

ڕێگەی دەربازبوون: یەکەم: ئەرکی مسوڵمانە دڵسۆزەکانە، لەسەردەستی زانا متمانەپێکراوەکان کۆمەڵێک خوێندکاری کارامە لەسەر زانستە شەرعییەکان پەروەردە بکەن و، لەولاوە کۆمەڵێکی تر لەسەر زانستە هاوچەرخەکان پێبگەینن، ئینجا هەردوو تاقمەکە بە دەستەجەمعی لەژێر ڕۆشنایی وەحی خودایی و زانستە هاوچەرخەکان نەخشەڕێگای ڕابوونی ئیسلامی دابرێژن.

دووەم: ڕاستکردنەوەی ڕێرەوی هزری مسوڵمانان، بەشێوەیەک کە بتوانێت قەیرانی هزری چارەسەر بکات، ئەو قەیرانەی دەستی خستۆتە بینەقاقای دامەزراوەکانی ئوممەت، ڕۆژبەرۆژ هۆشیاری گەل و مەعریفە و پەروەردەکەی ڕوو لە لێژین، ئەبێ دانبنێین بەوەی دامەزراوە پەروەردەییە جۆراوجۆرەکان دەستەوەستانن لە پێگەیاندنی مسوڵمانێکی هاوسەنگ، چونکە ئەو زانکۆیانەی لەسەر شێوازی ڕۆژئاوایی بیناکراون واینابینن ئەرکیان بریتی بێت لە پێگەیاندنی زانای مسوڵمانی توانادار لەسەر پێشکەشکردنی دیدگایەکی ئیسلامی لە بوارە هەمەچەشنەکانی زانست، بگرە تەنیا کار دەکات بۆ پێگەیاندنی مامۆستا بە بەرهەم و زانست و هونەرەکانی ڕۆژئاوا. دامەزراوە پەروەردەییەکانی تری ڕۆپۆشکراو بە زانستە شەرعییەکانی وەک ئەزهەر و زانکۆکانی هاوشێوە، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەیشش بیانتوانیبێت هەندێ پسپۆڕی زانستە شەرعیەکان پێبگەینن، بەڵام بەداخەوە لە ئاستی

خواست و ئاڵنگارییەکانی سەردەم نەبوون و نیین. هەربۆیە هزری ئیسلامی تووشی گەماڕۆدان هاتووە و، توانای گۆڕانکاری لە ژیانی گەل نەماوە و، ئاسۆکانی هزر بەڕووی هزر و ئایدیا جۆراوجۆرە دژ بە ئیسلامەکان کراونەتەوە، چاولێکەری ڕۆژئاوایی بۆتە شانازی و، دەستەوەسانی لە چارەسەرکردنی بوارەکانی سیاسەت و ئابووریی و ڕێکخستن و بەرزەفتکردنی کۆمەڵایەتی بۆتە واقیع.

گومان لەوەدانییە کە زۆر پێویستمان بە هزرێکی ئیسلامی دروستە لەسەر ڕۆحی سرووش و ئیسلام و ئامانجە باڵاکان و ڕێسا گشتییەکان بیناکرابێت، ڕیزبەندی گرنگی حوکمەکان لە ڕوانگەی قورئان و فەرموودە ڕێکبخات و بەوردی لێکۆڵینەوە لە شێوازی مامەڵەکردنی پێشین لەگەڵ قورئان و فەرموودە بکات و پەندی لێوەربگرێت، لەپێناو پێشکەشکردنی چارەسەری پێویست و گونجاو بۆ کێشە هاوچەرخەکانی ئوممەت و، باوەڕی تۆکمە لای تاکەکان دروست بکات، کە ئیسلام تاکە ڕێگەی ڕزگاریی گشت کێشەکانە و، باوەڕێکی تۆکمە بێتە بەرهەم کە لە ڕێگەیەوە هانی ئوممەت بدرێت کە بە هۆشیاریی و ئاگاییەوە ئاوڕ لە بنەما هزرییە ئیسلامییەکان بداتەوە و لە کاروباری دین و ژین پیادەیان بکات و سوودیان لێوەربگرێت.

کۆتایی: گرنگترین دەرەنجامەکانی پەرتووکەکە ئەمانەن: پێویستیەتی پێگەیاندنی نەوەیەکی جۆشکراو بە زانستە شەرعیەکان و زانستە هاوچەرخەکان لە ڕێگەی میتۆدێکی تۆکمە. هەروەها شەریعەتی ئیسلام بۆ خۆشبەختکردنی مرۆڤ هاتووە لە دنیا و دوارۆژ و، هەوڵی جێبەجێکردنی خواست و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ دەدات، هەرگیز داوای شتێک لە مرۆڤ ناکات لە توانایدا نەبێت. تێگەیشتن لە سروشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی خەڵک و خوێندنەوەی واقیع لەژێر ڕەهەندەکانی کات و شوێن کارێکی لەپێشینەیە و، بەرزترین و باشترین خواپەرستی و فەرز بریتییە لە برایەتی مسوڵمانان و پاراستنی یەکریزی و، هاوشێوەی پێشین مەبەست لە ڕاجیایی هۆکاری بابەتی و بەرژەوەندی دین و ژینی خەڵک بێت و لە چوارچێوەی ئادابە شەرعییەکانی دەرنەچێت.

هەڵوێستی خوێنەران بەرامبەر پەرتووکەکە: دوابەدوای چاپ و بڵاوبونەوەی چەندین کەسایەتی و دەستە و تاقم هەڵسەنگاندنیان بۆ کردووە، نووسەریش بەسەر پێنج جۆر دابەشیکردوون:

یەکەم: زۆرترین خوێنەرەکانی پێشوازیان لێکرد و بۆ سەر چەند زمانێکی تر وەرگێردرا.

دووەم: چینێکی خەمخۆر و تێگەیشتوو لە ئازار و دەردەکانی ئوممەت خۆزگەخوازبوون کە ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکە لە زەمینەی کرداری بەرجەستە بکرێت و کێشە هاوچەرخەکان چارەسەر بکات، چونکە وڵاتی ئیسلامی وا هەیە لە دەرەنجامی ئەم کێشانە بزوتنەوەیەکی ئیسلامی تیایدا بۆ نەوەد و سێ بزوتنەوەی سەربەخۆ دابەش بووە.

سێیەم: تاقمێکی تری دڵسۆز ئاواتەخوازبوون کە ئەم پەرتووکە فراوانتربا و پانتاییەکی گەورەتری لە نموونەی زیندوو لە ئادابەکانی ڕاجیایی لەئامێز گرتبا.

چوارەم: تاقمێکی تری دڵسۆز پێشنیازی کرد، پەرتووکەکە لە چوارچێوە فقهیە ئەکادیمییەکە دەربچێت و سەرجەم جۆرەکانی ڕاجیایی لە نێوان دەستە و تاقمە ئیسلامییەکان لە خۆبگرێت.

پێنجەم: کۆمەڵێکی بچوک نکۆڵیان لە پێویستی هەبوونی پەرتووکێکی لەم چەشنە کرد، بەبیانووی ئەوەی کە مسوڵمانان نابێت ڕاجیایی و جیاوازییان هەبێت، لە کاتی ڕوودانیشی پێویستە بە حەرام و کوفر هەژماربکرێت. ئەمەش لە ڕووی عەقڵ و شەرعەوە گونجاو و ڕەوا نیە و ڕەخنەیەکی بێبنەماییە.


**ئەم پەرتووکە و وەرگێڕانی بۆ کوردی:**

ئەم پەرتووکە دوو جار وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی، جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٩٤ و جاری دووەم ٢٠١٦. پرسیارەکە ئەمەیە بۆچی دووجار؟ دوای بەدواداچونێکی مەیدانی بۆمان دەرکەوت کە ئەم پەرتووکە جاری یەکەم بەناونیشانی (ئەدەبی ئیختلاف لە ئیسلامدا) چاپکراوە و تەنیا ناوی پێداچووەوەکانی لەسەر نوسراوە و ناوی وەرگێڕ نەنوسراوە، کە ئەمەش جیا لەوەی ستەمێکی روونە لە وەرگێڕ کراوە، لە رووی ئەکادیمیشەوە عەیبەیەکی گەورەیە. سەرەڕای باس نەکردنی ناوی وەرگێڕ چەندین چەمکی ناو پەرتووکەکەش شێوێنراون، کە بەهیچ شێوەیەک ناچنەوە سەر نوسخەی پاک نوسکراو لەلایەن وەرگێر، کێ ئەمەی کردووە و بۆچی کراوە؟ گرنگ نییە بەقەد گرنگی ئەوەی کە ئەم سێ هۆکارە: ئاماژەنەکردن بەناوی وەرگێر، شێواندنی بەشێک لە چەمکەکانی و، گرنگی ناوەڕۆکەکەی و پێویست بوونی بۆ ئەمرۆی کوردستان لەکاتی وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی، هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئەوەی جارێکی تر وەربگێڕدرێتەوە بۆ زمای کوردی و بەتۆکمەی وەربگێڕدرێتەوە.

وەرگێڕدراوی دووەم، بە ناونیشانی (ئەدەبی جیاوازیی ڕاوبۆچون لە ئیسلامدا) لەلایەن مامۆستا (نەوا محمد سعید) تەرجەمەکراوە، لەلایەن (نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن) چاپکراوە. وەرگێر لە پێشەکیەکەیدا ئاماژە بۆ دوو تێبینی زۆر گرنگ دەکات، یەکەمیان: پێشەکی نوسخە عەرەبیەکەی کە دوانزە لاپەڕەیە بەبیانووی درێژیی و پێویست نەبوون قرتاندووە، دووەمیان: بابەتی (التأويل وأنواعه) کە نزیکەی هەشت لاپەڕەیە بەهەمان شێوە بەبیانووی پێویست نەبوون و پەیوەندی نەبوونی ڕاستەوخۆی بە ناوەڕۆکی پەرتووکەکەوە قرتاندووە.

بە بۆچوونی خاکیانەی بەندە باشتر وابوو پەرتووکەکە چۆنە وەک خۆی وەرگێردرابوایە، چونکە لە برگەی یەکەمدا (مامۆستا نەوا) ئاماژەی بەم دوو تێبینیە کردووە، ڕاستەوخۆ خوێنەر هزری بۆ ئەوە دەچێت کە ئەم پەرتووکە وەرگێڕدراوی دەقاودەقی نوسخە عەرەبییەکە نییە. تێبینی دووەم سەبارەت بە بابەتی تەئویل، زۆر پێویست بوو ئەمیش وەرگێڕدرایە، چونکە نوسەری کتێبەکە (د.تەها) لەو بەشدا دەست لەسەر خاڵی سەرەکی ڕاجیایی نێوان هاوەڵان دادەنێت، چەند جۆر تەئویل هەیە و زەوابیتەکانی تەئویلی دروست چین، تەئویلی نادروست و دور لە دەق کامەیە، کە لە ڕێگەیەوە خوێنەر ئاشنایی سەرچاوەی بابەتی ئیختلافی نێوان هاوەڵان دەبێت و بۆشی دەردەکەوێت کامە جۆری ڕاجیایی بابەتییە و کامەیان نا بابەتییە. لەگەڵ ئەمەشدا وەرگێردراوی دووەمی پەرتووکەکە زۆر بەنرخە و پێویستە بە بایەخەوە لێیبڕوانرێت و بە پەرۆشەوە بخوێنرێتەوە.

# ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان هاوەڵان




ڕاناني: ئیدریس سیوەیلی

ئەم کتێبە لە نووسینی (محەمەد بن موختار شەنقیتی) و وەرگێڕانی (ڕێدار ئەحمەد)ە، کتێبی ژمارە (١٠)ی ناوەندی هزریی و ڕۆشنبیریی (خاڵ)ە، لە (٢٠١٧) لە چوارچێوەی (٣١٥) لاپەڕەی قەبارە مامناوەند چاپکراوە. ناوەڕۆکی کتێبەکە پێکهاتووە لە: دوو پێشەکی لەلایەن هەردوو زانا و کەسایەتی ناسراوی ئیسلامیی یوسف قەرزای و ڕاشد غەنووشی، پێشەکیی نووسەر، ناوەڕۆکی کتێبەکە کە (٢٢) ڕێسایە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان هاوەڵانی پێغەمبەر (د. خ)، چەند سەرنجێک لەسەر مەنهەجی هەردوو زانای ئیسلامیی ئیبن تەیمییە و ئیبن عەرەبی، پاشکۆیەک کە چەند سەرنجێکە لە وەڵامی (منیر غەزبان) کە ناوبراو نووسینێکی ڕەخنەئامێزی لەسەر چاپی یەکەمی ئەم کتێبەکە نووسیوە و شەنقیتی سەرنجی خۆی لەسەر وەڵامەکان دەنووسێت، لیستی سەرچاوەش لە کۆتایی کتێبەکەدا هاتووە.

هەردوو نووسەر قەرزاویی و غەنوشی ستایشێکی زۆری ئەم بەرهەمەی شەنقیتی دەکەن، پێیانوایە بەرهەمێکی ناوازەیە و کارێکی نوێیە و شایانی خوێندنەوەیە، بەڵام قەرزاوی چوار ڕێسای تریش پێشنیار دەکات کە بە بڕوای ئەو ئەگەر بخرێنە پاڵ ڕێساکانی تری ناو کتێبەکە وێنەی گشتیی کارەکە تەواوتر دەبێت، چوار ڕێسا پێشنیازکراوەکەی قەرزاوی ئەمانەن:

١- باوەڕبوون بە باشێتی سێ سەدەی یەکەمی ئیسلام.

٢- بڕوابوون بەوەی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران بەشێکن لە ئومەت و هەموو ئومەت نین.

٣- جەختکردنەوە لەوەی کە بەردەوام ئیسلام مەرجەعی باڵا بووە.

٤- هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان لە چوارچێوەی سەردەمی خۆیدا.

ئەم کتێبە بۆچی؟

شەنقیتی لە چەند شوێنی جیاوازدا دەخوازێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئەم کتێبە بۆ نووسراوە؟ ئامانج لێی چییە؟ چی نوێی تێدایە بۆ خوێنەر؟ لەوانەیە ئەمەش ئەو پرسیارە سەرەکییە بێت کە خوێنەری جددی لە بەردەم هەر کتێبێکی نوێدا هەڵوەستەی لەسەر بکات، شەنقیتی لەوبارەوە دەڵێت: ئامانجی ئەم کتێبە یارمەتیدانە لەسەر بونیادنانی هۆشیارییەکی مێژوویی هاوسەنگی ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان هاوەڵان، لەگەڵ ڕامان لەسەر ئەوەی کە شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە و هەندێک لە فەرمودەناسان لەبارەیەوە خستویانەتەڕوو، چونکە هاوەڵان نەوەی دامەزرێنەری مێژووی ئیسلامن و بناغەی یەکەم دەوڵەتی ئیسلامییان دامەزراند و سنورەکەیان فراوان کرد. ئەو ناکۆکییە سیاییانەی لە نێوان هاوەڵان ڕوویدا باڵی بەسەر هەموو قۆناغەکانی مێژووی ئیسلامیی کێشاوە و شارستانییەتی ئیسلامیی بە ڕەنگ و جۆرێکی تایبەت ڕەنگڕێژ کرد، هەروەک لێکۆڵینەوە لەو قۆناغە مێژووییە هەستیارە بە شێوەیەکی ورد دەتوانێت لێکەوتە خراپەکانی کاریگەر بەو قۆناغە مێژووییە کە تائێستا هەن تێپەڕێنێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو کەسانەی پێشتر لەوبارەوە لێکۆڵینەوەیان کردووە ڕێگەیەکی ناوەندگیریان نەگرتوەتەبەر و کەوتونەتە زیادەڕۆیی لەو بابەتەدا.(ل٦٢- ٦٤).

ئەوەی شەنقیتی جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم بەرهەمە زۆرتر بەلای فیقهی سیاسیدا دەچێت نەک مێژوو، ئەو مەبەستیەتی جیاکاری لە نێوان وەحی و مێژوو، کەس و بنەمادا بکات، بۆیە ڕێبازی زانایانی جەرح و تەعدیل پەیڕەو دەکات لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو قۆناغە هەستیارەی مێژووی ئیسلام، ئەمەش لە گێڕانەوەی ڕووداوە مێژوویەکاندا نا، بەڵکو لە ڕوانگە فیکرییەکانەوە، کە ڕێساکانی لێ هەڵگۆزیوە. نووسەر وریایانە دەرکی بەو پەیوەندییە سیستماتیکییە کردووە کە لە نێوان ڕەگەزدۆزی شەرعی (التاصیل

# دەبێت بەرگی پیرۆزی لە خوێندنەوەی مێژوو دارنین، مێژوو بەرهەمی دەستی مرۆڤەکانە لە دیدی ئیسلامیشدا مرۆڤەکان پیرۆز نین

الشرعي) و هۆشیاری مێژوویدا هەیە، زۆرجار هەڵوێستە شەرعییەکانی زانا موسڵمانەکان بەرئەنجامی ڕوانینیانە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان، لەوانەیە سادەترین نموونە لەم بوارەدا ئەوەبێت کە بەراورد لە نێوان تێڕوانینی دوو زانای گەورەی ئیسلامیی دەکات بۆ بنەما شەرعییەکان لەو نێوەندەدا تێروانینیان بۆ شورا و خیلافەت، ئەو بەراورد لە تێڕوانینی ئین تەیمییە و ئیبن عەرەبی دەکات، چونکە هۆشیاری مێژوویی ئەو دوو کەسایەتییە کاریگەری هەبووە لەسەر تێڕوانینەکانیان، بەنموونە تێروانینیان بۆ شەرعیەتی دەسەڵاتدار کە کرۆکی کێشەیەکی گەورەیە لە شارستانییەتی ئیسلامدا، ئیبن عەرەبی هیچ سەنگێک بۆ بۆچوونی ئومەت لە هەڵبژاردنی سەرکردەکانی دانانێت، پێیوایە بە بەیعەتپێدرانی کەسێک یان دوان خیلافەت دادەمەزرێت، لەمەشدا دەیەوێت ڕاڤەی بەیعەتپێدانی ئەبوبەکر لەلایەن عومەرەوە لە شەوی سەقیفەدا و جێگرتنەوەی عومەر لە ڕۆژی کۆچی دوایی ئەبوبەکر وا بخاتەڕوو کە ئەو مانا چەوسێنەرە ستەمکارییە دەبەخشێت، بەڵام ئیبن تەیمییە سەردەمی ڕاشدین لەوە بێبەری دەکات و پێیوایە ئەگەر عومەر و کۆمەڵێک بەیعەتیاندا بە ئەبوبەکر و هاوەڵانی تر ئامادەنەبوون بەیعەتی پێبدەن، ئەوا تەنها بەوە نەدەبوو بە پێشەوا، بەڵکو بە بەیعەتپێدانی لەلایەن خەڵکەوە بووە خەلیفە. ئەم ڕەگەزدۆزیە شەرعییەی هەریەک لەو دوو زانایە لە ڕێژەی هۆشیاری مێژوویی هەریەکەیانەوە سەرچاوەی گرتووە.

### ئیبن تەیمیەی توندڕەو!

ئەوەی زۆرتر لەناو ڕۆشنبیراندا باوە، وێناکردنی ئیبن تەیمیەیە وەک کەسێکی بیرتوند، بەشێوەیەک کە زۆرجار بۆچوون و بەرهەمەکانی دەخرێنە خانەی ڕیشەدارکردنی بیری توندڕەوی، بەڵام شەنیقیتی لەم بەرهەمەدا پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی سەلماندووە، ئەو لەم کتێبەدا پشتئەستوور بە میتۆدی ئیبن تەیمییە و ئەوەی لە کتێبەکانیدا بەتایبەت هەردوو کتێبی (منهاج السنة النبوية) و (مجموع الفتاوى) دەربارەی ئەو قۆناغەی ئەو لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە نووسیویەتی قسەیەکی جیاواز لەوانی تر دەکات، لەبەر ڕۆشنایی بەرهەمەکانی ئیبن تەیمیە (٢٢) ڕێسا دادەڕێژێت وەکو بنەمایەکی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکانی سەرەتای ئیسلام و ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان هاوەڵان، چونکە ئیبن تەیمییە لە ماوەی ژیانیدا لەناو ئەو ناکۆکیانەدا ژیاوە کە ئومەتی ئیسلامیی پێوە تلاوەتەوە، هەربۆیە وریایانە درکی بەوە کردووە کە ئەوانەی بەشداری لەو ناکۆکیانە دەکەن لە دوو خاڵدا گرفتیان هەیە:

١- بێئاگایی لە بابەتی ناکۆکیەکە و کەمتەرخەمی لە گەڕان و تاوتوێکردنیدا وەک پێویست، لە هۆکار و پاڵنەرەکانی ڕووداوەکانیان نەکۆڵیوەتەوە.

٢- ستەمکردن لەلایەک لە دوولا ناکۆکە بە دەمارگیریی و سنووربەزاندن، یاخود چاوپۆشی لەلایەک و موجامەلەکردنی لاکەی تر.(ل٧٩- ٨٠)


هەربۆیە بە بڕوای ئیبن تەیمییە هەر قسەکردنێک لەسەر ناکۆکی نێوان هاوەڵان پێویستی بە زانست و دادگەری هەیە. لێرەوە بەرهەمەکانی ئیبن تەیمییە بوونەتە سەرچاوەی ئیلهامبەخش بۆ ئەم کتێبەی شەنقیتی، ئەویش بەگێرانەوەی ناکۆکییەکان نا، بەڵکو دەرهێنان و هەڵهێنجانی ئەو ڕێسایانەی کە ئیبن تەیمییە لە نووسینەکانیدا باسیکردون لە ڕێگەی ئاماژەدان بۆ شیکاری ناکۆکییەکانی نێوان هاوەڵان. بەڵام ئەمەش وای نەکردووە کە شەنقیتی خۆی ڕادەستی تەواوی تێڕوانینەکانی ئیبن تەیمییە بکات، بەڵکو لە بەشێکی کتێبەکەیدا چەند تێبینیەک لەسەر مەنهەجی ئیبن تەیمیە دەخاتەڕوو لەوبارەوە دەڵێت: «هەرچەندە ئیبن تەیمییە هەوڵیداوە هاوسەنگی خۆی بپارێزێت و لە زۆربەی کاتەکان لەمەدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام هەندێکجار زۆرلەخۆکردن و شڵەژان، هەندێکجاریش دژیەکی لە هەندێک بەرگریدا لە سەرکردەکانی سوپای شام لە (صەفین) بە گشتیی و مەعاویە بەتایبەت دەردەکەوێت، ئیبن تەیمییە لە قسە لەسەرکردنی (صەفین) دەشڵەژێت». (ل٢١٣ – ٢١٤)

شەنقیتی بەوردی ئەو بنەمایانەی دیاریکردووە کە پێویستە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قۆناغی پڕ لە کێشمەکێشم و ناکۆکی نێوان هاوەڵان لە سەدەی یەکەمی کۆچی، ئەو (٢٢) ڕێسایەی شەنقیتی هەڵیهێنجاوە، دەکرێت ببنە بناغەی مامەڵەکردن لەگەل ئەو قۆناغە هەستیارەی مێژووی ئیسلام، قۆناغێک کە برینی کردە جەستەی موسڵمانان و سوێیەکی خستووەتە ناو جەرگی کۆمەڵگەی ئیسلامی تا هەنوکە نەک شوێنەواری برینەکەی سارێژ نەبووە، بەڵکو قوڵتر بووەتەوە، لە ئێستادا ململانێی شیعە و سوننە لە ترۆپیکدایە، بەشێکی گەورەی ئەو ململانێیە لەو ڕووداوە مێژووییانەوە سەرچاوە دەگرن کە لە سەدەی یەکەمی کۆچی ڕوویداوە، هێشتا یادی حوسەین و شینگێڕان بۆی لەلایەن شیعەوە برەوی هەیە، لە بەرامبەریشدا کەم نین ئەو سوننە مەزهەبانەی بە زمانی تەکفیر و لەدیندەرچوون شیعە دەدوێن، لەنێو ئەم ململانێ سەختە مەزهەبییە توندەدا، شەنقیتی (٢٢) ڕێسا دادهێڕژێت تا مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ ئەو چرکەساتە هەستیارەی مێژوودا بکرێت، بنەماکان جارێکی تر پیرۆزی لە مێژوو دادەڕنێت، جیاکاری دەکات لەنێوان وەحی و مێژوو، دەکرێت لەسەر ئەو بنەمایانە خوێندنەوەیەکی مرۆییانەی ئیسلامیی بۆ ڕووداوە مێژووییەکان بکرێت و شەنوکە و بکرێن، دەبێت بەرگی پیرۆزی لە خوێندنەوەی مێژوو دادڕین، مێژوو بەرهەمی دەستی مرۆڤەکانە، لە دیدی ئیسلامیشدا مرۆڤەکان پیرۆز نین، جگە لە پێغەمبەر (د. خ) کە وەحی لە خواوە بۆ دێت، تەواوی مرۆڤەکان لە خانەی مرۆڤبووندان و دەبێت کردار و هەڵوێستەکانیشیان لەو چوارچێوە مرۆییەدا هەڵسەنگێنرێت، هاوەڵانی پەیامبەر لەگەڵ ئەوەی بە چەندین دەق باشێتیان چەسپاوە، بەڵام ئەمە لە خانەی مرۆڤبوون دەریان ناکات، دەبێت هەڵوێستی تەندروست و ناتەندروستیان لێ چاوڕوان بکرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ناشێت ڕووداوە مێژووییەکان لە سیاقی کات و شوێن دەربکەین کە تێیدا ڕوودەدات. چونکە هۆشیاری مێژوویی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر هەڵوێستە ئایینییەکان، ئەمەش ئەو پرسەیە کە شەنقیتی دەخوازێت لەم کتێبەدا بیکاتە پەیامی خۆیی و بەگوێی خوێنەریدا بدات، هەروەک ئەم بەرهەمەی وەک بنەمایەکی مەنهەجی داناوە بۆ نووسینی دوو بەرهەمی تری لە بواری فیقهی سیاسیی ئیسلامیی.

**شیعەگەری سوننە**
**دیوێکی تری ململانێ:**

شەنقیتی بەشێکی ئەم کتێبەی تەرخانکردووە بۆ قسەکردن لەسەر مەنهەجی گرووپێکی ناو ئەهلی سوننە، کە زۆرتر پاساو بۆ رووداوە مێژووییەکان دەهێننەوە و هەندێکجار راستیەکانیش رەتدەکەنەوە یان تەئویلێکی نەشیاوی دەکەن، ئەو ئەم قوتابخانەی ناوناوە (شیعەگەری سوننە) و لەژێر ئەم قوتابخانەدا کۆمەڵێک بەرهەم و نووسینی زانایانی سوننە پۆلێن دەکات، لە ناویشیاندا بەرهەمەکەی (قازی ئەبوبەکر ئیبن عەرەبی) بە ناوی (العواصم من القواصم) کە بەشێکی زۆری تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر ململانێی نێوان هاوەڵان، کتێبی ناوبراو لەناو ئەهلی سوننە ناو و ناوبانگی زۆری هەیە، شەنقیتی رەخنەکانی لەو کتێبە بۆ سەر سێ ئاست دابەش دەکات، ئەوانیش: حوکمەکانی سەر دەقەکان، حوکمەکانی سەر رووداوەکان، حوکمەکانی سەر کەسەکان. هەریەک لەو ئاستانە بەوردیی و بەشێوەیەکی زانستی شەنوکە و دەکات، بۆ هەریەکەیان چەندین نموونەی لە کتێبەکەی ئیبن عەرەبی هێناوەتەوە و شیکاری بۆ دەکات، ئەمەش هێندەی تر بایەخی ئەم کتێبەی شەنقیتی پتر دەکات.

کۆی گشتیی ئەم بەرهەمەی شەنقیتی، وێنەیەکی روون لە فیقهی سیاسیی و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوە پڕ لە کێشمەکێشمەکانی سەرەتای ئیسلام دەدات بە خوێنەر، بەشێوەیەک خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەبێتە پێویستییەکی هەنوکەیی بۆ تێگەیشتن لە رێگوزەری رووداوەکانی سەدەی یەکەمی کۆچی کە رەنگرێژی ململانێیەکی سەختی دوای خۆی کرد.



# سیما ئاڵۆزکاوەکانی پەیوەندی نێوان ڕامیاریی و کولتوور

## خوێندنەوەیەك بۆ (گوتار، ئایدۆلۆژیا، میدیا)





**بوخاری عەبدوڵڵا قەسرت**

لەدایکبووی ١٩٩٠ شاری هەولێر. خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە ئەدەبی ئینگلیزی. مامۆستا لە ئەدەبی ئینگلیزی، زانکۆی سەلاحەدین، زانکۆی ئیشق.

سیاسەت و کولتوور هەمیشە دوو ڕەنگی جیاوازی سەر ڕووپێوی یەک تابلۆن، هەرکامیان ئەویتر بینا دەکات، دەجولێنێت، ڕەشدەکاتەوە و، ریفۆرم دەکات. پەیوەندی‌یەکی توندو تۆڵ و یەکراست ڕامیاریی و کولتوور پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەمەش بەو واتایەی کە ڕەنگرێژی بیرکردنەوە و ڕەوشت و گوتاری پێکەوەیی تاکەکانی کۆمەڵگە دەوەستێتە سەر ئەقڵی ڕامیاری کۆمەڵگە. هەروەها ئەقڵی دەستە جەمعیی کۆمەڵ لەلایەن دەستەبژێری مرۆڤە سیاسییەکانەوە پێکدەهێنرێت. سیاسەت و کایەی سیاسی کاریگەریی ڕاستەوخۆ دادەنێت لەسەر شێوەژیانی کولتوورییانەی مرۆڤەکان.

ڕژێمی ڕامیاری هێندە کارا و کاریگەرە کە بەشێوە و سیما و لێکەوتەی جیاواز تەدەخول دەکاتە نێو ژینی تاک و کۆمەڵی مرۆڤەکانەوە. زۆرێک توێژەر و چالاک و نوسەر هەوڵی ئەوەیانداوە کە ئەم سیما جیاوازانەی پەیوەندی نێوان سیاسەت و کولتوور بخەملێنن، لەم نوسینەی منیشدا هەوڵێکی بچووک دەدەم تا سێ دانە لەو سیمایانە بخەمە ژێر چنگی ئێوەی خوێنەر:

یەکەم: زۆرجار شێوەژیانی ڕامیاری ڕۆحییەتی ململانێ conflict لەنێو جڤاتدا گەشە پێدەدات. بەو واتایەی کە برێکجار ئەوە سیاسەتە وا لە مرۆڤ دەکات کە لەپێناوی «مانەوە» و بەهێزبوون و پتەویی کیانی خۆیدا چنگ گیر بکات لە خنخنۆکە و قورگی هاونیشتیمانییەکەی خۆی، جا یان بەسەریدا زاڵ دەبێت و لەناوی دەبات، یانیش لانیکەم هێندە لاواز و پەرپوت و پەرتەوازەی دەکات، کە توانستی لێ دەبڕێت. لە وەها کۆمەڵگەیەکدا کە ڕامیاری دەنگی (ململانێ) بەسەر دەنگی (پێکەوەیی) و (هەمئاهەنگی)دا زاڵدەکات، جۆرێک لە کولتوور دێتە ئاراوە کە بڕوای بە فرەیی دید و بۆچون نییە، یاخود کۆمەڵگە هەر لە خودی خۆیدا کەشێکی بەرپەچدانەوە و یەکدی بەزاندن و شەرفرۆشی دەخولقێنێت، خۆ ئەگەر کۆمەڵگەیەکی وەها بڕواشی بە پێکەوەیی هەبێت، ئەوا لەچوارچێوەی کێبڕکێی زاڵبوونی بۆچونەکاندا تەقەبولی ئەو پێکەوەییە دەکات. ئەمە ئەو تێزەیە کە لێکۆڵەرێکی ڕۆمانی بەناوی (ڕامۆنا هیۆسو) Ramona دەیهەوێت بیخاتە ژێر نەشتەری توێژینەوەی چڕوپڕەوە. ئەو وای بۆدەچێت کە ئەگەر دۆخی (ململانێ) ببێتە تاکە بزوێنەری کۆمەڵگە، ئەوا گیانی یەکتریبەزاندن و بەسەردا زاڵبونی ئەویتر دەبێتە تاکە فەلسەفە و میتۆدی ژیانسازی لە کۆمەڵگەی لەم چەشنەدا. ئەم حاڵەتە شێوە بیرکردنەوەیەک دێنێتە ئاراوە کە لە زیهنییەتی تاکی کۆمەڵگەدا، (کەسی بەرامبەر) ناتوانێت گفتوگۆی بەشێک لە بۆچونەکانی تۆ بکات، یان ئیزافەیەکی هەبێت بۆ ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە تۆ قەناعەتت پێی هەیە، بەڵکو هەمیشە کەسی بەرامبەر لەژێر تۆهمەی (گێلبوون)دایە و تا تۆ قەناعەتی پێنەهێنی کە ئەویش بێتە سەر ڕێچکەی تۆ ئەوا هەمیشە لەنێو چوارچێوەی ئەو جۆرە گێلبوونەدا دەمێنێتەوە. بەواتایەکی دیکە، من لە وەها کۆمەڵگەیەکدا قبوڵی ئەوە ناکەم کە تۆ هەبیت وەک ئەوەی کە خۆت هەی، یان خۆت بتەوێ، بەڵکو بەوشێوەیە تۆم قبوڵە کە من دەمەوێ.

لە بنەچەدا، ئەگەر وردتر لێی بکۆڵییەوە، ئەوە ڕژێمی ڕامیاریی کۆمەڵگەیە کە وەها بیرکردنەوەیەک دەخولقێنێت، چونکە هەموو پێکەوەییەکی کۆلتووریی و کۆمەڵایەتیی و ئاینی لە کرۆکدا زادەی پێکەوەیی ڕامیارین! پێچەوانەکەشی ڕاستە.

دووەم: دەشێت ڕژێم و شێوەژیانی ڕامیاری لە کۆمەڵگەدا دروستکەری کولتووری (منپەرستی) بێت. دەروونناسی نەمساوی (سیگمۆند فرۆید) لە ڕێگەی تیۆرە بەناوبانگەکەیەوە (ئەقڵی نائاگایی) دەیەوێت ئەوەمان بۆ ئیسپات بکات کە هۆشیاریی و ئەقڵپەروەریی و ئاگایی ئێمەی مرۆڤ هیچ نییە جگە لە ڕەنگدانەوەی ئەقڵی نائاگاییمانەوە، کە ئەو بە (من و منی باڵا و ئەو) ڕاڤەی دەکات. جا ئەگەر ئەو شیکارییەی فرۆید بۆ دەروونی مرۆڤ وەک تاک

ڕاست بێت، ئەوا بۆ ئەقڵی دەستەجەمعی کۆمەڵگە ڕاستریشە. واتە زۆر بە ڕوونی ئەکرێت هەمان خوێندنەوەی دەرونشیکاری فرۆید لەسەر کولتووری (منپەروەریی) کۆمەڵگەی مرۆڤدا جێبەجێ بکەین.

ئەگەر ئایدۆلۆژیا لە کۆمەڵگەدا کار لەسەر فەلسەفەی سڕینەوەی نەیارەکەی بکات لەبەرئەوەی لە بناغەدا لێی جیاوازە و بەرژەوەندی و فەلسەفەکانی ناچۆنیەکن، ئەوا ئەم سڕینەوەیە بۆ کۆمەڵگە و تاک تاکی مرۆڤەکانیش لە ئاستی خوارێدا دابەش دەبێت و پەرچ دەبێت، لە دەروونی تاکەکەسی هەر هاوڵاتییەکی ئەو کۆمەڵگەیەدا هەمان ڕق دەروێنرێت و گەشەی پێدەکرێت. لە کۆمەڵگەیەکی لەم شێوەیە، مرۆڤ ئەوانیدیکەی وەک کولتووری جیاواز و نەریت و بیروڕا و شێوەژیانی جیاواز تەقەبوڵ ناکات وەک ئەوەی کە هەن، هەروەها کۆمەڵگە لە ژیانی دەستەجەمعییاندا هاریکاری گەشەپێدانی بەژرەوەندییە گشتیەکان نابن، بۆ خەمی گشتی کۆشش ناکەن، بەڵکو منپەرستی و منویستی و خودسەنتەریی ego-centrism تەشەنەی پێدەکرێت و جێگەی هەموو جۆرە بەرپرسیارێتییەک دەگرنەوە. ئەوسا لەبری ئەوەی بەرپاکردنی شارستانییەت ببێتە بابەتێک کە هەموان پێیەوە سەرقاڵ بن و خەمی لێبخۆن، وە لەبری ئەوەی هۆشی گشتی کۆمەڵ سەرقاڵی بیناکردنی ماڵی دەوڵەت و سامانی نیشتیمانیی و پرۆژەی ژیاری بێت، ئەوا هۆشی گشتی کۆمەڵ هەوڵ بۆ ئەوە ئەدات کە تەنێ ماڵی خۆی و سامانی خۆی و پرۆژەی تاکەکەسی خۆی سەر و بەربگرێت. بەڵکو هەوڵدان بۆ «بەرژەوەندی گشتی» لە کولتووری وەها جڤاتێکدا ڕەنگە ببێتە عەیبەیەکی گەورە و بە گەوجیش لە قەڵەم بدرێت!

بۆیە دەشێت بوترێت کە ئەنانییەت تەنیا حاڵەتێکی دەروونئاکارانە نییە کە تەنیا لایەنی تاکەکەسی مرۆڤ بگرێتەوە، یان ببێتە نەخۆشییەکی ئەخلاقیی و کێشەی ڕەفتارناسیانەی لێوە پەیدا ببێت، بەڵکو ئەنانییەت لە وەها کۆمەڵگەیەکدا دەبێتە ڕەنگێک کە وێنەی گشتی کۆمەڵگەی پێ بۆیاغ دەکرێت و، ئەنانیەت لە قوڵایی کولتوور و ڕۆشنبیریی هەر تاکێکی کۆمەڵگەدا ڕەگ و ڕیشەی خۆی دادەکوتێ. ئەوسا ئەو هۆشیارییە لەباردەچێت کە تاک بۆ خۆش ژیانکردنی کۆمەڵگە هەیەتی، تاک خەم بۆ دوارۆژی کۆمەڵ ناخوات، بەلایەوە هەر گرنگیش نییە کۆمەڵگەی بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات، تاک دەبێتە خودپەرستێک کە شەوورۆژ بۆ ڕەفاهییەت و گیرفانپڕی خۆی بیردەکاتەوە. دەمەوێت لێرەدا بڵێم کە ئەم کولتوورە منپەرستییە زادەی دەستی حاڵەتی ڕامیاری منپەرست و نەرجسییە.

هەروەها ئەگەر سیگمۆند فرۆید پێی وابێت کە کردەوە و بڕیار و بیرکردنەوە هۆشیارییەکانی ئێمە بەرەنجامی ئاماژە نائاگاییەکانمانە، کە لەدیوی پشتەوەی مێشکی ئێمەدا خەوێنراون، ئەوا منیش لێرەدا پێموایە کە بەشێکی زۆری وێنە کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکانی ژینی ئێمە کە بە هۆشیاریی و ئاگاییەوە ئەنجامیاندەدەین تەنیا بریتین لە ڕەنگدانەوەی ئەو ئەقڵە نائاگاییەی کە سیاسییەکان بۆ ئێمەیان تۆمارکردووە. ڕەنگە بەبێ ئاگایی هەرکامێک لە ئێمە سیاسەت دەخل بەشێوەی جلوبەرگەکە بکات کە دەیپۆشین، بەو گۆرانییەی کە دەیچڕین یان گوێبیستی دەبین، یان ئەو خواردنەی دەیخۆین، یان ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنییەی کە لێی دەنۆڕین.

سێیەم: کولتوور و نەریت و ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆشنبیرییەتی نێو خەڵک سرووشتێکی داینامیکییان هەیە. هیچکات هیچ جۆرێک لە کولتوور بە نەگۆڕیی و جێگیری نەماوەتەوە، بەڵکو هەمیشە لە گۆڕانێکی بەردەوامدا بووە، جا بەخێرایی بووبێت یانیش لەسەرەخۆ و بە هەسپایی. لەوەتەی مرۆ هەیە لەم سەر زەوییە، بیرکردنەوە و نەریت و عادات و نۆرم و یاسا کۆمەڵایەتییەکان لە دەستکاری کردن و گۆڕانکاریدابوونە، ڕەنگە ئەوەی ئەمرۆ خەڵک پێی ئاسایی و باش بێت، چەند دەیە

## هەموو پێکەوەییەکی کولتووریی و کۆمەڵایەتیی و ئاینی لە کرۆکدا زادەی پێکەوەیی ڕامیارین! پێچەوانەکەشی ڕاستە.

ساڵێک بەر لەئێستا خەڵک نەیوێرابێت هەر بیریشی لێ بکاتەوە، یان عەیبە و نەنگ و شورەیەکی کۆمەڵایەتی گەورە بووبێت. بەڵام ئەوەی کە ئەم جوڵان و گۆڕانکارییە کولتوورییەی هێناوەتە ئاراوە بریتی بووە لە تێپەڕینی ڕۆژگار و هاتن و چوونی وەچە یەک لە دوای یەکەکان. سیاسەت ڕۆڵێکی کارا لەم وەرچەرخانە کولتوورییە دەگێڕێت. کاراکتەرە سیاسییەکان تەنیا ڕژێم و سستمی ڕامیاری بۆ ئێمە دانارێژن، بەڵکو ئەقڵیەت و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیی و ڕەفتاری کولتووریانەی ئێمەش بەوشێوەیەی کە دەیخوازن بینا دەکەن، جا چ بەڕاستەوخۆ یانیش بە ناڕاستەوخۆ. سیاسییەکان لە توانایاندا هەیە کە میدیا بەشێوەیەک ئاراستە بکەن کە جۆرە گوتارێک نیشانبدات کە ئەوان دەیخوازن، سیاسییەکان گرنگی بە گوتاری میدیا دەدەن لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و فەیسبووک و ئەنتەرنێت و گۆڤار و ڕۆژنامەکانیشدا، چ بەوەی خۆیان بنوسن و بدوێن، یانیش چ بەوەی کە نوسەر و ڕۆشنفکر و دەستەبژێری کۆمەڵ پاڵپێوە بنێن کە بەو فەلسەفەیە بنوسن کە خزمەت بە پرۆژەی ئەوان دەکات. ئاشکراشە لە پشت هەر دێڕە نوسینێکدا فەلسەفەیەک هەیە.

لەپاڵ ئەمەش، توێژەران دەریانخستووە کە گوتاری میدیایی Media discourse کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر کولتووری دەستەجەمعی کۆمەڵگە دادەنێت. هەڵبەت کولتوور لێرە هەم مێنتاڵیتی و ئەقڵیەت و فیکرکاری دەگرێتەوە، هەمیش خوو و ئاکار و ڕەفتار و ڕەوشتی کۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە. ڕەنگە گوتاری میدیایی بچێتە نێو بنج و بنەوانی ئەقڵی نائاگاییمانەوە. ڕەنگە بەشێکی زۆری بڕیاردان و هەست و نەست و شعور و خووەکانی ئێمە بچنە ژێر ڕکێفی ئەو گوتارەی کە لە میدیاوە بۆ ئێمە پەرش و پەخش دەکرێت. ئەو قسانەی ئێمە لە تەلەفزیۆنەکان بەشێوەی دووبارە گوێبیستی ئەبین، ئەو دیمەنکارییانەی کە چاوەکانی ئێمەیان داگیرکردووە، ئەو مۆسیقایانەی گوێبیستی ئەبین، یاخود ئەو دیبەیت و گەنگەشە فیکریی و سیاسییانەی ئێمە زۆر بە پەرۆشین بۆ سەرنج کردنیان، ئەو پاڵەوانانەی لەسەر تەلەفزیۆن وتارمان بۆ دەدەن، دواجار دەچنە نێو بنەوانی مێشکی نائاگایی ئێمەوە و تۆمار دەبێت. دواجاریش ژینی خۆمان تەسلیم بە ئەقڵی نائاگاییمان دەکەین و پێوەی پابەند دەبین جا حەزمان لێی هەبێت یان نا.

توێژەری ئەمەریکی (سارا میل) لە پەرتوکێکدا بەناوی (گوتار) جەخت لەسەر ئەوە ئەکاتەوە کە پەیوەندییەکی پێکەوەیی و توندوتۆڵ لە نێوان ئەم چوار چەمکەدا (کولتوور، ئایدۆلۆجیا، سیاسەت، گوتار) بوونی هەیە. جەخت لەسەر ئەوەشدەکاتەوە کە ئێمە بۆ دروستکردن و دۆزینەوەی (مانا) لە ژیانماندا، یان بۆ وەڵامی پرسیارەکانمان، زۆرجار پەنا دەبەین بۆ ئەو وەڵامە حازربەدەست و ئامادەکراوانەی کە پاڵەوانەکانی تەلەفزیۆن و ئاکتەر و بیریارەکانی میدیا بۆ ئێمەیان پێشکەش کردووە. ئەقڵی بینەر خۆی تەسلیمی ئەو وەڵامە حازربەدەستانە دەکات کە زوو وەختە لە تیڤی نیشاندراون، و بگرە بە

لێشاویش ئاخێنراونەتە نێو مێشکی بینەرەوە، بۆیە مێشکی بینەر لە وەها حاڵەتێکدا لە پەلوپۆ دەکەویت و تەنێ ڕۆڵی کائینێکی پاسیڤ و وەرگر دەگێڕێت و، قسەکەرەکانی نێو میدیاش ڕۆڵی ئاکتیڤ و بەخشەر دەگێڕن. لێرەدا ئەوەی جەختی لێدەکەمەوە ئەوەیە کە سیاسەت و سیاسییەکان وەک دەرهێنەرەکان ڕۆڵی هەرە سەرەکی دەگێڕن لە جوڵاندنی ئاکتەرەکان و فێرکردنیان.

نوسەری ئیتاڵی (ئەنتۆنیۆ گرامشی)، کە یەکێک بووە لە بەناوبانگترین ڕۆژنامەنووسەکانی سەدەی بیستی ئەو وڵاتە و دنیاش، چەمکێک بۆ ئەو مەبەستە دادەڕێژێت بەناوی Hegemony کە دەگونجێ لە کوردی بۆ (هەژموون) وەربگێڕدرێت. گرامشی پێیوایە کە سیاسییەکان هەژموون دەخەنە سەر هەموو بیرکردنەوەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە، دەیانەوێت لە کەناڵەکانیانەوە ئەقڵی کۆمەڵگە داگیر بکەن، چونکە سیاسییەکان لە ڕێگەی گوتارەکانیانەوە کۆمەڵگە بۆ کلاس و چین و توێژی کۆمەڵایەتی یەک لەسەر یەک دابەش دەکەن، بە واتای تر «کۆمەڵگە هەرگیز ناچێتە ژێر ڕکێفی ئەجێندای سیاسییەکانەوە ئەگەر کۆمەڵگە بۆ کلاسی لێکجیا دابەشنەکرێت و گوتاری دیاریکراویان بەسەردا نەسەپێنرێت».

تێکرای ئەم گوتارانەی پێشکەش دەکرێن، کاریگەری لەسەر گۆڕینی نۆرم و ڕەوت و بیرکردنەوە کولتوورییەکانمانی یەک بەیەکی ئێمە دادەنێن، بۆ وێنە، ڕەنگە جنێودانی سیاسیەکانی سەر تیڤی ببێتە بەشێک لە گوتاری ڕۆژانەی ئێمە، ئەگەر ئێمە تەنێ بینەرێکی ئاسایی ئەو بەرنامانەش بین و لە لایەنگیریشیان دوورەپەرێزیش بین ئەوا بە نائاگایی و ناهۆشەکیی دەبێتە بەشێک لە تۆماری ئەقڵی دووەمی ئێمە و ڕەنگە جارێکی دیکە لە دوتوێی گفتوگۆکانی ڕۆژانەمان بێتەوە سەر زمانمان! ڕەنگە بە ئاسانی نەتوانین فلتەری ئەو وشە نەرێنیانە لەسەر زمانمان بکەین.

توێژەری ئەمەریکی (تیمۆسی جەی) لە زانکۆی (ماساچوسێتس) هەروەها توێژەری سویدی (ئانا فالتامەر) لە زانکۆی (گۆتێبۆرگەس) دەیانەوێت ئەوەمان بۆ ئیسپات بکەن کە جوێندانی خەڵکی سەر شەقام و بازاڕ و جادە و کۆڵان پەیوەندیدارە بەو گوتارە هەرزەکارییەی کە تەلەفزیۆنەکان ڕەواجی پێدەدەن. بۆ ئەو مەبەستەش چەندین وێنە و نمونەی جیاواز دەخەنە بەردەستمان.

لە ئەنجامدا: کولتوور و ڕامیاری، هەم دوو دیمەنی لێکنەپچڕاوی یەک یاری شانۆیین. هەمیش دوو بزوێنەرن کە وەک دوو خلۆکە لە یەکدیدا گیربوون و یەکتری بە ئاڕاستەی جیا جیا دەخولێننەوە. سیاسەت شێوە نۆرمی کولتووری ئێمە دادەڕێژێت، یاری بە هەست و نەست و گوتار و بیرکردنەوەمان دەکات، قەرار لەسەر نوسین و زمان و ئاکارە دەستەجەمعییەکانمان دەدات. زۆربەی جاریش لە نائاگایی ئێمەوە ئەم حاڵەتانە بوونیان هەیە و دێنە ئاراوە.

### سەرچاوەکان

1- Hosu, Ramona. «On Cultural Ideology and Discourse: Concepts and Theories». University of Petru: 2010.

2- Gramsci Antonio. «Hegemony» (from Literary Theory: an Anthology), Massachusetts: Blackwell Publishers.

3- Mill, Sara. (1997). Discourse, London and New York Routledge.

4- Fälthammar, Anna. Bad Language in Reality A study of swear words, expletives and gender in reality television. BA thesis. Goteborg University.

5- Jay, Timothy. Why We Course? Massachusetts. College of Liberal Arts. Philadelphia Publishing House.

# تەوەری داهاتوو

## دیاردەی سۆفیگەری
## لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

گۆڤاری خاڵ بابەتی (دیاردەی سۆفیگەری لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا) دەکاتە ناونیشانی تەوەری ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکە، لەو چوارچێوەیەشدا دەخوازێت لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا بکرێت:

١. سەرچاوەکانی سۆفیگەری ئیسلامی چین و لە کوێوە دێن؟

٢. تەسەوفی ئیسلامی چ پەیوەندییەکی لەگەڵ تەسەوفی هیندیدا هەیە؟

٣. دیاردەی سۆفیگەری لە کوێی ئایینی ئیسلامدایە؟

٤. سیاسەت چ کاریگەرییەکی لەسەر هزری سۆفیگەری هەبووە؟

٥. کاریگەری سۆفیگەری لەسەر پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤ چییە و بە چ شێوەیەکە؟

٦. ڕێبازەکانی سۆفیگەری لە کوردستاندا چین و لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە؟

٧. سۆفیگەری چۆن و بە چ شێوازێک کاریگەری لەسەر جوڵانەوە و شۆڕشە کوردییەکان داناوە؟

٨. تا چەند سۆفیگەری کاریگەری لەسەر ئەدەبی کوردی داناوە؟

٩. سۆفیگەری چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و بڵاوبوونەوەی تۆلێرانس هەبووە؟

١٠. ئایا سستمی سەرمایەداری کاریگەری لەسەر هزری سۆفیگەری هەبووە؟

١١. سۆفیگەری مۆدێرن چییە و لە کوێی ئەو جیهانەدایە؟

- داواکارین لە نوسەرانی بەرێز، لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ئەو تەوەر و بوارانەی کە ئاماژەیان پێدراوە تا بەرواری (٢٠١٨/٣/١٠) بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

# بابەتی گشتی






# ململانێی ناوخۆیی

## لە یەکەم ئەزموونی حوکمڕانیی کوردی ئیسلامیدا

ناکۆکیی و ململانێی ناوخۆیی کورد چیرۆکێکی دورودرێژ و بەردەوامە لە مێژوودا و جێگەی مەراقی شەرەفخانی بەدلیسیی و خانیی و دەیانیتری وەك ئەوانە کە هەریەك بە جۆرێك دەست و پەنجەیان لەگەڵ ماجەراکانی نەرم کردووە. ئەم بابەتە هەڵوێستەیە و گێڕانەوەیەکی مێژوویيە لە بارەی پێشەنگترین و بە ناوبانگتریین ئەزموونی سیاسی کوردی لەسایەی حوکمڕانی عەباسییەکان لە سەدە ناوەنجییەکانی ئیسلام کە میرنشینی حەسنەوییە.



**یاسین تەها**

توێژەرو ڕۆژنامەنووسە. بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەبارەی بابەتە کلتووریی و هەنوکەییەکان دەنوسێت، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە ئاین و ئاینزاکانی کوردستان.

## خۆبەڕێوەبەریی کورد لە سایەی دەسەڵاتی عەباسییەکان:

لە سەدەی نۆیەمی زاینیدا ڕەگەزە بیانییە نا عەرەبەکان زاڵبوون بەسەر جومگەکانی دەوڵەتی عەباسیدا، ئەم بارودۆخە کە بە کۆمەڵێک هۆکار هاتە کایەوە، دەرفەتی ڕەخساند بۆ دەرکەوتنی چەند دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆ لەچوارچێوەی «خەلافەتی عەباسیدا» کە دیارترینیان دەوڵەتی بوەیەیە فارسەکان بوون لە هەرێمی چیا کە ئێرانی ئێستا دەگرێتەوە. دەسەڵاتی بوەیەییەکان هێندە فراوان بوو لەسەر حسابی عەباسییەکان لە ساڵی ٩٤٥ز کۆنترۆڵی بەغدای پایتەختیان کرد و خەلیفەی عەبباسییان لە هەموو دەسەڵاتەکانی دارنی تەنها ناو و داهۆڵەکەی نەبێت(١)، لەگەڵ بەهێزبوونی ئەم دەوڵەتە نوێیەشدا لەسەر سکی عەباسییەکان، دەرفەتێکی زێڕین ڕەخسا بۆ میرە ناوچەییەکانی تر تا لەژێر چەپۆکی ڕاستەوخۆی بەغدا دەرچن و دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی نیمچە سەربەخۆ دابمەزرێنن، لە پێش هەموویانەوە میر «حەسنەوی بەرزیکانی» کە سەرۆکی یەکێک لە گەورە هۆزەکانی کورد بوو لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران. میر حەسنەوەی ململانێی ناوخۆیی بوەیەییەکان و لاوازی عەباسییەکان و کۆتاییهاتنی میرایەتی خاڵۆوانی لە عیشانییەکان یارمەتییاندا بۆ ڕاگەیاندنی دەسەڵاتێکی خێڵەکی نیمچە سەربەخۆ بەناوی خۆیەوە و کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری هەرێمی چیای کرد و قەڵای «سەرماج»ی لە نزیک کرماشانی ئێستای کردە پایتەخت. بەپێی گێڕانەوە مێژووییەکان و پاشماوە شوێنەوارییەکان ئەم میرە کوردە بەهێزە بە خێرایی دانپێدانانی عەباسییەکان و بوەیەییەکانی بەدەستهێنا و سنووری دەسەڵاتی نزیکبوویەوە لە بەغدا و بووە ژمارەیەکی قورس لە هاوکێشەی هێز لەناو سنووری دەوڵەتی عەباسیدا(٢).

میر «حەسنەوەی بەرزیکانی» هەر کە پایەکانی دەسەڵاتی خۆی قایم کرد پەیوەندییەکی بتەوی لەگەڵ بوەیەییە فارسەکان دامەزراند(٣)، ئەم پەیوەندییەش دەرگای کردەوە بۆئەوەی باجی تایبەت بسەپێنێت و دراوی تایبەتی هەبێت و لە ناوچەکانی دەوروبەری هەرێمی چیا ببێتە خاوەن دارایی و ئابووری سەربەخۆی خۆی(٤)، بوەیەییەکانیش کە بەهێزبوون خاتری میر حەسنەوییان دەگرت و بەرەنگاری نەدەبوونەوە و بگرە ناوبەناویش دەبوونە هاوپەیمانی بۆ شەڕی نەیارەکانیان بەپێی بەرژەوەندیی ڕۆژگار(٥).

## دەسەڵات و ناوبانگی حەسنەوەییەکان:

بە دروستی مێژووی دامەزراندنی بنەماڵەی «حەسنەوەی» نەزانراوە جگە لەوەی کە بەرزیکانین و کەسێک بەناوی «حوسێن کوردیی» سەرۆکیان بووە و لە بنەڕەتدا لقێکن لە هۆزی عیشانی(٦) ئیبن خەلدون کە باسی مێژووی ئەم دەسەڵاتە کوردییەی کردووە لە ڕووداوەکانی ساڵی ٩٦٩ - ٩٧٠ ز دا تەنها باسی درەوشانەوەی ئەستێرەی میر «حەسنەوەی کوردی» دەکات لە ناوچەکە کە بوەیەییەکانی ناچار بە دانپێدانان و هاوپەیمانێتی کردووە(٧)، بەڵام ئەوە زانراوە خاڵۆوانی میر حەسنەوەی «ونداد و غانم» دوو ئاغای گەورەی بنەماڵەی عیشانی بوون و پاش مەرگیان، میراتەکەیان بە جێماوە بۆ میر حەسنەوەی خوشکەزایان و ئەویش شاری دەینەوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە نزیک کرماشان کردووە بە پێگەی خۆیی و پایتەختی دەوڵەتەکەی(٨).

دەکرێت ئەو دەوڵەتەی میر حەسنەوەی دایمەزراند بە بەناوبانگترین دەسەڵاتی کوردی لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە سایەی دەسەڵاتی عەباسییەکان لە شارەزوور و هەرێمی چیا لەقەڵەمبدرێت(٩). مێژوونوسەکان زۆریان وتووە دەربارەی جوامێریی و لێهاتوویی میر حەسنەوەی لەوانەش بەرقەرارکردنی ئاسایش بەباشی، ڕێگریکردن لە دیاردەی دزیی و جەردەیی، بنیاتنانی

ز

# سنووری دەسەڵاتی حەسنەوەی کوردیی بووە پەناگەی ستەم لێکراوان

قەڵا و مزگەوت و تەنانەت بەخشینی کۆمەک بە هەردوو حەرەمی مەککە و مەدینەش لە حیجاز(١٠).

سنوری قەڵەمڕەویی ئەم دەوڵەتە کوردییە چەند شارێکی گرتۆتەوە لەوانەش: نەهاوەند، سامغان، هەندێ ناوچەی ئازەربایجان، شارەزوور و دەوروبەری، ماوەی پەنجا ساڵ زیاتریش میرنشینی حەسنەوی لە پەرەسەندن و هەڵکشاندا بوو و میرەکانی توانیان دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەری بۆ کورد لە ڕۆژئاوای ئێران و دامێنی هەرێمی چیا فەراهەم بکەن و هەندێک جاریش دەسەڵاتیان دەگەیشتە شارەکانی هەولێر و موسڵ(١١).

## مەرگی دامەزرێنەر و سەرەتای قەیرانەکان:

میر حەسنەوی پاش نۆزدە ساڵ لە حوکمڕانی ساڵی ٣٦٩ ک/ ٩٧٩ز لە قەڵای سەرماج، کۆچی دوایی کرد، بەمەش گلۆڵەی زێڕینترین سەردەمی میرنشینەکە کەوتە لێژیی، ناوبراو لە پاش خۆی پارەیەکی زۆر و حەوت کوڕی بەجێهێشت کە هەریەک بە لایەکدا چوون و هەندێک ڕۆشتنە پاڵ باڵی «فخرالدولە»ی بوەیەی و هەندێکی تر باڵی «عضد الدولە» کە لە ململانێی ناوخۆییدا بوون(١٢) بەم پێیەش کوڕەکان لە جیاتی بەهێزکردنی دەوڵەتەکەی باوکیان دوای بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و باڵ باڵێنی بوەیەییەکان کەوتن و بوونە بەشێک لە ململانێی ناوخۆییەکانی دراوسێکانیان(١٣). لەناو کوڕانی میر حەسنەویدا «بەختیار» لە هەموویان هەڵکەوتووتر و ناودارتر بووە، لە قەڵاکەی باوکیدا پارە و زەخیرەی لەبەردەست بوو، هەر لەبەر ئەمەش چانسی زیاتر بوو بۆ جێگرتنەوەی میری دامەزرێنەر و باوک، بەڵام بە فێڵی میری بوەیەی عەزد ئەلدەولە هەموو توانا دارایی و سەربازییەکان لە دەستی بەختیار و براکانی تری دەرهێنران و هێز و دەسەڵات درایە کوڕێکیان بەناوی «بەدر»و لەبری «بەختیار»، ئەو کرایە فرمانڕەوای جێگرەوەی باوکی(١٤) و لە هەمان کاتیشدا بووە سەرۆکی کوردانی بەرزیکانیی و خاوەن جەڵەبی ئەسپ و سامانێکی زۆری زێڕ و زیو(١٥) لەگەڵ ئەم تاج لەسەر نانەشدا سەرجەم براکانیتری خرانە زیندان، چونکە بەم دەستووره ڕازیی نەبوون(١٦)، ئەوانەشی نەگیران و یاخیبوون لەم فرمانە لە ناوبران(١٧) و سەرەنجام جگە لە «بەدر» کەسی تر لە حەوت کوڕەکەی میر حەسنەوەی نەهێڵرایەوە و هەموویان یان گیران یان کوژران(١٨)، ئەمەش بە ڕوونی لای ئیبن ئەسیر باس کراوە و بەپێی گێڕانەوەی ئەم مێژوونوسە سەرجەم کوڕانی میر حەسنەوەی لەناوبراون تەنها میر بەدر نەبێت کە لایەنگر و پاڵپشتی نزیکی بوەیەییەکان بووە(١٩).

هەرچەندە لەسەر میر بەدر شەش برا کوژراون، بەڵام لەبارەی ژیانی ئەوەوە گێڕانەوە و پەسەندکردنی زۆر هەن لەوانەش ناوبانگی ئازایەتی، بەرزی کەسایەتی، زۆر چاکەکردن، بەخشش و سەلیقەی سەربازیی، دروستکردنی سێ هەزار تەکیە و خانەقا و مزگەوت لەگەڵ کۆمەککردنی ڕێبوارانی ماڵی خودا لە مەککە ساڵانە بە بڕی سەد هەزار دینار(٢٠)، بەهۆی لێوەشاوەییەوە لە دیوانی خەلافەتەوە لە

ساڵی ٩٩٨ز نازناوی «ناصرالدین والدولە»ی پێ دەبەخشرێت(٢١)، بەم جۆرەش میرنشین چووە قۆناغێکی نوێوە و سنووری دەسەڵاتی حەسنەوەی کوردیی بووە پەناگەی ستەم لێکراوان و ئەوانەی بە هۆکاری جیا جیا لە جێگای خۆیان هەڵدەهاتن(٢٢)، بەڵام ئەم نازناو و باڵادەستییەی میر بەدر لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی کوڕ و باوکدا کەوتنە بەر مەترسی لەناوچوون و لە پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراودا هیلالی کوڕی بە پاڵپشتی دایکی کە لە هۆزی شازنجان بوو لێی هەڵگەڕایەوە و بەرەیەکی نوێی شەڕی لە دژی باوکی کردەوە لەکاتێکدا کە ئەو تاقە ڕزگاربووی بەجێماوی شەڕی حەوت برابوو، جگە لەوەش چەندین شەڕی ناوخۆیی لەگەڵ هۆزە کوردییەکانی دراوسێیدا هەبوو (٢٣)، بەپێی سەرچاوەکان پاڵنەری هیلال لەم هەڵگەڕانەوەدا لە باوکی دەگەڕێتەوە بۆ هاندانی دایکی، چونکە لە ساتەوەختی لەدایکبوونی ئەودا باوکی بە جێیهێشتبوون و ئەمیش ناچار لای دایکیی و دوور لە باوکی گەورە ببوو(٢٤).

کە فرمانڕەوایی میرنشینی حەسنەوەیی کەوتە سەروکڵاوی هیلالی کوڕی بەدر، بەهاندانی بوەیەییەکان دەکەوێتە دژایەتی دۆستانی میر بەدری باوکی(٢٥)، بەڵام باوکی بە فێڵ توانی بەسەریدا سەر بکەوێت و بەمەش دوژمنایەتی لە نێوان کوڕ و باوکدا خەست بوویەوە و بەیەکجاریی میرنشینی حەسنەوەی بەرەو لاوازی ڕۆیشت و بەسەر دوو باڵدا پەرتەوازەی کرد، کە باڵی کوڕ و باوک بوون و پاش سەرکەوتنی باڵی باوک هیلال لە زیندان دانرا لە بەغدا و لە گۆڕەپانەکە دوورخرایەوە(٢٦).

میر بەدر دوای زاڵبوونی بەسەر هیلالی کوڕیدا بەردەوامبوو لە پێشڕەوی شەڕی ناوخۆیی و لەگەڵ کوردانی دراوسێی تا ئەوکاتەی بە دەستی هۆزەکانی گۆران لە ساڵی ١٠١٥ز کوژرا و تەرمەکەی لە شاری مەشهەد ئەسپەردە کرا(٢٧) ئەوەش گومانی دروست کردوە لەسەر ئەوەی کوردێکی شیعە بووبێت.

کە میر بەدر کوژرا و هیلال لە زیندان بوو، تاهیری کوڕی هیلال ویستی موڵکی باپیرانی بگێڕێتەوە و هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا باوکیشی لە زیندانی بەغدای پایتەختی خەلافەتەوە سەری هەڵدایەوە و گەڕایەوە، بەڵام تازە کار لەکار ترازابوو بەوهۆیەشەوە زنجیرەیەک بشێویی و ئاژاوە شارەزووری گرتەوە کە بووە هۆی ئاوارەبوونی دانیشتوانەکەی و بە مردنی تاهیری کوڕی هیلال لە ١٠١٦ز بە کردەیی کۆتایی بە میرنشینی حەسنەویی هات و موڵک و ناوچەی دەسەڵاتیان گواسترایەوە بۆ بنەماڵەی عەنازی کوردی(٢٨) دواتریش تورکە سەلجوقییەکان لە ناوچەکە دەرکەوتن و کۆنترۆڵی جومگەکانی دەسەڵاتیان کرد لە ناوچەکە و لە بەغدا.

بەم جۆرەش ململانێی ناوخۆیی بنەماڵەی حەسنەوەی فەرمانڕەوا دەرفەتێکی زێڕینی لە کیسی کورد دا، ئەم ململانێیە لە مردنی دامەزرێنەرەوە تۆخ بویەوە لە نێوان هەر حەوت کوڕەکەی و سەرەنجام قەتڵ و عامی شەشیان لەسەر جێگرتنەوەی باوکیان، هەر ئەمەش دەرگای کردەوە بۆ ململانێی زیاتر لەم میرنشینە کوردییە و کار بەوە گەشت دوای شەڕی براو برا و باوک و کوڕیش سەنگەر لە یەکتر بگرن و ئەو برە هێز و شکۆیەش کە مابوویان لە دەستی بدەن. هاوکات لەگەڵ ئەم خۆرە ناوخۆییەشدا وادیارە مۆرکی خێڵایەتی میرنشینەکە هەمیشە وایکردبوو لە گەڵ کوردانی شازنجان و گۆراندا بەریەک بکەون و هیچ کات هاونەتەوەیی نەبۆتە هەوێنی دامەزراندنی هاوپەیمانێتییەکی بەهێزی خێڵایەتی کوردی لە ئێران و شارەزوور بەرانبەر بوەیەییە فارسەکان و هۆزە عەرەبییەکان، بەپێچەوانەوە بوەیەییەکان زۆرجار کەڵکیان لە ناکۆکی حەسنەوییەکان وەرگرتووە و سامان و پارەشیان بە تاڵان بردوون تا ئەو کاتەی بە یەکجاری لەسەر شانۆی سیاسی نەمان و دوورخرانەوە لەکاتێکدا ڕۆژگارێک دەسەڵاتیان لە موسڵەوە تا بەغدا و کرماشان درێژبوویەوە و بەخششیان گەیشتە حەرەمە پیرۆزەکانی حیجاز.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١. صالح أحمد العلي واخرون: التسلط الأجنبي ضمن موسوعة العراق في التاريخ، دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٣ ص ٤٣٩ ـ ٤٥٦ وكذلك محمود شاكر: التاريخ الأسلامي ١٤٢/٦.

٢ أرشاد بولاديان: الأكراد في حقبة الخلافة العباسية في القرنين ١٠ ـ ١١ م، بترجمة الكسندر كشيشيان عن الأرمنية، دار الوطنية الجديدة، دمشق، ط١، ٢٠٠٩، ص ٩٦.

٣ عبدالواحد ذنون طه: دراسات تاريخ المشرق الإسلامي، الرياض، ط ١، ١٤١٤ ه/ ١٩٩٤ م، ص. ٣١ وما بعدها).

٤ مسكويه، تجارب الأمم، ج ٢، ص. ٢٧٠.

٥ ارشاك بولاديان: الأكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص ٨١.

٦ حسام الدين النقشبندي: الكرد في لرستان الصغرى وشهرزور، مركز ژين، السليمانية، ٢٠١١، ص ١٤٦.

٧ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، راجعه محمد يوسف الدقاق،دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ١٩٨٧م ٣٢٠/٧.

٨ حسام الدين النقشبندي: الكرد في لرستان، ص ١٤٨ ـ ١٥٢.

٩ احمد السعيد سليمان ، تاريخ الدول الإسلامية ومعجم الأسر الحاكمة، القاهرة: مطابع دار المعارف، ١٣٩٢ ه/١٩٧٢م)، ج١، ص٢٨٦.

١٠ ابن خلدون تاريخ ابن خلدون، بيت الافكار الدولية، ص١٠١٩٦.

١١ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، بيت الافكار الدولية، ١٠١٩٦ وكذلك ارشاك بولاديان: الاكراد في حقبة الخلافة العباسية ص ٨٣، د جليلة ناجي: الإمارة الحسنوية في الدينور و شهرزور، بحث منشور في مجلة المجمع العلمي الكردي/ المجلد الثالث طبع سنة ١٩٧٥، مطبعة الحوادث.

١٢ محەمەد ئەمین زەکی بەگ: خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، ص ٧٠ وكذلك الموسوعة العربية، مادة (حسنويه ـ بنو)، محمد وليد الجلاد، مجلد٨، دمشق، ص ٣١٦.

١٣ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون ١٠١٩٦ وكذلك محمد أمين زكي: خولاصه، ص ٧٠.

١٤ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ١٠١٩٦.محمد وليد الجلاد: (حسنوية ـ بنو)، منشور في الموسوعة العربية ٨/ ٣١٦.

١٥ محمد أمين زكي: خلاصة، ص ٧١.

١٦ محمد أمين زكي: خلاصة، ص ٧١.

١٧ ابن الأثير: الكامل في التاريخ ٧/ ٣٩٣.

١٨ ابن العماد الحنبلي: شذرات الذهب في أنباء من ذهب، تحقيق وتخريج: عبدالقادر الأرناؤوط ومحمود الأرناؤوط، دار ابن كثير، دمشق ـ بيروت، ط١، عام ١٤٠٦ ه ـ ١٩٨٦م ٥/ ٢٩ ، محمد وليد الجلاد: (حسنوية ـ بنو)، منشور في الموسوعة العربية الرقمية ٨/ ١٦.

١٩ ابن الأثير: الكامل ج٧ ، ص ٣٩٣.

٢٠ ابن العماد الحنبلي: شذرات الذهب ٥/ ٢٩. «ناصر الدولة الكوردي و اصلاحاته «بحث منشور لسامي الهسنياني، في موقع القدوة على الرابط (.http://www qudwa1.com/?page=articles/18/18-015)

٢١ ابن الأثير: الكامل، ٤٩٨/٧.

٢٢ حسام الدين النقشبندي: الكرد في لرستان، ص ١٦٦.

٢٣ علي بن صالح بن علي المحيميد: إمارة بني حسنويه الأكراد وعلاقاتها بالدولة البويهية، (٣٥٠ ـ ٤٣٩ ه/ ٩٦١ ـ ١٠٤٧ م)، بحث منشور في مجلة التاريخ العربي (الرقمية)، الأمارات العربية المتحدة، العدد ٢٧، صيف ٢٠٠٣.


٢٤ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ص ١٢٣٦.

٢٥ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون ص ١٢٣٦، علي بن صالح بن علي المحيميد: أمارة بني حسنويه، نفس المكان السابق.

٢٦ ارشاك بولاديان: الأكراد : ص٩٥.

٢٧ ابن خلدون تاريخ أبن خلدون ١٢٣٦. ارشاك بولاديان: الاكراد، ص ٩٥، محمد أمين زكى بك: نفس المصدر السابق.

٢٨ حسام الدين النقشبندي: الكرد في لرستان، ص ١٩٨.



# ڕامان لە وێستگەکانی ئەم قۆناغە



**شوان هەورامی**

لەدایکبووی ١٩٦٧، هەڵەبجە. جگە لە دیوانێکی شیعری بەناوی (سۆراغی ژیان)، ژمارەیەک کتێبی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی. خاوەنی سەدان وتاری بڵاوکراوەیە. خوێندکاری ماستەرە لە زانکۆی لەندەن.

## بەشی دووەم

### تورکیا و ناوچەکە:

لە دوای سەرکەوتنی ئاکپارتی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٣دا، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی تورکیادا دەستیپێکرد، کە دەکرێ بوترێت قۆناغی بەر لە ئاکپارتیی و قۆناغی دوای هاتنی ئاکپارتی، چونکە لە رووی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە گۆڕانکاریی ریشەیی روویاندا، لە رووی سیاسییەوە کرانەوەی دیموکراتیی لە تورکیادا زۆر بەرچاوە، بەتایبەتیی لە فراوانبوونی ئازادییەکاندا، جاران دادگەی دەستووریی و کەمالییەکان و سوپا وەک سێکوچکەیەکی شووم؛ رێگر بوون لە رێگەی هەر چاکسازییەکدا، ئەویش بە بیانووی پاراستنی سستمی عەلمانیی و میراتی ئەتاتورکییەوە. بەڵام ئەمجارەیان هەر لە سەرەتاوە ئاکپارتی بە چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان و گەشەی تورکیا، بەرەی لەژێرپێی عەلمانییە پەرگیرەکان دەرهێنا، بۆیە قۆناغ بە قۆناغ چاکسازییە دەستوورییەکانی بردە پێشەوە، کە لەم قۆناغەشدا ئەم کرانەوەیە بۆ کوردیش دەسکەوتی باشی تێدا بوو، لەلایەک گفتوگۆی حکومەت و ئۆجەلان و قەندیل؛ باکووری کوردستانی ئارام کردەوە و گوند و شارەکانی هێوربوونەوە، لەلایەکی تریش گەشەی ئابووریی دوای دەیان ساڵ وێرانیی گەڕایەوە بۆ کوردستان.

دوورکەوتنەوەی شەڕ لە کوردستان خزمەتێکی دوولایەنە بوو بە کورد و تورکیا، کورد لە نەهامەتیەکانی دوور دەکەوتەوە، تورکیاش بەو ئارامییە سوپا و ژەنراڵەکانی لە گەمەی سیاسیی دوور و هەژموونیان بەسەر دەسەڵاتی تورکیادا دوور دەخستەوە، باڵی سێیەمیش کە دادگەی دەستووریی بوو؛ گۆڕانکاریی ریشەیی تێداکرا و چیتر نەیدەتوانی ببێتە مەترسیی بۆ سەر پارتەکان و هەڵوەشاندنەوەیان.

گۆڕانکاریی و چاکسازییەکانی ئەم قۆناغە بۆ ناوەندەکانی توێژینەوەی ناوچەکە و جیهان جێی بایەخ بوو، هەربۆیە لەوبارەوە راپۆرتی زۆر بڵاودەکرێنەوە، هەیە بە ئەرێنیی و هەشە بە نەرێنیی هەڵیدەسەنگێنن، بۆ نمونە (ناوەندی دایان بۆ توێژینەوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا) دا، لە ئابی ٢٠١٧دا راپۆرتێکی بڵاوکردەوە، کە نیگەرانیی دەربڕیی لەوەی ئەو رێوشوێنانەی کە ئاکپارتی لە تورکیادا لە پەروەردە و خوێندن و یاسای هاوسەرگیرییدا گرتوویەتیە بەر؛ شۆڕشێکی سپیە بەسەر میراتی ئەتاتورکدا، کە ئاکپارتی دەیەوێت رەنگێک بداتە تورکیا کە کۆک بێت لەسەر خەون و ویستە ئیسلامییەکەی.

راپۆرتەکە باسی لێدوانی وەزیری پەروەردەی تورکیا (عیسمەت یەڵماز) دەکات لە مانگی تەمووزدا کە بە تەواویی ئەتاتورکیەت لە پرۆگرامەکانی خوێندندا سڕاوەتەوە، باوەکو هێشتا ئەو بڕیارانە جێبەجێ نەکراون، هەروەها باسی کودەتاش یەکێکی ترە لەو باسانەی کە خراوەتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە، کە لەو بەشەدا باسی گرنگیی حکومەتە هەڵبژێردراوە دیموکراسییەکان و مێژووی کودەتا سەربازییەکانی تورکیا دەکات، ئەمە راست پێچەوانەی ئەو رێوشوێنەیە کە راستەوخۆ لە دوای کودەتای ١٩٦٠ گیرایەبەر، کە ئەو کاتە کتێبەکانی پەروەردە پەسنی دەستێوەردانەکانی سوپای دەکرد، کودەتاچیان رۆژی ٢٧ی ئایاریان وەک رۆژی ئازادیی و دەستوور کربووە رۆژی پشوودان.

راپۆرتەکە دەڵێت ئەم شۆڕشە سپیەی ئاکپارتی راست پێچەوانەی شۆڕشەکەی سوپایە، کە بە هیچ شێوەیەک شەرعیەت ناداتە میراتی ئەتاتورک، بەڵکو کتێبە نوێیەکان ئەوە فێری خوێندکار دەکات کە ئەوانەی لە ١٥ تەموزی ٢٠١٦ دا بەرگرییان لە وڵات کرد تێکۆشەرن. هەروەها وەزارەتی

پەروەردە تیۆری (داروین)ی گۆڕیووە بە تیۆری خولقاندن (نظرية الخلق)، کە ئەم بابەتە لە ساڵی ١٩٨٧دا مشتومڕێکی زۆری دروستکرد، وەزیری پەروەردەی ئەو کاتە (وەهبی دینتشیلیر) دەیەویست تیۆری داروین لە پرۆگرامەکانی خوێندندا لابدات. هەروەها ئاکپارتی دەیەوێت لەمەودوا بە یاسایەک کار بکات بۆئەوەی موفتی بەشێک بێت لە سستمی هاوسەرگیریی، وەک فەرمانبەرێکی سەرۆکایەتیی کاروباری ئاینیی، بەپێچەوانەی جاران کە بە تەنیا لە دەستی شارەوانیی و موختارەکاندا بوو، کە پارتی گەلی کۆماریی دژی ئەم هەنگاوە وەستایەوە و رایگەیاند ئەم هەنگاوە راست پێچەوانەی عەلمانیەتی دەوڵەتە و ئەمە پێگەی هاوسەرگیریی دینیی لە کۆمەڵگەدا بەهێز دەکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەت ئاماژەی بەوەدا کە ئەم هەنگاوە هیچ گۆڕانکارییەک لە یاسای بەرکاری جێبەجێ کراودا ناکات(١٧).

گەرچی تورکیا ویستی هەموو وڵاتانی ناوچەکە وەک قوڵایی ستراتیژیی بۆ خۆی لەقەڵەمبدات و پەیوەندیی سیاسیی و ئابووریيان لەگەڵدا دابمەزرێنێت، لەو رووەشەوە لەگەڵ سووریا و ئێران و وڵاتانی کەنداوا پەیوەندیی بەهێزی رێکخست، بەڵام هەڵگیرسانی بەهاری عەرەبی، تورکیای خستە هەڵوێستێکی ترەوە، چونکە ئەو وڵاتە وەکو وڵاتێکی دیموکراسی کەوتە خانەی لایەنگریی لە شۆڕشگێڕانەوە، لە ناوچەکەشدا دیکتاتۆران و بنەماڵە خێڵەکیەکان؛ کە دژی ئازادیی و مافی مرۆڤ و دیموکراسیی بوون، کەوتنە خۆسازدانەوە بۆ کودەتا و رێگریی لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان، بۆیە ئاساییە لە وەها هەلومەرجێکدا بەرەی ئیستیبداد دژایەتی بەرەی لایەنگری شۆڕش بکات، بۆیە دەبینین سعودییە و ئیمارات و میسر دوژمنایەتیی تورکیایان دەستپێکرد، تەنانەت بۆ ئەم مەبەستە ئامادەن لەگەڵ ئیسرائیلیدا ببنە هاوپەیمان، بۆ ئەوەی پێگە و هەژموونی تورکیا لەم ناوچەیەدا کەم بکەنەوە، چونکە ئیسرائیلییەکانیش بە هەمان لۆژیکی سعودییەکان قســە دەکەن و بڕوایان وایە گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست شایستەی ئازادیی و دیموکراسیی نین(١٨).

بۆیە زۆر ئاساییە کە ئێستا تورکیا ببێتە پشتیوانی قەتەر و سعودییە و ئیماراتیش هەموو هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ دژایەتیی تورکیا، بۆ نمونە لە دوای گرتنەوەی رەقە بۆ ئیستیفزازی تورکیا (سامر سەبهان)ی وەزیری دەوڵەتی سعودییە بۆ کاروباری کەنداو هاوڕێ لەگەڵ (برێت مەگگۆرک)ی نوێنەری سەرۆکی ئەمەریکا بۆ کاروباری کورد؛ سەردانی باکووری سوریا و شاری رەقەیان کرد، بەپێی هەندێ هەواڵ چەند جارێکیش لەگەڵ بەرپرسانی پەیەدە کۆبۆتەوە، کە تورکیا بە باڵی سوریای (PKK) ناویان دەبات و بە تیرۆریستیان لە قەڵەم دەدات، کە ئەم هەنگاوە لەلایەن تورکیاوە بە هەنگاوێکی دووژمنکارانە لە دژی وڵاتەکەی هەژمار دەکات(١٩).

## تورکیا و کورد:

من لێرەدا بە پێویستی نازانم بگەڕێمەوە بۆ شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران و ئارارات و دێرسیم، تەنانەت هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی چەکدارانەی پارتی کرێکارانی کوردستان، بابەتگەلێکە قسەی زۆری لەسەر کراوە، بۆیە باسکردنی هۆکارەکانی تووڕەیی تورکیا بەرانبەر بە کورد لەم قۆناغەدا، بە گرنگتر دەزانم.

لە ئێستادا سێ پارچەی کوردستان، باکوور و باشوور و خۆرئاوا ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە تورکیاوە هەیە، بۆیە ئەو وڵاتە وەکو بابەتێکی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، کە دەکرێ بوترێت ٧٠٪ی کورد لەم سێ بەشەی کوردستاندا دەژین.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەڕاستیەک بدەین، کە زۆرینەی رەهای کورد و سەرکردەکانی بەردەوام

**سعودیە لەم قۆناغەدا هەڵوێستەکانی نەبە قازانجی دۆستەکانیەتیی و نەدەتوانێت زیان بەنەیارەکانیشی بگەیەنێت.**

لەم هەڵەیەدا دەژین و لەکاتێکدا هەڵوێستی دژ بە کورد لە وڵاتی تورکیاوە دەبینن و دەبیستن، تووشی جۆرێک لە نیگەرانیی و شۆک دەبن، بۆیە نابێ کورد داوا لە سەرکردە و ڕێبەرانی تورکیا بکات وەک ئەو بیر بکەنەوە، چونکە تا ئەم ساتەش پەروەردەی ڕەگەزپەرستانەی کەمالیی و حکومەتی نهێنیی و هاوتەریب (الحكومة العميقة) لەو وڵاتەدا ڕەگی داکوتاوە. هەموو کودەتاکانی تورکیا بەوەی ساڵی ڕابردووشەوە ئەوان بە بیانووی پاراستنی عەلمانیەتی ئەتاتورکی بەرپایان کردووە، سەرۆکی خۆشەویستی گەلی تورکیا (عەدنان مەندەرێس) ئەوان لەسێدارەیاندا، ئەوە جگە لە هەزاران کوژراو و ئەشکەنجەدراوی دوای هەر کودەتایەک، تەنانەت گومانی زۆر بەهێز هەیە کە سەرۆک تۆرگۆت ئۆزالیش ژەهرخوارد کرابێت و تیرۆر کرابێت، چونکە ئەویش دەیویست کرانەوەی دیموکراسیی لە تورکیادا دەستپێبکات، بەتایبەتیش کردنەوەی دەرگا لەگەڵ کورد و گفتوگۆ لەگەڵ PKKدا یەکێک بوو لەو هێڵە سوورانەی عەلمانیەتی ئەتاتۆرکی کە ئەو بەزاندی. بۆیە دەبێت بزانین کرانەوەی دیموکراسی ئاکپارتی شتێکی ئاسان نەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ کێشەی کورددا، ئەو پارتە وەک هونەری ئەوەی کە دەکرێت (فن الممكنات) قۆناغ بە قۆناغ چووەتە پێشەوە، بەڵام لەلایەن حکومەتی نهێنی و دووژمنە مێژووییەکانی تورکیا لە خۆرئاوادا، کە لە زیندووبوونەوەی عوسمانییەکان دەترسن بەردەوامبوون لەوەی لەمپەر لە بەردەمی ئەو کرانەوەیەدا دروست بکەن.

**هۆکارەکانی نیگەرانیی تورکیا:**

هۆکارەکانی نیگەرانیی تورکیا زۆرن، بەڵام لە چەند خاڵێکدا کورت دەکرێنەوە :

١. لەبارەی کوردانی باکوورەوە ئاکپارتی لەوە نیگەرانە، کە ئەوان بە جۆرێک لە PKK و HDP چوونە پێشەوە کە لە مێژووی نوێی کۆماری تورکیادا ڕووی نەدابوو، بەڵام ئەوان خوێندنەوەیان بۆ ئەو نەرمیەی ئاکپارتی زۆر هەڵە بوو، لەلایەک هەڵوێستەکەیان ئایدیۆلۆژیی بوو نەک واقعیی، لەلایەکی تریش ئەو نەرمیەیان بە بێهێزیی پارتی حوکمڕان دەزانی، ئەوەشمان بیر نەچێت کە هەندێ هێزی دەرەکیی ئەوانی بەوشێوەیە هاندەدا کە پێویستە بەشێک بن لە گوشاری سەر ئاکپارتی، بۆ نمونە سکرتێری سۆشیالیستی نێودەوڵەتیی (لویس ئەیالا) کە جولەکەیەکی لایەنگری ئیسرائیلە، لەکاتی هەڵبژاردنی سەرۆکی تورکیادا لە پەرلەماندا، فەرمانی پێدابوون لە نێوان عەبدوڵڵا گویل و دەوڵەت باخچەلی دا نوێنەرانی کورد دەنگ بە باخچەلی بدەن، هۆکارەکەش تەنیا ئەوە بوو ئاکپارتی لەگەڵ ئیسرائیلدا پەیوەندییەکانی خراپ بوون و ئەیالا دەیەویست بە کارتی کورد تۆڵە لە ئەردۆغان و پارتەکەی بکاتەوە. HDP بەوەشەوە نەوەستا، بووە بەشێک لە دژایەتیی تورکیا لە سیاسەتەکانی ناوخۆ و دەرەوەیدا، بەتایبەتی دژایەتی شۆڕشی سوریا، تا کار گەیشتە ئەوەی لەکاتی قەیرانی نێوان تورکیا و ڕووسیادا (سەلاحەدین دەمیرتاش) لە ڕووسیاوە هەڕەشەی لە ئەردۆغان کرد؛ کە دەبێ بڕووخێت. بەخوێندنەوەی PKKش کاتێک

بینیی ئەمەریکا لە خۆرئاوای کوردستان هاوکاریی باڵەکەی دەکات بۆ شەڕی داعش و پەسنی شەڕڤانەکانی دەکات، واتیگەیشت لە باکووری کوردستانیش بە هەڵگیرسانەوەی شەڕ و سەنگەر لێدان لە شارەکاندا دەتوانن نیگەرانییەکانی ئەمەریکا لە تورکیا بگۆڕن بە پشتیوانیی و لەوێش هەرێمی خۆسەر دروست بکەن وەک خۆرئاوای کوردستان، ئەوە بوو شەڕی باکوور جارێکی تر دۆزی کوردی چەندین قۆناغ بردەوە دواوە و ئاسۆیەکیش بۆ گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتیانەی نابینرێت. ئەمەش دوای ئەوەی کە HDP لە دوای هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی ٢٠١٥دا هەلێکی زێڕینی لە بەردەمدا بوو کە ببێتە هاوپەیمانی ئاکپارتی و ببێتە پارسەنگێکی باش بۆئەوەی باڵانسی ئاشتی لە باکوور بپارێزێت، بەڵام چ لە کاتی هەڵبژاردنەکان و چ دوای هەڵبژاردنەکان جگە لە داخوازیی ڕووخاندنی ئاکپارتی، دروشمێکی تری بەرز نەکردەوە، هەرئەوەش بوو کە لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو لە کوردانی باکوور لە دەنگەکانیان بە HDP پەشیمان بوونەوە و دەنگیان بە ئاکپارتیدا.

٢. پەیەدە لە خۆرئاوای کوردستان وەک باڵی سوریای PKK هەر لە سەرەتای شۆڕشی سوریادا بە بیانووی ئەوەی گوایە بێلایەنە لە ڕووداوەکاندا، هەموو شۆڕشگێڕانی خۆرئاوای کوردستانی لە ناوچەکانیدا سەرکوت کرد، بەڵام بەپێچەوانەوە؛ بەعسییەکان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا نەک هەر ئازاد بوون، بەڵکو چالاکیەکانیشیان بەردەوام بوو، بۆیە هەر لەو کاتەوە PKK دژایەتی خۆی بۆ ئەجێندای تورکیا ڕاگەیاند، لەلایەک دەیگووت نابێ ڕێگە بدرێت تورکیا دەستوەرداتە کاروباری ناوخۆی سوریا، بەڵام بۆ خۆیشی ململانێی خۆی لەگەڵ تورکیادا گوێزایەوە بۆ سوریا و دەستیکردە دژایەتی شۆڕشی گەلانی سوریا، تەنانەت هەموو پارتەکانی خۆرئاوای کوردستانیشی سەرکوت کرد. لە دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕی باکووری کوردستان، چیتر باڵی سوریای PKK ش بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ ئۆپۆزیسیۆنی لایەنگری تورکیا ڕاگەیاند و لە حەڵەب و باکووری سوریادا لە گەمارۆدانی ئۆپۆزیسیۆن و خنکاندنیاندا بەشداریی کرد، هەربۆیە کاتێک ئەمەریکا و خۆرئاواییەکان یارمەتی (PYD)دەدەن و ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە باڵی PKK بێت کە ئەوان بە تیرۆریستی ناو دەبەن، گومانەکانی تورکیا چەند بەرانبەر دەبێت، ئەمە لە دوای ئەوەی تورکیا بەڵگەی بەدەستەوەیە کە خۆرئاواییەکان لە کودەتاکەی ١٥ ی تەمووزی ٢٠١٦دا بەشداربوون، ناتۆ پشتیوانیی لە تورکیا نەکرد لەکاتی قەیرانەکەی لەگەڵ ڕووسیادا، بۆیە تورکیا ئەو هەوڵەی ئەمەریکا بە هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێت و بەتەواویی نیگەرانە لەو ڕەفتارە و لەگەڵ ڕووسیا و ئێران و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە ڕژێمی سوریا لە هەوڵدایە بۆ دانانی سنوورێک بۆ ئەو هەوڵەی خۆرئاواییەکان. چونکە ئەوان بەم دیوارەی کوردانی خۆرئاوا ویستیان ڕێگە لەوە بگرن کە سوننەی شام بۆ جارێکی تر ببنەوە بە قوڵایی ستراتیژیی بۆ تورکیا و بەوەش ئاسایشی ئیسرائیل بە بۆچوونی ئەوان بکەوێتە مەترسییەوە.

٣. لە دوای بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی؛ بنکەی ئاسمانیی ئینجەرلیک بووە چەکوشی ئامادە بۆ سەپاندنی ناوچەی دژەفڕین بەسەر عێراقدا، بۆیە دەستی تورکیا زیاتر کرایەوە کە بۆ دەستوەردانە ناو کاروباری هەرێم و لەوێشەوە لێدانی بنکە و بارەگاکانی PKK دەستبەکار بێت، ئەم حاڵەتە لە نێوان ساڵی ١٩٩١ بۆ ساڵی ٢٠٠٣ بەوشێوەیە بەردەوام بوو، هەرێمی کوردستانیش بازاڕێکی باش بوو بۆ بازرگانیی و قاچاغی نەوت و کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی تورکیا، بۆیە ئەمەش وایکرد حکومەتی هەرێمی کوردستان ببێتە ئەمری واقیع و تورکیا لە

ڕەهەندە نەتەوەییەکەی نەترسێت. بەڵام لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام و داگیرکردنی وڵات لەلایەن ئەمەریکاوە، تاڕادەیەک تورکیا هەستی بە جۆرێک مەترسیی کرد، چونکە لەلایەک ڕێگەی نەدابوو ئەمەریکا خاکی وڵاتەکەی بۆ هێرشەکەی سەر عێراق بەکاربهێنێت، لەلایەکی تریش جۆرێک لە سەربەخۆیی بڕیاری دابووە کوردەکان، بۆ نمونە کار گەیشتە ئەوەی کە لە قۆناغێکدا مەسعود بارزانی هەڕەشە لە دەستوەردانی تورکیا بکات و بڵێت: ئەگەر ئەوان دەستوەردەنە کاروباری کوردستان، ئێمەش دەستوەردەدەینە کاروباری تورکیا. کە تاڕادەیەکیش قەیرانێکی زوو تێپەڕی دیپلۆماسی لێکەوتەوە، هەروەک پێشتریش ئاماژەمان بە ڤیدیۆکانی سەرۆ قادر کرد کە باسی ئەوەی دەکرد کە ئەگەر تورکیا بە سەربەخۆیی کوردستان ڕازی نەبێت دابەش دەکرێت و فڕێ دەدرێتە ئەنادۆڵ، دواتر دەستوور و کێشەی مادەی ١٤٠ و تاگەیشتە شەڕی داعش؛ پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم تاڕادەیەک ئاسایی بوون، بەڵام بڕیاری ڕیفراندۆم لە کوردستان و پشتیوانیی کردنی لەلایەن بنیامین ناتانیاهۆ و پارمەتیدانی کوردانی خۆرئاوا لەلایەن ئەمەریکاوە، مەترسییەکانی تورکیای چەند بەرانبەر کردەوە، بەتایبەتیی ئاکپارتی و سەرکردەکانی زۆر ڕێزی مەسعود بارزانی و بنەماڵەکەیان دەگرت و هەموو گرێبەست و قاچاغی نەوت و ئەو گوێنەدانەی پارتی بە حیزبەکانی تری کوردستان و بێمنەتیان لە خەڵک، بەشێکی زۆری بۆ پشتیوانی تورکیا دەگەڕایەوە، بۆیە ئەم هەڵوێستەی بارزانی و بێمنەتیان لەلای تورکیا بەوە لێکدرایەوە لەلایەک سپڵەیی بێت و لەلایەکی تریش پیلانێکی ئیسرائیلی و خۆرئاوایی بێت لە دژی ئەو وڵاتە، بۆیە زۆر بە توندی دژی وەستانەوە، نیگەرانیی تورکیا زۆر لە نیگەرانی ئێران توندتر لە میدیا و هەڵوێستەکاندا دەرکەوت.

وەک دەردەکەوێت ئەو هەڵوێستەی تورکیا و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئێران و ڕووسیادا بەرهەمی خۆی هەبووە، ئەوەی ئێستا جێی نیگەرانییە گەڕانەوەی پێگەی کوردە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیی و ناوچەییدا و ئەگەری نەهامەتیی نوێی لێدەکەوێتەوە، چونکە کورد ساڵانێکی درێژە بە درووشمی (کوردستان یا نەمان) خەبات دەکات، واتە یا سەرکەوتن یا هیچ، سیاسەتیش هونەری مومکیناتە نەک هەموو ئەو شتانەی کە تۆ دەتەوێت، چونکە لە باشترین حاڵەتی بەهەشتی دنیاشدا ئەوەی کە دەتەوێت دەستت ناکەوێت!!

## سعودیە و کورد:

کورد بەهۆی ئاینی ئیسلامەوە؛ بەپێی هەندێ گێڕانەوەی مێژوویی هەر لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) کورد پەیوەندیی بە حیجازەوە پەیدا کردووە و بەردەوام بووە لەسەری، وەک یەکێک لە نەتەوە پێکهێنەرەکانی ئومەتی ئیسلامیی؛ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شارستانیەتی ئیسلامیی هەبووە.

لە سەردەمی نوێدا؛ پەیوەندیی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ سعودیەدا دەگەڕێتەوە بۆ ناردنی شاندی زانایانی کوردستان بۆ لای شا فەیسەڵ کوڕی عەبدولعەزیز و پێشوازیی لێکردنیان و گرنگیدان بە شاندەکە و گوێ گرتن لێیان و پشتیوانیی کردنی کورد بۆئەوەی لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا بگەنە ڕێگە چارەیەکی ئاشتیانە و پاراستنی وڵاتەکە لە خوێنڕشتن و شەڕ و ئاژاوە، بەتایبەتی ئەو کاتە هەموو وڵاتانی عەرەبیی کێشەی فەڵەستین و ڕەتکردنەوەی شکستی شەڕی شەش ڕۆژە بەلایانەوە زۆر گرنگ بوو.

گەرچی سعودیە لە جەنگی ٨ ساڵەی عێراق – ئێراندا؛ بە دەیان ملیار دۆلار پشتیوانیی لە عێراق کرد، بەڵام ڕاستەوخۆ لە دوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە؛ بووە دوژمنی سەرسەختی ڕژێمی سەدام، بۆیە لەسەر بنەمای دوژمنی

دوژمنەکەم دۆستمە؛ جارێکی تر بۆ دژایەتی ڕژێمی سەدام لای بەلای کورددا کردەوە، هەر لەوکاتەوە تا ڕیفراندۆمەکەش سعودیە کەم و زۆر پەیوەندیی لەگەڵ لایەنە کوردستانیەکاندا هەبووە، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا بۆ دژایەتی ئێران و حکومەتی تائیفیی بەغدا و دەستوەردانە کاروباری سوننەی عێراق پەیوەندیی لەگەڵ مەسعود بارزانیدا گەرم کردبوو، بەتایبەتیش شێوازیی حوکمڕانیی بنەماڵەیی کوردستان بەلای سعودییەکانەوە زۆر پەسەند بوو، لەکاتی سەردانی بارزانی بۆ سعودییە باسی یارمەتیەکی ٨ ملیار دۆلاری دەکرا بۆ هەرێمی کوردســـتان.

دەبێ ئەوەش بزانین سـعودیە لە هەموو وڵاتانی ئیســـلامیدا دەیەوێت پشـتیوانیی لە سـوننەی ســـاختە (تزویر) واتە ســـەلەفیی مەدخەلی بکات، بۆیە لە کوردستانیش هەمان هەوڵیداوە و هاوئاهەنگە لەگەڵ ویستی دەسەڵاتدارانی کوردستاندا، بەڵام ئەو هەوڵەی سـعودییە لە عێراق و شام و یەمەن و میسردا، کە لەلایەک پشـــتیوانیی لە سوننەی ساختە دەکات و لەلایەکی تریش دژی سوننەی ئازادیخوازە، نەهامەتی زۆر گەورەی لێکەوتۆتەوە.

بەڵام ئەو هەوڵەی سـعودییە لە پشتیوانیی کورد، ستراتیژیی نیە و پەیوەندیی بە هەڵوێستی تاکتیکیی ئەو وڵاتەوە هەیە، بۆ نمونە لەو جێگەیەدا کە هاوئاهەنگە لەگەڵ سیاسەتی ئیسرائیلدا وەک پشتیوان خۆی نمایش دەکات و لەو جێگەیەشدا لەگەڵ سیاسەتی قۆناغەکەدا نەگونجێت دژایەتی دەکات. بۆیە دەبینین ماوەیەک لەمەوبەر پشتیوانییان لە مەسعود بارزانی دەکرد کە سەرکردایەتیی سوننەی عێراقیش بکات بۆ دژایەتیی حکومەتی تائیفیی عێراق، بەڵام کاتێک لە یەمەندا چەقین و ناتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن، دەیانەوێت لە ڕێگەی هەمان حکومەتی عێراقەوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێراندا تاڕادەیەک ئارام بکەنەوە، بۆیە لە پرسی ڕیفراندۆمدا پشـــتیوانییان لە حکومەتی عەبادیی کرد و بە توندی دابەشکردنی خاکی عێراقیان ڕەتکردەوە، بە تایبەتیش سعودیە بۆی دەرکەوت لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ناتانیاهۆ لە بەڵێنەکەی بێدەنگ بووە!!

بەڵام بۆ هاوئاهەنگیی لەگەڵ خواستی ئیسرائیلدا، ماوەیەک بەر لە ڕیفراندۆم (لیوا ئەنوەر عیشقی) سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی پێشووی سعودیە؛ پشتیوانیی خۆی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەربڕیی کە هەرچوار پارچەکەی کوردستانیش یەکبخاتەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی بەربەستێک لە نێوان تورکیا و سوننە و ئێران و دەستوەردانە کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بکرێت، سەردانی (سامر سەبهان)ی وەزیری کاروباری کەنداوی سعودیەش بۆ ڕەقە لە چوارچێوەی هەمان هەوڵی سعودیەدایە بۆ دژایەتی تورکیا، بەتایبەتی دوای ئەوەی تورکیا ڕێگەی نەدا گەمارۆدانەکەی سعودیە بۆ قەتەر بە ئامانج بگات.

سعودیە لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤەوە گوشارێکی زۆری خراوەتە سەر، بۆیە لەم قۆناغەدا هەر سیاسەتێک پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی خۆرئاوا بێت، ئەو وڵاتە خۆی لێدەپارێزێت، ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان لە ناوچەکە و جیهانیشدا دژایەتیی دەکرێت، سعودیە بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئێران و بۆ هاوتەریب بوون لەگەڵ سیاسەتی خۆرئاواشدا، دژایەتیی دەکات؛ بۆیە دیوانی پاشایەتیی سعودیی ئامۆژگاریی حکومەتی هەرێم دەکات ڕێگەی گفتوگۆ بگرێتەبەر لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا، شا سەلمان کوڕی عەبدولعەزیز لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق؛ کە ڕۆژی ١٦ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ ئەنجامدرا – واتە ڕۆژی داگیرکردنەوەی کەرکوک ڕایگەیاند کە شانشینیی سعودیی پشتیوانیی لە هەوڵەکانی عەبادی دەکات بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵات و ئاسایش و

سەقامگیریی عێراق(٢٠).

لەبەرئەوە دەبێ بزانین سعودیە لەم قۆناغەدا هەڵوێستەکانی نەبە قازانجی دۆستەکانیەتیی و نەدەتوانێت زیان بەنەیارەکانیشی بگەیەنێت، چونکە لەسەر گۆڕەپاندا بەهۆی دژایەتیی خواستی گەلانی ئازادیخوازەوە جەماوەری مسوڵمانی بە تەواویی لەدەستداوە، تەنانەت لەناوخۆی وڵاتیشدا تووشی جۆرێک لە نامۆیی بووە لەگەڵ دامەزراوەی دینیی وەهابیدا، کە هەر لە سەردەمی یەکەمین هاوپەیمانی میر سعود و محەمەدی کوڕی عەبدولوەهابەوە بەردەوام بووە تا ئەمڕۆ، هەڵوێستە نێودەوڵەتیەکانیشی ڕوون نین، چونکە قورسایی نیە لە ناوچەکەدا تاحسابی بۆ بکرێت، تەنیا دراوی هەیە و هەرکاتێک بیەوێت سەرنجی وڵاتێک ڕابکێشێت؛ بە کڕینی چەک و پێدانی باجی ئەو سەرنجراکێشانە گرێبەستی چەک واژۆ دەکات، تەنانەت ترامپ بەر لە هاتنی بۆ سعودیە کردبوویە مەرج لەسەریان، ئەگەر ئەو گرێبەستە ٤٦٠ ملیارییە واژۆ نەکەن سەردانەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەوەتا کاتێکیش دەزانێت ئەمەریکا بێدەنگە لە گەڕانەوەی ڕۆڵی ڕووسیا بۆ ناوچەکە و ئێران و تورکیا پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا گرێداوە، ئەویش هیچی نیە جگە لە ئەنجامدانی گرێبەستی چەندین ملیار دۆلاریی، بۆئەوەی ڕووسەکان حسابی بۆ بکەن، بۆیە هیچ هەڵوێستێکی سعودیەکان جێگەی متمانە نیە بۆ لایەنگرانی!!

## چارەنووسی کورد:

وەک ئەوەی کە بە سیاسەتی ناوچەکە و هەڵوێستی وڵاتانی جیهانەوە بەرانبەر بە نەتەوەی کورد دەردەکەوێت، دەکرێت بگەینە هەندێ بەرئەنجامی چاوەڕوانکراو، ئەی دەبێ کوردی هەر بەشێکی کوردستان لەم قۆناغەدا چیی بکات؟ بەتایبەتیی ڕێبەرانی کورد لە چارەکە سەدەی ڕابردوودا – لەبەر خۆپەرستیی– نەیانتوانی بگەنە گوتارێکی یەکگرتووی نەتەوەیی، کە تیایدا ستراتیژی نەتەوەیی داڕێژن بۆ خەباتی قۆناغەکە و کارکردن بە میکانیزمێکی سەرکەوتوانەی دوور لە هەنگاوی سەرپێی و خێڵەکیی و میزاجیی دیراسە نەکراو. من لێرەدا باسی ئەو هۆکارانە ناکەم کە هەرێمی کوردستان و پارچەکانی تری کوردستانی گەیاندووەتە ئەم قۆناغە، چونکە لەلایەن هەموانەوە کەم تا زۆر زانراوە و ڕۆژانە قسەیان لەسەر کراوە، بۆیە زیاتر جەخت لەسەر قۆناغی ئێستا دەکەمەوە، کە کورد ئێستا حاڵ و پێگەی چۆنە و لە کوێدایە و دەکرێ چیی بکات؟

## هەرێمی کوردستان:

شکستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دوای ٢٠٠٠ شەهید و ١٠ هەزار بریندار لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان، کە بریتیی بوو لە ٥١٪ ی خاکی کوردستان، بەتایبەتیی لەدەستدانی شاری کەرکوک، بە هەرەسێکی تری مێژوویی بۆ کورد هەژمار دەکرێت. ئەوەش نیشانەیەکی ترە لە خوێندنەوەی هەڵەی کورد بۆ هێزی بەرانبەرەکەیی و بێ ئاگایی لە هەڵوێستی وڵاتانی زلهێزی جیهان، کە حوکمڕانانی کورد بڕوایان وابوو مادەم خۆرئاوا باسی قارەمانێتیی پێشمەرگە دەکات و ئەمانیش بەو هێزەیان دەزانن کە لەبری هەموو جیهان دەجەنگن، چیتر خۆرئاوا پشتیان تێناکەن و سەردەمی تێکشکانی پێشمەرگە تێپەڕیووە، بۆیە دەرکەوت کە خوێندنەوەکەیان هەروەکو پشتیوانیەکەی ئیسرائیل و ٧٧ وڵاتەکەی جیهان بۆ ڕیفراندۆم دەرچوو، بۆیە تائێستاش خاوەنی ئەو خوێندنەوە هەڵەیە لە شۆکی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە ڕزگاریان نەبووە و خۆرئاوا بە خائین ناودەبەن، چونکە تائێستاش لەو ڕاستییە تێنەگەیشتوون کە جیهانی سەرمایەداریی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ماددی سیاسەت دەکات؛ نەک لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ

# سیاسەتیش هونەری مومکیناتە
# نەك هەموو ئەو شتانەی کە تۆ دەتەوێت

و دیموکراسیی و بنەمای ئەخلاقیی.

لێرەدا کە کورد شکستی خواردووە، دەبێ بزانێت؛ حکومەتی ناوەندیی تووشی جۆرێک لە لوتبەرزیی بووە، چونکە ناوچەکە و جیهانیش لە پشتی خۆیەوە دەبینێت، بۆیە دەبێت لۆژیکیانە مامەڵە لەگەڵ قۆناغەکەدا بکات، چونکە هەرێم گەڕاوەتەوە بۆ قۆناغێکی بەر لە دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە لە دوای ساڵی ١٩٩٢ هەرێمی کوردستان نیمچە سەربەخۆ بووە، حکومەتی بەغدا مەگەر بە پەلکێشکردنی بۆ ناو هەرێم هاتبێتە ناو کاروبارەکانییەوە، دەنا بۆ خۆی نەهاتووە و هەرێم سەربەخۆ بووە لە کارگێڕیی و بڕیارە سیاسییەکانیدا. بەڵام ئێستا بەپێی دەستووری نوێی عێراق، کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییە لە عێراق و بەپێی دەستووریش مامەڵەی لەگەڵ عێراقدا نەکردووە، واتە بەپێی ئەمری واقیع لەگەڵ بەغدا ڕەفتاری کردووە، ئێستا کە هەرێم لەم قۆناغەدا تێکشکاوە، بەغداش بەپێی ئەمری واقیع لەگەڵ هەرێمدا مامەڵە دەکات، بۆیە باشترین حاڵەت بۆ هەرێم لەم قۆناغەدا، بۆئەوەی لە میزاجی تائیفی بەغدا بپارێزێت، کارکردنە بە دەستووری عێراق و کارکردنی هەرێمە لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەدا، چونکە جگەلەوە زیانی گەورە بە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و ڕەوشی سیاسیی ناو هەرێمەکە دەگات، کارکردن بە دەستووری عێراق ئەم قازانجانەی بۆ هەرێم دەبێت:

یەکەم: بەپێی دەستووری فیدراڵی، هەرێم خاوەنی پەرلەمان و حکومەت و دەزگای دادوەریی و هێزی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایشی پارێزەری خۆیەتی، بۆیە جێبەجێکردنی دەستوور وەکو خۆی؛ بە دوور لە هەژموونی حیزبی خاوەن میلیشیا، هەرێمی کوردستان لەم حاڵەتە پاشاگەردانییە ڕزگار دەکات کە دوو حیزبی خاوەنی میلیشیا و داگیرکەری سامانی گشتیی لە رابردوودا ڕێگەیان نەداوە بە گەشەی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی، کە بەوەش هەرێم دەبێتە خاوەنی دەسەڵاتێکی دەستووریی و بۆ هەمیشە لە هەژموونی حیزب ڕزگاری دەبێت، بەڵکو حیزب لە بەرەو پێشبردنی وڵاتدا بە بەرنامە سیاسیی و ئابوورییەکانی بەشداریی دەکات، نەک وەک مافیا مامەڵە لەگەڵ سامانی گشتیدا بکات.

دووەم: بە پێی دەستووری فیدراڵیی داهاتەکان (داهاتی نەوت و غاز، داهاتی گومرگ، داهاتەکانی ناوخۆ، داهاتی فڕۆکەخانەکان) دەچنەوە خەزێنەی ناوەندیی و بەپێی بودجەی گشتیی وڵات پشکی هەرێم دیاریی دەکرێت، لە کوردستانیش بەپێی بودجەی ساڵانە خەرجدەکرێت، کە ئەویش چاودێریی ڕاستەوخۆی پەرلەمان و لیژنەی دەستپاکیی لەسەرەو بەپێی حسابی کۆتاییش ڕاپۆرتی خەرجکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەند، بۆیە چیتر ڕێگە نادرێت ناشەفافیی و قاچاغچێتی بە داهاتی گشتیی هەرێمەوە بکرێت.

سێیەم: دەبێ بەپێی دەستوور؛ پێداچوونەوەیەکی زانستیانە بە لیستی فەرمانبەران و هێزەکانی پێشمەرگە و ئەمنیی

کوردستاندا بکرێتەوە، کە بندیواری زۆر لە مووچەی فەرمانبەراندا هەیە، بۆ نمونە وڵاتێکی وەکو سعودیە خاوەنی ٢٥٠ هەزار سەربازە، کەچی هەرێمی کوردستان زیاترە لە ٣٥٠ هەزار پێشمەرگە، کە لەڕاستیدا نیوەی ئەو ژمارەیە حەقیقەتی نیە، کەواتە مووچەکانیان لەلایەن بازرگانان بە خوێنی رۆڵەکانی کوردەوە خوراوە و کاریگەریی راستەقینەشی هەبووە بۆ سەر ژمارەو بژێوی پێشمەرگە واقعیەکانی کوردستان، سەربازێکی سادەی عێراقی دوو بەرانبەری پێشمەرگەیەکی کوردستان مووچەی وەرگرتووە، کەواتە ئەگەر پێداچوونەوەی زانستیانە بە لیستی پێشمەرگەدا بکرێتەوە، بژێویی و پۆست و پلەی پێشمەرگە لە رێگەی هەیئەی ئەرکان و دەسەڵاتی سەربازییەوە دیاریی دەکرێت، نەک لە رێگەی لق و مەڵبەند و مەکتەبی سیاسیی حیزبەکانەوە، تەنانەت دەمانبینیی لە شەڕی داعشیشدا لەبری ئەوەی سەرکردایەتیی بەرەکانی جەنگ لەلایەن پسپۆرانی سەربازییەوە بکرێت، دەسپێردرایە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی دوو حیزبی حوکمڕان، ئەوەش وایکرد کە بەهیچ شێوەیەک رێگە نەدرێت هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی سوپایەکی یەکگرتووی پێشکەوتوو. هەر ئەم پێداچوونەوەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە بەشێوەیەک رێکبخرێتەوە کە خاوەنی فەرماندە و پێشمەرگەی کارامە بێت، نەک ئەو رەگەزانەی ببوونە هۆکاری بێهێزیی پێشمەرگە، واتە کوردستان پێویستیی بە پێشمەرگە هەیە؛ نەک میلیشیای حیزب و ئایدیۆلۆژیا، هەر ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە چیتر حیزب نەتوانێت بەبیانووی شەرعیەتی شۆڕشگێڕیی خاوەنی میلیشیای چەکدار بێت و کار بکاتە سەر بڕیارە سیاسییەکان و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و تێکدانی سەقامگیریی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی.

چوارەم – کاتێ بودجە لە بەغداوە بۆ هەرێم دیاریی بکرێت، دەبێ لە کوردستان حیزبەکان لە چوارچێوەی یاسادا مامەڵە لەگەڵ بودجەدا بکەن، بۆ نمونە بەپێی یاسای بودجە بەشیان لە بودجەدا وەربگرن، نەک وەک جاران دەستی بەسەردا بگرن و تەخشان و پەخشانی بکەن، بەمەش ئەو حیزبانە قەبارەی راستەقینەیان لە کوردستاندا دەردەکەوێت، چونکە وەک جاران؛ نە داهاتی گشتیان لەبەردەستدایە و نە هێز و میلیشیایان هەیە بۆ چاوسوورکردنەوە و نە دەتوانن پۆستەکانی حکومەت بۆ دروستکردنی لایەنگر بەکار بهێنن، لەوکاتەدا تەنیا بەرنامە حیزبییەکانیانە بۆ هەڵبژاردن کە دەبێتە هۆی لایەنگرییان لە لایەن جەماوەرەوە، بۆیە ژینگەیەکی دروست و گونجاوی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی بۆ حیزبایەتیی و کاری رێکخراوەیی لە هەرێمدا دێتەکایەوە. هەر ئەو هەنگاوەش کوردستان لە زۆنی زەرد و سەوز و بازگەکانی دێگەڵە و سماقوڵیی و بالیسان رزگار دەکات و کوردستان دەبێتەماڵی هەمووان.

پێنجەم: ئەگەر دەستووری فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت؛ هەژموونی میلیشیا بەسەر هەرێم و هەژموونی پارە و پۆست بەخشینەوە بەسەر جەماوەردا نامێنێت، حیزب لە چوارچێوەی یاسایی خۆیدا کار بکات، بنەماکانی دیموکراسیش دەچەسپن و دەستاودەست کردنی دەسەڵاتیش بەشێوەیەکی ئاسان و ئاسایی بە ئەنجام دەگات، نەک ئەوەی لە ٢٦ ساڵی رابردوودا بینرا، نەک ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی کوردستاندا روویاندا، کە هەندێ پۆست لەبەر رق و کینەی حیزبایەتیی حیزبی حوکمڕان تائێستا جێبەجێ نەکراون و دوای ٤ ساڵ هێشتا بەرپرسی هەڵبژێردراوی خەڵک فەرمانە کارگێڕییەکەی بۆ دەرنەکراوە. کۆتایی هاتنی ئەو نەهامەتییە کارگێڕییە دەستکەوتە نەک لەدەستدانی سەروەریی، ئەوە کام سەروەرییە

> **جیهانی سەرمایەداریی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ماددی سیاسەت دەکات، نەك لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ و دیموکراسیی و بنەمای ئەخلاقیی.**

هەندێ بتپەرستی ناسیۆنالیست باسی دەکەن؟!

کەواتە ڕاستە هەرێمی کوردستان ئەو سەربەخۆییەی جارانی نامێنێت، بەڵکو وەک لە ٢٦ ساڵی ڕابردوودا بینیمان؛ دوو حیزبە حوکمڕانەکە هیچ کاتێک ئەو سەربەخۆییەیان بۆ بیناکردن و چەسپاندنی پایەکانی دەوڵەت(٢١) بەکارنەهێنا، کوردستان داهات و بەشێکی فراوان لە زەوی ئازاد و توانایەکی مرۆیی زۆر باشی هەبوو بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام چاوچنۆکیی حوکمڕانەکانی و نەبوونی ئیرادە بۆئەوەی کوردستان بکەنە دەوڵەت بۆ گەلی کوردستان، نەک بیکەنە دەوڵەت بۆ مانەوەی هەژموونی خۆیان، بۆیە لە هیچ قۆناغێکدا هەوڵ نەدرا بۆ بە دامەزراوەیی کردنی پایەکانی دەوڵەت و ئابووریی شەفاف و هێز و توانای ئەمنیی نیشتمانیی یەکگرتوو، کەواتە ڕاستە لە چوارچێوەی دەستووری فیدراڵیدا کوردستان ئەو سەربەخۆییەی لەدەست دەدات، بەڵام ئەگەر دەستوور وەک خۆی جێبەجێ بکرێت و گەلی کوردستانیش داوای ئەوە بکەن کە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت و جارێکی تر ڕێگە نەدەن پارتی و یەکێتی لە چوارچێوەی هەرێمدا خاوەنی میلیشیا و هێزی چەکدار بن و ببنەوە بە خاوەنی داهاتی گشتیی و لە ڕێگەی کۆمپانیاکانیانەوە جارێکی تر هەژموون بەسەر بڕیاری سیاسیی هەرێمەکەدا پەیدا بکەنەوە، ئەم لەدەستدانەی نیمچە سەربەخۆییەکەی ئەزموونی ٢٦ ساڵی ڕابردوو؛ زۆر باشترە لەوەی هەتا ڕۆژی دوایی ئەو شێوازەی ژیانی کوێرەوەریی کورد بە دەستی حیزبی خاوەن میلیشیاوە بەردەوام بێت.

لێرەدا پێویستە حیزبەکانی دەرەوەی دوو حیزبی حوکمڕان ئەم بابەتە بۆ خەڵک ڕوون بکەنەوە و پێشڕەویی خەڵک بکەن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا، ئەوەش بە دەسەڵاتدارانی بەغدا ڕابگەیەنن کە لە دوای دامەزراندنی حکومەتی عێراقەوە کە بە زۆر باشووری کوردستان لکێنراوە بەو وڵاتەوە، چەندین جار حکومەتەکانی پاشایەتیی و بەناو کۆماریی ویستویانە بە ستەمکاریی گەلی کورد تا سنووری قڕکردن ببەن، بەڵام نەیانتوانیووە بە ئاواتیان بگەن، کەواتە ئەگەر حکومەتی ئێستای عێراقیش بە زمانی تائیفیی و بە لوتبەرزیی قۆناغی بەعسی دوای ڕێکەوتنامەی جەزائیری ١٩٧٥ ڕەفتار بکات، دڵنیابێت ناگاتە ئەنجام و گەلی کورد ئامادە نیە بچێتە ژێر باری ستەمکارییەکانی، ئەگەر دەیەوێت بە زمانی دەستوور و یاسا و لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ و مافی هاوڵاتیبووندا مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات، هەمووان لە هەرێمی کوردستاندا هاوکاریی دەکەن و چاوەڕێی هەنگاوەکانی دەبن، دەبێ بۆ دەستەبەرکردنی ئەمەش لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهاندا هەوڵی دیپلۆماسی نوێ بخەنەگەڕ. دەبێ جەماوەری کوردستان ئەو ڕاستییەش باش بزانن؛ کە حکومەتی ناوەندیی و ناحەزانی کورد زۆریان پێخۆشە ئەو شێوازە شکستخواردووەی

دوو حیزبە حوکمڕانەکە بەردەوام بێت، بۆئەوەی کوردستان هەرێمێکی بێهێز و بێ ئیرادە بێت و هەموو مەرجەکانیانی بەسەردا بسەپێنن، لەم هەلومەرجەدا حکومەتێکی کاتیی کە وەڵامدەرەوەی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بێت، پێویستیی قۆناغەکەیە، چونکە ئەم حکومەتەی ئێستا هەڵگری هەموو ئەو نەهامەتیانەیە کە لە چارەکە سەدەی ڕابردوودا بەسەر ئەم هەرێمەدا هاتووە، بۆیە ئەگەر جەماوەری کوردستان لەم قۆناغەدا هۆشیار نەبن و لە نەهامەتیی ٢٦ ساڵی ڕابردوو خۆیان ڕزگار نەکەن، بۆ دەیان ساڵی تر دەبێ ئەو مۆدیلە سیاسییانە حوکمیان بکەن، کە لە بەرانبەری ناحەزانی کوردەوە ڕێوین و لە بەرانبەری جەماوەری ناوخۆی کوردستانیشەوە وەک ڕابردوو دەبنە شێر و ژیانیان بۆ هەمیشە لێدەکەنە ژان!!

## خۆرئاوای کوردستان:

ئەوەی کە حەقیقەتە (PYD) وەک باڵی سـوریای (PKK) هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی سـوریاوە، وەک هاوپەیمانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد خۆی نیشاندا، خۆپیشاندانی کوردانی خۆرئاوای لە دژی ڕژێم خەڵتانی خوێن کرد، بە یارمەتی هێزەکانی باکووری کوردستان و قەندیلی (PKK) کۆنترۆڵی خۆرئاوای کوردستانی کرد، دواتر سەرەڕای هاوپەیمانێتیی بەرەی دیمەشق و تاران، کە داعش وەکو هێزێک لە شام و عێراق دەرکەوت، خۆرئاواش بۆئەوەی شۆڕش لە سوریادا سەرنەکەوێت و خواستی خەڵک لە ڕووخاندنی ڕژێمەوە بگۆڕێت بۆ شەڕی داعش، زۆری گوشار خستە سەر لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆئەوەی ئاراستەی شەڕی ڕژێم بگۆڕن بۆ شەڕی داعش، بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی سوریا بروایان وابوو؛ ئەوەی کە بووە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش و هاوشێوەکانی مانەوەی بەشار ئەسەد و درێژە کێشانی شەڕ بووە لە سوریادا، بۆیە پێویستە سەرەتا ئەو ڕژێمە بڕووخێنرێت و دوای ئەوە بە ئۆتۆماتیکی دەکرێ ئەو هێزانەش لە گۆڕەپانەکە بکرێنە دەرەوە، بۆیە ئەمەریکا بە تەواویی چاوپۆشیی لە دڕندایەتیەکانی بەشار ئەسەد و بەزاندنی هەموو هێڵە سوورەکان کرد، بەڵام (PYD) هەموو ئامادەییەکی نیشاندا بۆ شەڕی داعش و هاوکاریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە؛ ئەوەیە کە ئەمەریکا لەلایەک ڕایگەیاندبوو کە ڕژێمی بەشار ئەسەد و هاوپەیمانەکانی لە سوریادا داهاتوویان نیە، نابێ سوریا بکەوێتە ژێر هەژموونی ئێران و هاوپەیمانەکانی، کەچی لەلایەکی تر بە قازانجی میلیشیا ئێرانیەکان و حیزبوڵڵای لوبنان بەرەکانی جەنگی ئۆپۆزیسیۆنی سوریای بۆمباران دەکرد بەناوی شەڕی دژە تیرۆرەوە، تەنانەت لە هەندێ جێگەدا سوپای ئازادیشی بۆمباران دەکرد کە خۆی یارمەتیی دەدان، خۆ حیزبوڵڵا و سوپای قودسیش لە لیستی تیرۆردایە، ئەی بۆچی یەکجار وەک هەڵەش بۆمباران نەکران؟ بە هەمان شێوەش ئەمەریکا زۆر باش پێکهاتەکانی سوریای دیموکراتیی هەڵسەنگاندبوو، تەنانەت برێت مەکگۆرک بۆ خۆی داوای کردبوو – بۆ کەمکردنەوەی گوشاری تورکیا – با عەرەب و پێکهاتەی تری دەرەوەی PYD ی تێکەڵ بکەن، ئەوەش تەنیا بۆئەوەی ئەو هێزە بەڵێنی دابوو جەنگی داعش بکات.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، خۆرئاوا و ئیسرائیل لە سوریادا دوو مەبەستیان هەبوو، هەروەک لە سەرەتادا (ڕامی مەخلوف)ی خاڵی بەشار ئەسەد ڕایگەیاند؛ ڕووخانی ئەسەد یەکسانە بە مەترسیی جدیی بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل، ئەوان هەر هەمان بۆچوونیان هەبوو لە سەرکەوتنی شۆڕشەکەدا، دووەمیش ویستیان ئەگەر بەکاتییش بێت تا ڕژێم خۆی دەگرێتەوە و دەسەڵاتی بەسەر

وڵاتدا دەسەپێنێتەوە، دیوارێک لە نێوان تورکیا و سوننەی شـامدا دروست بکرێت بۆئەوەی تورکیا یارمەتی شۆڕشگێڕان نەدات، شۆڕشەکە بەوە سەرنەکەوێت، هەربۆیە لە ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕشدا خۆرئاوای کوردستان سپێردرایە یەکینەکانی پاراستنی گەل، کە هێزی چەکداری PYD یە لە خۆرئاوای کوردستان، ئەوانیش ئەو ئەرکەیان بە باشترین شێوە بە ئەنجام گەیاند، لەلایەک شۆڕشگێڕانیان سەرکوت کرد و لەلایەکی تریش ئەو دیوارەیان دروستکرد کە بۆیان دیاری کرابوو.

ئێستا کە پایتەختی داعش کەوتە دەست هێزەکانی هاوپەیمان، زۆربەی ناوچەکانی لە خۆرئاوای عێراق و خۆرهەڵاتی سوریا یا کەوتوونەتە دەستی هێزەکانی هەردوو وڵات، یا کەوتوونەتە دەستی سوریای دیموکرات، یا نزیکبوونەتەوە لە کەوتن، بۆیە باسی پاشەڕۆژی PYD و هێزەکانی و ئیدارە فیدراڵییەکەی دەکرێت کە چییان بەسەر دێت؟!

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە هەندێ خاڵی گرنگ بدەین، کە لەو چوارچێوەیەدا چارەنووسی ئەو هێزە و ئیدارەکەی دیاریی دەکرێت:

یەکەم – هەرچەندە لە شەنگالدا هێزەکانی PKK وەک هاوپەیمانی حەشدی شەعبی دەرکەوتن و لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە پارتی ناوچەکەیان چۆڵ نەکرد، تەنانەت بەشداریشیان کردووە لە ئیدارەی نوێی ناوچەکەدا، کە حکومەتی عەبادی بۆ ناوچەکەی دیاریی کردووە، بەڵام ڕێکەوتنی هەرسێ وڵاتی تورکیا و ئێران و عێراق لەسەر ئەوەیە بەپێی دەستووری فیدراڵیی خاڵە سنوورییەکان بگەڕێنەوە بۆ ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق، بۆیە بەلای تورکیاوە زۆر گرنگە سنوورەکانی هەرێم لەگەڵ خۆرئاوای کوردستاندا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کۆنترۆڵ بکرێت و بەوپێیەش قەندیل و خۆرئاوای کوردستان – وەک جوگرافیا – لە یەکتر دابڕێت، کە تا ئەم ساتەش حکومەتی عێراقیی داوای کۆنترۆڵ کردنی پێشخاپوور و ئیبراهیم خەلیل دەکات و لەسەر ئەو بابەتە مشتومڕیانە.

دووەم: تورکیا کە نارەزایی دەردەبڕیی بەرانبەر بە ناردنی چەکی قورس و زرێپۆش و هامەر بۆ خۆرئاوای کوردستان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە ئەو پێداویستیانە بۆ شەڕی داعش دەنێردرێنە خۆرئاوای کوردستان، بەتەواوبوونی جەنگەکە دەگەڕێندرێنەوە بۆ گەنجینەکانی سوپای ئەمەریکا، گەرچی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا لە حاڵێکی خراپدایە، بەڵام هەرگیز ئەمەریکا بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا ناکاتە قوربانیی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ کورددا، چونکە بەرژەوەندیی لەگەڵ تورکیادا جیۆسیاسیی و ئابوورین و زۆر ستراتیژین، بەڵام کورد وەک قۆناغێکی ڕاگوزەر گرنگیی هەیە بۆ ئەمەریکا.

سێیەم: بەپێی ڕاپۆرتی ڕوەیتەرز، لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی داعش لە سوریادا و تێکشکانی هێزەکانی پێشمەرگە لەناوچە جێناکۆکەکان – کە دیارە بێدەنگیی نێودەوڵەتیی بۆ ئەو کۆنترۆڵکردنەوەیە مانای خۆی هەیە ئەمە ڕژێمی بەشار ئەسەد و ئێرانییەکانی هانداوە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی کێڵگە نەوتییەکانی سوریا، بەرپرسێکی باڵای سوریی بەو ئاژانسەی ڕاگەیاندووە کە پێویستە کوردەکان بەزووترین کات ناوچە نەوتیەکانی ژێر کۆنترۆڵیان ڕادەستی هێزەکانی حکومەتی دیمەشق بکەنەوە، بەپێچەوانەی ئەوە دەبێ چارەنووسی کەرکوک چاوەڕوان بکەن. تەنانەت سوریا ڕایگەیاندووە کە ئەو هێشتا شاری ڕەقە بە داگیرکراو دەزانێت مادەم هێزەکانی حکومەتی ناوەندیی دەسەڵاتیان بەسەردا نەسەپاندۆتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە سوریای دیموکراتی لە چەندین بەرەی جەنگدا هاوشانی هێزەکانی حکومەتی ناوەندیی جەنگیان

# کوردستان پێویستیی بە پێشمەرگە هەیە؛ نەک میلیشیای حیزب و ئایدیۆلۆژیا

کردووە و ناوچەکانیان کۆنترۆڵکردووە، لە زۆر ناوچەش دوای دەیان قوربانی ئەو ناوچانەیان لە ئۆپۆزیسیۆن کۆنترۆڵ و رادەستی هێزەکانی رژێمیان کردووەتەوە. ئەم هەرەشەیەی رژێم لە خۆرئاوای کوردستان لە دوای رووداوەکانی ناوچە جێناکۆکەکان و ئەو حاڵەتی شکستەی هەرێمی کوردستان دێت، هەروەها دوای کۆنترۆڵکردنەوەی زۆر ناوچەی ستراتیژیی لە سوریا دێت، کە خەریکە لە کۆبوونەوەکانی ئاستانەشدا کێشەکە بەرەو چارەسەر هەنگاو دەنێت، مەرجێکی بەهێزی تورکیاش بۆ هەر سازشێک لەگەڵ رووسیا و سوریادا لەوانەیە لەسەر کۆتایی هێنان بێت بەو ئیدارەیەی باکووری سوریا(٢٢). فەرماندەیەکی گەورەی سەربازیی ناسوریایی بە رووەتەرز دەڵێت « ئەو پەیامە روونە بۆ چەکدارانی سوریای دیموکراتیی و پشتیوانەکانیان لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی و لەسەروویانەوە ئەمەریکا، کە ئەو زەویانەی کۆنترۆڵیان کردووە لە داعش مافی شەرعی دەسەڵاتی سوریایە، چەندین جاریش ئەمە لەلایەن حکومەتی سوریاوە راگەیەنراوە«. سیاسییەکی باڵای کورد (فەوزە یوسف) لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە رووەتەرزی راگەیاند» رۆژێک دەڵێن ئامادەی دیالۆگین، دواتر کەسێکی تر ئەوە رەتدەکاتەوە، یەکێکیان جەنگ رادەگەیەنێت و یەکێکی تر داوای گفتوگۆ دەکات، نازانین ستراتیژی رژێم چییە؟ دیالۆگە یا جەنگ؟»(٢٣).

چوارەم: «جۆشوا لاندیز»ی پسپۆری کاروباری سوریا و سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست لە زانکۆی (ئۆکلاهۆما) بە رووەتەرز دەڵێت» زۆرێک لە خەڵک دەڵێن کۆنترۆڵکردنی کێڵگە نەوتییەکان لە دانوستانی سیاسیدا کاریگەرن، بەو مەرجەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ کوردەکاندا بمێنێتەوە، بەبێ ئەوە کوردەکان تووشی شکستێکی کەمەرشکێن دەبنەوە(٢٤).

بەشار ئەسەد لە پێشوازیی عەلی ئەکبەر ولایەتیی راوێژکاری رێبەری ئێران بۆ کاروباری دەرەوە، رایگەیاند کە« جەنگی سوپای سوریا تەنیا بۆ شکستی تیرۆر نیە بە تەنیا، بەڵکو دەیەوێت پرۆژەی تیرۆریش بۆ دابەشکردن و بێهێزکردنی وڵاتان شکست پێ بهێنێت(٢٥).

بە پێی لیدوانی عەقید (ریان دبلۆن)ی وتەبێژی سوپای ئەمەریکا، لە دوای گرتنەوەی شاری رەقە؛ داعش ٨٧٪ی زەویەکانی لەدەستداوە، ئێستا سوپای سوریا لە دواهەمین پێگەکانیدا جەنگی لەگەڵدا دەکات لە پارێزگای دێرزوور، ئەمەریکاش هێزەکانی سوریای دیموکراتی سەرپشک کردووە جەنگ بکەن یا نە. لێرەدا رۆژنامەی واشنتۆن پۆست دەپرسێت ئێمە نازانین ئیدارەی ترامپ لە باکووری خۆرهەڵاتی سوریادا دەمێنێتەوە بۆ پاراستنی هاوپەیمانە کوردەکان؛ یا پاشەکشە دەکات؟ هەروەک کوردەکانی عێراقیان لێدەکات بەرانبەر بە حکومەتی ناوەندیی، کە کەرکوکی لە دەستی کوردەکان وەرگرتەوە؟(٢٦)

پێشتریش زۆر بەرپرسی رژێمی سوریا رایانگەیاندبوو کە بەنیازن هەموو ئەو زەویانە لە

دەستیانداوە لە سەرانسەری وڵاتدا بگەڕێننەوە ژێر کۆنترۆڵی ڕژێم، بە ناوچە کوردییەکانیشەوە. لەمبارەوە (نیکۆلاس هیراس)ی شرۆڤەکاری ئەمنیی ئەمەریکیی وای دەبینێت ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕیاری پاشەکشە بدات لەو ناوچانەی کە کوردەکان دەسەڵاتیان بەسەریدا هەیە، حاڵەتەکە کارەساتبار دەبێت(٢٧).

عەبدوڕەحمان دیمەشقی چالاک و شرۆڤەکاری سیاسیی سوریی دەڵێت، ئەمەریکا و کورد ماوەیەکە هاوپەیمانن، بەڵام یەکێک لە سیاسییەکان دەڵێت؛ ئەگەر دوژمنەکانی ئەمەریکا جارێک ئاگایان لە خۆیان بێت، ئەوا دۆستەکانی هەزار جار پێویستە ئاگایان لە خۆیان بێت، چونکە ئەمەریکا بەخێرایی وازیان لێدەهێنێت، ئەگەر بەرژەوەندییەک لەوەدا ببینێت. دەڵێت دەبێ بزانین ئەمەریکا لەکاتی سەرکوتکردنی کورددا لە ساڵانی پێشوودا ڕووبەڕووی ئەسەد نەبووەوە، لەگەڵ ڕیفراندۆمی کورددا نەبوو، دژی هێزەکانی عێراق نەبوو کاتێ کەرکوکیان کۆنترۆڵ کردەوە، کاتێکیش ڕووبەڕووی تورک و ڕووس دەبنەوە بەجێیان دەهێڵێت، چونکە بەرژەوەندییەکانی لە بەجێهێشتنیاندا دەستەبەر دەبێت و ئەوێ چۆڵ دەکات بۆ دەسکەوتێکی تر لە ناوچەیەکی تردا(٢٨).

«وەلید موعەلیم» لە لێدوانێکدا لەسەر چۆڵکردنی بنکەی سەربازیی «ئەتتەنەف» لە باشووری سوریادا ڕایگەیاند؛ ئەم ڕووداوە نیشانی دەدات کە مانەوەی ئەمەریکییەکان لە سوریادا بە دڵنیاییەوە کاتیە«، ئەو ناوچەیەش کە ئەوانی تێدایە دەکرێت بە گفتوگۆ لەسەر کارگێڕییەکی ئۆتۆنۆم (خۆبەڕێوەبەر) بگەینە ڕێکەوتنێک لەگەڵ کوردەکاندا، لەبارەی بوونی ئێرانیش لە سوریادا ڕایگەیاند کە ئەوە پەیوەندیی بە حکومەتی سوریاوە هەیە نەک ئەمەریکا(٢٩).

هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن لە کۆبوونەوەی بەندەری سوچی بۆ قەیرانی سوریا کە ئەمەریکاش تیایدا بەشداریی کرد، ڕووداوەکان بەرەو ئەو هەنگاوە دەچن کە بۆ ڕازیکردنی تورکیا و ڕووسیا و دانانی سنوورێک بۆ بوونی ئێران لە سوریادا، ئەمەریکا لە خۆرئاوای کوردستاندا پاشەکشە دەکات، چونکە هیچ بەرژەوەندییەک نایبەستێتەوە بەو شوێنەوە، بەیاننامەکەی پۆتین و ترامپ بۆ چارەسەری ئاشتیانە و سازشی نێوانیان زۆر ئاماژەی مانادار تێدایە، بەتایبەتی بۆ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان وانەیەکی بەهێز بوو کە ئەمەریکا تەنانەت بوونی نەوت و غازیش لە هەرێمدا بە گرنگ نازانێت بۆئەوەی بەرگرییان لێ بکات، بۆیە ئەو نەوتە کەمەی خۆرئاوا شتێک نیە لەسەر نەخشەی وزەی جیهان تا ئەمەریکا حسابی بۆ بکات. لەمکاتەشدا ئەمەریکا ڕازییە بەوەی ڕووسیا ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە بۆ خۆی لە خۆرهەڵاتی ئاسیا و ئەمەریکای لاتینیدا سەرگەرمی گەڕانەوەی دەسەڵاتی خۆیەتی بۆ ڕزگارکردنی هەژموونی دۆلار.

## باکووری کوردستان:

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، لێرەدا مەودای باسکردنی مێژووی خەباتی کوردانی باکوورمان نیە، چونکە زیاتر دەمانەوێت باسی هەلومەرجی ئەم قۆناغە بکەین، کە ئایا تورکیا چۆن بیر دەکاتەوە و هەل و فرسەتەکانی بەردەمی کورد چین بۆئەوەی کاریان لەسەر بکات.

تورکیا زۆر قوڵتر دەڕوانێتە ناوچەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ (یا باکووری کوردستان)، مەسەلەکە لەمکاتەدا تەنیا پەیوەندیی بەوەوە نیە کە ئەگەر ئەو ناوچەیە لەدەست بدات، پارچەیەکی جوگرافیی لە وڵات لەدەست دەدات، بەڵکو بابەتەکە زۆر ستراتیژییە و پەیوەندیی بە ئێستا و داهاتووی تورکیاوە هەیە. کوردستان چاوگی هەڵقوڵێنی هەردوو ڕووباری گرنگی دیجلەو فوراتن، کە تورکیا لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە خەریکی

تویژینەوە و جێبەجێ کردنی پرۆژەی ستراتیژیی (GAP)ە لەسەریان و ئێستا رێژەی (٢٢٪)ی وزەی کارەبایی هەموو تورکیا دابین دەکات(٣٠).

کەواتە ئەم پرۆژەیە (GAP) کوردستان دەبەستێتەوە بە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاوە، بەوپێیەش مەسەلەی ئاو لە سەدەی بیست و یەکەمدا زۆر گرنگتر دەبێت لە مەسەلەی وزەی نەوت و گاز، تورکیا دەتوانێت لە هەر ساتێکدا وەک کارتی گوشار لەسەر عێراق و سوریا بەکاریان بهێنێت، چونکە کەمبوونەوەی ئاوی ئەو دوو رووبارە واتە: لە سوریا و عێراقدا پانتاییەکی فراوان تووشی بیابانبوون (التصحر) دەبن، زۆنگاوەکان وشک دەبن – بەتایبەتی لە باشووری عێراقدا – رێژەی خوێ لە خاکدا بۆ ئاستێکی ترسناک بەرز دەبێتەوە، ئاستی ئاوی ژێر زەوییش دادەبەزێت، لەگەڵ پیسبوونی چۆم و رێرەوە ئاوییەکان، بەهۆی کەمبوونەوەی سەوزاییەکان کاریگەریی خراپ لەسەر ژینگە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما دادەنێت. بۆیە کوردانی باکوور دەبێ بزانن؛ بیرکردنەوە لە جیابوونەوە لە تورکیا لەم قۆناغەدا داواکارییەکی زۆر دوورە لە واقیعەوە، بەتایبەتیی پێگەی سەربازیی تورکیا لەناو ناتۆدا و بەو پەیوەندییە بەهێزەشی لەگەڵ رووسیادا هەیەتی و بەم شکستەی کە کورد لە هەرێمی کوردستاندا تووشی بووە، بەردەوامیی جەنگ لە باکوور تەنیا بۆ گەلی کورد زیانی دەبێت و مێژووی دەیان ساڵە ئەوەی سەلماندووە.

لە دوای شکستی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان، کە تورکیا و ئێران هێزی سەرەکیی ئەو شکست پێهێنانە بوون، ئەگەری تر چاوەڕوانی دەکرێت لەو رێکەوتنە ئەمنیەیان، بەتایبەتیی تورکیا چاوەڕێیە لە دوای کۆنترۆڵکردنی خاڵە سنوورییەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندیی عێراقەوە و گەڕاندنەوەی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان، لەلایەن ئێران و عێراقەوە بەشی دووەمی ئەو سیناریۆیەش جێبەجێ بکرێت، ئەویش دەرکردنی (PKK)یە لە قەندیل و هەرێمی کوردستان. بۆیە لەم قۆناغەدا ئاسۆی بەردەم گفتوگۆی ئاشتی زۆر لێڵە، هەروەک لە نامەی عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ رای گشتیی لە ١ ی حوزەیرانی ٢٠١١ هاتووە، ئەگەر حکومەتی ئاکپارتی و قەندیل رێگەچارەی ئاشتیی و دیموکراسیی نەگرنەبەر، دۆخێک روودەدات کە ئەستەمە ئاکامەکانی چاوەڕوان بکرێت(٣١)، کە بەداخەوە دواجار ئەو پەیامەی ئۆجەلان پشتگوێ خرا، تەنانەت نامەکانیشی بۆ قەندیل کە داوای دەکرد بە هیچ شێوەیەک پەنا نەبەنەوە بەر جەنگ و کوشتار سانسۆر دەکران و ئەو بەشەیان دەقرتاند و بڵاونەدەکردەوە(٣٢).

خوێندنەوەی هەڵەی PKK لەلایەک و HDP لەلایەکی تر، هەلی بەردەوامبوونی ئاشتیان لە باکوور لەبار برد، PKK بە تێگەیشتنی هەڵە لە پەسنی شەڕڤانان لە خۆرئاوای کوردستان، کە بە باڵی سوریای ئەوان هەژمار دەکران، وا تێگەیشتن خۆرئاوا پشتیوانییان دەکات، بۆیە لە شارەکانی باکووری کوردستاندا سەنگەریان لێداو شەڕیان هەڵگیرساندەوە، HDPیش لە دوای هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی ٢٠١٥ خوێندنەوەی وابوو کە ئاکپارتی بەرەو رووخان دەچێت، بۆیە بە ئاراستەی نەیارانی ئەو پارتەدا قسەی کرد و لەو فرسەتە سوودی وەرنەگرت کە ببێتە پارسەنگێکی باش بۆ دەسەڵات و بۆ یەکەمجار لە تورکیای نوێدا بەشداریی دەسەڵات بکات، تەنیا دەسکەوتیشی پاراستنی ئاشتی باکوور بوایە، دەسکەوتێکی گەورە دەبوو. چ بگاتە ئەوەی رێگەی دەبڕی لەوەی MHP بۆ گۆڕینی دەستوور و جەنگ ئاکپارتی بەلای خۆیدا پەلکێش بکات و بەهۆی جەنگیشەوە جارێکی تر پێگەی سوپا لە سیاسەتدا بەهێز بکرێتەوە، کە کودەتای ١٥ ی تەمووزی ٢٠١٦ ی لێکەوتەوە.

ئەو هەڵە خوێندنەوەی HDP بۆ پێگەی ئەردۆغان و پارتەکەی لە هەڵبژاردنی تشرینی دووەمی ٢٠١٥دا باجێکی قورسی لەسەرداو لە ٤٥٪ ی دەنگەکانەوە هێنایەوە بۆ ٣٥٪ ی

دەنگدەرانی باکوور، بەپێچەوانەوە ٣٥٪ ی ئاکپارتی بردە سەرەوە بۆ ٤٧٪ ی دەنگەکان لە باکووری کوردستان. ئەمە لەکاتێکدا بوو ئەندامان و لایەنگرانی HDP و PKK ئەردۆغانیان بە دیکتاتۆر و خوێنمژ ناودەبرد، کەواتە چۆن دەبێ یەک ملیۆن و نیو لە کوردانی باکوور لە دەنگەکانیان پەشیمان ببنەوە و دەنگ بە دیکتاتۆر بدەن، بابڵێین ڕاستە دیکتاتۆر و خوێنمژە، ئەی بۆچی ئەو کوردانە پەشیمان بوونەوە لە دەنگیان و ڕاستەوخۆ دەنگیان بەو دیکتاتۆرە دایەوە؟ ئەمە مانای ئەوەیە خەڵک لەوان بێزارە!!

بۆیە لەم قۆناغەدا کوردانی باکوور پێویستییان بە ئارامیی و ئاشتیی هەیە، ئەگەر گوند و شارەکانی باکووری کوردستان تووشی کۆچ و ئاوارە بوون هاتبن، ئەوە بە مانای ئەو تەعریبەی کوردستانی باشوور نیە، بەڵکو جەنگ بووەتە هۆی ئەو ماڵوێرانیە، ئەوە بوو لە کاتی پرۆسەی ئاشتیدا کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی و تەنانەت کەرتی گەشتیاریی لە باکووری کوردستاندا گەشانەوە و گوند و شارەکان ئاوەدان بوونەوە، کە مەخابن لە هەڵگیرسانەوەی جەنگدا دووبارە وێرانیی ڕوویکردەوە ئەو ناوچەیە. بۆیە ئەگەر جارێکی تر تەنانەت ئاشتیەکە دەسکەوتی سیاسیشی تێدا نەبێت، ئارامیی بگەڕێتەوە بۆ باکووری کوردستان، پرۆسەی سیاسیش لە چوارچێوەی دەستووری وڵاتدا گەشە دەکاتەوە، باوەکو ئێستا HDP پاشەکشەی کردووە و حکومەتیش گوشاری خستۆتەسەر.

دیارە لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەم جۆرە بۆچوونانەیان بەلاوە قبوڵ نیە، بەڵام جێی خۆیەتیی لێرەدا ئاماژە بەو بۆچوونەی د.عەبدورەحمانی قاسملوو بدەین کە نزیکەی ٣٥ ساڵ لەمەوبەر نووسیویەتی، پێیوایە تورکیا وەک ئێران نیە، لانیکەم ڕێگەی دامەزراندنی پارتی سیاسیی و خەباتی دیموکراتیی دەدات و بەوهۆیەشەوە لە ناتۆدایە و دەشیەوێت بچێتە ناو یەکێتی ئەورووپاوە، دەکرێت هەندێ بنەمای دیموکراسیی بپارێزێ، بۆیە دەستبردن بۆ چەک و خەباتی چەکدارانە ئەوەشی کە هەیە لەناو دەبات و کورد زیانێکی زۆری لێدەکەوێت و پەرگیر و کەمالیەکانیش ئەوەیان پێخۆشە کورد ئەو بەڵگەیە بۆ سەرکوتکردن بداتە دەستیان(٣٣)، ئەگەر ئێمە باسی ئەو هەلومەرجە پەرگیر و ترسناکە کەمالیەی ئەو کاتە بکەین کە د.قاسملوو باسی دەکات و بڕوای وایە مادەم مەودای خەباتی سیاسیی هەبێت؛ ڕێگەی جەنگ و شۆڕشی چەکدارانە نەگیرێتەبەر، بە بەراوورد لەگەڵ ئێستادا؛ ئاسمان و ڕێسمانە و زۆر شت گۆڕاوە و تا ئاستێکی باش کرانەوەی دیموکراسیی ڕوویداوە، جەنگ لەوانەیە زیان بە تورکیا بگەیەنێت، بەڵام سەدان قات زیان بە کورد و داهاتووی نەوەکانی دەگەیەنێت.

**کوردانی خۆرهەڵات:**

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، پەرتەوازەیی گوتاری پارتە سیاسییەکانی کوردستان لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، بەرەی ناوخۆیی کوردانی خۆرهەڵاتی بێهێز کرد و بووە هۆکارێکی گونجاو بۆ سەرکوتکردنی کورد و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەی. لەلایەک پەرگیریی بزووتنەوەی مارکسیزم لینینیزمی خۆرهەڵاتیی و لەلایەکی تریش بزووتنەوەی سۆشیال دیموکراتی خۆرئاوایی، بەرەی جەنگی ساردی خۆرهەڵات و خۆرئاوای هێنابووە ناو خۆرهەڵاتی کوردستان، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە سستمی نوێی ئێرانیش – کە سستمێکی مەزهەبی پەرگیر و دژە کورد و سوننە بوو – ئەو هەلە زێڕینە بقۆزێتەوە و بتوانێت لەلایەک بە بانگەشەی دژە دینیی و لەلایەکی تریش تۆمەتی دژە گەل و نیشتمان، کاری سەرکوتکردنی کورد ئاسان بکات.

لە ساڵی ٢٠٠٩ دا؛ لە دیمانەیەکدا لەگەڵ بەڕێز

حسەینی مەدەنیی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و تیۆریسیەنی ئەو حیزبەدا بە ئەنجامم گەیاند، پرسیارم لێکرد کە ئێوە لەوکاتەدا شەڕتان بەسەردا سەپێنراو ناچار بوون خەباتی چەکداریی هەڵبژێرن، بۆچی درووشمێکی بێ مانای وەک (دیموکراسیی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستان)تان بەرزکردەوە، خۆ ئێوە هەر ناچاربوون بجەنگن و دواجاریش شارەکانتان چۆڵ کرد، جا ئێوە نەتوانن خۆتان بپارێزن چۆن ئێران دەکەنە وڵاتی دیموکراسیی؟ باشتر نەبوو قۆناغی دووەمی کۆماری کوردستانتان ڕابگەیاندایە؟ هیچ نەبێت ئەگەر وەک کۆماری کوردستانیش شکستی بخواردایە، جارێکی تر ئەو هیمەت و ئیرادەیەی کوردی دووبارە دەهێنایەوە جۆش و خرۆش، هەروەک تائێستاش تەمەنی(١١) مانگەی کۆماری کوردستان هیمەت و ئیرادەکان و مەشخەڵەکان بەرز دەکاتەوە؟ لە وەڵامدا وتی: هەر زۆر ڕاستە بریا لەو کۆبوونەوە نیوملیۆنیانەی کە بۆ د.قاسملوو ساز دەکران، کۆماری کوردستانمان بۆ جارێکی تر ڕاگەیاندایەتەوە، خۆ ئێمە لە جەنگدا شکاین و دواجار هاتینە ئەم کەمپانەی ئێستا دەیانبینیت، بەڵام ئەوە بۆ گەلەکەمان هێز و تەوژمێکی تر دەبوو(٣٤).

لە دوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و دواتر هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ دا، کوردانی خۆرهەڵات بە دوو هەنگاوی ژیرانە هەڵوێستی خۆیان تۆمار کرد، یەکەمیان کە زانیان حکومەتی کۆماری ئیسلامیی لە جەنگی عێراق – ئێران ڕزگاری بووە و بەرەو بەهێزبوونەوەی توانای سەربازیی خۆی هەنگاو دەنێت، شۆڕشی چەکدارانە زیان بە خودی خەباتەکە و بە گەلی کوردیش دەگەیەنێت، بۆیە زیاتر جەختیان لە خەباتی سیاسیی کردەوە، بەبێ وازهێنان لە خەباتی چەکداریی، دەکرێ بوترێت خەباتی سەربازییان هەڵپەسارد، دووەمیش بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی ناسکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەلومەرجەکەی، کە دەکەوتە نێو وڵاتانی ناحەزییەوە و دەبێت وەک حکومەتێکی بەرپرس لەسەر بنەمای پاراستنی سنوورەکانی ڕەفتار بکات لەگەڵ دراوسێکانیدا، ئەو پارتانە ڕەچاوی حاڵەتەکەیان کرد و خەباتی چەکدارانەیان ڕاگرت، گەرچی بە دەیان ئەندامیان تیرۆر کران، بەڵام ئەوان سەرخستنی حکومەتی هەرێمیان وەک سەرخستنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی هەموو پارچەکان دەزانی، بۆیە ئەو ڕێگەیان هەڵبژارد.

لەوانەیە ئێستا سەنگەربەندیی ناوچەکە، لە نێوان ئەمەریکا و ئیسرائیل و سعودییە و هاوپەیمانەکانیان لەلایەک و ئێرانیش وەک ئەوەی لە ڕواڵەتدا دەردەکەوێت لەلایەکی تر؛ هەلومەرجێکی هێنابێتە پێشەوە، کە کەسانی وەکو بێرنارد هێنری لیڤی و بیرنارد کۆشنێر سەردانی پارتەکانی خۆرهەڵات بکەن و لەگەڵیاندا کۆببنەوە و بیانەوێت لە خۆرهەڵات بیانجوڵێنن، بەڵام وابزانم دۆخی دوای گرتنەوەی کەرکوک زۆر وانەی تێدا بوو بۆ ئەوانەی کە بە ڕاوێژ و ئامۆژگارییەکانی ئەوانە هەڵخەڵەتابوون!!

**بۆیە پێموایە کوردانی ئەو پارچەیە پێویستە لەم قۆناغەدا زیاتر گرنگیی بەم خاڵانە بدەن:**

١. لەم هەلومەرجەدا کە ئێران و سوپاکەی توانیویانە هەژموونی خۆیان بەسەر عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەندا بسەپێنن، کارێکی ژیرانە نیە لە ناوخۆی وڵاتدا چالاکیی چەکدارانە ئەنجامبدەن، چونکە لە وەها حاڵەتێکدا بەهۆی ناهاوسەنگیی هێزەوە زیانی گەورە بە بزووتنەوەکە و بە جەماوەریش دەگات.

٢. کوردانی ئەو بەشەی کوردستان؛ دەبێ لەم قۆناغەدا چالاکیی ئابووریی و وەبەرهێنان بە ئەنجام بگەیەنن، ئەوەش بە ئارامیی بارودۆخەکە دەبێت. چونکە سەرمایە وەک کۆتر وایە و لە شوێن و جێگەی ئارامدا هێلانە دەکات.

٣. لەم هەلومەرجەدا، باوەکو ئاسۆش

تاڕادەیەک داخراو بێت، بەڵام درێژەدان بە چالاکییە فەرهەنگیی و کلتوورییەکانی کوردەواریی، گرنگیی خۆی دەبێت، هەرئەوەش دەبێتە ژێرخانی ڕووناکبیریی بۆ داهاتووی ئەو بەشەی کوردستان. کاتی خۆی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی سەردەمی سەدام بە نزمیی هەڵدەسەنگێنران، بەڵام هەر ئەو زمانە کوردییە گەشەکردووە بوو، کە بووە بناغەی میدیا و خوێندنی قۆناغەکانی ئێستای پەروەردە و فێرکردنی هەرێمی کوردستان.

٤. دەبێ ئۆپۆزیسیۆنی کوردانی خۆرهەڵات بزانن؛ هەر بێهێزبوونێکی هەرێمی کوردستان بە قازانجی بەغدا، لەوانەیە داهاتووی بوونی ئەوان لە هەرێمدا بخاتە مەترسییەوە، هەروەک لە ساڵانی دوای ۲۰۰۳ وە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لە کامپی ئەشرەف و دواتریش لە کامپی لیبرتی کەوتنەبەر هێرشی سوپای قودس و لایەنگرانیان لە عێراق، دوور نیە بەشێوە و سیناریۆی تر کوردانی خۆرهەڵاتیش بکرێنە ئامانج، بۆیە دەبێ باش دیراسەی ئەو بابەتە بکەن.

هیواخوازم گەلەکەمان بە لۆژیک و دانایی ڕێبەرانی دڵسۆزی ئەم قۆناغە سەختە تێپەڕێنێت و شکستەکان بۆ سەرکەوتن بگۆڕێت.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١٧. پێگەی (ترک پرێس)، ڕاپۆرتێکە لەسەر ڕاپۆرتەکەی ناوەندی دایان بۆ توێژینەوە، بە ناونیشانی (مرکز إسرائيلي: حزب العدالة والتنمية يقود ثورة بيضاء على إرث أتاتورك)، ڕۆژی ١٧ ی ئابی ٢٠١٧ دا بڵاوکراوەتەوە.

١٨. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە ئەم ڤیدیۆیەی بێرنارد هێنری لیڤی، جولەکەی سەهیۆنی فەڕەنسی کە لە زانکۆی تەلئەبیب لە ڕۆژی (٢ ی حوزەیرانی ٢٠١١) قسە دەکات و بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنێت کە ئەوان بوون لە جەزائیر ڕێگەیان نەدا بە هەڵبژاردن ئیسلامییەکان بچنە دەسەڵات، لە میسریش سوپا ڕێگە بەسەرکەوتنی ئیخوان نادات، ئەڵبەتە سوپای ڕێکەوتنامەی کامب دێڤید دەڵێت، کە سوپایەکی پەروەردەکراوی ئەمەریکایە و ساڵانە ملیارێک و ٣٠٠ ملیۆن دۆلاریان پێدراوە بۆ پاراستنی سستمی نۆکەری خۆرئاوا لە وڵاتدا.
https://www.youtube.com/watch?v=ggYy_sewuQk

١٩. الشرق الأوسط ، الخميس ١٩ أكتوبر / تشرين الأول ٢٠١٧ ، جدل حول ظهور الوزير السعودي ثامر السبهان في الرقة .. ماهدف الزيارة؟

٢٠. ڕۆژنامەی (الرياض)ی سعودی، ڕۆژی ١٧ تشرینی یەکەمی ٢٠١٧. هەواڵەکە بە ناونیشانی (خادم الحرمين يؤكد دعم المملكة لوحدة العراق وأمنه واستقراره) بڵاوکراوەتەوە.

٢١. زۆرجار کە باسی دەوڵەت دەکرێت، هەندێک

لە خوێنەران چەمکی دەوڵەت و حکومەت تێکەڵ دەکەن، دەوڵەت بەمانای بوونی بنەماکانی دەستوور و ناوەندە گرنگەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریی و سوپای پارێزەری وڵات و ئابوورییەکی تاڕادەیەک بەهێز و متمانە پێکراو، بەڵام حکومەت بەشێکە لەو سستەمەی دەوڵەت، نەک کۆی سستمەکە. کە هەرێمی کوردستان لە نێوان ١٩٩١ – ٢٠١٧ ئەوەندە سەربەخۆ و خاوەن داهات بوو، ئەگەر حوکمڕانەکانی ئیرادەیان هەبوایە دەیانتوانی بە کردەوە سەربەخۆیی هەرێمەکە و شێوازی دەسەڵاتەکەی بەسەر ناوچەکە و جیهاندا بسەپێنن و پشتیوانی بۆ پەیدا بکەن.

٢٢. بڕوانە ڕاپۆرتەکەی ڕوەیتەرز بە ناونیشانی (الأسد يضع عينيه على المناطق الكردية مەددا بصراع سوري جديد) کە ڕۆژی ٣١ ی تشرینی یەکەم ٢٠١٧ لەلایەن (تۆم بیری، ئیلین فرانسیس، لەیلا بەسام)ەوە ئامادە کراوە.

٢٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٥. پێگەی (syria.new) سێ شەممە (٧ /١١/ ٢٠١٧)، دەقی هەواڵەکەش بە ناونیشانی (الأسد لولايتي: الحرب التي يخوضها الجيش هي ضد محاولات استثمار الإرهاب في تقسيم الدول) بڵاوکراوەتەوە.

٢٦. پێگەی (الخليج أونلاين « ١٩ / ١٠ / ٢٠١٧ – واشنگن بوست : هل تتخلى أمريكا عن أكراد سوريا بعد هزيمه داعش ؟).

٢٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٨. مصر العربية، أيمن الأمين – أكراد سـوريا في مأزق .. هل تكرر أمريكا ما حدث في كركوك؟ - ٢١ أكتوبر ٢٠١٧.

٢٩. نيل نت أونلاين، ٢٨ سبتمبر ٢٠١٧ – المعلم يؤكد أن أمريكا سوف تنسحب من سـوريا.

٣٠. زاراوەی GAP کورتکراوەی پرۆژەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵە، کە بە تورکیی پێی دەوترێت :(Guneydogu Anadolu Projesi)، بیرۆکەی پرۆژەکە دەگەڕێتەوە بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورکی دامەزرێنەری کۆماری تورکیا، لەو سەدەمەدا تورکیا پێویستیی بە کارەبا هەبوو، بۆ ئەو مەبەستە فەرمانگەی توێژینەوەی کارەبای لە ساڵی ١٩٣٦دا دامەزراند، بۆ توێژینەوەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە سوودوەرگرتن لە ڕووبارە ناوخۆییەکانی وڵات، ئەم فەرمانگەیە بەتوێژینەوە بەردەوامەکانی گەیشتە ئەو ئەنجامەی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بەنداوی (کیبان)ی دروستکرد، هەروەها هەستا بە دامەزراندنی بنکەی چاودێریی هێزی خێرایی ڕووباری فورات و تایبەتمەندییەکانی. پرۆژەی گاپ دواجار گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ٢٢ بەنداو، هەروەها تونێلی ئاودێریی و گوێزانەوەی ئاو لەسەر هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات دروست بکات، بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و پرۆژەی ئاودێریی ستراتیژیی.

٣١ . دەقی ئەم نامەیە لە ١ ی حوزەیرانی ٢٠١١ بڵاوکرایەوە بە ناونیشانی: المفهوم الديني لهؤلاء هو مفهوم مقنع وشكلي ومجـــرد من الإيمـــان في أســـاسه وعبادتهم زائفـــة.
http://www.hezenparastin.com/ar/index.php?option=com_content&view=article&id=1219:2011-06-07-12-18-24&catid=67:2009-10-08-17-42-55&Itemid=123

٣٢. بۆ ئەو مەبەستە وتاری ڕۆژنامەنووسی کوردی سوریا (هوشەنگ ئەوسی) بە ناونیشانی: من أسرار دوله حزب العمال الكوردستاني، الجمعه ٣٠ يونيو ٢٠١٧، پێگەی کوردستان ٢٤ زانیاری پێویستی لەوبارەوە تێدایە.

٣٣. تاقگەی حەقیقەت، بەشـێک لە بەرهەمەکانی دکتۆر قاسـملوو، بەرگی یەکەم، کۆکردنەوەی، کاوە بەهرامی، پوشپەڕی ١٣٨٣ ی هەتاوی، ل ٢٠١١ – ٢٠١٢.

٣٤. کاسێتی ئەو دیمانەیە لەلای خۆم پارێزراوە و لەکاتی گونجاودا بە یارمەتی خوا بڵاوی دەکەمەوە.



# چەند سەرنجێك لەسەر ڕێبازی توێژینەوەم لە بواری مێژوودا

هاوڕێیەتی من لەگەڵ مێژووی ئیسلامیی و ڕێباز و فەلسەفەکەی نزیکەی شەست ساڵە لە هەوڵ و کۆشش و تەمەن، لەو ماوەیەدا بەردەوام بەدواداچوونم کردووە و هەوڵمداوە گونجاوترین ڕێبازی توێژینەوە پەیڕەو بکەم بۆ شرۆڤەی ئەم مێژووە و دراوە ژیارییەکەی، خوای گەورە سەرکەوتووی کردم لە دانانی جێگەدەست لەسەر تایبەتمەندییەکانی ئەم مەنهەجە لە نزیکەی (30) کتێبمدا، کە بەسەر ئەم چوار تەوەرەیەدا دابەش دەبن (تەوەری مەنهەج و فەلسەفە، تەوەری ژیاننامە، تەوەری توێژینەوە، تەوەری مێژووی هاوچەرخ)، لێرەدا ناکرێت بەوردی و تێروتەسەلی باسی هەریەکێکیان بکەم، بەڵام لەسەر هەندێکیان دەوەستم کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بابەتەکەوە هەیە:

نووسینی: پ.د.عیمادەدین خەلیل
وەرگێڕانی: د.ئیسماعیل بەرزنجی

لە کتێبی (لەبارەی سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی)دا بۆ نموونە کە بانگەشەیە بۆ گرتنەبەری ڕێبازێکی توند لە مامەڵەماندا لەگەڵ سەرچاوە مێژووییەکانماندا، بە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە کە ملکەچی گێڕانەوەکانیان نەبێت، ئەویش بەپێی چەند ڕێوشوێن و پێوەرێکی هاوچەرخ و ڕەسەن، لێرەوە (١٤) مەرج و پێوەرم پێشنیاز کردووە بۆ سەرلەنوێ نوسینەوەی مێژووی ئیسلامی.

**هەروەها لە کتێبی (دەروازەیەک بە رووی ژیاری ئیسلامیدا) کە هەوڵێکی پراکتیکییە بۆ گرتنەبەری مەنهەجێکی نزیک لە ڕووداوە مێژووییەکان، ئەم بنەمایانە پەیڕەوکراون:**

**یەکەم**: تێگەیشتن لە مێژووی ئیسلامی لە میانەی یەکێتی جووڵە و شکاندنی توێکڵی دەرەوەی ڕووداو و گۆڕانکارییەکان.

**دووەم**: ساغکردنەوە بە تێڕوانینێکی گشتگیر کە هەموو وردەکاریی و بەشەکان لەخۆ بگرێت تا لێیانەوە نیشانەگەلێکمان دەستبکەوێت کە درێژکراوەی داتاکانی مێژووی ئیسلامین.

سێیەم: فەراهەمکردنی هاوسەنگی پێویست لە نێوان لایەنە سیاسی – سەربازییەکان و لایەنەکانی عەقیدە و کۆمەڵایەتیی و ژیاری.

**چوارەم**: ڕووناکی خستنە سەر پەیوەندی دووسەرە لە نێوان ئیسلام و ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلامی بە هەموو ئاسۆکانییەوە.

**پێنجەم**: بەدواداچوون بۆ دیاردە مێژووییە گەورەکان بەشێوەیەکی ستوونی، بۆئەوەی تووشی پچڕان و پەرشوبڵاوی نەبن، و بۆئەوەی هەلی ئەوەمان دەستکەوێت کە بەسەر هەموو ڕەهەند و گۆڕانەکانیدا زاڵبین تا بگەینە ڕووکار و تایبەتمەندییە بنەڕەتیەکانیان.

لەپێناوی ئەمەدا هەوڵمداوە کە بەشەکانی کتێبەکە لە مێژووی ئیسلامی بکۆڵێتەوە بە تێڕوانینێکی نوێوە کە دابەشکردنە تەقلیدییەکەی سەردەمەکانی مێژووی ئیسلامی تێپەڕێنێت، وە ئەندازەگیرییەکی نوێ پێشکەش بکات بۆ ڕووداوەکان، کە پێموایە توانای باشتری هەیە بۆ کۆکردنەوەی بەشە جیاوازەکان و ڕووناککردنەوەیان و دەرخستنی ناوەڕۆکەکەیان، ئەم ئەندازەگیرییە مەنهەجیە لەسەر چوار پایە دەوەستێت یان چوار پانتایی دەگرێتەوە لە مێژووی ئیسلامیدا، ئەوانیش ئەمانەن:

**یەکەم**: دەوڵەت و دەسەڵات و پێشڕەویی.

**دووەم**: بانگەواز و بڵاوبوونەوە و مامەڵە لەگەڵ ئەوانیتردا.

**سێیەم**: ئاڵنگەری (تحديات) و دژەهێرش و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

**چوارەم**: ژیانی کۆمەڵایەتی.

هەروەها لە کتێبی (دەروازەیەک بەڕووی ژیاری ئیسلامیدا) کە بە گرنگترین دەسکەوتەکانمی لە بواری مێژوودا دادەنێم بەرەهایی... هەوڵمداوە مەنهەجێکی پراکتیکی دروست پەیڕەو بکەم بۆ مامەڵە لەگەڵ پرۆژەی ژیاریی ئیسلامی بە وانەوتنەوە و توێژینەوە، چونکە ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی ژیاری ئیسلامی لە خوێندنگە و پەیمانگا و زانکۆکانماندا، تائێستاش چەندین کەموکوڕی هەیە، دیارترینیان پارچە پارچەکردنی جەستەی ئەم ژیارییەیە و پێشکەشکردنیەتی بە خوێندکار بە هەڵوەشاوەیی و پارچەکراوی، بەمەش کەسایەتییە دیارەکەی لەدەست دەدات، وە ئەو ڕواڵەتانە دەفەوتێن کە لە ژیارییەکانی تر جیای دەکەنەوە و تایبەتمەندی ژیاری ئیسلامین، و وەک کۆمەڵە چالاکیەک دەردەکەوێت لە بوارەکانی ڕۆشنبیریی و مەعریفیی و ئابووریی و ئاوەدانیی و کۆمەڵایەتی لێرەو لەوێ، لەوانەیە هەندێ تایبەتمەندی دەرکەوێت، بەڵام وێنای کۆتایی نانوێنێت بۆ ئەوانەی ئینتیمایان بۆی هەیە لە ڕووەکانی ژیان و جیهان و بوون.

لەمەوە خوێندکاری ئامادەیی و زانکۆکان دەردەچن بەبێ ئەوەی زانیارییەکی قووڵیان هەبێت لەسەر تایبەتمەندییەکانی ژیاری ئیسلامیی و ئەو

پێکهێنەرانەی کە جیای دەکەنەوە لە ژیاریەکانی تر، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەردەچێت بەبێ ئەوەی هەستی شانازیکردن بەو ژیارەوە لەلای دروست ببێت، ئەمەش لەبەرئەوەی وانەی مێژوو و ژیاری تەنها گرنگی بە ڕەهەندی پەروەردەیی دەدات، بەڵام ئەم ڕەهەندە وندەبێت و نامێنێت لە میانەی ئەو هەڵە مەنهەجیەوە کە دەکرێت بەوەی هیچ ڕواڵەتێک نادات بەو خوێندکارە کە پەیوەستی بکات بەو ژیارە دەوڵەمەندەوە کە نزیکیترینە لە ویست و ئەرکە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لەم جیهانەدا، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئێمە لە کۆتایی ئەم پرۆسەیەدا دەگەینە کۆمەڵێک ئەنجامی پێچەوانە وەک ڕەتکردنەوەی پرۆژەی ژیاری ئیسلامی لەلایەن زۆرێک لە دەرچووانەوە، و ئینکاریکردن و هەڵگەڕانەوە لێی، لە بەرامبەر ئەمەدا هەڵپەکردن بەرەو هەندێ ژیاری تر و فریوخواردن بە ڕواڵەتە بریقەدارە خەڵەتێنەرەکەی، بەتایبەتی ژیاری ڕۆژئاوا، بەمەش وانەوتنەوە لە بواری ژیاری ئیسلامیدا دەبێتە چەکێک دژی خۆمان بۆ لەناوبردنی متمانە بە بنەماکانی ژیاری خۆمان، و توانای دووبارە هەستانەوە و کاریگەرییەکەی لەم ڕۆژگارەدا، و نەمانی متمانە بە بەشداریی ئەم ژیارە لە داڕشتنەوەی دواڕۆژی مرۆڤایەتی هەروەکو کۆمەڵێک لە بیرمەندان و توێژەران و ڕۆژهەڵاتناسان جەختی لێدەکەنەوە.

هەرچۆنێک بێت ئێمە ئەمڕۆ کە وانەی ژیاری ئیسلامی دەڵێینەوە پێویستییەکی زۆرمان بە مەنهەجێکە کە مامەڵە لەگەڵ ئەو ژیارەدا بکات وەک کەسایەتی یان پێکهاتەیەکی جیاواز هەر لە سەرهەڵدانیەوە تا گەشەکردن و پوکانەوە و بێهێزبوون و سەرلەنوێ هەستانەوەی، کاتێک زانیمان ئەم ژیارییەمان لە نەبوونەوە نەهاتووە و پێکهاتەکانی بە ڕێگایەکی میکانیکی کۆنەبوونەتەوە لەم ژیاریی و ئەو ژیارییەی تر تا ببنە بار بەسەریەوە، بەڵکو بە کاریگەریی و کارتێکەرە ئیسلامییەکان نەشونمای کردووە، هەروەها بەپێی ڕایەڵەیەک لە مەرج و بنەما کە ئەم دینە دایڕشتوون، و لە منداڵدانی ئیسلامیدا گەشەیکردووە نەک لە شوێنێکی تر، هەروەها جێگە و شوێنەواری کتێبی خوای گەورە و سوننەتی پێغەمبەر(د.خ) بە هەموو سوچ و قوژبن و خانە و زیندوێتی و شادەمارەکانییەوە دیارە کە هیچ توێژەرێکی باش نکۆڵی لێناکات، کاتێک ئەمەمان زانی بۆمان دەردەکەوێت کە چەند تاوانمان کردووە کاتێک ئەم ژیارییەمان داوە بە خوێندکارەکانمان بە پارچە پارچەیی و لێکهەڵوەشاوی و ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە کاریگەری ئیسلامی لەسەر هەموو جومگەکانی هەبێت، مەگەر لە باسی زانستە نەقڵییەکاندا کە پەیوەندی بە دانراوە کۆنەکانەوە هەبێت کە دوورن لە ژیان و دابەزینە ناو دامەزراوە و شەقام و قوتابخانە و ناوماڵ.

زۆر وانەمان بە خوێندکارەکانمان وتووەتەوە، هەندێک جار بەدرێژیی یان بەکورتی لەبارەی هۆکارەکانی کەوتنی فلان دەوڵەت و فیسار خیلافەت لە مێژووی ئیسلامیدا وەک ئومەوییەکان و عەباسییەکان و فاتیمییەکان و عوسمانییەکان، بەڵام هەوڵمان نەداوە-کەمێک نەبێت-کە لەسەر دیاردەی داڕمانی ژیاری ئیسلامی لە سیاقە مێژووییەکەیدا بوەستین، بەدوور لە چوارچێوەیەکی سیاسی دیاریکراو، بۆئەوەی بەدواداچوون بکەین بۆ هۆکارە جۆراوجۆرەکانی پەککەوتنی و دەستنیشانکردنیان بە قوولیی و ڕوونی، کە توانایەکی گرنگمان بداتێ بۆ ئەگەری دووبارە هەستانەوە لە ڕێگای تێگەیشتن و دەرککردنی ئەو هۆکارانەی کە بەدرێژایی چەند سەدەیەکی ڕابردوو بوونەتە هۆی داڕمان و لەناوچوونی ئەو ژیارییە.

جارێکیتر دووبارەی دەکەمەوە پرۆژەی ژیاری بەدیل کە لە ئومەتی ئیسلامی چاوەڕوان دەکرێت لە سەرەتاکانی سەدەی نوێدا، تێر و تەواو نابێت و سەرەتایەکی دروستی نابێت تا هەموو هۆکارەکانی

# مێژوو گرنگی ئیجابی خۆی وەرناگرێت بەوە نەبێت
# کە بکرێتە بوارێك بۆ توێژینەوە و تاقیکردنەوە

لەناوچوونی ئەزموونی ژیاری پێشوو لەبەرچاو نەگیرێت کە بوونە هۆی پوکانەوە و دارمانی ئەو ژیارییە، کاتێک لەو هۆکارانە دەکۆڵینەوە و ئاگاداری ژیاری هاوچەرخیش دەبین لەژێر ڕۆشنایی کەڵەکەبوونی گۆڕاوەکان لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتیەوە لەم چەند سەدەیەی دوایدا لەناو گۆڕەپانی ئیسلامی یان دەرەوەی، دەتوانین قۆناغەکە تێپەڕێنین، و بەرەو ئامانج بڕۆین بەدەربازبوون لە هەموو هۆکارەکانی گێڕانەوە بۆ دواوە و پەککەوتن و ڕێگری.

ئەم ئەڵقەیە گرنگییەکی ئەکادیمی هەیە لە توێژینەوەکانی ژیاریدا، بەڵام بۆ ئەزموونی ئەم سەردەمەمان لەسەروو ئەوەشەوە بەهایەکی زیاتر وەردەگرێت، چونکە پارمەتیدەر دەبێت بۆ بنیاتنانی پرۆژە ژیاریەکە بە گەورەترین بەرچاو ڕوونی و ئاگایی.

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا، و لەپێناو تێپەڕاندنی مەنهەجی پارچە پارچەکردن و لێکهەڵوەشاندن لە لێکۆڵینەوەی ژیاری ئیسلامی، کە لە زۆربەی خوێندنگا و پەیمانگا و زانکۆکانی جیهانی عەرەبیی و ئیسلامیدا پەیڕەو دەکرێت، گرنگە ئەم بابەتانەی خوارەوە بەوشێوەیە بخوێندرێن و دابەش بکرێن بەسەر ساڵانی خوێندندا، جا یان بەپێی (سستمی ئینگلیزی) کە چوار ساڵە یاخود (سستمی ئەمریکی) کە چوار کۆرسی خوێندنە:

ساڵی یەکەم (کۆرسی یەکەم): بنەماکانی ژیاری ئیسلامی (بنچینە و دامەزراندنی ئیسلامی بۆ کردەی ژیاری لە قورئان و سوننەتدا، هەروەها پراکتیزەکردنی لە مێژوودا لە هەردوو سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) و ڕاشیدین).

ساڵی دووەم (کۆرسی دووەم): گەشەسەندنی ژیاری ئیسلامی (پێدراو و ئەرک و تایبەتمەندی).

ساڵی سێیەم (کۆرسی سێیەم): پوکانەوە و دارمانی ژیاری ئیسلامی (هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان).

ساڵی چوارەم (کۆرسی چوارەم): ئێستا و داهاتووی ژیاری ئیسلامی (لە سەردەمی ئاڵنگەری تەکنۆلۆجیا، باڵادەستی ڕۆژئاوا، سستمی نوێی جیهانی، جیهانگەرایی، نوێترین تیۆرییەکان لەبارەی کۆتایی مێژوو و ململانێی ژیارییەکان، پایەکانی پرۆژەی ژیاری بەدیل، ئەگەرەکانی بەشداری دیاریکردن لە دوا ڕۆژی جیهان).

کتێبەکەم (دەروازەیەک بەڕووی ژیاری ئیسلامیدا – مدخل إلى الحچارە الاسلامیە) بە پێشەکی و چوار بەشەکەیەوە هەوڵێکی ئەزمونگەراییە لەم پێناوەدا.

بەڵام کتێبەکەی ترم (ڕاڤەکردنی ئیسلامییانەی مێژوو) لەوانەیە یەکەم هەوڵی هاوچەرخ بێت لە بواری فەلسەفەی مێژوودا بۆ ڕانانی وێنایەکی گشتگیر لە تێڕوانینی ئیسلام بۆ یاساکانی جووڵەی مێژوو، یان یاسا خواییە کارپێکراوەکان لە مێژوودا.

قورئانی پیرۆز بنەماکانی (مەنهەج)ێکی تێر و تەواو پێشکەش دەکات لە بارەی مامەڵە لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتیدا، و ئەم مامەڵەیە دەگوازێتەوە لە قۆناغی ڕانان و کۆکردنەوە بۆ هەوڵی هەڵهێنجانی ئەو یاسا و ڕێسایانەی دیاردە کۆمەڵایەتی

و- مێژووییەکان بەڕێوەدەبەن، هەروەکو (ئیبن خەلدون) کردوویەتی لە دواتردا، بەمەش ڕێگای ڕووناک کردووەتەوە بۆ فەیلەسوفانی تری مێژوو کە دوای (حەوت سەدە) توانیویانە ئەو ئاماژانەی ئەو وەرگرن و بنیاتی تری لەسەر بنێن، ئەمەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە قورئان بەردەوام جەخت لەسەر چیرۆکی پێغەمبەران و مێژووی کۆمەڵگا و ئومەتانی ڕابردوو دەکاتەوە، هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە (یاسا و ڕێسا) گەلێک هەن کە جووڵەی مێژوو ملکەچیان دەبێت لە بەردەوامی و گەشەسەندن و گواستنەوە لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر.

زۆرێک لە توێژەران و فەیلەسوفانی مێژووی هاوچەرخ کەوتوونەتە هەڵەیەکەوە کە دەڵێن (ئیبن خەلدون) یەکەم کەس بووە کە ئەم مەنهەجەی پەیڕەوکردووە، و لە پێش ئەوەوە هیچ هەوڵێکی لەو جۆرە نەبووە... ئەم مەنهەجە نوێیە کە قورئان پێشکەشی دەکات زیاد لە جارێک جەخت لەوە دەکاتەوە کە مێژوو گرنگی ئیجابی خۆی وەرناگرێت بەوە نەبێت کە بکرێتە بوارێک بۆ توێژینەوە و تاقیکردنەوە، کە ئەو بەها و یاسایانەی لێوەربگیرێت و هەڵبهێنجرێت کە بەبێ ئەوان هیچ بەرنامەڕێژییەک بۆ ئێستا و داهاتوو بەدی نایەت.

لێکدانەوەی ئیسلامی بۆ تەنها کۆمەڵێک سەلمێنراو نیە کە دوای ڕووداوە مێژووییەکان دارێژرابێت و بیەوێت ئەو ڕووداوانە کە پێشتر ڕوویانداوە دواتر لە قاڵبیان بدات بە زۆرەملێ، بەڵکو ڕێبازێکە بەپێی شێوازی بابەتیانە بۆ ڕووداوەکان دەڕوانێت (چۆن ڕوویداوە وەک خۆی) نەک (چۆن پێویستە ڕووبدات)، و لە سروشتی پەیکەری مێژوویی بۆ مرۆڤایەتی دەڕوانێت، کەواتە ئەمە گەلاڵەبوونی هێڵە گشتییەکانی جووڵەی مێژووە کە قورئان دەینەخشێنێت لە کۆمەڵێک بنەمای گشتیدا ناویان دەنێت (یاسا سەلمێنراوەکان)، ڕاڤەکارانی ئیسلامیش وەکو خاڵی دەسپێک پەیڕەویان دەکەن بۆ تەفسیر و تێگەیشتن و دەرککردنی ڕەگەزەکانی جووڵەی مێژوو و ئەنجامی ڕووداوەکانیی و ڕێڕەوە جۆراوجۆرەکانی، کەواتە ئەمە ڕاڤەیەکی گشتی فراوانە، ڕاستترین وێنەی ئەو یاسایانە دەخاتەڕوو کە مێژوو بەڕێوەدەبەن.

لەمیانەی وانەبێژیم بە خوێندکارانی کۆلێجی ئەدەبیات لە بابەتی (فەلسەفەی مێژوو) بۆم دەرکەوت کە ڕاڤە و تەفسیری ئیسلامی بۆ مێژوو چەند گرنگە، ئەویش بە توێژینەوەی فراوان و گشتگیر کە تێڕوانینەکەی ڕاستەوخۆ لە کتێبی خوای گەورەوە وەربگیرێت، بەشێوەیەک ڕاوبۆچوونی فەیلەسوفان و بیرمەندانی کۆن و نوێ تێپەڕێنێت، زۆرێک لەوانە کەوتوونەتە نێوان بەرداشی چیرۆکە خەیاڵییە بێ بنەماکانی ئیسرائیلی و تێزە فەلسەفییەکانی یۆنانیەکان کە کاریگەری بتپەرستیان لەسەرە، یاخود هەواداریی ئەقڵگەرایی سرووشتی کە لەم دوو سەدەیەی دواییدا بەبرەوبوو، ئەم کاریگەربوون و مەیلەیان بۆ هەڵوێست و تێزی ئەوان هەر زووبەزوو هەڵدەوەشێتەوە و ساختەییەکەی دەردەکەوێت و ڕووندەبێتەوە کە دروستکراون لە ڕووی چۆنیەتییەوە تەنها بە ڕانانیان ڕاستەوخۆ و پێوانیان بە پێوەر و دراوە قورئانییەکان.

دوای ساڵانێکی دوورودرێژ لە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەم (کە لەلایەن دار العلم للملايين ساڵی ١٩٧٤) بڵاوکرایەوە، کارم بۆ ڕاستبوو کە دوو توێینەوەی زانستی بنووسم لە دوو گۆڤاردا بڵاوکرانەوە، یەکەمینیان بەناونیشانی (تێڕوانینی قورئانی بۆ سەرهەڵدانی ژیارییەکان)، ئەوەی دووەمیشیان (تێڕوانینی قورئانی بۆ دارمانی ژیارییەکان)، پشتیوان بە خوا لە دوو توێی کتێبێکدا لەگەڵ چەند توێژینەوەیەکی تر بڵاودەبنەوە کە لەژێر چاپدان بەناونیشانی (چەند وانەیەک لەبارەی مێژوو و ژیاری ئیسلامی).

لە کتێبەکانم لەبارەی (ژیاننامە- سیرە)ی

پێغەمبەر (د.خ) و کۆمەڵێک لە پیاوانی ئیسلام جەختم لە ڕاستییەکی مەنهەجی کردووەتەوە کە ئەویش ئەوەیە ئەگەر لە ڕەهەندی غەیبی و نادیار نەڕوانین لە دروستبوونی کەسایەتی و هەڵسوکەوتی، ئەوا هیچمان نەکردووە، چونکە ئێمە لە ژیانی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەکۆڵینەوە و باسی سوودی بوونی دەکەین، ئەم کەسایەتیانە خاڵی دەسپێکیان بریتی بووە لە ڕوانینی تیژ و دوور و ئەزموونی قووڵ لە مامەڵە لەگەڵ غەیب، کە دامەزراندن و چەسپاندنی ناسکترین و ترسناکترین چەمکە لەم دینەدا کە ئەوان پێوەی پابەندبوون، مژدەیان پێداوە بە خەڵکی، تێزە غەیبییەکانیان پراکتیزە کردووە، لەمیانەی ئەوەوە دنیایان بەستووەتەوە بە دواڕۆژەوە، لە هەموو کردار و هەڵسوکەوت و دەسکەوتێکدا هەوڵیان بۆ داوە لە واقیعی ژیاندا، هەر بەمشێوەیەش کتێبەکانی ترم هاتوون (لێکۆڵینەوە لە سیرە، توێژینەوە لە ڕێبازی ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی هاوچەرخ مۆنتیگمری وات، نوسینگەلێکی هاوچەرخ لە سیرەی پێغەمبەر(د.خ)، ڕێبەری مێژوو و ژیاری ئیسلامی لە سیرەی پێغەمبەر (د.خ)دا، ڕواڵەتەکانی هەڵگێڕانەوەی ئیسلامی لە خیلافەتی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا، عیمادەدین زەنگی، نورەدین مەحمود ، پیاوێک و ئەزموونی ئیسلامی)... کە ڕەنگدانەوەی ئەم تێڕوانینە مەنهەجیەن کە جیامان دەکاتەوە وەک ئومەت لە هەموو ئومەت و کۆمەڵەکانی تر.

کتێبەکانم لەبارەی مێژووی هاوچەرخ وەک (ڕواڵەتەکانی تراجیدیامان لە ئەفریقیا، یاری ڕاسترەو و چەپڕەو، تیشکێکی نوێ بۆ سەر یاری ڕاسترەو و چەپڕەو، نووسینگەلێکی ئیسلامی، لەبارەی خەمەکانی فەلەستین و جیهانی ئیسلامی، یەکەمین داستانی سەدە، چەند بیرەوەریەک لە بارەی ١١ی ئەیلول، ئەمریکا جارێکی تر)، تێیاندا دەیان و سەدان پرسم تاوتوێکردووە لە تێڕوانینی ئیسلامییەوە مادامێک توانای هەیە کە قسە لەسەر هەموو گەورە و بچوکێک بکات لەوەی کە ئەم مێژووە بەخۆیەوە بینیوە، هەر بەو تێڕوانینە ئیسلامیەی کە پێوەری ئیسلامی ڕەسەن دەکاتە بنەما بۆ حوکمدان لەسەر ئەزموون و شارەزاییەکان.

لە کۆتاییدا نەک کۆتا قسە، من لە مامەڵەم لەگەڵ دەرهاویشتەکانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتناسی و تێزەکانیدا ئەوەم تێپەڕاندووە کە ڕەتی بکەمەوە و شەڕ ڕاگەیەنم دژی، هەروەکو ئەوەشم ڕەتکردووەتەوە کە شوێنیان بکەوم و ڕایەکانیان پەیڕەو بکەم، بەڵکو پشتم بەستووە بەم پێوەرە مەنهەجیە قورئانییە کە دەفەرموێت ﴿**ولَا يَجرِمَنَّكُم شَنَانُ قَومٍ عَلَي أنْ لَا تَعدِلُوا اعْدِلُوا هو أقرَبُ لِلتَّقوي...**﴾ **(سورەتی مائیدة:٨)**.


لە ماوەی پەنجا ساڵدا و لەمیانەی قۆناغ گەلێکی نزیک لەیەک هەندێکجار و دوور لەیەکتری جاروبار مامەڵەم لەگەڵ (ڕۆژهەڵاتناسی)دا کردووە، بە خوێندنەوە و وانەبێژی و کتێب نووسین، لە ماوەی کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو تا سەرەتای دەیەی یەکەمی ئەم سەدەیە بوارم بۆ ڕەخسا کە دەیان دانراوی ڕۆژهەڵاتناسان بە جیاوازی ولاتیان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، و بواری ئەوەم درا بابەتی (ڕۆژهەڵاتناسی) بە خوێندکارانی خوێندنی باڵا و گفتوگۆی نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا بکەم کە پەیوەندیدارن بەم بابەتەوە لە زۆرێک لە زانکۆ عەرەبیی و ئیسلامیەکاندا، و کۆمەڵێک کتێبیشم دانا کە هەندێکیان تایبەت بوون بە فکری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتناسی، ئەوانیتر تایبەت بەم بیر و مەنهەجەی خۆم کە سەرجەمیان دەکاتە (١٤) کتێب.

ئەم کتێبانە دوو ئاڕاستەیان گرتووە، یەکەمیان ڕەخنە دەگرێت لە دراو و دەرهاویشتەکانی

ڕۆژهەڵاتناسیی و ڕەتیان دەکاتەوە: (لێکۆڵینەوە لە سیرەی پێغەمبەر(د.خ)، ئیبن خەلدون وەک ئیسلامخوازێک، لەبارەی سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی، توێژینەوەیەکی بەراوردکاریی مەنهەجی ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی هاوچەرخ مۆنتمگری وات، دەروازەیەک بە رووی مێژووی ئیسلامیدا)، هەرچی ئاڕاستەی دووەمە لایەنە گەشەکانی ڕۆژهەڵاتناسی دەخەنەڕوو، وەکو: (لەبارەی ئیسلامەوە وتوویانە، ئیسلام و ڕووەکەی تری بیری ڕۆژئاوایی، دەروازەیەک بۆ ژیاری ئیسلامی، بنەماکانی درووستبوونی عەقڵی مسوڵمان، تێڕوانینی ڕۆژئاوا بۆ ئێستا و داهاتووی ئیسلام، ئافرەت و خێزانی مسوڵمان لە تێڕوانینی ڕۆژئاواوە، قورئان لە تێڕوانینی ڕۆژئاوادا، هونەر و بیروباوەڕ، ڕۆژئاواییەکان لەسەر ئیسلام دەدوێن)..


بەهەرحاڵ لە دڵی خۆمدا دەمووت – ئەوە مامەڵەی مەنهەجی دادپەروەر لەگەڵ کەلەپوری ڕۆژهەڵاتناسیدا بەدیهات، وێنەکە لە هەردوو ڕووەکەوە سەیر کرا، ڕەشی تەڵخ و سپی درەوشاوە، مێژوونووس شاعیر نیە داشۆرین پیاهەڵدان بکات، بەڵکو توێژەرێکی دادپەروەرە دەیەوێت بگاتە ڕاستی بەوپەڕی بابەتیبوونەوە.

ئەو بنەمایەی کە لە ماوەی پەنجا ساڵدا بە خوێندکارەکانم وتووە ئەوەیە خۆتان بپارێزن لە یاسای (یان ئەمەیان یاخود ئەوەیان)، بەڵکو پابەندبن بە یاسای (ئەمەشیان و ئەویشیان)، چونکە ئەمە کلیلێکی مەنهەجی زۆر وردتان دەداتێ بۆ مامەڵە لەگەڵ دیاردە و شتەکان لە سیاقی فیکر و ژیاندا، هەروەها قورسایی و ناڕەحەتی چەلەحانێی بێ ئەنجامتان لەسەر ناهێڵێت کە تێیدا هەرلایەک دەست بە تێڕوانین و قەناعەتی خۆیەوە دەگرێت، ئەمە لەکاتێکدا یەکێکیان ئەویتریان تەواو دەکات، ببینن پێداگری لەو جۆرە چەند کات و هەوڵی بردووە کە دەکرا لە کارێکی بنیاتنەردا بەگەڕ بخرایە لە جیاتی ئەوە، پێغەمبەری خواش(د.خ) لە زیاتر لە فەرموودەیەکدا ئەوەی دووپاتکردووەتەوە.



# بیری نەتەوایەتی لەلای ئەحمەد نەعیم بابانزادە

به درێژایی مێژووی کورد، لەبەرئەوەی نە کیانێکی کوردی هەبووە و نە زمانی کوردی زمانی نوسین بووە و گرنگی پێدرابێت، بەشێك لە نوسەر و پیاوە گەورەکانی بە زمانەکانی تر بەتایبەت عەرەبیی و فارسیی و تورکی نوسیویانە و ئێستاش بەرهەم و نوسینەکانیان بەشێکە لە کلتوور و سەرچاوە بۆ ئەو میللەتانە و نەك نەبوونەتە بە شێك لە خەیاڵدان و پێکهێنەری فکری کوردی، بەڵکو بەشێك لە مانە تەنانەت لەناو فەرهەنگ و فکری کوردییدا نە ناسراون.



**سامان سەلاح**
ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ
خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی ئەستەمبوڵ

بەشێکیش لەوانە ئەو کوردانەن کە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا و تا ئەمڕۆش بە زمانی تورکی ئەنوسن. بنەماڵەی بابانەکانیش دوای لەناوبردن و هەڵتەکاندنی دەسەڵاتی بابان، پەرتەوازە کران و بەشێکیان کەوتنە ئەستەمبوڵەوە. یەکێکیش لەو کەسایەتییە گرنگانە ئەحمەد نەعیم بابانزادەیە. ئەحمەد نەعیم یەکێکە لە نەوەی بابانەکان و کوڕی موستەفا زیەنی پاشایە. باوکی لە ساڵی ١٨٣٨ لە سلێمانی لەدایکبووە و دوای ڕووخانی میرنشینی بابان ڕوو ئەکەنە بەغدا و لەوێ لە سەردەمی مەدحەد پاشادا مەکتوبچێتی و میەرداریی کردووە و دواتر چەندین پلە و پۆستی وەک موتەسەریفێتی لە چەند شێوێنێک کردووە و چەندین پلەوپایەی تری لە دەوڵەتی عوسمانیدا وەرگرتووە، ماوەیەک سەرۆکی شورای دەوڵەت و ئەندامی مەجلیسی ئەعیان بووە و لە ساڵی ١٩٠٩ش یەکێک ئەبێت لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد و خاوەنی چەند کتێب و نوسینی گرنگە لەوانە: خەلافەت لە ئیسلامدا، زانست و ئیسلام، مقایس الاخلاق، قووەی مەعنەوییە.

موستەفا زیەنی چوار کوڕی هەبووە، دیارترینیان ئەحمەد نەعیم و ئیسماعیل حەقییە. کە بەپێچەوانەی ئیسماعیل حەقییەوە کە بوو بە یەکێک لە ئەندامانی ئیتحاد و تەرەقی و دواتر بەرگری لە کورد و بیری کوردایەتی کردووە، ئەحمەد نەعیم بە هەموو شێوەیەک دژی بانگەشەی ناسیۆنالیستی و نەتەوەگەری بووە.

ئەحمەد نەعیم لە ساڵی ١٨٧٢ لە بەغداد لەدایکبووە سەرەتای خوێندنی لە بەغداد دەستپێکردووە و دواتر ڕوودەکەنە ئەستەمبوڵ و لەوێ لە چەندین شوێنی گرنگ وەک ئامادەیی گالاتاسارای کە خوێندن تیایدا بە فەرەنسی بووە و لە وێوە زانست و مەنتیقی نوێ و لە مەکتەبی مولکییەش بەڕێوەبەریی و کاری ئیداری خوێندوویەتی و پاشان لە ساڵی ١٩١٥دا وەک مامۆستا لە ئەستەمبوڵ لە فاکەڵتی ئەدەبیات لە دارولفنون کە دواتر ئەبێت بە زانکۆی ئەستەمبوڵی ئێستا وانەی وتووەتەوە و لە ١٩١٩دا دەبێتە سەرۆکی دارولفنون و هەر لەو ساڵەشدا لەسەر پێشنیار و داواکاری شێخولئیسلام سەبری موستەفا دەبێتە ئەندامی مەجلیسی ئەعیان لە دەوڵەتی عوسمانیدا و تا ١٩٢٢ لەم پۆستەدا ئەمێنێتەوە. ئەحمەد نەعیم ئەگەرچی ماوەیەک لە وانەوتنەوە لە دارولفنون دادەبڕێت، بەڵام دواتر دەگەڕێتەوە و تا ساڵی ١٩٣٣ بەردەوام دەبێت تا لەم ساڵەدا بە بیانووی ئەوەی کە زانکۆ ئەبێت لەسەر شێوازی ڕۆژئاوایی ڕێکخرێتەوە لە زانکۆ دور دەخرێتەوە. لە ماوەی ساڵانی کارکردنی زانکۆیدا وانەی مەنتیق و فەلسەفە و ئەخلاق و سایکۆلۆجی و فیزیای وتووەتەوە. ساڵێک دواتر و لە ١٩٣٤/٨/١٣ لەکاتی ئەنجامدانی نوێژی نیوەڕۆ و لە سوجدەدا وەفات ئەکات١.

ئەحمەد نەعیم شارەزاییەکی باشی لە زمان و کلتووری وڵاتانی ئیسلامیی و ڕۆژئاوادا هەبووە. بەپێی فایلی کەسی زمانەکانی عەرەبیی و فەرەنسیی و تورکیی و فارسیی و کوردی زانیوە٢.

یەکێک لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە لەگەڵ باسی ئەحمەد نەعیمدا دێتە ئاراوە ئەو دۆستایەتییە قوڵەی نێوان ئەحمەد نەعیم و محەمەد عاکیفی بیرمەند و شاعیری گەورەی تورک و خاوەنی مارشی نەتەوەیی تورکە. بە ئەندازەیەک کە بەوتەی خۆی دوای هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر(د.خ) بابانزادە خۆشەویسترین کەس بووە لای و بەمشێوە وەسفی دەکات''مسوڵمانێکی خاوەن ئیمان پتەو و ڕاستەقینە و ڕاستگۆ لەگەڵ بیروباوەڕەکەیدا... مرۆڤێکی کامڵ کە ئەهلی سیقەیە و هەرچی بڵێت ڕاستە''٣.

کاریگەری بابانزادە لەسەر محەمەد عاکیف بەجۆرێکە کە محەمەد ئەمین ئەریشیرگڵ کە یەکێکە لەو نوسەرانەی کە بیرکردنەوەیەکی سیکۆلاری هەبووە و لە نزیکەوە هەریەک لە محەمەد عاکیف و بابانزادەی ناسیوە، دەڵێت : خۆزگە ئەو دوانە هەرگیز یەکتریان نەناسیایە. کە بەڕای ئەو لەژێر کاریگەری

بابانزادەدا نەبوایە محەمەد عاکیف کەسایەتییەکی جیاوازی تری لێ دەردەچوو٤. محەمەد عاکیف ئەڵێت تا مردنی بابانزادە هەواڵی مردنی مرۆڤەکانم بەشێوەیەکی سادە وەردەگرت، بەڵام کاتێک هەواڵی مردنی بابانزادەم بینی وەک ئەوە وابوو کە دنیا بەسەرما وێران بێت... ئەم ڕۆژهەڵاتە بێ بەختە لەمەودوا زۆر بەزەحمەت مرۆڤێکی تری گەورەی وەک بابانزادە پێ دەگەیەنێت.

دوو ساڵ دوای بابانزادە، محەمەد عاکیفیش لە ١٩٣٦دا کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕیشدا دراوسێی یەک ئەبن و ئێستاش گۆڕی هەردووکیان لە تەنیشتی یەکدایە لە گۆڕستانی ئەدرنەکاپی لە ئەستەمبوڵ.

بابانزادە خاوەنی چەند کتێبێکە، لە بواری فەرموودەدا دەست دەکات بە وەرگێڕانی صەحیحی بوخاریی و دوای وەرگێڕانی دوو بەرگ لە کۆی دوانزە بەرگ کۆچی دوایی دەکات و دواتر پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال میراس کاری وەرگێڕانەکە تەواو دەکات، بەمەش دەبێتە یەکەم کەس کە فەرموودەی وەرگێڕابێتە سەر زمانی تورکی٥. بەڵام ئەوەی لەم بوارەدا زۆر گرنگە ئەو پێشەکییە پێنج سەد لاپەڕەییەیە کە بۆ وەرگێڕانەکەی کردووە لە بارەی فەرموودەناسی و ئوسوڵی حەدیسەوە. لە بواری مەنتیق و فەلسەفەشدا سەرەڕای وەرگێڕانی بنەماکانی فەلسەفەی جۆرج فۆنسیگریف لە فەرەنسییەوە و وەرگێڕانی بنەماکانی مەنتیقەوە خۆشی کتێبێک بەناوی وانەکانی حیکمەت(فەلسەفە) ١٩١٩ و بەرهەمیکیش بەناوی (بنەماکانی ئەخلاقی ئیسلامی) ١٩٢٤ بڵاودەکاتەوە. بەشێوەیەکی گشتی خاوەنی نۆ کتێبە سەرەڕای بڵاوکردنەوەی چەندین بابەت لە ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی و تورکیای کۆماریدا. لەگەڵ ئەوەشدا لەچاو گەورەیی و شارەزای ئەحمەد نەعیمدا ئەو بەرهەمانەی کە بەجێی هێشتوون کەمن، هۆکاری ئەمەش بەوتەی یەکێک لە نوسەرانی ژیاننامەی ئەحمەد نەعیم بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، کە ئەحمەد نەعیم لە نوسینی هەر بابەتێکدا تەنها چاولێکەرێک نەبووە، بەڵکو داهێنەر بووە و سەلیقەیەکی زۆری بەدیار ئەو بەرهەمانەوە سەرفکردووە کە بەجێی هێشتوون٦.

بەڵام یەکێک لە گرنگترین ئەو کتێبانەی کە زۆرترین مشتومڕی بەدوای خۆیدا هێنا کتێبی 'اسلامدە دعوای قومیت' واتە بانگەشەی نەتەوایەتی لە ئیسلامدا لە ١٩١٦ و بابەتی سەرەکی ئەم نوسینەشە. کتێبەکە لە بنەڕەتدا وەڵامێک بوو بۆ سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی تورکیی و عەرەبی لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا. ئەحمەد نەعیم وەک یەکێک لە بانگەشەکارانی بیری یەکێتی جیهانی ئیسلامی لە پاڵ نوسەرانی تری وەک شێخولئیسلام سەبری موستەفا و موسا کازم ئەفەندی و محەمەد عاکیفدا لە سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەدا بوون لە بەرامبەر بانگەشەکارانی بیری ناسیۆنالیستیی و ڕۆژئاواگەریدا کە دیارترینیان زیاء گوێک ئالپ و ئەحمەد ئاغائۆغلۆ و یەحیا کەمال و یوسف ئاکچورا بوون. کە لەوکاتەدا ڕۆژنامەکان پڕبوون لەو مشتومڕانەی لە نێوان تورکچیی و عەرەبچیی و ڕۆژئاواخواز و هەڵگرانی بیری ئیسلامیدا باو بوو. ئەحمەد نەعیم لەوکاتەدا کە لە ڕۆژنامەی سەبیل و ڕەشاد ئەینوسی، موسا کازم ئەفەندی لە ئیسلام مەجموعەسیدا بابەتێک لەسەر ڕەگەزپەرستیی و نەتەوەگەری لە ئیسلامدا ئەنوسێت و ڕەدی ئەداتەوە. لە بەرامبەر ئەمەدا نوزهەت سابیت کە سەرەتا نەتەوەچی و دواتر دەبێتە یەکێک لە ئەندامانی ماسۆنی و سۆسیالیستێکی توند، لە ڕۆژنامەی 'تەعیقب و تەنقید مەجموعەسی' کە خۆی خاوەنی بوو پرسیاری ئەوە ڕووبەڕووی شێخوئیسلام دەکاتەوە کە تا چ ئاستێک نەتەوایەتی لە ئیسلامدا ڕێگەپێدراوە یان قەدەغەکراوە.

موسا کازم ئەفەندی ئەگەرچی ڕوونکردنەوەیەک دەدات، بەڵام بە بڕوای ئەحمەد نەعیم ڕوونکردنەوەکەی ڕۆژنامەی (ئیسلام مەجموعەسی)

# بابانزادە لە پێڕی ئەوانەدا بوو بانگەشەی یەکێتی جیهانی ئیسلامیان ئەکرد

پڕاوپڕ نییە و خۆی لە سەبیلورەشاددا وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و دواتر لە چوارچێوەی کتێبی " اسلامده دعوای قومیت" بڵاودەبێتەوە٧. کە دواتر نوسینەکەی ئەحمەد نەعیم مشتومڕی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەتایبەت لە بەرامبەر ئەمەدا ئەحمەد ئاغائۆغڵۆ کە لە بنەڕەتدا تورکێکی خەڵکی ئازەربایجان بوو و دواتر لە ئەستەمبوڵدا ئەگیرسێتەوە و دەبێتە یەکێک لە تیۆریزەکەرانی بیری ناسیۆنالیستی تورکی لە بەرامبەر کتێبەکەی بابانزادەدا 'اسلامده دعوای قومیت' مشتومڕێکی توندیان دەبێت و وتاری 'اسلامده دعوای میلییت' بڵاودەکاتەوە٨.

کتێبەکەی بابانزادە بە خستنەڕوو و شیکردنەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی دەستپێدەکات لە سەردەمی خۆیدا. بانزادە پێیوایە ئەگەرچی لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بابەتی بیری نەتەوایەتی چەکەرە دەکات، بەڵام لە دوای مەشروتییەتەوە واتە لە ١٩٠٨ بەدواوە بابەتی نەتەوایەتی بووەتە بابەتێکی ترسناک و بەوتەی ئەو بابەتی 'حەیات و مەمات' لە دەوڵەتی عوسمانیدا٩. بۆیە خۆی یەکێکە لە دیارترین ئەو فیگەرانەی کە بانگەشە بۆ بیری یەکێتی جیهانی ئیسلامی دەکات، کتێبەکەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپی تورک چییەکان تەرخان دەکات.

بابانزادە بە شایەتی ئەوانەی کە ناسیویانە و لەسەر ژیاننامەی قسەیان کردووە کەسێکی کراوە بووە لە بەرامبەر پێشکەوتنی زانستی و بەها باشەکانی ڕۆژئاوادا، بەڵام پێیوابوو ئەوانەی کە بانگەشەی نەتەوایەتی ئەکەن وازیان لە کەڵکوەرگرتن لەو بەهایانە هێناوە و خراپترین دیوی شارستانییەتی ڕۆژئاوا فریوی داون و بەم کارەشیان نەک هەر خزمەت بە نەتەوەکەیان ناکەن کە شەڕی لەسەر دەکەن، بەڵکو تووشی بەڵاو ماڵوێرانیشی دەکەن١٠. بۆیە هەموو ئەو کەسانە دەخاتە بەردەم ئەو پرسیارەی کە چییان کردووە بۆ میللەتەکەیان لە ڕووی بەرهەم و دەستکەوتی زانستییەوە وەک ئەوەی کە خۆی دەیکرد. ئەو لەکاتێکدا کە لۆمەی بیری نەتەوایەتی دەکرد، باوەڕی وابوو ئەوە کاری هەموو مسوڵمانێکە کە خزمەت بە نەتەوەکەی بکات و تەنانەت ئەو مسوڵمانانەشی کە تورک نین ئەرکی ئاینییانە کە خزمەت بە برا تورکەکانیان بکەن و بەوتەی خۆی کاری ئەویش (وەک کەسێک کە تورک نییە) لەوە بەدەر نییە. کە لەڕاستیدا بابانزادە خزمەتێکی گەورەی بە زمانی تورکی کردووە هەم لە ڕێگای نوسینەکانییەوە و هەم لە ڕێگای وەرگێرانەکانییەوە بەتایبەتی وەرگێرانی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) و ئەو پێشەکییەوە کە لە فەرموودەناسیدا دایناوە کە تائێستاش سەرچاوەیەکی گرنگی توێژەرانی فەرموودەیە. هەم لە ڕێگای وەرگێرانە فەلسەفییەکانییەوە و داتاشین و خستنەڕووی چەندین هاوواتا بۆ زاراوە فەلسەفییەکان لە زمانی تورکیدا. نزیکەی دوو هەزار تێرم و دەستەواژەی لە زمانی تورکیدا داناوە بۆ زاراوە ئەسڵییە فەلسەفییەکانی بە جۆرێک کە موعەلیم محەمەد جەودەت یەکێک لە نوسەرەکان ژیانی بابانزادە ئەچوێنێت بە حونەین بن ئیسحاق و

سابیت بن قورە و بەڕای ئەو، ئەو کەسایەتییانە لە سەردەمی عەباسییەکاندا چەندە خزمەتیان کردووە بە فەلسەفە لە زمانی عەرەبیدا، ئەحمەد نەعیمیش بە ئەندازەی ئەوانە خزمەتی کردووە بە فەلسەفە لە زمانی تورکیدا و ئەحمەد نەعیم بە حونەین بن ئیسحاقی دووەم دادەنێت لە زمانی تورکیدا١١.

بابانزادە لە کتێبەکەیدا تورکچییەکان دەکات بە دوو بەشی سەرەکییەوە، بەشی یەکەمیان ناودەنێت تورکچی خاڵیس، کە ئەمانەش لەو تورکانە پێکدەهاتن کە بێ پەردە بانگەشەی توکچێتی و ڕەتکردنەوەی هەر شوناسێکی تریان دەکردەوە جگە لە شوناسی تورکبوون، تەواوی ئەم بۆچوونە دەخاتە چوارچێوەی کوفرەوە و زۆر لەسەریان ناوەستێت لە بەرامبەر ئەمەدا ڕووی دەمی لەو کەسانە دەکات کە بە تورکچی- ئیسلامچی ناویان دەبات، کە بەبڕوای ئەو هێشتا زمانی گفتوگۆ لە نێوانیاندا ماوە.

بۆ تێگەیشتن لە دیارترین ئەو تەوژمانەی کە لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی عوسمانیدا بۆ خۆدەربازکردن لەو دۆخە ناجێگیرە و ڕێگرتن لە گلۆلەی لێژبووەوەی دەوڵەتی عوسمانی، ڕەنگە کتێبەکەی یوسف ئاکچورا (سێ تەوژمی سیاسەت)١٢ باشترین ڕێنوێنیکەر بێت. ئەم کتێبە ئەگەرچی دەبێت لە چوارچێوەی مێژووی خۆیدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام یەکێکە لەو نوسینانەی کە تائێستاش شتی زۆری پێیە بۆ تێگەیشتن لەو تەوژمە سیاسییانەی کە لە تورکیا و بەتایبەتی لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا دەگوزەرێت و لە زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکانی تورکیا گرنگی تایبەتی پێ دەدرێت. ئاکچورا لە کتێبەکەیدا کە لە بنەڕەتدا لە دوو وتار پێکدێت و لە ساڵی ١٩٠٤ لە میسر بڵاودەبێتەوە. هەڵسەنگاندن بۆ دیارترین ئەو سێ ئاڕاستە فکرییە دەکات کە لە سەردەمی خۆیدا بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە لە ئارادابووە. کە بریتی بوون لە: یەکەم: سیاسەتی عوسمانیگەرایی (میللەتی عوسمانییە)، دووەم ئیسلامگەرایی یان پان ئیسلامیزم(کە بە کەڵکوەرگرتن لە پێگەی ''خەلیفە'' کار لەسەر گرتنەبەری سیاسەتێک بکرێت بە ئاڕاستەی یەکێتی جیهانی ئیسلامیی و ڕاکیشانی ئینتیمای میللەتانی مسوڵمان)، سێیەم تورکگەرایی و پانتورکیزم و کارکردن لەسەر دروستکردنی کیانێکی سیاسی تایبەت بە تورکەکان، ئەگەرچی تا ئەوکاتە ئاکچورا جگە لە خستنەڕووی لایەنە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی ئەم سێ تەوژمە ڕای ڕاشکاوی خۆی لەسەر پشتگیری هیچ یەکێک لەم تەوژمانە دەرنابڕێت، بەڵام لە دوای مەشروتییەتی دووەم و لادانی سوڵتان عەبدولحەمید لە دەسەڵات دەگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ و دەبێتە یەکێکە لە بەرگریکارە سەرسەختەکانی بیری تورکچێتی لە بەرامبەر بابانزادە و هاوڕێکانیدا ئەوەستێت.

بابانزادە کە لە پێڕی ئەوانەدا بوو بانگەشەی یەکێتی جیهانی ئیسلامیان ئەکرد، لەسەر ئەو بیانووەی تورکچییە ئیسلامییەکان کە پێیانوایە دەتوانن لە ڕێگەی هەستی نەتەوەیی تورکەوە خزمەت بە ئیسلامیش بکەن و ئەم دوانە یەکتر بەهێز دەکەن، بەوە وەڵامدەداتەوە کە ناکرێت لە ڕێگەی ئامرازێکەوە کە خوا قەدەغەی کردووە خزمەت بە ئامانجێکی پیرۆز بکرێت. لە کتێبەکەیدا بە زمانێکی سادە دەڵێت ''بیکەن لە ڕاەی خوا ڕووی تورکەکان لە کەعبەوە بەرەو توران وەرمەچەرخێنن و داوا لە کەس مەکەن کە ڕووی لە هەردوو ڕووگەکە بێت، لەکاتێکدا ئاڕاستەکەیان پێچەوانەیە''١٣. بابانزادە بۆ سەلماندنی قسەکانی پشت بە ئایەتەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ) دەبەستێت کە لۆمەی عەصەبییەتی کردووە و بە بۆگەن وەصفی کردووە١٤. ئەو ئایەت و فەرمودانە بیری تورکەکان دەهێنێتەوە کە باس لەوە دەکەن مرۆڤەکان هاوتای یەکن، تەنها فەزڵ و گەورەییەک کە عەرەبێک بەسەر عەجەمێکدا هەبێت یان بەپێچەوانەوە لەسەر بنەمای پارێزگاری و لەخواترسانێتی. ئەوەی بە بیریان دەهێنایەوە کە ئیمانداران برای یەکن و

ئەوەی مرۆڤێک بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش نەبێت ئیمانی تەواو نییە.

ئەحمەد ئاغائۆغڵو کە لەسەرەوە ناوی هاتووە لە وەڵامی ئەم تێڕوانینەی بابانزادەدا، پێیوابوو کە تورکچێتی هیچ پێچەوانەییەکی لەگەڵ ئیسلامدا نییە و بەهیچ شێوەیەک بێ دینی ناگەیەنێت. ئەوەی کە ئیسلامیش لۆمە و قەدەغەی کردووە عەصەبییەتە نەک قەومییەت، پێغەمبەر (د.خ) ویستوویەتی عەرەب لە چوارچێوەی یەک ئینتیمادا کۆبکاتەوە و ئیسلامیش لەسەر بناغەی نەتەوەیەک دامەزراوە کە نەتەوەی عەرەبە. نەتەوەش دوو پایەی سەرەکی هەیە کە ئەوانیش بریتین لە: ئاین و زمان، کە دواتر فاکتەرەکانی ڕەگەز و مێژوو کەلتووری هاوبەش دێن. وەک چۆن بابانزادە بۆ پشتگیریکردنی ئارگیۆمێنتەکانی لە دژی نەتەوەگەری چەندین بەڵگە لە قورئان و فەرموودە دەهێنێتەوە، ئاغائۆغڵۆش هەوڵدەدات پشتیوانی دینی بۆ بانگەشەکەی خۆی بهێنێتەوە و چەندین نمونە لە مێژووی ئیسلام دەهێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە کاتێک عەرەبەکان یەکبوون توانیویانە باشتر خزمەتی ئیسلام بکەن١٥.

بابانزادە هەموو بانگەشەیەکی نەتەوەگەرایی بەگەڕانەوە بۆ سەردەمی جاهیلییەت وەسف دەکرد، کە دەبێتە هۆی ئینقیلاب بەسەر هێز و ژیانی ئیسلامدا وردە وردە وەک چۆن لە ئەلبانیا ڕوویدا تورک و عەرەب و کورد و لاز و چەرکەس بەردەبنە یەکتر و دەبن بە تیکەیەکی چەور و دەکەونە باوەشی دارولکوفرەوە، بە دەربڕینی ئەو دواین قەڵای مسوڵمان کە مەبەست لێی دەوڵەتی عوسمانی بوو دەکەوێتە ژێر دەستیی کوفرەوە. بۆ گوزارشتکردن لە مەترسی بیری نەتەوایەتیش چەندین گوزارشتی وەک نەخۆشی کوشندە، چەمکی قەبیح و قولاپی ژەهراوی بەکارهێناوە. بابانزادە پێیوابوو کە بیری نەتەوایەتی دەتوانێت لەسەر شتی بچوک و بێ مانا ئاگری دوژمنایەتی لە خەرمانی برایەتی مسوڵمانان بەر بدات. ئەو ڕخنە لە دیاردەیەک دەگرێت کە لەو سەردەمەدا لەبری شانازی کردن بە ئیسلام و ڕەمزە دینییەکانەوە تورکەکان ناوی جەنگیز و هۆلاکۆ و باوباپیرانی موشریکیان لە منداڵەکانیان دەنا. بەشێوەیەکی گاڵتە ئامێز باس لە کەسانێک دەکات کە ئەگەر لە ڕەگوڕیشەیان بکۆڵیتەوە تەنها سێ پشتیان تورکە و بوونەتە تورک کەچی بانگەشەی تورکایەتیی دەکەن و خۆیان دەبەنەوە سەر هۆز و تیرە تورکەکان١٦، کەسانێک کە شانازی بە باوباپیرانی موشریکیانەوە ئەکەن لەکاتێکدا، هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) ئامادەبوون لەسەر بیروباوەڕ و ئاینەکەیان ڕووبەڕووی باوک و کەسی خۆیان ببنەوە١٧.

لە خوێندنەوەی دێڕەکانی بابانزادەدا لەلایەکەوە هەست بەو پەرۆشییە دەکەی کە نوسەر بۆ یەکێتی جیهانی ئیسلامی هەیەتی، و لەلایەکی تریشەوە وێنەیەکی ڕوونی بارودۆخی فکریی و ئەو مشتومڕانەت دەستدەکەوێت کە لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ئارادا بووە. بارودۆخێکی پڕ لە کێشمەکێشم. بەتەواویی خۆری ڕوو لە ئاوابوونی دەوڵەتی عوسمانی بۆ هەمووان ئاشکرا ببوو. سەرداریی و بەهێزی ڕۆژئاواییەکان لە بوارە زانستیی و سیاسیی و عەسکەرییەکانەوە لەچاو دەوڵەتی عوسمانیدا بەراورد نەدەکەرا.

لەژێر کاریگەری تێڕوانینی ناسیۆنالیزمیشدا وڵاتانی ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی هەستی خۆبەکەم زانی لە دەروونی مسوڵمانان و ڕەعییەتی عوسمانیدا چەکەرەی کردبوو. بەشێک لەو کەسانەی کە بانگەشەی تورکچێتیان دەکرد و بوون بە ڕابەری ئەو تەوژمە ئەو کەسانە بوون کە لە فەڕەنسا و وڵاتانی ڕۆژئاوادا خوێندبوویان و لەژێر کاریگەری قووڵی بەهاکانی ڕۆژئاوادابوون. ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆژهەڵاتناسەکان کاریان لەسەر دروستکردن و نوسینەوەی مێژووی تورک و عەرەب و میللەتانی تر دەکردەوە و کاریان لەسەر تۆخکردنەوەی جیاوازی شوناسی میللەتانی نێو دەوڵەتی عوسمانی دەکرد.

بۆیە بابانزادەش دەستەواژەی نەخۆشی فەرەنگی بۆ ناسیۆنالیزمی تورکی بەکار ئەهێنا. یەکێک لە گرنگترین ئەو کارانەش کتێبەکەی لیۆن کاهون بوو "مێژووی تورک و مەغۆل"١٨، کە لە ساڵی ١٨٩٦دا نوسیی و بەشێوەیەکی زۆر خێرا بوو بە سەرچاوەیەکی سەرەکی توێژینەوە مێژووییەکان لەسەر تورک و رەگەزی تورک و کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر تورکچییەکان و کەسانی وەک د.نازم بەگ کە بەشدارییەکی گەورەی هەبوو لە بە تورککردنی ناوچەکانی ئەنادۆڵدا و پێیوابوو هەرکەسێک تورک نەبێت دەبێت لەناوببرێت لەو جوگرافیادا١٩. تەنانەت کاریگەری گەورەشی هەبووە لەسەر ئەتاتورک و شکڵپێدانی تورکچییەتی لای ئەو. لەم بارودۆخەشدا ئەوانەی کە بەتەنگی یەکێتی جیهانی ئیسلامەوە بوون بە هەموو توانایانەوە خەریکی رووبەرووبوونەوەی ئەو تەوژمەبوون کە لە رۆژئاواوە سەرپەرشتی دەکرا. بەڵام دواتر بەرەی تورکچییەکان بەرەکەیان بە یەکجاری لەژێر پێی بانگەشەکەرانی یەکێتی جیهانی ئیسلامی دەر هێنا.

لە بارەی کوردیشەوە، ئەمەی خوارەوە یەکێکە لەو پەرەگرافە گرنگانەی کە لە کتێبەکەی بابانزادەدا هەیە:

"ئەگەر لەو برا عەرەبانەشمان تێ نەگەین کە شوێن بانگەشەی نەتەوایەتی کەوتوون، وا هەست ئەکەین لە مەدرەسە و رێبازی ئەو برا تورکانەمان تێ ئەگەین کە لەژێر ناوی تورکچێتیدا بانگەشە بۆ خۆیان دەکەن، هەرچی برا کوردەکانمانە(ئەوەندەی من ئاگادارم) هێشتا تووشی ئەم نەخۆشییە نەبوون و داواکارم لە جەنابی حەق لەمەولاش لەم دەردە بیان پارێزێت٢٠".

لە چوارچێوەی کتێبەکەیدا بابانزادە وەک ئەدگار و ئاماژەیەکی ئیجابی ئەمە لەسەر کورد ئەنوسێت. واتە کوردەکان هێشتا لە چوارچێوەی یەکێتی جیهانی ئیسلامیدا بیر دەکەنەوە و توشی "نەخۆشی ناسیۆنالیزم" نەبوون. بەشێوەیەکی پارادۆکس کە جێگای گاڵتەجارییە سەرەرای ئەوەی کە کتێبەکە لەسەر حەرامکردنی رەگەزپەرستی و ناسیۆنالیزمە، لەکاتی وەرگێرانی کتێبەکە لە دەقە عوسمانییەکەیەوە بۆ ئەلفوبێی لاتینیی و تورکی نوێ، ئەم پەرەگرافە سڕدراوەتەوە و لابراوە٢١. ئەم دەقە لە هەمانکاتدا گوزارشتە لەوەی کە کوردەکان درەنگ کەوتوونەتە خۆیان و کاتێک بە خۆیانا هاتوونەتەوە کە تورک و عەرەبەکان لە رووی بیری نەتەوایەتییەوە هەنگاوی گەورەیان نابوو. ئەم پەرەگرافەش لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ ئەو دەقە هەیە کە محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە پێشەکی کتێبەکەیدا (خولاصەی تاریخی کورد و کوردستان) لە بارەی چەکەرەکردنی بیری نەتەوایەتی لای خۆی وەک کوردێکی عوسمانی ئەیخاتە روو: "لە دوای ئەمە کە لە جێگای تەعبیری عومومی(عوسمانی) لەفزی(تورک) و تورانی لە تورکیادا باوی سەند، بە تەبیعەت، وەکو ئەفرادی میللەتەکانی تر، منیش لەناو ئەو کۆمەڵەدا، غەیرییەتی خۆم چاکتر حس کرد، وە غروری قەومی مەجبووری کردم کە لە هەموو فرسەتێکدا ئەم حسەی خۆم ئیزهار بکەم.."٢٢.

گرنگترین ئاماژەیەکیش کە هەریەک لە پەرەگرافەکانی بابانزادە و محەمەد ئەمین زەکی بەگ ئەیکەن ئەوەیە کە بیری نەتەوایەتی کورد دوای بیری نەتەوایەتی عەرەب و تورک سەرهەڵدەدات و تارادەیەکی زۆر وەک پەرچەکردارێک لە بەرامبەر بیری نەتەوایەتی تورکیی و عەرەبیدا دێتە بوون و کوردەکان لە هەموو زیاتر دڵیان بە یەکێتی جیهانی ئیسلامییەوە بەستبوو، بەڵام بەشێوەیەکی پێچەوانە بەرهەمی دڵسۆزییەکەیان چنییەوە. تەنانەت خودی بابانزادەش دوای ئەو خزمەتە گەورەی کە بە کۆمەڵگەی تورکی کرد، بەپێی گێرانەوەی ئەوانەی کە لەسەر ژیانی نوسیویانە لەکاتی مردنیدا چەند کەسێکی کەم ئامادەیی بە خاکسپاردنی بوون.

## سەرچاوەکان


1- Fhrettin Gün, Müderris Babanzade Ahmet Naim İstanbul 2016 s. 15-20

2- a.g.e. s.22

3- İbrahim Refik, Genç, (online olarak mevcuttur) http://gencdergisi.com/5912-muhammedi-yurek-sahibi-bir-inanmis-adam-babanzade-ahmed-naim.html(01/01/2018 tarihinde erişildi)

4- Fıkry Beyan , (online olarak mevcuttur) http://www.fikribeyan.net/1987_Babanzade-Ahmed-Naim-Universiteden-atilmisti!.html(01/01/2018 tarihinde erişildi)

5- Biyografi, Babanzade Ahmet Naim, (online olarak mevcuttur) http://www.biyografi.net/kisiayrinti.asp?kisiid=5217 (01/01/2018 tarihinde erişildi)

6- Fahrettin gun s,50

7- Babanzade, Çeviren Ömer Lütfi Zaraesız, S.11

8- Cetinsaya, Gokhan. «RETHINKING NATIONALISM AND ISLAM: SOM There are no sources in the current document.E PRELIMINARY NOTES ON THE ROOTS OF “TURKISH-ISLAMIC SYNTHESIS” IN MODERN TURKISH POLITICAL THOUGHT.» The Muslim World 89.3-4 (1999): 350-376.

٩- احمد نعیم بابانزاده، اسلامده دعوای قومیت، دار الخلافه، ١٣٣٢ ص٤.

١٠- احمد نعیم بابانزاده، ص٨.

11 - Fhrettin Gün, a.g.e s.51

12- Akçura, Yusuf. Üç tarz-ı siyaset. Ötüken Neşriyat AŞ, 2016.

١٣- احمد نعیم بابانزاده، اسلامده دعوای قومیت، ص ١٥.

**١٤- دَعُوها فَإنَّها مُنْتِنَةٌ**

15- Fhrettin Gün, a.g.e s. 22

16- Cetinsaya, Gokhan. «RETHINKING NATIONALISM AND ISLAM: SOME PRELIMINARY NOTES ON THE ROOTS OF “TURKISH-ISLAMIC SYNTHESIS” IN MODERN TURKISH POLITICAL THOUGHT.» The Muslim World 89.3-4 (1999): 350-376.

١٧- احمد نعیم بابانزاده، اسلامده دعوای قومیت، ص ٣٤.

18- Ahmet Naim Babanzade, Çeviren Ömer Lütfi Zaraesız,Ankara, 1880, s. 65

19- Cahun, David-Léon. Introduction à l›histoire de l›Asie: Turcs et Mongols, des origines à 1405. Paris, A. Colin et cie, 1896.

20- Toynbee, Arnold Joseph. Turkey: a Past and a Future. Vol. 4. No. 3. George H. Doran, 1917.

٢١- احمد نعیم بابانزاده، اسلامده دعوای قومیت، ص١٧.

٢٢ - محەمەد ئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٤ ل٧.

# مافی چارەی خۆنوسین

## هەوڵی کورد لەم پێناوە و کاردانەوەکان لەسەری



**ئیمداد تەها**
لەدایکبووی ١٩٩٠
بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان.
چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە

میللەتی کورد کە بە میللەتێکی خاوەن شۆڕش و ستەملێکرا و و وڵات دابەشکراو ناسراوە بەشێوەیەک تاوەکو ئێستە ئەم میللەتە گەورەیە دەوڵەتێکیان نەبووە هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوە لەژێر سایەیدا بحەسێنەوە، خەباتێکی زۆری کردووە لەم پێناوەدا و چەندین شۆڕشی کردووە بۆ ڕزگاربوون لەژێر چەپۆکی داگیرکەر و چەند جارێکیش دەوڵەتیان ڕاگەیاندووە مافی چارەی خۆنوسینیان کار پێکردووە.

لە سەرەتاوە بە کورتی باس لە واتای مافی چارەی خۆنوسین دەکەین و ئەو پەیماننامە و ڕاگەیەندراوە نێودەوڵەتییانە دەنوسین کە باسیان لە مافی چارەی خۆنوسین کردووە، پاشان باس لە بۆچوونی شەقامی عەرەبیی و تورکی دەکەین دەربارەی مافی چارەی خۆنوسین بۆ کورد.

مافی چارەی خۆنوسین: چەمکێکە لەنێو یاسای نێودەوڵەتیدا و مەبەست پێی پێدانی مافی هەڵبژاردنی شێوازی حوکمڕانییە لەلایەن خەڵکی ناوچەیەکی دیایکراوەوە، بەبێ ئەوەی دەستی دەرەکی دەست وەربدات تێیدا(١).

یان پێناسە کراوە بەوەی کەوا: مافی هەموو گەلێکە شێوازی ئەو حکومڕانییە دیاری بکات و هەڵبژێرێت کە ئەیەوێت لەژێر سایەیدا بژی(٢).

ئەم چەمکە ئەدرێتە پاڵ ودرو ویلسۆنی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە لە نێوان ساڵانی (١٩١٣ – ١٩٢١) سەرۆکی ئەمریکا بووە. ئەم چەمکە لەنێو کرۆکی ڕێککەوتننامەی (ڤەرسای)یەوە هاتە گۆڕێ کە لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بەسترا و تێییدا باس لە پێکهێنانی چەند دەوڵەتێک کرا بۆ ئەو نەتەوانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرەکانی نەمسا و مەجەڕ و ئەڵمانیادا بوون.

مافی چارەی خۆنووسین لە بنەڕەتدا بۆ ئەو کەسانەیە کەوا خەڵکی ناوچەیەکی دیاریکراون و بە نەتەوە ناسراون، ئەم چەمکە کاتێک کردەیی دەکرێت کەوا خەڵکی ناوچەیەکی دیاریکرا و دەوڵەتێک یان کۆمارێک بۆ خۆیان ڕابگەیەنن و بە دەوڵەتێکی نیشتیمانی بۆیان هەژمار بکرێت، یان وەک بەشێک لەنێو دەوڵەتێک بمێننەوە و خاوەنی حوکمی زاتی بن لەنێو دەوڵەتێکی فیدراڵدا.

بەڵام لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا کاتێک بیرۆکەی مافی چارەی خۆنووسین جێبەجێ کرا و ئەوروپا دابەشکرا بەسەر چەند دەوڵەتێکدا و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی خەڵکی ئەوروپا نەتوانن بە ئازادی هاتووچۆیان لە نێواندا هەبێت، ویستیان ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن ئەویش بەوەی کەوا چەند فیدراڵییەتێک پێکبهێنن وەک یوگسلافیا و چیکوسلۆفاکیا، ئەمەش هەر سەرکەوتوو نەبوو، چونکە خەڵکانی نێوان ئەم دەوڵەتانە نەیانتوانی پێکەوە بڕیارەکانیان بدەن بۆماوەیەکی دورودرێژ.

هەروەها جێبەجێ کردنی ئەم چەمکە کێشەی گەورەتری بەدوای خۆیدا هێنا لە ماوەی ساڵانی چلەکان و شەستەکانی سەدەی بیستەم لە کیشوەری ئاسیا و ئەفریقا، چونکە دیاریکردنی سنووری دەوڵەتان لەوکاتەدا دەبوایە بەپێی خواست و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بوایە، بەبێ ڕەچاوکردنی خاسیەتی ناوچەکان وەک ئایین و زمان و ..هتد(٣).

هەندێک لە توێژەران پێیانوایە کەوا بنەمای چەمکی (مافی چارەی خۆنووسین) دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەڕەنسا، کەوا تێیدا هەوڵدرا گەل ڕزگار بکرێت لە ستەمی دەسەڵاتە ئیستیبدادییەکان. هەروەها پێیانوایە کەوا ئەم چەمکە لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا (جیمس مۆنرۆ) وە بەکارهاتووە لە ساڵی ١٨٢٣ز، لەکاتێکدا کەوا ڕەتیکردووەتەوە وڵاتانی بێگانە دەست وەربدەنە نێو کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ئەمریکای لاتینەوە.

پاشان ئەم چەمکە کەوتە نێو بەندی پێنجەمی ئەو پێشنیارانەی کەوا ویلسۆن لە ١٩١٨ پێشکەشی کۆنگرێسی ئەمریکای کرد و تێیدا داوای باشکردنی بارودۆخی ئەو گەل و نەتەوانەی کرد کە کەوتوونە ژێر دەسەڵات و تارمایی زلهێزە بیانییەکانەوە، لە

دەقی نامەی ویلسۆندا هاتووە: پێویستە ڕێزی خوایشت و ئارەزووی نەتەوەکان بگیرێت و مافی گەلانە بەپێی ئارەزووی خۆیان حکومڕانیان هەبێت، ئەم مافەش تەنها تێڕوانینێک نییە گوزارشتی لێبکرێت، بەڵکەو پێویستە کردەیی بکرێت(٤).

### مافی چارەی خۆنوسین لەنێو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا:

١/ لە ماددەی ٢١ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە: نەتەوەیەکگرتووەکان ئامانجی ئەوەیە کەوا پەیوەندییە دۆستانەکانی نێوان نەتەوەکان پەرەپێبدات، لەسەر ئەو بنەمایەی کەوا ڕێزی ئەو بنەمایە بگیرێت کەوا دەبێتە هۆی هاوئاستی نێوان نەتەوەکان، بەجۆرێک کەوا هەموویان مافی چارەی خۆنووسینیان هەبێت.

٢/ لە بڕیاری ژمارە ١٥١٤ی کۆبوونەوەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٦٠دا هاتووە: بۆ هەموو گەل و نەتەوەکان هەیە مافی چارەی خۆنووسین.

٣/ لە ماددەی یەکەمی هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنیی و سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکان کە لە ساڵی ١٩٦٦ دەرکران، هاتووە: کەوا هەموو گەلان مافی چارەی خۆنووسینیان بۆ هەیە.

٤/ ڕاگەیەندراوی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٦، تێدا هاتووە هەموو گەلێک مافی چارەی خۆنووسینی هەیە و ئەتوانێت سستەمی حوکمڕانی خۆی دیاری بکات بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە.

٥/ لە ماددەی ٢٠ی پەیماننامەی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان لە ساڵی ١٩٨١.

٦/ لە بەندی هەشتەمی ئەو ڕێککەوتننامەی کەوا لە کۆنگرەی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپی بەسترا لە ١٩٨١.

٧/ لە ڕاگەیەنداروەکەی کۆنگرەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لە ڤییەنا بەسترا لە ساڵی ١٩٩٣(٥).

### توێژەران کرۆکی مافی چارەی خۆنووسینیان کردووە بە دوو بەشەوە:

١/ مافی چارەی خۆنووسینی دەرەکی: مافێکی ڕەهایە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دانی پێدا ناوە، پێدانی مافە بە هەموو ئەو نەتەوانەی کەوا لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەر و سستەمی چاودێری بەریتانیدان بە ئازادییەکی ڕەها یەکێک لەم سێ بژاردەیە هەڵبژێرن: أ سەربەخۆبوونی تەواو و دروستکردنی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی. ب- پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی و هەبوونی پەیوەندی بە دەوڵەتێکی سەربەخۆوە و کۆمەڵێک لە کاروبارە بەرگریی و دەرەکییەکانی پەیوەستە بە ئەوەوە. ج- تێکەڵاوبوونە لەگەڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆدا بە جۆرێک لەو جۆرانەی تێکەڵاوبوون کە لە سستەمە دەستوورییەکاندا هەیە.

٢/ مافی چارەی خۆنووسینی نێوخۆیی: مافی خەڵکانی پێکەنەری زۆرینەی نەتەوەی نێو دەسەڵاتێکە، بەپێی بنەما یاسایی و دەستوورییەکان پەیڕەوی دەسەڵات بکەن و سستەم و جۆرێکی حکومڕانی پێکبهێنن کەوا لە گەڵ بەرژەوەندی ئەم زۆرینەیەدا بێتەوە(٦).

بە شێوەیەکی گشتی دوو بۆچوون هەیە دەربارەی مافی چارەی خۆنووسین:

بۆچوونی یەکەم: خاوەنانی ئەم بۆچوونە پێیانوایە دەبێت مافی چارەی خۆنوسین لە چوارچێوەی نێوخۆیدا بمێنێتەوە و ئاستی ئازادی داواکاریی لەنێو چوارچێوەی حکومڕانی دیاریکراودا بێت و مافی کەمە نەتەوایەتییەکان لە حکومەتی مەرکەزیدا بەدی بهێنرێت و کەڵک لە سستەمی حوکمی زاتیی و فیدراڵی ببینن و نەگاتە ئاستی جیابوونەوە.

بۆچوونی دووەم: خاوەنانی ئەم بۆچوونە پێیانوایە کەوا مافی چارەی خۆنووسینی نێوخۆیی مافی نەتەوە جیاوازەکانی نێو دەوڵەتێکی تێدایە کەوا دەتوانن تێپەڕبوون لە مافی چارەی خۆنووسینی

نێوخۆییەوە بۆ مافی چارەی خۆنووسینی دەرەکی، ئەم نەتەوانە مافی جیابوونەوەیان هەیە.

خاوەنانی ئەم بۆچوونە ئەو نەتەوانەن کەوا لەنێو دەوڵەتێکی دیکەدان، وەک: نەتەوەی کورد، کشمیرییەکانی هیندستان، تبیتییەکانی سین، تامیل لە سریلانکا، دانیشتوانی هەرێمی کۆرسیک لە فەرەنسا.

خاوەنانی ئەم بۆچوونە ڕەفتارێکی نێودەوڵەتی دەکەنە پاساوی ئەم لێکدانەوەیەیان بۆ مافی چارەی خۆنوسین، ئەویش: دانپێدانانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوو بۆ جیابوونەوەی سنگال لە کۆماری مالی لە ساڵی ١٩٦٠، هەروەها جیابوونەوەی سەنگافورە لە مالیزیا لە ١٩٦٥، بەنگلادیش لە پاکستان لە ١٩٧٤، ئەریتریا لە ئەسیوپیا لە ١٩٩٣.

هەروەها جیابوونەوەی دەوڵەتەکانی: ئەرمینیا، ئازربایجان، ئۆزبەکستان، جۆرجیا، تورکمانستان، بیلاڕوسیا، ئۆکرانیا، مولدافیا، قرغیزستان، تاجیکستان، کازاخستان لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو. هەروەها هەڵوەشانەوەی کۆماری یوگسلافیا بۆ دەوڵەتانی: کرواتیا، مەکدۆنیا، سلۆڤینیا، بۆسنە و هەرسک.

بەڵگەش بەوە دەهێننەوە کەوا دادگای نێودەوڵەتی لەو بڕیارەی دەریکرد لە ٢٢ی تەموزی ٢٠١٠ تێیدا هاتووە بڕیاری سەربەخۆبوونی کۆسۆڤۆ و جیابونەوەی لە سڕبیا، یاسا نێودەوڵەتییەکانی پێشێل نەکردووە(٧). بەوپێیەی کەوا میللەتی کوردیش خۆی لە بنەڕەتدا بەشێک نەبووە لەو چوار دەوڵەتەی ئێستە دابەشکراوە بەسەریدا و بە زۆر لکێنراوە پێیانەوە ئەتوانێت کەڵک لەو مافە وەربگرێت کە بۆ هەموو گەلان دانراوە.

بەتایبەت کە ئێستا ئەم پرسە لە گۆڕێدایە لە باشووری کوردستان، ئەگەر چاوێک بە مێژووی کورد بخشێنیتەوە لە عێراقدا دەبینین بۆ ماوەی ٨٠ ساڵ حوکمێکی فاشیستیی نەتەوەپەرستی باڵی بەسەر عێراقدا کێشابوو، بە هیچ کلۆجێک دانی بە مافی نەتەوەی کوردا نەناوە وەک نەتەوەیەک و کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و بە بەعسیکردن و خاپوور و وێرانکردن و گوندەکان و ..هتد گرتەبەر بەرامبەر گەلی کورد و بەشی کورد هەر مەینەتی بوو.

دواتریش لە پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس و گۆڕانی حوکم، بووبە حوکمێکی تایفیی و سوننە دەست بەدەر کرا و بە چەندین ڕێگە و هۆکاریش ماڵیان خاپوور و وێرانکرا، کێشەکان لەگەڵ کورد و حکومەتی هەرێمیش زیاتر کرا و بڕینی موچە و بودجەی بەدوادا هاتوو ئەو مافە دەستوورییانەی بۆ کورد دانرا بوو لە دەستوری نوێی دوای بەعس پێی نەدرا و مایە پووچ بوو.

لەم ڕوانگەیەشەوە کۆمەڵێک لە نوسەر و ڕۆشنبیرەکانی جگە لە کورد کە عەرەبن، بە ڕاشکاوانە ئەو مافەیان بە کورد داوە کەوا مافی چارەی خۆنوسینی هەیە و هەموو کورد لە هەر چوار پارچەکەی کە دابەش بووە بەسەر عێراق و تورکیا و ئێران و سوریادا، دەتوانن بە ئارەزوو و خوایشتی خۆیان شێوازی حکومڕانی خۆیان دیاری بکەن.

هەروەها ئەم مافە کە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان و ڕاگەیەندراوە ڕەسمییە نێودەوڵەتییەکان بەخشراوە بە هەموو گەلان، لەنێویشیدا گەلی کورد دەتوانێت ئەو مافە وەربگرێت و پێویستیش ناکات بڵێین پێویستە لە چوارچێوەی دەستوری عێراقدا هەبێت و یاری بەم مافەی کورد بکەین. بەپێی ئەزموونیش سەلمێندراوە کەوا لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا عێراق نەیتوانیوە نمونەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نەتەوە جیاوازەکان بێت، بۆیە جیابوونەوە و سەربەخۆبوونی گەلی کورد پێویست و مافی خۆیەتی(٨).

هەروەها ئەو هەڵوێستەی کورد بەرز دەنرخێنن کەوا لەگەڵ ئاوارەی وڵاتان نواندوویەتی کاتێک ڕووی تێکردووە و هەرێمی کوردستان توانیویەتی بە شێوەیەکی مرۆڤدۆستانە پێشوازی لەو ئاوارانە بکات کە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە و لە

سوریاوە ڕوویان تێکردووە و بەهۆی جەنگەوە ماڵی خۆیان جێهێشتووە، ئەم هەڵوێست و پێشوازییەی کورد بووەتە پاڵپشت بۆی لەم پرسەدا و نوسەران دەیکەنە پاساو بۆیی و بەرز دەینرخێنن(٩).

لەلایەکی تریشەوە بۆچوونێکی دیکە هەیە لەنێو شەقامی عەرەبیدا کەوا پێیوایە هەرچەندە مافی چارەی خۆنووسین مافێکی ڕەوای هەموو گەلێکە و لەنێویشیاندا گەلی کورد، بەڵام پێویستە گەلی کورد ئەم مافە ڕەوایە بەشێوەیەکی ڕەوا وەربگرن و ئەمەی ئێستە دەگوزەرێت بەناوی وەرگرتنی مافی چارەی خۆنووسین بریتییە لە نەخشەی سهەیۆنیزم و ئیمپریالیزم و لە پەنا سەربەخۆبوونی کوردستانەوە نەخشەی خراپی خۆیان لە ناوچەکە جێبەجێ دەکەن و مافی چارەی خۆنوسین بۆ کورد دەکەنە دەستپێک و پاساو و دەیانەوێت مەبەست و ئامانجەکانی خۆیان لەو ڕێگەیەوە بپێکن.

باسیش لەوە دەکەن کەوا ئێستا لە کوردستان وروژاندن و ڕەواج پێدانی ئەم پرسە لەلایەن بەشێک لە خەڵکی کوردستانەوەیە و تێکڕایی کورد و هەموو حیزبەکان بەتەواوەتی لەگەڵ جیابوونەوە و سەربەخۆبوونی کوردستان نین، بەڵکو دەنگێکی شاراوە هەیە و هێزێکی لاواز هەیە دەیەوێت ئەم پرسە دوابخات و لایەنی یەکەم بۆ برەوپێدانی ئەم پرسە زیاتر لەلای حیزبێکی دیاری کراوەیە و توانیویەتی ویست و دەنگی خۆی زاڵ بکات و ئەم بابەتە بکات بە ئەمری واقیع و حیزب و لایەنەکانی تریش هەرچەن لێشی نارازی بن و بەدڵیان نەبێت، شوێنی بکەون(١٠).

ئەو بارودۆخە نالەبارەی هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێت لە پەرتەوازەیی حیزبەکان و ڕێکنەخستن و یەکنەخستنی نێومالّی کوردی و، ئەو ململانێ و ناتەباییەی تەنانەت لە نێوخودی حیزبەکانیشدا هەیە و هەر حیزبە و بەلای کەمەوە دوو یان سێ باڵی تێدایە و باڵێک دەستڕۆیشتووە و باڵێک لاوازە و دەستڕۆشتووەکە بە قۆرخکاری پۆست و ڕاگەیاندن و بودجەی حیزبەکەی تۆمەتبار دەکات.

سەرباری ئەوەی حیزبەکانیش هەمان گرفتیان لەگەڵ یەک هەیە و هەمووی خۆی بە چاک و ئەوانی دیکە تاوانبار دەکات، بە دزینی پارە و سامانی وڵات تاوانباری دەکات و زیانباری سەرەکیش لەم کێشمەکێشم و دووبەرەکییەدا تەنها خەڵک و فەرمانبەرانی هەژارن و خەڵک بێ موچە و بوجە کەوتووە. حیزبەکانی کوردستان ناتوانن بەیەکەوە و بەیەک دەنگی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەن، لە پرسە چارەنوسسازەکاندا هەریەکە و بە ئاوازێک دەخوێنێت، بەتایبەت دوو حیزبی سەرەکی کە خاوەنی هێزی سەربازیین خاوەنی بڕیارن و بڕیاری یەکلایی لەلای ئەوانە، حیزبەکانی دیکەش کەوتبوونە نێوان دووڕیانێکەوە و بەهۆی گرنگی پرسەکەوە و بۆئەوەی بە خیانەتکاری نەتەوە نەناسرێن لە مێژوودا شوێن بڕیاری یەکلای ئەو دوو حیزبە سەرەکییە کەوتن و بەشداربوونی ئەمان لە پرۆسەکە و بانگەشە بۆ کردنی یان دەنگدان بە (بەڵێ) ئەگەر بڵێم نەشیان کردایە و بەشدار نەبونایە و دەنگیشیان نەدایە هیچی لە بابەتەکە نەدەگۆڕیی و هەر دەگوزەرا.

لەکاتێکدا حیزبەکان لەم ناتەباییەدان و دوو حیزبی سەرەکی خاوەن زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەوە تۆمەتبار دەکەن کەوا دەستیان بەسەر قوت و بودجە و موچەدا گرتووە و پەرلەمانیان پەکخستووە و نەوتەکەشیان ڕادەستی بەغداد نەکرد تاوەکو پشکی هەرێم ڕەوانە بکات، ئەمە وایکرد لە مەترسی بەردەوامبوونی ئەم دۆخە و کەنارکەوتنی ئەم حیزبانەی دیکە و دەستبەسەراگرتنی پارەی نەوت لەلایەن دوو حیزبەکەوە حیزبە کەنارخراوەکان دڵیان بەوە خۆش نەبێت لەم ساتەدا کورد سەربەخۆ ببێت.

ئەمەش وایکرد ببێتە جێگەی تانەی خەڵک بەسەرمانەوە و لە پرسێکی ئاوەها مێژوویدا دەربکەوێت و مێژوو تۆماری بکات کە بەهۆی خراپ بەڕێوەبردنی حوکومڕانیی و گەندەڵییەوە

ئەو کوردەی دەیان ساڵە خەبات و شۆڕش دەکات، بەشداریی نەکات و پێی خۆش نەبێت سەربەخۆ ببێت و کورد ناتوانێت بە یەکدەنگی بڕیاری چارەنوسسازی خۆی بدات.

### گرنگترین ئەو پاساوانەی باس دەکرێن بۆ پاڵپشتیکردنی ئیسرائیل لە دروستبونی دەوڵەتی کوردی:

١/ بەوپێیەی ئێران و تورکیا بە دوژمنی ئیسرائیل دەزانرێن و پاڵپشتی دووژمنەکانی ئیسرائیلن، ئیسرائیل پێی خۆشە پشتگیری دەوڵەتێک بکات کە لە بندەستی ئێران و تورکیادا دروست دەبێت تاوەکو سنووری چالاکییە دوژمنکارەکانیان بەرامبەر بەخۆی بەرتەسک بکاتەوە.

٢/ پەیوەندەی بە هێزی ئابووری، ڕاپۆرتەکان ئاشکرایان کردووە کە ٪٧٥ ی بەرهەمە نەوتییەکانی ئیسرائیل لە کوردستانەوە دابین دەبێت، هەروەها سەرباری نەوت کڕین لە کوردستان، زۆرێک لە کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی ئیسرائیل لە کوردستان کار دەکەن لە بوارەکانی وزە و پەیوەندیی و ڕاوێژکاریی ئاژانسیی و پاراستنی ئاسایش(١١).

٣/ لاوازکردنی دەوڵەتە بەهێزەکانی ناوچەکە و پارچەکردنی ناوچەکە و هاندانی کەمینەکان بۆئەوەی داوای دەوڵەت و دەوڵەتۆکە بکەن و بەهۆیەوە کێشە و ململانێ بکەوێتە نێوان دەوڵەتە عەرەبیی و ئیسلامییەکان و لاواز ببن.

٤/ ئابڵوقەدانی تورکیا و ئێران و جیاکردنەوەیان لە یەکتر و بەربەست خستنە نێوانیانەوە و، لە یەک پچڕاندن و ترازاندنی نیشتیمانی عەرەبی لە ڕووی جوگرافیی و سیاسییەوە.

پاشان لە ڕێگەی ئەم دەوڵەتە کوردییەوە دەتوانرێت بە ئاسانی جاسوسییان بەسەرەوە بکرێت و دەست لە کاروبارە نێوخۆییەکانیان وەربدرێت و بیری بوون بە دەوڵەت بگوزارێتەوە بۆ ئەو کەمایەتییانەی لەو وڵاتانەش هەن.

### لەگەڵ ئەمەشدا بەشێك لە خاوەنانی ئەم بۆچوونە داوایەك ئاڕاستەی كورد دەكەن و دەبێژن:

١/ وەرگرتنی مافی چارەی خۆنووسین و ستەمدیدەیی کورد بابەتێکی ڕاست و دروستە و هیچ کەسێکی بەویژدان نکوڵی لێناکات، بەڵام ئێستا ناکۆکیی و دەمەقاڵێکە لەسەر ئەوەیە کێ سوودمەندی یەکەمە لە وروژاندنی ئەم پرسەدا، براوەی یارییەکە کێیە و بە چ مەبەستێک دەکرێت؟ بۆیە داوا لە کورد دەکەین بە دروستی بیر لە بابەتەکە بکەنەوە و بزانن کەوا پاڵپشتی دەرەکی هیچ کەڵکێکی بۆ ئەوان نابێت، کەوا لەلایەن دراوسێکانیانەوە بەگژیاندا بچنەوە و دووژمنایەتییان بکەن و ئاسایشیان لێ تێک بدەن.

٢/ کارێک نەکەن کەوا دەستی داگیرکەر و دوژمن زاڵ بکەن بەسەر ناوچەکەدا و بە پاساوی سەربەخۆبوونی کوردستان دەستی زیاتر بکێشنە ناوچەکە و بیخەنە ژێر هەیمەنەتی خۆیانەوە(١٢).

بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوەیە کەوا ئەو وڵاتە ئیسلامییانەی چواردەوری هەرێمی کوردستان کە بەردەوام کورد بەوە تاوانبار دەکەن دەستکەلای ئیسرائیل و ئەمریکا و وڵاتانی بێباوەڕ و سهەیۆنیزمە، خۆشیان هەڵوێستی ئیسلامییانەیان لێ نەبینراوە و لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵە ناکەن کەوا ئیسلام داخوازیی دەکات بەرامبەر گەلان، لەسەر ئەو بنەمایە کارناکەن دان بە هەبوونی گەلی کورددا بنێن وەک گەلێک لەسەر ڕووی ئەم زەمینە و هەمان ئەو مافانەی پێ بدەن کەوا خۆیان هەیانە و کوردیش وەک ئەوان خاوەن سەروەریی و قەوارەی خۆی بێت و ببێت بە ژمارەیەک و چی دی ستەمی لێ نەکرێت لەلایەن شۆڤێنی و بێگانەوە و کوردیش بە هۆی ئەم هەڵوێستە جوان و مرۆڤدۆستانەی ئەوانەوە پەنا نەباتە بەر سهەیۆنیزم.

پاشان لەکاتێکدا ئەوان کورد بەوە تۆمەتبار دەکەن هەمان تۆمەت لە خودی خۆشیاندا

بەرێژەیەکی زۆر زیاتر بەدی دەکرێت و بارودۆخی ئێستای وڵاتانی عەرەبی سوننی ئەوەیە کەوا بەهۆی ململانێ نێوخۆییەکانی خۆیان و ونکردنی شوناسیان و تێنەکۆشان و هەبوونی دەسەڵاتداری دیکتاتۆر و چەندین هۆکاری دیکە، وەهایە کەوا ئێستا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانبونی هەژمونی ئێران و هیلالی شیعی لە ئارادایە و سەرباری داگیرکردنی وڵاتانی عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن، پاشماوەی وڵاتانی دیکەی عەرەبیش هەندێکیان بونەتە پاشکۆی ئێران و پشتیان لە سعودیە (وەک ڕابەر و دەمڕاستی سوننی) کردووە و ئەوانی دیکەش ئاسایش و هێمنییان لە مەترسیی و بەردەم هەڕەشەدایە، ئەمەش وایکردووە پەنا ببەنە بەر ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ بەرگرتن لە فراوانخوازی ئێران و یەکێک لە پرۆژەکانی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای داعش بە پەناگەکردنی ئیسرائیل و دەمڕاستیی وڵاتانی عەرەبییە و ئەوانیش بە خۆشحاڵییەوە ئەم پەیوەندییە وەردەگرن بۆئەوەی بە ئیسلامی میانڕەو بناسرێن و هەمیش هاوپەیمانی ببەستن لەگەڵ ئیسرائیل دژی دوژمنێکی هاوبەش کە ئێرانە.

لە هەمانکاتیشدا هەموو هەڕەشەکانی ئەمریکا لە ئێران و درووشمی (مرگ بر أمریکا) کە لەلایەن ئێرانەوە بەرز دەکرێتەوە تەنها بریار و درووشمی بێ بەرهەمن و ناچێنە بواری جێبەجێ کردنەوە و بە دیارچاوی جیهانەوە ڕۆژ لەڕۆژ ئێران لە گەشەکردن و فراوانبووندایە و زیاتر زاڵ دەبێت بەسەر سوننەکاندا و بەسەرپشتی دەبابەی ئەمریکییەوە ناوچە سوننیەکان داگیر دەکەن.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١/ ویکبیدیا.
٢/ حق تقریر المصیر، محمد عزیز شكري، مج٦، موسوعة العلوم القانونية والإقتصادية، دمشق.
٣/ ویکثیدیا.
٤/ المنظمات الدولية والإقليمية، عبد السلام عرفة، دار الجماهيرية للنشر والإعلان، ليبيا، ط١، ١٩٩٣م، ص: ١١٣.
٥/ التحول في المفهوم القانوني لحق تقرير المصير بين تحقيق الإستقلال والإنفصال، أحمد محمد طوزان، مجلة جامعة دمشق للعلوم الإقتصادية والقانونية، مج ٢٩، ٢٠٠٣م.
٦/ حق تقرير المصير، محمد عزيز شكري.
٧/ هەمان سەرچاوەی پێنجەم.
٨/ حق الشعوب في تقرير مصيرها، شعب الكرد نموذجا، د. كاظم حبيب، http://www.alnoor.se.
٩/ الاكراد وحق تقرير المصير، د. حسين الديک، http://arblogs.timesofisrael.com.
١٠/ الاكراد ومبدأ حق تقرير المصير، التيتي الحبيب، http://www.annahjaddimocrati.org.
١١/ لهذه الأسباب تشجع إسرائيل إقامة دولة كردستان، محمد النجار، الجزيرة- نت.
١٢/ أبعاد دعم الكيان الصهيوني لاستقلال كردستان، سعيد الحاج، www.turkpress.co.



# پرسی کورد لە ململانێی هەرێمایەتیدا

## شۆڕشی ئەیلول وەك نموونە



**فاروق محەمەد محەمەدئەمین**

لەدایکبووی ١٩٧٧، سلێمانی. ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ، زانکۆی سەلاحەدین(٢٠١٣). خاوەنی بەرهەمێکی چاپکراو و چەند توێژینەوەیەکی زانستی بڵاوکراوەیە.

## پێشەکی:

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی و دابەشکردنی کوردستان بە سەر چوار پارچەدا بەپێی رێکەوتننامەی سایکس پیکۆ بەسەر هەر یەک لە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا، گەلی کورد لە هەریەک لەو پارچانەدا و لە باشووری کوردستان بەتایبەتی کەوتە خەباتی بێ پسانەوە لەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی و دامەزراندنی کیان خۆی.

لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییە هەرێمایەتییەکان، هەمیشە کورد خاڵی ناکۆکی پەیوەندییەکان و رێکەوتنەکانی نێوانیان بووە، لەلایەکەوە بۆ هاوکاریی و دالدەی جولانەوەی کوردی دەوڵەتی نەیاری بەرامبەریان بەمەبەستی لاوازکردنی، لەلایەکی ترەوە بۆ خامۆشکردنی جولانەوەی کوردیی و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، گەیشتوون بە رێکەوتن و قوربانیان بە جولانەوەی کورد و دۆزە رەواکەی داوە.

پرسی کورد هەمیشە لەلایەن ولاتانی هەرێمییەوە هەوڵدراوە بقۆسترێتەوە و وەک کارتی فشار بەرامبەر یەکتر بۆ گەیشتن بە مەرامە سیاسییەکانیان بەکاربیهێنن، شۆڕشی ئەیلول نمونەیەکی روونی بە قوربانیکردنی کورد و دۆزە رەواکەیەتی لە ململانێی هەرێمیی و نێودەولەتیدا.

شۆڕشی ١٤ی تەمموز و پرسی کورد:

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی١٩٥٨ کە لەلایەن ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە ئەنجامدرا و کۆتایی بە رژێمی پاشایەتی لە عێراق هێنا و رژێمی کۆماری هاتەکایەوە، قۆناغێکی نوێ لە عێراق دروستبوو، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغە دروستبوونی پەیوەندییەکی نوێ بوو لە پەیوەندی نێوان کورد و حکومەتی نوێی شۆڕش، بەتایبەتی دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی خۆی بۆ شۆڕش و حکومەتەکەی عەبولکەریم قاسم دەربڕی.

هەروەها کورد لە باشووری کوردستان چەندین دەستکەوتی فەرهەنگیی و نەتەوەیی و یاسایی و سیاسی بەدەستهێنا، ئەوەش بووە مایەی پەرەگرتنی پرسی کورد لە هەریەک لە باکوور و رۆژهەلاتی کوردستان و نیگەرانی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێرانی بەدوای خۆیدا هێنا.

هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران بۆ بەرگرتن لە گەیشتنی کورد بە مافەکانی خۆی لە باشووری کوردستان و لە پارچەکانی بەسەریاندا دابەشکراوە لە باکوور و رۆژئاوای کوردستان بە شێوازی جیاواز رووبەرووی کوردبوونەوە.

تورکیا لە رێگەی ئەنجامدانی کودەتای سەربازیی و راگەیاندنی باری نائاسایی و سەپاندنی دەستورێکی سەربازی، کۆتایی بە پەرەگرتنی پرسی کورد لەو قۆناغەدا هێنا لە ولاتەکەیدا، هەرچی دەوڵەتی ئێرانیشە لە سەرەتادا لە هەوڵی ئیحتیواکردنی پرسی کورد بوو لە ولاتی خۆیدا لە رێگەی ئازادکردنی چەند سەرکردەیەکی حزبی دیموکرات لە زیندانەکان و دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان لە رۆژهەلاتی کوردستان لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە لە رێگەی ساواکەوە کاری دەکرد بۆ لەباربردنی ئەو زەمینەیەی کە هاتبووە ئاراوە و هەوڵدان بۆ رووخاندنی حکومەتەکەی قاسم بەشێوەیەکی راستەوخۆ، هەرچەندە لەو پلانەدا نەیتوانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، بەلام دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول بەشێوەیەکی تر ئەو دەرفەتەی بۆ رەخسا.

## شۆڕشی ئەیلول لە ململانێی هەرێمایەتیدا:

دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان عەبدولکەریم قاسم و پارتی دیموکراتی کوردستان و خودی بارزانی، دواجار شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١دا هەڵگیرسا و بووە جێگەی ئومێدی خەڵکی کوردستان

بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی و دروستبوونی کیانێک بۆ کورد، بەڵام دواجار بەهۆی پیلانەکانی وڵاتانی هەرێمییەوە ئەو ئومێدەی کورد لەباربرا.

دەوڵەتی ئێرانی شاهەنشاهی هەرچەندە لە سەرەتادا پەیوەندی بە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولەوە کرد و هاوکاریی و کۆمەکی ماددیی و سەربازی پێشکەشکرد، بەڵام هاوکارییەکان تەنها بۆ بەردەوامیدان بە شەڕ و شۆڕش بوو، ئامانج لێی لاوازکردنی حکومەتی عێراق و ناچارکردنی بەدەربرینی ڕەزامەندی لەسەر خواستەکانی ئێران بوو، نەک سەرکەوتنی شۆڕشی کورد.

ئێران لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٦٢دا پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کرد و ئامادەیی خۆی بۆ هەموو هاوکارییەکی ماددیی و سەربازیی و تەندروستی دەربڕی و ئەمەش بە سەرکەوتنێکی گەورە لێکدرایەوە لەبەر هەژاری شۆڕش لە ڕووی پێداویستییەکانییەوە، لەسەر داوای بارزانی و مەکتەبی سیاسی، ئیبراهیم ئەحمەد بەمەبەستی بینینی شا چوو بۆ تاران، هەرچەندە نەیتوانی شا ببینێت، بەڵام ١٠٠ هەزار دینار و هەندێک تفەنگ دەستکەوتی ئەم سەردانە بوو بۆ شۆڕش.

حکومەتی ئێران لە دروستکردنی پەیوەندی لە گەڵ کورددا چەند مەبەستێکی خۆی هەبوو، لەوانە باشتر کۆنترۆڵکردنی کوردستانی ئێران و ڕێگری لە پەیوەندیی و هاوکاری کوردستانی ئێران بۆ شۆڕش، کە بەبێ دەستوەردان لە کاروباری شۆڕش نەیدەتوانی ئەوکارە بکات، هەروەها ئامانجێکی تر دروستکردنی ناکۆکیی و دوو بەرەکی بوو لەناو شۆڕشدا یاخود قوڵترکردن و گەورەکردنی ناکۆکی نێوان دوو باڵەکەی شۆڕش لەکاتی ڕودانیدا.

مەسعود بارزانی لەوبارەیەوە دەڵێت:» شا لە یارمەتیدانی شۆڕشدا دوو ئامانجی هەبوو: یەکەمیان ئەوە بوو کە شۆڕش دژی ڕژێمی قاسم بوو کە شا ڕقی لێی بوو و بە شومی دەزانی بۆ خۆی، دووەمیش بۆ ئەوە بوو ڕێگەی خەبات لە ڕووی گەلی ئێران بگرێت».

هەروەها عیسا پژمان بە محەمەد ڕەزا شا دەڵێت:» ئەگەر ئەو «بارزانی» و سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ڕەزامەند بن لەسەر پێشنیازی ئێمە سەدا سەد لە قازانجی ئێمەیە و دەتوانین زۆرترین سودیان لێ ببینین. بێجگە لەوەی کە ئێمە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین نەک هاوکاری... ئێمە یارمەتییەکی کەمیان دەدەین و ئەرکیشیان پێ ڕادەسپێرین. ئەگەر لە کاتی خۆی بە ئەرکەکە هەستان، ئەوا چەند سەد تفەنگی بڕنەو کە بە هەزارانیان لە عەمبار کەوتوون و چەند ملیۆن فیشەک و کەمێک پارە هیچ کاریگەرییەکی ئەو تۆی نیە لەسەر ئێمە و ئەوانیش.

لەلایەکی ترەوە دژی شۆڕشی ئەیلول دەوڵەتی تورکیا، لەگەڵ حکومەتی عێراق زانیاری ئاسایشیان لەسەر چالاکی پارتەکان لە ناوچە سنورییەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرد، تورکیا هاوکاری حکومەتی عێراقی دەکرد لە داڵدەدانی ژمارەیەکی زۆر پەنابەری نەیاری بارزانی. هەروەها سنوری لە بەردەم هاوکارییەکانی شۆڕشدا داخستبوو، چ هاوکاری سەربازی یان هاوکاری مرۆیی کەرەستەی خواردەمەنی.

بارزانی هەستی بە گرنگیی و کاریگەری تورکیا لەسەر بزوتنەوەی کوردی کردبوو، لەبەرئەوە چەندین جار لە ڕێگەی ناردنی شاند و نامەوە هەوڵیداوە پەیوەندی لەگەڵ تورکیادا دروست بکات، بەڵام تورکیا وەڵامی نەداوەتەوە.

## شۆڕشی ئەیلول لە سەردەمی عەبدولسەلام عارفدا:

لە کاتژمێر ٨،٥ بەیانی ١٩٦٣/٢/٨ ڕووخانی حکومەتی قاسم لەلایەن بەعسییەکانەوە لە ڕاگەیەندرا و، لە کاتژمێر ٩،٥ بروسکەی پیرۆزبایی کورد بۆ سەرکەوتنی کودەتای بەعس بەناوی صاڵح یوسفیی و فوئاد عارفەوە بڵاوکرایەوە، کە

لەلایەن شەوکەت عەقراوییەوە لەژێر ناونیشانی (دەست لە ملانێی دوو شۆڕش)دا نوسرا بوو. هەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ لەلایەن بارزانییەوە ڕاگەیەندرا و ئاگربەستی نێوانیان لێکەوتەوە.

ڕژێمی نوێ کە عەبدولسەلام عارف سەرۆک کۆمار و ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆک وەزیرانی بوو بۆ جێگیرکردنی حوکمەکەی پێویست بوو شەڕی کورد ڕاگرێت، لەپێناو دەستخستنی کاتدا پەنای بردەبەر دانوستاندن. بەمەبەستی دانوستاندن، دوای دە ڕۆژ تێپەڕبوون بەسەر کوەتادا، لە ١٩٦٣/٢/١٨ دا شاندێکی پارتی بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و ئەندامێتی صالح یوسفیی و لوقمان بارزانی گەیشتە بەغداد و چەند کۆبونەوە و وتووێژیان لەگەڵ بەرپرسانی حکومیی و حزبیدا ئەنجامدا، هاوکات پرۆژەی ئۆتۆنۆمیان لەژێر ناوی نا ناوەندێتیدا دایە دەستی بەرپرسانی حکومەتی عێراق، بەڵام ڕەتکرایەوە.

مانەوەی وەفدەکە زیاد لە مانگێکی خایاند و پاش سەردانکردنی میسر و بینینی عەبدولناسر و وەرگرتنی ڕای لەسەر پێشنیاری بەعسییەکان لەمەڕ چارەسەرکردنی پرسی کورد شاندەکە لە ١٩٦٣/٤/٢٤دا گەڕیەوە و ئەنجامی گفتوگۆکانی بە سەرانی شۆڕش ڕاگەیاند و بێهیوای تەواویشی لە درێژەدان بە گفتوگۆ دەربڕی. لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٣دا هێرشی بەعس بۆ سەر کوردستان بە شێوەیەکی سەخت و بەربڵاو دەستپێکردەوە.

ئێران خۆشحاڵ بوو بە شەڕی حکومەتی عێراق دژی کورد، چونکە ئەمە دەبووە هۆی وێران بوونی هەموو عێراق و لاوازبوونی سوپاکەی، کە ئێران خوازیار بوو وڵاتانی عەرەبی خاوەن سوپایەکی بەهێز نەبن و لە ڕووی ئابووریشەوە لاوازبن، لەلایەکی ترەوە دەیویست درز بخاتە نێوان بەرەی یەکگرتووی وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەتی کە جەمال عەبدولناسر دژی شەڕی کورد بوو و سەرزەنشتی ڕژێمی بەعسی دەکرد، هەروەها لەکاتی سەردانی وەفدی کوردیدا بۆ میسر عەبدولناسر بە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد ڕازی بوو، داواشی لێکردبوون کە شەڕ دەست پێنەکەنەوە و دەرفەتێک بدەن بە حکومەتی عێراق، ئاگاداریشی کردبوونەوە دەرفەت نەدەنە شای ئێران، چونکە کێشەی کورد دەقۆزێتەوە. لەلایەکی ترەوە ئێران لە عەبدولسەلام نیگەران بوو لەمەڕ نزیکبوونەوەی لە ناسر و هەوڵدانی بۆ دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی عەرەبی.

لەلایەکی ترەوە کاتێک ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣دا ئابڵوقەی ئابووری خستە سەر کوردستان و شەڕ بە توندی دەستپێکردەوە، ئێران سنوورەکانی بە ڕووی کوردستاندا کردەوە و پێداویستییەکانی ژیانی خۆیان لە بازاڕەکانی ئێراندا دابین دەکرد، ئەمەش کاریگەری لە سەر بەرەوپێش بردنی پەیوەندییەکانی نێوان شۆڕش و ئێران هەبوو.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پرسی کورد کرابووە بەشێک لە ململانێ عەرەبی ئێرانی بەتایبەتی لە ناکۆکی نێوان جەمال عەبدولناسر و محەمەد ڕەزا شای ئێران، هیچیان سیاسەتێکی ستراتیژیان بەرامبەر چارەسەرکردنی پرسی کورد نەبوو، بەڵکو هەریەکەیان دەیویست کورد بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێت.

لەلایەکی ترەوە سوریاش هاوکاری سوپای عێراق دەکات و لە ١٩٦٣/١٠/٢٨دا هێرش دەکاتە سەر ناوچەی بادینان، ئەمەش بە ئۆپەراسیۆنی دیجلە بەناوبانگە، تورکیا و ئێرانیش خۆشحاڵی خۆیان بەرامبەری نیشاندا. هەروەها تورکیاش لە ڕۆژنامەی (دنیا) لە ڕۆژی ٨ حوزەیرانی ١٩٦٣دا زۆر بە ڕاشکاوانە نوسیبوی: ئێمە یەک مەترسیمان لەسەرە و ڕووبەڕووی یەک هەڕەشە دەبینەوە.... ئێران و تورکیا و عێراق یەک چارەنوسیان هەیە و پێویستە هاوکاری یەکتر بن.

هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بە پلانێک

بەناوی «پلانی پڵینگ» دەکەن، بەشێوەیەک کە دوای دەستخستنی کات و کۆتایی دانوستان، عێراق داوای یارمەتی لە پەیمانی سەنتۆ دەکات، کە سوپای عێراق هێرش بکاتە سەر کورد و پاشەکشەیان پێبکات تا سنوورەکان، لەوێ هێزی ئاسمانی ئێران و تورکیا لە کورد بدەن و کۆتایی بە شۆڕشی کورد بهێنن.

## ڕێکەوتنی شوبات و ڕۆڵی هەرێمایەتی لە لێکترازانی کورددا:

دانوستان لە نێوان حکومەتی نوێ و کورد دەستپێکردەوە و بەردەوامبوو تا ڕێکەوتنی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ی نێوان هەردوولای لێکەوتەوە.

دوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنامەی نێوان عەبدولسەلام عارف و مەلا مستەفا ناکۆکییەکانی نێوان دوو باڵەکەی پارتی بە ئاشکرا دەرکەوت و بووە هۆی لێکترازان و دابەشبوونی شۆڕشی کرد، بارزانی لەگەڵ ڕێکەوتنامەی ١٠ ی شوبات و باڵی مەکتەب سیاسیش لە دژی بوو.

لەوکاتەدا جمال عەبدولناسر وەک ڕێبەرێکی پان عەرەبیزم دوژمنی سەرسەختی پان ئێرانیزم بوو، لەگەڵ ڕەوشێکی ئارام و چارەسەرکردنی پرسی کورد بوو بەشێوەیەکی ئاشتیانە، و داوای سەندنەوەی خۆزستان و ئەسکەندەرونەی دەکرد، بۆیە ناسر پشتگیری ئەو ڕێکەوتنەی دەکرد.

ئێران تاکە وڵات بوو کە دژی ڕاگرتنی شەڕ بوو لە دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن بەعسییەکانەوە، ئامادەی هەموو هاوکارییەکی پیشاندا بەو مەرجەی پارتی شەڕ ڕانەگرێت، ئەم هەڵوێستەشی لەگەڵ مەکتەب سیاسیدا یەکیدەگرتەوە کە دژی ئاگربەستی بێ مەرج بوو لەلایەن بارزانییەوە، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و مەکتەب سیاسی، بۆ ئاسانکردنی ئەم پەیوەندییە ئێران لە مانگی ١٠/ ١٩٦٣ دا عیسا پژمان کە لێپرسراوێکی ساواک بوو بە نوێنەری خۆی لەگەڵ کارمەندێکی تری ساواک بە ناوی عەباس بێ سیم نارد بۆ ماوەت و لە نزیک بارەگای مەکتەب سیاسی بارەگایان دانا. لەمبارەیەوە ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت: سەرانی حکومەتی عێراق و تورکیا و ئەمریکا، دەستێکی زۆریان لە دروستکردن یان قوڵکردنەوەی دووبەرەکییەکەدا هەبوو، بەڵام دەستی ئێران زۆر زیاتر بوو.

لە ئەنجامی جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی حکومەت و بە بنبەست گەیشتنی دانوستانەکانی نێوانیان لە شوباتی ١٩٦٥دا سەرلەنوێ شەڕ لە نێوان حکومەتی عێراقی و کورددا هەڵگیرسایەوە، ئێرانیش دەستیکرد بە یارمەتیدانی شۆڕش بە ناردنی کۆمەکی سەربازی، وێڕای چارەسەرکردنی بریندارەکان لە نەخۆشخانەکانی ئێران، هەروەها لە هەمان ساڵدا نوێنەری ئیسرائیل سەردانی مەلا مستەفایان کرد و لەوکاتەوە بەردەوام نوێنەرانی ئیسرائیل سەردانی کوردستانیان کردووە.

## حکومەتی عەبدولڕەحمان عارف و ڕێکەوتنی 29ی حوزەیران:

دوای تێپەڕبوونی چوار ڕۆژ بەسەر مردنی عەبدولسەلام عارفدا، لە ١٩٦٦/٤/١٧دا عەبدەلڕەحمان عارفی برای لە کۆبونەوەی نێوان ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی بەرگری نیشتمانیدا بە سەرۆک کۆماری عێراف دیاریکرا، لەڕۆژی دواتردا بەزازی بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ ڕاسپارد.

لەلای حکومەتی عێراق ئاشکرابوو کە ئێران سنووری بە ڕووی شۆڕشدا کردۆتەوە یارمەتی سەربازیی و خواردەمەنی بۆ کورد دەنێرێت، ئەمەشی بە هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی دژی عێراق بەتایبەتی و جیهانی عەرەبی بەگشتی دەزانی. لەلایەکی ترەوە هەستی بەوەکردبوو ململانێی نێوان شا و ناسر کاریگەری لەسەر ڕەوشی ناوخۆی

عێراق هەبوو، بەوەی تاوەکو ناسر بەردەوام بێت لە پیلانگێری هێرشی ڕاگەیاندن دژی شا، لە بەرامبەردا شای ئێران زیاتر پشتگیری شۆڕشی کورد دەکات لە دژی عێراق، لەبەرئەوەی عێراق پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ میسردا هەبوو، بۆیە لەسەر داوای عێراق ناسر هەڵمەتی ڕاگەیاندنی دژی شا ڕاگرت.

حکومەتی نوێ بە هەمان شێوەی حکومەتەکانی پێش خۆی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورددا کەوتە دانوستاندن و لە ئەنجامدا بەیاننامەی ٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦ی لێکەوتەوە، کە لە ١٢ ماددە پێکهاتبوو، ئەمەش دوای ڕێکەوتنی عەبدولڕەحمان بەزاز لەگەڵ هەردوو باڵی مەکتەب سیاسیی و بارزانی. بەهەمان شێوەی ڕێکەوتنامەی شوباتی ٦٤بووە مایەی دژایەتیی و تورەبوونی ئێران و لە کاردانەوەیدا شای ئێران بڕیاری داخستنی سنوورەکانی بە ڕووی شۆڕشدا دا. دوای چوار ڕۆژ لە دەرکردنی بەیانەکەش بەزاز سەردانی تورکیای کرد و دەسەڵاتدارانی تورکیای دڵنیاکردەوە بەوەی هیچ لەو بەڵێنانەی بە کوردی داوە جێبەجێ ناکات، بەمەبەستی ڕاکێشانی تورکیا بەلای خۆیدا.

## کودەتای بەعسیان و بەردەوامی شۆڕش و ململانێکان:

بەعسییەکان لە ١٩٦٨/٧/١٧دا کودەتایان ئەنجامدا و عەبدولڕەحمان عارفیان لەسەر دەسەڵات لابرد و، لە ١٩٦٨/٧/٣٠دا کودەتایەکی تریان ئەنجامدا و هەستان بە دورخستنەوەی ئەوانەی کودەتای یەکەمیان لەگەڵ ئەنجامدا بوون و لە دەرەوەی پارتی بەعس بوون. لە بەیانی یەکەمی بەعسدا بەڵێنی بەهێزکردنی پەیوەندییان لەگەڵ سۆڤیەتدا دابوو، هەروەها سوربوونی خۆیان لەسەر چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد ڕاگەیاند.

دوای کودەتا حکومەتی بەعس هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەکانی لەگەڵ ئێراندا، بۆ ئەو مەبەستەش چەند دانیشتنێک لە نێوانیاندا ئەنجامدرا، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی سنوری نێونیان، بەڵام نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، لە ساڵی ١٩٦٩ ناکۆکییەکان سەریان هەڵدایەوە و عێراق ڕایگەیاند شەتولعەرەب بەشێکە لە ناوچەی قەڵەمرەوی عێراق و ئێرانیش لەلایەن خۆیەوە ڕێکەوتننامەی سنووری ١٩٣٧ی هەڵوەشاندەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی ناکۆکی نێوان عێراق و ئێران لە بەهاری ١٩٦٩دا یارمەتییەکی سەربازی زۆر لەلایەن سۆڤیەتەوە بۆ عێراق ڕەوانەکرا و پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و وڵاتانی سۆسیالستی بەگشتی بەرەو پێشچوو.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩دا حکومەتی عێراق بە هاوکاری باڵی مەکتەب سیاسی هێرشی کردە سەر باڵی بارزانی و، ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی ئێران و دەستیکرد بە هاوکاری باڵی بارزانی بە چەک و تەقەمەنی، لە ١٩٦٩/٣/١ باڵی بارزانی بە هاوەن و تۆپ و یارمەتی شارەزایانی ئێرانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوکیان تۆپباران کرد، بەوهۆیەشەوە زیانێکی زۆریان بە حکومەتی عێراق گەیاند، کە بە چەندین ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرا، وێڕای ئەوەی بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک دەرهێنانی نەوت ڕاگیرا.

## بەیانی 11ی ئازار لە ململانێی هەرێمایەتیدا:

کاتێک حکومەتی بەعس نەیتوانی بە ڕێگە چارەی سەربازی پرسی کورد چارەسەر بکات، بەناچاری لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩دا پەنای بردە بەر دانوستاندن، پاش دەستپێکرنی دانوستاندن و هاتوچۆی چەند شاندێک لە نێوان حکومەتی عێراق و شۆڕشی کورددا، لە ٩ی ئازاری ١٩٧٠دا سەدام حسەین خۆی گەیشتە ناوپردان بەمەبەستی ئیمزاکردنی ڕێکەوتن و دوا گفتوگۆ ئەنجامدرا، لە شەوی ١٠-١١/ئازاری ١٩٧٠ بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە دارێژرا و کاتژمێر ١١:٥ شەو لەلایەن بارزانی) و سەدام

حسینەوە ئیمزاکرا، و لە ڕۆژی ١١ ئازار وەفدێکی کوردی بە هاوڕێیەتی سەدام حسێن گەڕانەوە بۆ بەغداد و لە هەمان ڕۆژدا ئەحمەد حەسەن بەکر بەیانی ئازار و د.مەحمود عوسمان بروسکەی پشتگیری بارزانی لە بەیانەکە لە ڕادیۆی بەغداوە خوێندرانەوە.

سۆڤیەت بەرێکەوتنی ئازاری نێوان کورد و عێراق خۆشحاڵ بوو، پێداگری سۆڤیەت هۆکارێک بوو بۆ هاندانی ڕژێمی عێراق بۆ داواکردنی ڕێکەوتن و ئاشتی، هەروەها بریماکۆف هەستا بە ڕۆڵی ناوبژیوانی و سەردانی بەغداد و بارزانی کرد بەمەبەستی دانوستاندن و گەیشتن بەرێکەوتن، لە دوای ڕاگەیاندنی بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەم ڕێکەوتنە کرد.

لە بەرامبەردا شای ئێران دژی ئەم ڕێکەوتنە بوو، لەپێناو بەرگرتن بەم ڕێکەوتنە هەموو هەوڵێکی خۆیدا، تەنانەت ئامادەیی دەربڕی بە هاوکاری ئەمریکا هەموو پێداویستییەکانی شۆڕشی کورد و بارزنی دابین بکات، تەنها لەپێناو ئەوەی ڕێکەوتنەکە واژۆ نەکرێت. هەروەها بەیانی ئازار کاریگەری ئاشکرای هەبوو لەسەر گرژبوونی پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا، تورکیا هەموو ڕێگەیەکی گرتەبەر بۆ داخستنی سنوورەکانی لەگەڵ عێراقدا و ڕێگریکردن لە پەیوەندی کوردی باکووری کوردستان بە باشووری کوردستانەوە.

## دەستپێکردنەوەی شەڕ و توندبوونی ململانێکان 1974-1975:

زۆری نەخایاند دوای ڕێکەوتنی ئازار ساردی کەوتە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و ڕژێم، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان سنوورەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و، گرتنەبەری سیاسەتی ڕاگواستن و بە عەرەبکردن بوو لەلایەن ڕژێمەوە. هەروەها بەندەکانی ڕێکەوتننامەی ئازار جێبەجێ نەدەکرا، خاڵی گرنگی ڕێکەوتنامەکە کە بریتی بوو لە سەرژمێری ناوچە جێناکۆکەکانی وەک کەرکوک و سنجار لەلایەن ڕژێمەوە دواخرا، بەمەش ساردی و گومانەکان زیاتر بوو.

ڕژێمی عێراق لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٠ هەوڵی کوشتنی ئیدریس بارزانی و پاشان دوو جار هەوڵی غافڵکوژی مەلا مستەفا بارزانیدا، یەکەمیان لە ٢٩ ئەیلولی ١٩٧١و دووەم لە ١٦ تەمموزی ١٩٧٢، حکومەتی عێراق دوای سەرنەگرتنی پیلانەکەی نازم گوزار، ئۆباڵی ئەم هەوڵانەیان خستە ئەستۆی ئەو. لەلایەکی ترەوە حکومەتی عێراقی پارتی تۆمەتبار دەکرد بە جێبەجێنەکردنی ڕێکەتنامەکە و بوونی پەیوەندی بە ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکاوە.

لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤دا دانوستانی نێوان حکومەت و نوێنەرانی کورد کۆتایی هات، ٣ ڕۆژ دواتر حکومەتی ناوەندی تاکلایەنە لە ١٩٧٣/٣/٢٦دا یاسای ئۆتۆنۆمی ڕاگەیاند و شەڕ بە قورسی دەستپێکردەوە و تا ساڵی ١٩٧٥ بەردەوامبوو.

لە بەرامبەردا ئێران لە دوای ئەمریکا لە ڕووی داراییەوە یارمەتی شۆڕشی کوردی دەدا، لە کانوونی دووەمی ١٩٧٤ تا حوزەیرانی هەمان ساڵ مانگانە ٢٠ ملیۆن تومەن و لە مانگی ١٩٧٤/٧ تا ساڵی ١٩٧٥ دوو بەرامبەری کرد واتە دوو ملیۆن دیناری بە نرخی ئەو کات. هەروەها لە ڕووی سەربازییەوە ئێران بە ئاشکرا کەوتە یارمەتیدانی شۆڕشی ئەیلول و تۆپخانەیەک کە پێکهاتوو لە ١٢ تۆپی ١٥٥ ملم بە ٤٠٠ سەربازی ئێرانییەوە لە کوردستان لە نزیک بارەگای بارزانیەوە جێگیر کران و بەردەوام تۆپبارانی سەربازگە و هێزەکانی حکومەتیان دەکرد، وێرای ئەوەی لە خاکی ئێرانیشەوە چەکە دژە هەواییەکان و ساروخی زەوی بە ئاسمانیان دژی فرۆکەکانی عێراق بەکاردەهێنا.

مەسعود بارزانی لەسەر هاتنی ئەو یارمەتییە سەربازیانە دەڵێت:» بریا نەگەیشتایە، بە هاتنی

ئەم موشەک و تۆپانە پێشمەرگە پشتیان لێکردەوە و هەموو پشت پێ بەستنێکی خۆیان خستە سەر ئەم موشەک و تۆپانە کە لەکاتی تەنگانە و پێویستبووندا دەرکەوت هیچ سودێکیان نیە، چونکە ڕۆڵێکی کاریگەریان نەبینی.

لەسەر هەڵگیرسانەوەی شەڕی ساڵی ١٩٧٤، نەوشیروان مستەفا دەڵێت «جەنگی ١٩٧٤-١٩٧٥ی کورد-بەعس ئەگەرچی لە نێوان هێزە چەکدارەکانی کورد و جەیشی عێراقیدا بوو، لەسەر ئەرزی کوردستان ئەکرا، لەپێناو ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کوردا بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ململانێی سیاسی-جەنگی، ئێران-عێراق بوو، هێزەکانی کورد بە چەک و ئیمکانیاتی ئێرانی ئەجەنگان و بەعس بە چەکی ڕووسیی و ئیمکانیاتی نەوتی کەرکوک، لەم ململانێیەدا عێراق باڵادەستی بەسەر کوردا و، ئێران باڵادەستی بەسەر عێراق دا هەبوو».

## ڕێکەوتننامەی جەزائیر و هەرەسی شۆڕشی ئەیلول:

پاش چەند هەوڵێکی دیپلۆماسی لەلایەن شا حسێن بن تەلال شای ئوردون و ئەنوەر سادات سەرۆک کۆماری میسر و وڵاتی تورکیاش زەمینەیان ساز کرد بۆ بەستنی ئەم ڕێکەوتننامەیە. ئەمەش پاش ڕەزامەندیی و هاندانی هەریەک لە ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و ئێران بەشێوەیەکی ئاشتیانە.

سەرئەنجام لە ڕۆژی ٦ی ئازاری ١٩٧٥دا ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە نێوان سەدام حسێن جێگری سەرۆک کۆماری عێراق و محەمەد ڕەزا شای ئێران بەئامادەبوونی هەواری بومیەدینی سەرۆکی جەزائیر لە پەراوێزی کۆبونەوەی ڕێکخراوی ئۆپێک لە وڵاتی جەزائیر واژۆکرا. بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە عێراق دەستبەرداری نیوەی شەتولعەرەب و زەوییە کێشە لەسەرە سنورییەکانی خۆی بوو لە بەرامبەر دەستهەڵگرتنی ئێران لە یارمەتیدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوای کورد.

لە ڕۆژی ٦ئازای ١٩٧٥ بە گەیشتنەوەی شا بۆ تاران بەستنی ڕێکەوتننامەکە ڕاگەیەندرا و پاشان فەرمانیکرد بە کشاندنەوەی سەرجەم تۆپ و موشەکەکانی ئێران لە کوردستان، بۆ ڕۆژی دواتر بێ ئاگادار کردنەوەی سەرکردایەتی سیاسی کورد دەست بە جێبەجێکردنی ئەو پلانە کرا.

دوای چەند ڕۆژ چاوەڕوانی بارزانی لە تاران لە ١٩٧٥/٣/١١ چاوی بە شا کەوت، شا بە ئەنقەست ڕۆژی ١١ ئازاری بۆ ئەو چاوپێکەوتنە دیاری کردبوو وەک تۆڵە سەندنەوەیەک لە شۆڕش و لە بارزانی، کە ئەو ڕۆژە یادی واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی ١١ ئازای ١٩٧٠بوو کە شا پێی ڕازی نەبوو، هەروەها شا لەو کۆبونەوەیەدا سێ بژاردەی خستە بەردەمیان، یەکەم: عێراق لەسەر داواکاری من لێبوردنی گشتی بۆ هەمووان دەرکردووە و دەتوانن بگەڕێنەوە، دووەم: لە ئێران ببنە پەنابەر، سێیەم: دەتوانن شەڕ بکەن، بەڵام ئێمە هیچ یارمەتییەکتان نادەین و لە کۆتایی مانگی ئازاردا سنور دادەخەین.

دوای گەڕانەوەی بارزانی لە ١٣ ئازار بۆ کوردستان، بۆ بڕیاردان لە چارەنوسی شۆڕش و دیاریکردنی هەڵوێستی سەرکردایەتی شۆڕش بەرامبەر بە ڕێکەوتننامەی جەزائیر، کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندیی و سەرکردەکانی شۆڕش دەستپێکرد و تا ١٩ ئازار بەردەوامبوو، بارزانی تا ١٩ ئازاری ١٩٧٥ بڕیاری بەردەوامبوونی شۆڕش دابوو، بەڵام دواجار لە شەوی ١٩ ئازاردا بارزانی بڕیاری کۆتایی هێنان بە شۆڕش و خەباتی چەکداریی و کشانەوەی بۆ ئێراندا.

بەمەش کۆتایی بە گەورەترین شۆڕشی گەلی کورد لە باشووری کوردستان هات، کە قۆناغێکی گرنگ بوو لە خەباتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و نزیکەی ١٤ ساڵ بەردەوام بوو.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا بیانخەینە ڕوو:

١. شۆڕشی ئەیلول شۆڕشێکی سەرتاسەری بوو هەموو باشووری کوردستانی گرتەوە، ئەوەش بۆ یەکەمجار بوو لە مێژووی باشووری کوردستاندا.

٢. شۆڕشی ئەیلول توشی لێکترازان و دوو کەرتبوون بوو ، دابەشببوو بەسەر هەردوو باڵی بارزانیی و مەکتەب سیاسیدا لە ساڵی ١٩٦٤، شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوە کە تا ئەمڕۆش شوێنەوارەکەی دیارە.

٣. شۆڕشی ئەیلول لە ماوەی بەردەوامبوونیدا کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر ڕوداوەکانی عێراق، بەشێوەیەک لە ساڵانی شەستەکاندا یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەموو ئەو کودەتا و ئاڵوگۆڕانە بوو کە لە عێراقدا ڕوویانداوە.

٤. هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ساتە وەختێکی مێژوویدا بووە، کە سستەمی سیاسی جیهان بریتی بوو لە سستەمی دوو جەمسەریی و، لە کاتی جەنگی سارددا بووە، ڕەنگدانەوەی جەنگەکەی پێوە دیار بووە و بۆتە بەشێک لە ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی و لەلایەن ئەو وڵاتانەوە وەک کارتێکی فشار بەکارهێنراوە.

٥. لە کۆتایی شۆڕشدا، سەرکردایەتی کورد جڵەوی شۆڕشی لە دەستداوە و کەوتۆتە دەست ئێران و بۆتە بەشێک لە ململانێی عێراق- ئێران و هەرەسهێنانیشی بەسترابۆوە بە ڕێکەوتنامەی جەزائیر و ڕێکەوتنی عێراق- ئێران و کۆتایی هێنان بە گرفتەکانی نێوانیان.

٦. یەکێکی تر لە سیماکانی ئەم شۆڕشە بریتی بووە لە زۆری دانوستانی نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، بە جۆرێک لەکاتی ئەنجامدانی کودەتا و گۆڕانی دەسەڵات لە عێراقدا، حکومەت پەنای بۆ دانوستاندن بردووە، و چەندین ڕێکەوتنامە و دواجار بەیانی ١١ ئازاری لێکەوتۆتەوە، لە هەموو دانوستاندن و ڕێکەوتنێکدا، یەکێتی سۆڤیەت و تاڕادەیەک میسر لەگەڵی بوون و ئێرانیش لە دژی بووە.

٧. لەبەر هەژاری شۆڕش لە ڕووی دارایی و کەمی پێداویستییەکانەوە، سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول یارمەتیی و هاوکاری هەموو وڵاتێکی وەرگرتووە، بەبێ گوێدانە ئایدۆلۆژیا و ئاڕاستەی سیاسی ئەو وڵاتانە، ئەمەش زۆرجار بۆتە مایەی لاوازی شۆڕش و کەوتۆتە ژێر کاریگەریی و فشاری ئەو وڵاتانەوە.

٨. سیاسەتی ئەو وڵاتانەی یارمەتی ماددیی و مەعنەوی شۆڕشیان داوە لە وێنەی ئێران و میسر و یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا و ئیسرائیل، سیاسەتێکی تاکتیکی بووە، نەک ستراتیژی، مەبەستیان پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بووە لە عێراق و ناوچەکەدا.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١. جەلال تاڵەبانی: کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، و. ح-ا، کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، ٢٠١١، ل٢٨١-٢٨٣.

٢. بۆ زانیاری زیاتر بروانە د. میڤان عارف بادی: موقف الاحزاب السیاسیة العراقیة من القضیة الکوردیة (١٩٤٦-١٩٧٠)، ط١، مطبعة حانی، دهوک، ٢٠٠٨.

٣. تلار علی امین: موقف ترکیا من القضیة الکردیة فی العراق ١٩٣٧-١٩٧٥، مطبعة بینایی، السلیمانیة، ٢٠١١، ص٢٧٤-٢٧٥.

٤. بۆ زانیاری زیاتر بروانە عیسی پەژمان: نهێنییەکانی پەیمانی شومی ئەلجەزائیر-١٩٧٥، م. ناصری ئیبراهیمی، سوید، ١٩٩٧.

٥. عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری: شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ دژی ڕژێمی قاسم، بەشی دووەم، چ٢، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٤٠-١٤١.

٦. حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ (برایم ئەحمەد)دا، چ٣، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٥٦.

٧. نازناز محەمەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق ١٩٦١-١٩٧٥، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١١٥-١١٦.

٨. مسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٢٠٣.

٩. وەرگیراوە لە نازناز مەحمود عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

١٠. تلار علی امین: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٤.

١١. هەمان سەرچاوە، ل٢٨٥.

١٢. هەمان سەرچاوە، ل٣٥٢.

١٣. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی شێنێ، ١٩٩٨، ل١٠٥.

١٤. واحید عومەر محێدین: دانوستانەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتەکانی عێراق (١٩٢١-١٩٦٨)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٢٦.

١٥. مەعد فەیاز: بەشێک لە بیرەوەریەکانی مام جەلال، وەرگێڕانی سۆران عەلی، چ١، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕوناکبیریی و کۆمەڵایەتی کەرکوک، کەرکوک، ٢٠٠٩، ل١٧٨-١٧٩.

١٦. واحید عومەر محێدین: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

١٧. ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

١٨. هەمان سەرچاوە، ل١٢١.

١٩. نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

٢٠. مەعد فەیاز: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩.

٢١. نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

٢٢. ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩.

٢٣. نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.


٢٤. وەرگیراوە لە سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزم و کورد ١٩٤٧-١٩٧٥، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٩٨.

٢٥. نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠-١٢١.

٢٦. واحید عومەر محێدین: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤-٢١٧.

٢٧. ایوب بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥.

٢٨. کوردۆ عەلی: سۆڤیەت و بزوتنەوەی نشتمانی کورد، چ٢، دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، ٢٠٠٩، ل١٢٢.
٢٩. ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩-١٩٠.
٣٠. حوسێن محەمەد عەزیز: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.
٣١. واحید عومەر محێدین: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٩.
٣٢مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی یەکەم، ل١٩٠-١٩١.
٣٣. ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١.
٣٤. واحید عومەر محێدین: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٧.
٣٥. نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.
٣٦. هەمان سەرچاوە، ل١٥٤.
٣٧. واحید عومەر محێدین: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٣.
٣٨. نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤.
٣٩. تلار علی امین: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٩.
٤٠. نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.
٤١. سۆزان کەریم مستەفا: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.
٤٢. عبدالفتاح علی البوتانی: موقف الاحزاب السیاسیة العراقیة من القضیة الکوردیة ١٩٤٦-١٩٧٠، الطبعة الاولی، مطبعة خانی، دهوک، ٢٠٠٧، ل١٤٠.
٤٣. سۆزان کەریم مستەفا: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩١.
٤٤. نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.
٤٥. هەمان سەرچاوە، ل١٦٣.
٤٦. هەمان سەرچاوە، ل١٦٤.
٤٧. ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٢.
٤٨. موحسین دزەیی: وێستگەکانی ژیانم، وەرگێڕانی ئیسماعیل بەرزنجی، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٠٠.
٤٩، عبدالفتاح علی البوتانی: موقف الاحزاب، ل١٤٣.
٥٠. شکیب عقراوی: سنوات المحنة فی کردستان. أهم الحوادث السیاسیة والعسکریة فی کردستان والعراق من ١٩٥٨ الی ١٩٨٠، الطبعة الاولی، مطبعة منارة، أربیل، ٢٠٠٧، ل٢٦٧-٢٦٩.
٥١. مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل٤٣.
٥٢. شکیب عقراوی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٩.
٥٣. نازنازمحەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.
٥٤. شکیب عقراوی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٣-٢٦٤.
٥٥. سۆزان کەریم مستەفا: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦.
٥٦. نازنازمحەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩.
٥٧. تلار علی امین: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦١.
٥٨. کوردۆ عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢.
٥٩. نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٢.
٦٠. مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل١٢٠-١٢١.
٦١. ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٨.
٦٢. هەمان سەرچاوە، ل٤٠٤.
٦٣. نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤.
٦٤. هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٤.
٦٥. ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٥.
٦٦. مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم: ل١٥٩.
٦٧. نەوشیروان مستەفا: لە کەنای دانوبەوە بۆ خڕی ناو زەنگ دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥-١٩٧٨، ١٩٩٧،ل٢٣.
٦٨. بیتر جی. لامبرت: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.
٦٩. د.عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە ساڵانی جەنگی عێراق ئێراندا ١٩٨٠-١٩٨٨، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٩.
٧٠. نەوشیروان مستەفا: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥
٧١. سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، چ١، چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠١١، ل٢٦٥.
٧٢. هەمان سەرچاوە، ل٢٤.
٧٣. مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل ١٧٠.
٧٤. هەمان سەرچاوەو لاپەرە ؛ موحسن دزەیی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٩.
٧٥. موحسین دزەیی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٠.
٧٦. نەوشیروان مستەفا: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.
٧٧. سەلام عەبدولکەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.



# ئایینی زەردەشت لە دیدگای ئێمەوە

نوسینی: موستەفا حوسەینی تەباتەبایی
وەرگێڕانی: جوتیار قارەمان

ماوەیەکە کۆمەڵێک لە نوسەران و خۆ بە زەردەشتیزانەکان، ڕەخنە و توانج لە ئیسلام دەگرن. بەم دواییانەش ئەم وتوویژ و جوڵانەوانە ڕوو لە زیادبوونە، ئەم کۆمەڵە دەمهەراشە، داوا لە مسوڵمانان دەکەن کە واز لە ئیسلام بهێنن و بین بەزەردەشتی. یەکێک لە هاوڕێیانم بە گەرم و گوڕیی و نیگەرانییەکی زۆرەوە، داوای لەم خاوەن پێنوسە کرد کە بۆچوونی ئیسلام و بۆچوونی لێکۆڵەرەوانی ئیسلامی، دەربارەی ئایینی زەردەشتی ڕوون بکەمەوە و بەشێک لەلارێییەکانی ئەم ئایینە ئاماژە پێ بدەم و وەڵامی هەندێک لە گومانەکانی بانگەشەکارانی ئەم ئایینە بدەمەوە.

لەم ڕووەوە، هەوڵمداوە بە ڕەچاوکردنی ئەدەب و ویژدانەوە، چەند وتەیەک بەکورتی و بەپوختی لەبارەی ئەم بابەتەوە بنوسم تا وەڵامێکی گونجاو بدەمەوە. ئومێدەوارم کە هەلێکی تریش بێتە پێشەوە و لەم بوارەدا بەدرێژی بدوێم و بە سودوەرگرتن لە یاداشتەکانم بابەتەکە دەوڵەمەند بکەم..

## ئیسلام و ئایینی مەجوس

ئێمە، ئەگەر چاوپۆشی بکەین لە بەڵگەکانی قورئان و ڕیوایەتی پێغەمبەران، ئەوا هەرگیز ناتوانین پەی بە حەقیقەتی زەردەشت و ئایینەکەی ببەین، چونکە یەکەم شت ئەوەیە کە سەردەمی سەرهەڵدانی زەردەشت و چۆنیەتی مامەڵە کردن و سیفەتەکانی ڕۆشن نین. دووەم شت ئەوەیە کە کتێبی (ئاڤێستا)کەی کە دەدرێتە پاڵی، بەدەر نییە لە دەستتێوەردان و زیادە و کەموکوڕی. لەبەرئەوە، نە دەتوانرێت پێغەمبەری ئەم ئایینە بەباشی بناسرێت و نە کتێب و پەیامەکەیشی دەتوانرێت بەدروستی دەستبکەوێت. تەنانەت سەردەمی دەرکەوتنی زەردەشت، زانراو نییە و نازانرێت لەکام سەردەمدا ژیاوە؟

(ئیبراهیم پورداود) کە زۆربەی زەردەشتییەکان بەپێشڕەوی (ئاڤێستاناسان)ی ئەم دواییانەی دادەنێن، لەو دیباچەیەدا کە لەسەر (گاتا)(١) نوسیویەتی، لەبارەی سەردەمی (زەردەشت) ەوە دەنووسێت: ((لەمبارەیەوە ڕیوایاتەکان بە ئەندازەیەک جیاوازن کە هەرگیز ناتوانرێت ڕێککەوتن و گونجان لە نێوانیاندا بکرێت))(٢). دیسانەوە دەنووسێت: ((بەتەواوی و دروستی نازانین شوێنی لەدایکبوون و سەردەمی ژیانی (زەردەشت) لە کوێ و کەی بووە، بۆچی؟ بۆئەوەی کە (زەردەشت)، پەیوەستە بە سەردەمێکی زۆر کۆنەوە کە دەستی مێژوو بە بەرۆکی ناگات))(٣).

لە کتێبی زەردەشتییەکاندا، واهاتووە کە (ئەسکەندەری مەقدۆنی)، کتێبی (ئاڤێستا) کە لە (حەسار)دا چاودێری لێدەکرا، سوتاندی و لەناویبرد. ئەم قەڵایە بەشێک بوو لە کۆشک و سەڵتەنەتی (جەمشید) و وەک (کتێبخانە)ی ناو کۆشک وابوو. هەروەک کە (تێنسەر هیربێد) لە سەردەمی (ئەردەشیری بابەک)ەکاندا لە هەزار و حەوسەد ساڵ پێش ئێستادا بۆ پادشای (تەبەرستان) (جسنەف شاە) نوسیبووی: ((ئەزانی کە ئەسکەندەر ١٢ هەزار پێستەی گای لە کتێبی پیرۆزی ئێمەی لەناو گۆمێکدا سوتاند))(٤).

نامەکەی تێنسەر بە یەکێک لە پاشماوە کۆنەکانی ئێرانی سەردەمی ساسانی دادەنرێت کە (ابن مقفع) لە(پەهلەوی)یەوە وەریگێڕاوە بۆ (عەرەبی). پاشانیش (ابن اسفندیار) لە (تاریخ طبرستان)دا لە (عەرەبی)یەوە وەریگێڕاوە بۆ (فارسی).

بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم نامەیەش، لە کتێبی ((ارداویرافنامە))شدا دەبینین کە نوسراوە: ((ئەهریمەنی شەڕانی، بۆئەوەی خەڵکی بێبڕوابن، ئەسکەندەری ڕۆمی هاندا و بەمەبەستی تێکدان و کاولکردنی وڵاتی ئێران ناردی تا گەورەکانی کوشت و ئەم ئایینەی (ئاپێستاک=ئاوێستا) و (زەند)(٥) کە لەسەر پێستی (گا) و بەئاوی زێڕ نووسرابوو و ڕازێنرابوویەوە و لە گەنجینەی

حەساردا پارێزرابوو، سووتاند))(٦).

له دوای لەناوچوونی، ئاوێستا چەند جارێک له دەمی ئەو کەسانەوە کە لەبەریان بووە، کۆکراوەتەوە و نوسراوەتەوە، بەڵام هیچ کاتێک نەیانتوانی هەمووی بەتەواوی بەدەستبهێننەوە و ئەوەش کە کۆکرایەوە، لە گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ و دژیەکی پارێزراو نەبوو.

پورداود لە (دیباچەی گاتا)دا دەنووسێت: ((تەواوی وتەکانی (زەردەشت)مان لەبەردەستدا نییە، تەنها بەشێکی کەم لە وتەکانیمان پێگەیشتووە))(٧). دەربارەی تێکچوون و شێوێنراوی (ئاوێستا) دەنووسێت: ((کتێبی پیرۆزی ئێرانییەکان، بە درێژایی ڕۆژگارەکان، کارەساتی زۆری بەسەردا هات. ئەگەر وتەیەک نەشیاو هاتە پێشچاو، پێویستە کە گلەیی لە کێشمەکێشی ڕۆژگار بکرێت، نەک لە بێژەرەکەی))(٨)!

دیسانەوە دەنووسێت: (دینکەرد-کە یەکێکە لە کتێبەکانی ئایینی زەردەشتی)(٩)، بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە کاروباری ئایینییەوە نییە و پابەندیش نییە بە دەمارگیرییەوە. پێویستە بەڕاشکاوییەوە بوترێت، ئەو(ئاوێستا)یەی کە لەبەردەستماندایە، ئەو کتێبە پیرۆزەی زوو نییە«!(١٠).

زۆر ڕوون و ئاشکرایە، ئایینێک کە کتێبەکەی شێوێنرابێت و مێژووی ژیانی پێغەمبەرەکەشی بە دروستی نەزانرێت، ئەگەر پەسەندیشی بکەین کە ڕۆژگارێک لە سەردەمی خۆیدا گونجاو بووبێت بۆ پەیڕەوی لێکردن، ئەوا ئەمڕۆ سەردەمی بەسەرچووە و بۆ پەیڕەوی لێکردن گونجاو نییە.

## دادپەروەریی ئیسلام:

سەرەڕای ئەمانەش، ئێمەی مسوڵمان بە پەیڕەوی و گوێڕایەڵی لە یەک ئایەتی پیرۆزی قورئان و حەدیسێکی ڕیوایەتکراو لە پێغەمبەری بەرز و بەڕێزەوە، (زەردەشتیەکان) بە ئەهلی کیتاب دەزانین و ڕێز لە زەردەشت دەگرین. هەرچەندە کە (زەردەشتییە دەمارگیرەکان) قەدری ئیسلامیش نەزانن!

پێویستە کە بزانرێت، لە قورئانی پیرۆزدا پەیڕەوانی ئایینی (زەردەشت) بە (مەجوس) ناویانبراوە. ئەمەش هەمان ئەو وشەیەیە کە لە (ئاوێستا)دا بە شێوەی ((مەگ (Mages) )) هاتووە. هەروەک لە یەسنای٢٩دا(١١) بەندی ١١، یەسنای ٤٦دا بەندی ١٤، یەسنای ٥١دا بەندی ١١ و ١٦ و یەسنای ٥٢دا بەندی ٧ دا دەبینرێت. لە (ئاوێستا)دا واژەی (موغو) کە بەرامبەرە بە وشەی (موغ یان مەجوس)، بەکارهاتووە. ئەمەش لەوشەی (مەگهە) ی (سانسکریت)یەوە نزیکە.

هەرچۆنێک بێت (قورئانی پیرۆز) دەفەرموێت: **﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَى وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾** [الحج: ١٧].

واتە: ((ئەوکەسانەی کە باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام هێناوە، ئەو کەسانەشی کە بوونە (یەهودی)، (نەصرانی) و (مەجوسی) و ئەو کەسانەشی کە توشی هاوەڵدانان بۆ خودا بوون، بەدڵنیاییەوە خودا لە ڕۆژی ڕەستاخێزدا لە نێوانیاندا دادوەری دەکات، بەڕاستی خودا ئاگاداری هەموو شتێکە)).

لەم ئایەتە پیرۆزەدا وشەی (مجوس)، بەهۆی پیتی (واو)ەوە (عطف) کراوەتە سەر (یهود)، (صابئین) و (نصاری) و لەڕیزی ئەهلی کیتابدا جێگیر بووە، لەکاتێکدا (موشریکەکان) بەهۆی (اسم الموصول)ی (الذین)ـەوە لە ئەهلی کیتاب جیاکراونەتەوە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز، مەجوسەکانی لەگەڵ ئەو بتپەرستانەدا کە پەڕاو و شەریعەتیان نییە، یەکسان نەکردووە.

لە کۆنترین پاشماوەکانی سوننەتی ئیسلامیدا، وەک: کتێبی (الموطأ)ی (مالک بن أنس) و کتێبی (الخراج)ی (قاضی أبو یوسف)یشدا هاتووە کە لەبارەی ئەوەی کە چۆن لەگەڵ (مەجوسییەکان)

دا هەڵسوکەوت بکەن و بە چ شێوەیەک مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن؟ پرسیاریان لەپێغەمبەر (ص) کرد. ئەویش فەرمووی: « **سنُّوا بِهِمْ سُنَّةَ أَهْلِ الْكِتَابِ** »(١٢). واتە بە هاوشێوەی ئەهلی کیتاب، هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن.

لێکۆڵەران دەزانن کە هەڵسوکەوتی ئیسلام لەگەڵ کۆمەڵانی خاوەنی کتێبە ئاسمانییەکاندا چۆنە کە لە پارێزگاریکردن و پەیڕەویکردن لە ئایینەکەیاندا ئازادن. بەوشێوەی کە (ئایەتی ٨ی سورەتی الممتحنه) باسی دەکات، بەو مەرجەی کە لەگەڵ مسوڵماناندا نەجەنگن. جا پێویستە کە بە دادپەروەری و ڕەفتارجوانییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت. بەوشێوەی کە (ئایەتی ٥ی سورەتی المائدە) باسی دەکات. دەشتوانرێت کە بۆ میوانداریکردن بۆ ماڵەوە، بانگهێشت بکرێن و هەروەها بچیت بۆ میوانداریيەکانیان و دەتوانی ژنیان لێ بهێنیت و.....هتد.

لە سەرچاوە شیعیەکانیشدا، وتەیەکیان هێناوە لە زمانی پێغەمبەری (ص)، کە فەرموویەتی: ((إن المجوس كان لهم نبي فقتلوه وكتاب أحرقوه أتاهم نبيهم بكتابهم في اثني عشر ألف جلد ثور))(١٣). واتە مەجوسەکان، پێغەمبەرێک و کتێبێکیان هەبوو کە پێغەمبەرەکەیان کوژرا و کتێبەکەشیان سوتێنرا. ئەو کتێبەی کە پێغەمبەرەکەیان بۆی هێنابوون، لەسەر دوانزە هەزار پێستەی گا نوسرابوویەوە.

جا ئەم فەرموودەیە لەگەڵ ڕیوایەتە (زەردەشتییەکان)دا دەربارەی (کوشتنی زەردەشت) و لەگەڵ نامەکەی (تێنسەر)دا لەبارەی دووانزە هەزار پارچەی پێستی گاوە هاوشێوەیە و ئێمەش بەپشتبەستن بەم پاشماوە ئیسلامییانە، ڕێز و گەورەیی بۆ زەردەشت دادەنێین و زەردەشتییەکانیش لە ئەهلی کیتاب دەژمێرین و ڕێزیان لێدەگرین. لەهەمان کاتیشدا، ئایینی زەردەشتی بە بەسەرچوو دەزانین، چونکە کتێب و پەیامە ئاسمانییەکەی زەردەشت بەسەلامەتی نەماوەتەوە و لە دەستێوەردان و شێواندن بەدوورنەبووە، ئەمەش خۆی بۆ خۆی نیشانەی هەڵوەشاندنەوەی ئەم ئایینە و سەرهەڵدانی ئایینێکی نوێ و پەرتووکێکی تازەیە.

## ئاییـنی هـاوەڵ بـۆ خـوادانـان:

ئایینی زەردەشتی، لە بنچینەدا ئایینێکی یەکتاپەرستی بووە، بەڵام ئەو ئاوێستایەی کە ئێستا لە بەردەستدایە، ئایینێکی بتپەرستی و هاوەڵ بۆ خوادانانە. (ڤەندیداد)، ئافرێندراوەکانی لە نێوان (ئاهورامەزدا) و (ئەهریمەن)دا دابەش کردووە و هەر بەشێک دەداتە پاڵ یەکێک لەو دووانە! بۆ نمونە تیایدا هاتووە: ((من ئاهورامەزدا، دووەمین وڵات کە بە پاکی دروستم کرد، دەشتێکە کە گەلانی (سوغد) تیایدا نیشتەجێن، بەڵام ئەهریمەنی مەرگاویی و خراپەکار، لە دژیدا ئافاتی کوللەی دروست کرد)) (١٤). یان نووسراوە: ((چوارەمین وڵات کە من (ئاهورامەزدا) دروستم کرد، (بەلخ)ی سەرنجڕکێش و بە گوڵ ڕازێنراوەیە. کەچی ئەهریمەنی مەرگاوی، لە دژیدا مێروولەی دروستکرد))(١٥).

هەر بەم جۆرە، (ڤەندیداد) کێبڕکێی (ئاهورامەزدا) و (ئەهریمەن) لە ناوچە جیاوازەکانی سەر زەویدا نیشان دەدات و، خوداوەندی دروستکەری بوون لە بەرامبەر (ئەهریمەن)دا، بەبێتوانایی تاوانبار دەکات.

ئەگەر لە (ڤەندیداد)دا (هاوەڵێتی لە دروستکردندا) گرنگی پێدراوە، ئەوا لە(گاتا)دا کە جێی شانازیی (زەردەشتییەکان)ە، فەرمانکراوە بە (هاوبەشدانان لە پەرستش)دا! و لەگەڵ (ئاهورامەزدا)دا فریشتەکانیش دەپەرسترێن! هەروەک لەم چەند بڕگانەی خوارەوەدا ئاماژەی پێ دەدەین:

((ئەی (ڤەهومەن) و ئەی (ئیشا)، ئەوەی کە لەلایەن منەوە ئەنجامدەدرێت، ئەو نوێژەی کە لەلایەن منەوە بۆ ئێوە و کەسانێکی وەک ئێوە

دەکرێت و ئەو وتانەی کە بۆ سوپاسگوزاریتان دەیڵێم، ئەوانە بە ڕاست و دروست بزانن....)). (گاتها، ترجمە: پورداود، صفحە:٤٥).

((ئەی بە تواناتر لە هەمووان! ئەی (ئاهورامەزدا)! ئەی (ئارامتی)! ئەی (ئیشا)! ئەی (ڤەهومەن)! ئەی (خشترا)! ئەی ئەو کەسانەی کە بەخششەکانی فیردەوس لە دەستانی ئێوەدایە! گوێم لێبگرن و لەو ڕۆژەدا کە حساب و پاداشت و سزای هەر تاکێک دەستپێدەکات، بەزەییتان پێمدا بێتەوە) (گاتا، ص:٤٧).

((تۆ سوڵتانی ڕاستیت، تۆ توانایی ڕاستییت، ئەی (مەزدا)! ئەی (هومەن)! ئەی (ئاشا)! تکام لە ئێوە ئەوەیە کە یارمەتی لێقەوماوان و بێچارەکان بدەن)). (گاتا، ص:٥٣).

((ئەی (مەزدا)! ئەی (ڤەهومەن)! ئەی (ئیشا)! ئێوە دەستەڕاستی سەڵتەنەت و دەستەڕاستی تواناییین، داواکاریم لێتان ئەوەیە کە دەستگیرۆیی دەستکورت و بێچارەکان بکەن)). (گاتها، ص:٥٣).

ئیسلام، یەکتاپەرستییەکی نایاب و بێ وێنەی بۆ هەمووان هێناوە و دووانەیی و فریشتەپەرستی، سەرکۆنە دەکات.

(قورئانی پیرۆز) دەفەرموێت:**[وَقَالَ اللَّهُ لَا تَتَّخِذُوا إِلَهَيْنِ اثْنَيْنِ إِنَّمَا هُوَ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَإِيَّايَ فَارْهَبُونِ]** (النحل: ٥١). واتە: ((دوو پەرستراو بۆ خۆتان دامەنێن. ئەو، خودایەکی یەکتایە نەزیاتر)).

هەروەها (قورئانی پیرۆز) دەفەرموێت: **[وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَنْ تَتَّخِذُوا الْمَلَائِكَةَ وَالنَّبِيِّينَ أَرْبَابًا أَيَأْمُرُكُمْ بِالْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنْتُمْ مُسْلِمُونَ]** (ال عمران: ٨٠). واتە: ((فەرمانتان پێناکات کە فریشتەکان و پێغەمەران بە پەروەردگارانی خۆتان دابنێن. ئایا لە پاش مسوڵمان بوون، فەرمانتان بە کوفر پێدەکات؟!)) هەر بەڕاستی، ئایا ڕەوایە کە مسوڵمانان یەکتاپەرستی پاک و پوختەی (قورئانی)، بەجێبهێڵن و ڕوو لە هاوبەشدانانی (ئاوێستا)یی لە بەدیهێنان و پەرستشدا بکەن؟!

مالکم کیف تحکمون، واتە: ((ئەرێ ئەوە چیتان لێ قەوماوە؟ چۆن چۆنی دادوەری دەکەن؟!)).

لە (گاتا)دا دەبینرێت کە زەردەشت گلەیی لە ئاهورامەزدا دەکات کە بۆچی ڕەشە وڵاخ و زەوی و زاری زیاتری پێنەداوە!

هەروەک کە دەیخوێنینەوە: ئەی (مەزدا)! من دەزانم کە بۆچی ناتوانین کاری زیاتر بکەین و بەرەوپێشی ببەین، لەبەرئەوەیە کە ئەو مەڕ و ماڵات و کارکەرانەی کە پێتداوم، کەمن....) (گاتا، ترجمە پورداود، ص:٨٧).

ئایا ئێمە پاڕانەوە بەرز و بڵندەکانی ئیسلام، بخەینە کەنارەوە و لەبەر کەمی مەڕ و ماڵات، گلەیی لە خودای پاک بکەین؟! ئایا ئەمەیە مانای یەکتاپەرستیی (ئاوێستایی)؟!

لە (گاتا)دا ئاهورامەزدا ڕاوێژ بە فریشتەکانی دەکات! ئایا ئەو کەسەی کە زانیاری بێسنووری هەیە، ڕاوێژ بە دروستکراوەکانی خۆی دەکات؟! لە (گاتا)دا هاتووە: ((ئەی مەزدا! تۆ باوکی پیرۆزی ئەم دانایەیت. ئەی ئەو کەسەی کە جیهانی شادومانییبەخشت دروستکرد و لە پاش ڕاوێژ بە (هومەن)ی پاک و لە ڕێگەی (ئارامتی)یەوە، چاکە و ئاشتیت پێبەخشی) (گاتا، ترجە:پورداود،لا:١٠١).

لە (گاتا)دا تواناکانی (ئاهورا)، ڕووبەڕووی گومان و ڕەتدانەوە دەبێتەوە. ئەوەتا زەردەشت لە(مەزدا) دەپرسێت: ئەی (ئاهورا)! لێت دەپرسم، هەر بەڕاستی من ئاگادار بکەرەوە لەوەی کە ئایا تۆ، توان ای ئەوەت هەیە کە ئەو دوژمنە، بەهۆی یارمەتی ڕاستییەوە لە من دووربخەیتەوە؟ (گاتا، ترجمە: پورداود، لا: ٧٧). ئایا ئەم جۆرە بەندە و خودایە، لەگەڵ ئەو خودایەی کە (قورئانی پیرۆز) باسی دەکات، یەکسانن؟!

### ئەحکام و ڕێ و ڕەسمی خورافی:

هیچ ئایینێک بەبێ شەریعەت یان ئەحکام و یاسای ئایینی نەهاتووە. ئێمە ئەگەر بمانەوێت ئاگاداری بڕیارەکانی ئایینی (زەردەشت) ببین، ناتوانین تەنها بە خوێندنەوەی (گاتا) وازبهێنین کە تیایدا بڕێک پاڕانەوە و سرووت و پرسیار هاتووە، بەڵکو پێویستە کە بگەڕێینەوە بۆ بەشەکانی تری (ئاوێستا)، هەروەک (ڤەندیداد) و بیانخوێنینەوە و سەرنجیان بدەین!

لە (ڤەندیداد)دا، ئەحکامی سەرسووڕهێنەر و نامۆ هەیە کە بە هیچ شێوەیەک لەلایەن ڕۆشنبیرانی (زەردەشتی)یەوە جێگەی پەسەندکردن نییە، بەڵام چارە چییە؟ خۆ ئایین بەبێ یاسا و شەریعەت نایەت، لەبەرئەوە ناچارین کە سەردەمی ئەم ئایینە بە (بە کۆتا گەیشتوو) بزانین! لێرەدا بەهێنانەوەی چەند نمونەیەک لەو ئەحکامانە، ئەیبڕێنینەوە و دادوەری کردنیش بە زەردەشتییە بەویژدانەکان دەسپێرین.

لە(ڤەندیداد)دا، ئەگەر (ژنێک منداڵی مردووی)ی ببێت، بەمشێوەیە بڕیار لەبارەیەوە دراوە: ((ئەی بەدیهێنەری جیهانی بەرجەستە و ئەی پیرۆز! بڵێ بزانم، یەکەمین خواردن و خۆراکی ئەم ژنە ئەبێت چی بێت؟ (ئاهورامەزدا) وەڵامیدایەوە و وتی: ئەم ژنە پێویستە بڕێک خاکی تێکەڵ بە شیاکەی مانگا، بە ئەندازەی سێ تیکە یان شەش تیکە یا نۆ تیکە، بخوات))(١٦).

لە (ڤەندیداد)دا، سەرەنجامی کەسێک کە شتێک لەسەر جەستەیەکی مردوو کە بەئەندازەی دەزوویەکیش بێت، ببات یان شتێکی کەم نرخ ببات، بەم جۆرە دیاریکراوە: ((ئەگەر مەزداپەرستێک، لەسەر ڕووی جەستەیەکی مردوو، شتێکی کەم نرخ ببات، هەرچەندە هێندەی ئەوەبێت کە لە تەشی و دەزووی ڕێسی کچێکی گەنج بەجێ دەمێنێت، ئەوا ئەو کەسە هەتا زیندوو دەبێت، بەئاییندار و پاک دانانرێت و لە پاش مەرگیش لە بەهەشتدا جێگای نییە))(١٧).

لە (ڤەندیداد)دا، سەبارەت بەو ژنانەی کە لە سوڕی مانگانەدان، بەم جۆرە هاتووە: ((ئەم ژنە، گەر هەرکاتێک لە دوای نۆ شەوەوە، هەم دیسان لە خوێنی حەیزدابێت، ئەوە وا دەردەکەوێت کە دێوەکان لە کاتی ئاهەنگ و خۆشییەکانی خۆیاندا، دەرد و بەڵایان بەسەر ئەم ژنەدا باراندووە. لەمکاتەدا، پێویستە مەزداپەرستان، ڕێگەیەک هەڵبژێرن کە دار و درەختی تێدانەبێت و سێ چاڵ لە زەوییەکەدا هەڵبکەنن و ژنەکە لە دوو چاڵی یەکەمدا بە شیاکەی مانگا بشۆرن و لە چاڵی سێ یەمدا بە ئاو بیشۆرن))(١٨).

هەڵبەتە، ئەم شۆردنە هەر تایبەت نییە بە ژنێکەوە کە لە سوڕی مانگانەدا بێت، بەڵکو خۆ پاککردنەوە بە پیسایی و میزی مانگا! لە ئایینی (زەردەشت)دا بەناوبانگە(١٩) و دیاریشە کە هەواڵی ئەم یاسایەی زەردەشتییەکان بە (أبی العلاء معری) شاعیر گەیشتووە کە وتوویەتی:

**در شطفتم از خسرو و ثيروانش**
**كة ضهرةها را با شاش طاو مي شويند!**
**واتە: سەرسووڕماوم لە خەسرەو و پەیڕەوانی**
**چلۆن ڕوخسار بە تەپاڵەی مانگا دەشۆن!**

ژنێک کە حەیز ببینێت حوکمی نامۆی هەیە، لەو حوکمانە کە لە (ڤەندیداد)دا دەبینرێت: ((ئەی بەدیهێنەری جیهانی بەرجەستە و ئەی پیرۆز! پێم بڵێ با بزانم، پیاوێک کە خواردن و خۆراک بۆ ئەم ژنە،-ژنێک کە لە حەیزدایە دەهێنێت، ئەبێت چەندێک لێیەوە دوور بووەستێت؟

(ئاهورامەزدا) وەڵامیدایەوە و گوتی: ئەو پیاوەی کە خواردن و خۆراک بۆ ئەم ژنە-ژنێک کە لە حەیزدایە-دەهێنێت، دەبێت سێ هەنگاو لێیەوە بەدوور بێت.

ئەی لە چ جۆرە قاپێکدا ئەبێت نانی بۆ ببرێت و

له چ جۆره پەرداخێکدا دەبێت ئاوجۆی بۆ ببرێت؟ له قاپی ئاسن یان قورقوشم یان هەر جۆره کانزایەکی تر که بەکاردەهێنرێت؟

ئەی برِی چەندێک نان و ئاوجۆی بۆ ببرێت؟

ئاهورامەزدا وەڵامیدایەوه و گوتی: دوو پارچه نانی وشک و برِێکی کەم ئاوجۆی بدرێتێ و لەوانەیه له خۆراک کەمیدا لاواز و بێهێز ببێت. هەرکاتێکیش که دەست به منداڵێکەوه بدات، ئەوا دەبێت هەردوو دەستی منداڵەکه بشۆردرێت و پاشانیش جەستەی منداڵکەش بشۆردرێت))(٢٠).

هاوسەرگیری لەگەڵ مەحرەمدا (هاوشێوەی خوشک و...هتد)، له ئایینی (زەردەشتی)دا به کارێکی باش و پەسەندکراو دادەنرێت و (زەردەشتییەکان) گرنگییەکی زۆریان پێداوه! له پرسیارێکدا که لەکاهینێکی گەورەی (پەرستگای زەردەشتی) کراوه، پرسیاریان لێکردووه: ((ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵ مەحرەم، دایک یان خوشکدا بێت که نیاز نەبێت به منداڵ بوون لێیان، ئایا ئەم هاوسەرگیرییه به شتێکی تەواو دادەنرێت و حوکمی بنچینەیی ئەم جۆره هاوسەرگیرییه چییه؟ ئایا پاداشتی هاوسەرگیری لەگەڵ هەر جۆرێک له مەحرەمەکاندا وەک یەک یەکسانه یان هەندێکیان سود و چاکەی زیاتره؟

وەڵامی کاهینی زەردەشتی بەم جۆره بوو: هاوسەرگیری لەگەڵ مەحرەمدا، بەتایبەتی هەریەکه لەم سیانه (دایک، خوشک و کچ)، بەچاوپۆشین له تەمەن، به هاوسەرگیرییەکی کامڵ و رِێکوپێک دادەنرێت و لەم رِووەوه، ئەگەر منداڵیش پەیدا نەبێت، ئەوا له نرخ و پاداشت و چاکەی ئەم هاوسەرگیرییه کەم ناکاتەوه))(٢١).

ئەمانه چەند نمونەیەکی کەم بوون له ئەحکام و شەریعەتی ئایینی زەردەشتی، تۆش دەتوانیت لێکۆڵینەوەی زیاتر بکەیت و شتی زۆر لەم بابەته بخوێنیتەوه و ببینی!

**گومانەکانی بانگەشەکارانی زەردەشتی:**

جارێک دەڵێن که قورئان به زمانی عەرەبی و بۆ عەرەبەکان هاتووه، نەک بۆ فارسی زمانەکان که زمانی قورئان نازانن!

وەڵام ئەمەیه که سەرەتا: فارسیزمانانی ئەمرِۆش، زمانی (ئاوێستایی) نازانن که له زمانی (سانسکریتی)یەوه نزیکه. بەم فارسییەی ئێستەش که ئێمه قسەی پێ دەکەین، له زەوی تا ئاسمان جیاوازی هەیه. کەواته لەبەرئەمه، دەبێت ئێوەش فارسی زمانانی ئەمرِۆ بۆ بوون به (زەردەشتی) و کتێبی (ئاوێستا) بانگ نەکەن و واز له بانگەواز بهێنن!

دووەم: قورئان هەرچەنده که به زمانی عەرەبی دابەزیوه، بەڵام گوتارەکەی بەم جۆرەیه: **[ی اى هاالانسان..]** و **[ی ابری ادم]** و **[ی اى هاالناس]** نەیفەرمووه ((يا أيها العرب))! بەڵکو ئاماژه دەدات که بۆ جیهانیان هاتووه، هەر بەوجۆرەی که دەفەرموێت: **[ان هوالاذكرللعالمى ن]** (التكوير: ٢٧). واته: ((ئەم قورئانه جگه له پەند بۆ جیهانیان هیچ شتێکی تر نییه)).

دەربارەی (پێغەمبەرص) فەرموویەتی: **[وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ ]** (الانبياء: ١٠٧). واته: ((تۆمان بۆ هیچ شتێکی تر نەناردووه، تەنها ئەوه نەبێت که بۆ جیهانیان سۆز بیت)).

دیسانەوه دەفەرموێت: **[قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا]** (الاعراف: ١٥٨). واته: ((بڵێ: ئەی خەڵکینه من نێردراوی خودام بۆ هەر هەمووتان)).

له نێوان هاوەڵانی (پێغەمبەر ص)دا، کەسانی رِۆمی، فارسی و حەبەشی هەبوون، وەک: صوهەیب رِۆمی، سەلمان(روزبه)ی فارسی و بیلالی حەبەشی و (پێغەمبەر ص) پێی نەفەرموون که من بۆ ئێوه پەیامم نەهێناوه و واز له مسوڵمانێتی بهێنن! و بگەرِێنەوه سەر ئایینی باب و باپیرتان،

بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆ پاشای ئێران (خەسرەو پەروێز)، بۆ پادشای حەبەشە (نەجاشی) و بۆ ئیمپراتۆری ڕۆم (هیراکیلیوس-هیرەقل)، نامەی نارد و ئەوانیشی بۆ ئایینی ئیسلام بانگکرد. هەر بەو جۆرەی کە لە مێژووی باوەڕپێکراودا هاتووە و دەقی نامەکانی پێغەمبەری نازدار(ص)یان وەک خۆی گواستووەتەوە.

سێیەم: ئەگەر ڕاستی بە هەر زمانێک دەربکەوێت، ئەوا پێویستە وەربگیرێت و قبوڵبکرێت. ئیتر بۆ عەرەب و فارس و ئینگلیز و ڕووس و..... هتد هیچ جیاوازییەکی نییە. لەم سەردەمەدا، دانایان و زانایانی ڕۆژئاوا، بابەتەکانیان لە بواری (پزیشکی، مێژوو، فەلسەفە و زانستەکان)دا بەگشتی بە زمانی ئینگلیزی دەنووسن. ئایا ئەمە بەڵگەیە بۆئەوەی کە ئێمە بانگەشەی ئەوە بکەین کە ئێمە بیروبۆچوونە زانستییەکانی ئەوان قەبوڵ نەکەین و وەریان نەگرین، هەر لەبەرئەوەی کە بەزمانی ئینگلیزی نووسراوە و زمانی دایکیی ئێمە فارسییە؟!

یان هەندێکجار دەڵێن: ئیسلام بە زۆری شمشێر سەپێنراوە!، وەڵام ئەوەیە کە یەکەم: ئێوە، زەردەشتین نەک مسوڵمان! و خەڵکی تریش هاوشێوەی ئێوە، دەیانتوانی ئایینی باب و باپیرانیان بپارێزن و نەبنە مسوڵمان.

دووەم: (پێغەمبەر ص) فەرمووی کە لەگەڵ ئێوەدا بە هاوشێوەی (ئەهلی کیتاب) مامەڵە بکرێت و ئەهلی کیتابیش لە ئایینەکەیاندا ئازادن و هەر لە سەردەمی سەرەتای ئیسلامەوە تا ئێستا، (یەهودی و نەصرانی) لە نێوان مسوڵماناندا ژیان بەسەردەبەن و (کەنیسە) و (کڵێسا)یان هەیە. بە هەمان شێوە ئێوەش ئازاد بوون و ئازادن و پەرستگای ئاگرتان هەبووە و هەیە و خەریکن مەڕاسیمە ئایینییەکانتان بەڕێوەدەبەن.

مسوڵمانان کە هاتنە ئێران، لەگەڵ سوپای (یەزدگەرد)دا جەنگان، نەک لەگەڵ خەڵکی ئێران و ئایینی (زەردەشت)دا. سوپای ساسانی سەردەمی خوسرەو پەروێز، لە دژایەتی مسوڵماناندا دەستکورتی نەدەکرد و هۆز و خێڵە عەرەبە ئاژاوەگێڕەکانی لە دژی مسوڵمانان هاندەدا و بۆ پارێزگاری کردن لە حکومەتی ناوەندی ساسانی بەکاری دەهێنان. هەر ئەم هۆکارەش بوو کە وایکرد مسوڵمانان ڕووبەڕوویان وەستانەوە و جەنگ بەرەو ناو ئێران سەری کێشا(٢٢). ئەگەرنا، وتاری قورئان بەم جۆرەیە: **[لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ]** (البقرە: ٢٥٦)، واتە: ((بە هیچ شێوەیەک، زۆرکردن لە ئاییندا نییە)).

جا ئێمەی مسوڵمان، بە زۆر ئایین بەسەر کەسدا نادەینظ، چ مەسیحی بن یان زەردەشتی یان جگە لە ئەوانیش. یاخود دەڵێن: سەلمانی فارسی، ئیسلامی داهێناوە و فێری (محەممەد)ی کردووە!

وەڵام ئەمەیە کە: سەلمان بەپێی گوزارشتی مێژوو، لە مەدینە بە پێغەمبەر(ص) گەیشتووە، نەک لە مەککە! و لەوکاتەشدا سیانزە ساڵ بەسەر بانگەوازی ئیسلامەتیدا تێپەڕیبوو و (هەشتا سورەتی قورئانی پیرۆز) دابەزی بوو، لەم ماوەیەشدا هیچ دەنگ و باسێک لە (سەلمان) نەبوو. پاش ئەوەی کە ئەو کرابوویە بەندە، بەدەستی مسوڵمانان ئازاد بوو و بە شەرەفی مسوڵمانبوون شاد بوو و شوێنکەوتە بوو نەک شوێنکەوتووی هەبێت.

مسوڵمانانی ئەو سەردەمەی کە دەستیان گەیشت بە ئێران، (سەلمان)یان کرد بە فەرمانڕەوای (تیسفۆن)، نەک کەسێکی عەرەب! (سەلمان)یش بە ئەوپەڕی زوهدەوە حوکمی ئەو فارسانەی کرد و هیچ کرێیەکیشی لە(بیت المال)دا، لەپێناو ئەو کارەیدا وەرنەگرت، بەڵکو لە دەستڕەنگینی خۆی، سوودی وەردەگرت کە (ڕاخەڕچنین) بوو. ئەوەی نیشاندا کە مسوڵمان بە باوەڕ و خۆپارێزە، نەک

ساختەچی و گەندەڵ و ئایینفرۆش!

یان دەڵێن: ئایینی زەردەشت لە هەموو ئایینەکانی تر لەپێشتر و باشترە، چونکە پشت دەبەستێت بە ((بیر و بۆچوونی جوان، گوفتاری جوان و کرداری جوان)).

وەڵام ئەمەیە کە هەموو ئایینەکان داواکارییان ئەوەیە کە دەبێت بیروبۆچوون، وتە و کردار پەسەند و جوان بن، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئایا بیروبۆچوون، گوفتار، کرداری جوان و پاک کامەیە؟ ئایا ئێوە واگومان دەبەن کە بیروبۆچوونی هاوەڵ بۆ خوادانان و پەرستنی فریشتەکان و شۆردن بەپیسایی مانگا و هاوسەرگیری لەگەڵ مەحرەمەکاندا، لە بیروبۆچوون و کردارە پاک و جوانەکانن؟!

یان هەندێکجار دەڵێن: ئیسلام لەگەڵ دوژمنەکانیدا بەربەرەکانێ دەکات، بەڵام ئایینی زەردەشت، ئایینی ئاشتی، ئارامی و نەرم و نیانییە!

وەڵام ئەمەیە کە: زۆر بە داخەوە، ئێوە تەنانەت زۆر کەم و کورت لە ئایینەکەی خۆیشتان شارەزان، چونکە لە (گاتا)دا کە بە کۆنترین و باوەڕپێکراوترین بەشی (ئاوێستا) دادەنرێت، نووسراوە: ((هۆکاری گەندەڵی و خراپەکاری، ئەو کەسانەن کە ڕوویان کردووەتە ئایینی درۆینە(٢٣)، ئەم تێکدەرانەی ئایینی پیرۆز، دەیانەوێت ئاییندارن بێ ڕێز پیشانبدەن. جا جەستەی ئەوانە بە تاوان ئالودە بووە. ئەوە لەکوێیە پارێزەری ئایینی ئەو سەروەر و دادگەرە؟ تا ئەوانە لە ژیان و ئازادی بێبەش بکات)) (گاتا، ترجمە ابراهیم پورداود،ص: ١٤٧).

گومانی تریشیان باس کردووە، بەڵام ئێمە بە ڕەچاوکردن لە کورتی بابەتەکە بەم ئەندازەیە دەست هەڵدەگرین و هەمووان بۆ لە خودا ترسان و ترس لە لێپرسینەوەی ڕۆژی دوایی بانگهێشت دەکەین.

# سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ گاتا: بە کۆنترین بەشی ئاڤێستا دادەنرێت.

٢ طاتها: ترجمة ثور داود، صفحة٢٨ از ديباضة.

٣ طاتها: ترجمة ثور داود، صفحة٢١ از ديباضة.

٤ نامة تنسر با تصحيح مجتبا مينوي، صفحة ١١.

٥ زەند: ڕاڤەی (ئاوێستا)یە.

٦ کتيبي (اردواير افنامة) ترجمة رشيد باسمي، ص١.

٧ طاتها، ترجمة ثور داود، صفحة٣٦.

٨ طاتها، ترجمة ثور داود، صفحة١٥.

٩ دينکەرد: کتێبێکە لە بارەی ئاداب و ڕسوماتی ئايينی زەردەشتييەوە، کە لەلايەن دوو کاهينی مەجوسی ناسراوەوە لە سەردەمی (مأمون-خەليفەی عەباسی)دا کۆکراوەتەوە.

١٠ طاتها، ترجمة ثور داود، صفحة٥١.

١١ يەسنا بەشێکە لە ئاوێستا.

١٢ ئەتوانی سەيری (الموطأ)ی (امام مالك) بەشی ١،لا٢٧٧، و کتێبی (الخراج)ي (قاضی أبو يوسف – لە سەردەمی هارونە ڕەشيد دا قازی بووە)، ل١٤٠ بکەيت.

١٣ ئەتوانی سەيری کتێبی (وسائل الشيعة)ی (حر عاملي)، ب١١، ل٩٦، بکەيت.

١٤ ونديداد اوستا، ترجمة دکتر موسی جوان، صفحة ٥٩ يان (ونديداد، ترجمة هاشم رضي، ج١، ص ١٩٤ ).

١٥ ونادياد اوستا، ترجمة دکتر موسی جوان، صفحة٦١، يان (ونديداد، ترجمة هاشم رضي، ج١، ص ١٩٤ ).

١٦ ونديداد، ترجمة دکتر موسی جوان، ص ١٢٨. هەروەها بۆ زانياری زياتر ئەتوانی سەيری : بەرگی دووەمی (ونديداد)، بە لێکۆڵينەوەی بەڕێز (هاشم رضي)، ص٦٥٢ بکەيت.

١٧ ونديداد، ترجمة دکتر موسی جوان، ص ١٤٠.

١٨ ونديدات، ترجمة دکتر موسي جوان، ص ٢٤٠.

١٩ کارکردن بەم حوکمە لە (ڤەنديداد)دا، ج٣، ص٧٢٥ بە لێکۆڵينەوەی (هاشم رضي) ئەتوانن ببينن.

٢٠ ونديدات، ترجمە دکتر موسی جوان، ص٢٣٩.

٢١ ئەتوانن سەيری کتێبی (**اِڕدِ اَشَ ڤشتان**) بکەن، لا:١٨١ و ١٨٢ کە خاتوو (دکتر نزهت صفای اصفهانی) لە مەتنی (پەهلەوی)يەوە وەريگێڕاوە بۆ (فارسی). هەروەها سەيری بەرگی ٢ی (ونديداد) بە لێکۆڵينەوەی (هاشم رچی) بکەن، لا:٩٢٥.

٢٢ بۆ درێژەی بابەت ئەتوانن سود لە کتێبی (دين ستيزی نافرجام- دژەئايينيی نەزۆک-)ی ئەم بەندەيە (مەبەستی خۆيەتی – وەرگێڕ-) ببينن، لا٢٤ بە دواوە.

٢٣ مەبەست لە ئايينی تری جگە لە ئايينی زەردەشتييە.

# محەممەد عەبدوڵڵا دەراز
# فەیلەسوفی قورئان

نووسینی: محمد المختار الشنقيطي

وەرگێڕانی: نزار لەتیف ئەحمەد




تازەترین بڵاوکراوەی زنجیرە کتێبی خاڵ

# له بڵاوكراوه نوێیەكانی

# سەنتەری زەهاوی بۆ لێكۆڵینەوەی فیكریی


















# ڕاجیایی لە ئیجتیهادی سیاسی لەلای ئیسلامییەکان
# لە نێوان ڕەحمەتی فراوانی ئیسلام و تەنگەبەری بیری شمولی

د.عوسمان عەلی

ئیمام شافیعی دەڵێت: بۆچوونی من ڕاستە دەکرێت هەڵەبێت، بۆچی غەیری من هەڵەیە دەکرێت ڕاست بێت.

ئەو وتەیەی ئیمامی شافیعی چەند جوانە، کە لە سەرەوە باسکراوە، ئەوەش لە سۆنگەی تێگەیشتنی دروستەوەیە بۆ ئیسلام، دەکرێت بکرێتە مایەی مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەوانی تر. ئێمە پێویستمان بە بۆچوونی فەیلەسوفانی ڕۆژئاوایی وەک: تۆماس هۆبز، جۆن لۆک، دایڤد هیوم، ئادەم سمیس نیە لە سەدەی ١٧ و ١٨ بۆ وەگرتنی بەهاکانی پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە ڕای کەسانی تر، دکتۆر ئیسماعیل فاروقی «اطلس الحضارة الاسلامية» دەڵێت: بیروباوەڕی یەکتاپەرستی پێچەوانەی مارکسیی و نازیی و فاشییە، کە لەسەر شمولیی و ململانێی ناکۆکان قەبوڵی فرەیی دەکات لەچوارچێوەی یەکگرتن و یەکبوون، ئەوە نهێنی هێزی شارستانییەتی ئیسلامییە، کە چەندین پێشەنگی سەدە شارستانیەتی مرڤایەتی بوو، بە مەفەومی قورئانی گەواهیدەربوون لەسەر خەڵک.

بەڵام ڕابوونی ئیسلامی هاوچەرخ لەگەڵ ئیجابیاتی زۆری بەتایبەت لە بواری سیاسی، بەڵام ئەوە هەیە نازانێت فکری شمولی وەرگرتووە لە مارکسی و نازی لە قەبوڵ نەکردنی بۆچوونی خەڵکانی تر، پەنابردن بۆ بەخائین سەیرکردن و کافرکردنی ئەو کەسانەی کە ڕایان جیاوازە.

هەروەک هەندێک نووسەری ئیسلامی لە ڕێگای نووسینەکانیان بوونەتە موفتی کۆمەڵێک پارت و گرووپ لە سەدەی بیست و یەک، بههۆی ئەو جۆرە فەتوایەوە دەستیان چووەتە خوێنی مسوڵمانان، ئەوەی لە ڕابردوو لە ئەفغانستان و جەزائیر و یەمەن و سوریا و عێراق و کوردستان روویدا، بەڵگەن لەسەر ئەوەی دەیڵێین. ئەوە نەک بەفیڕۆدانی خوێنی مسوڵمانان بوو، بەڵکو شێواندنی پرۆژەی شاستانی ئیسلامی بوو.

کوردستان لە چەند مانگی ڕابردوودا دۆخێکی زۆر ناشیرنی بەخۆیەوەبینی، ئەویش ململانێی ناشیرنی هەندێک لە ئیسلامییەکان بوو، کادیر و کەسایەتییە ئیسلامییەکان لە کوردستان یەکتریان بە ترسنۆک و خیانەت و پاشکۆیەتی تۆمەتبار دەکرد، هەر لایەنە

ئەوی تری تۆمەتبار دەکرد، ئەگەر هەر لایەنێک لەو لایەنانەی کە هێرشیان دەکردە سەر یەک چەکیان هەبوایە بوایە بەکاریان دەهێنان بەرامبەر ئەوی تر.

ئیجتیهادی سیاسی، کەپێی دەگوترێت فیقەی سیاسی ئیجتیهادە لە پرسە فەرعییەکان نەک کرۆکی عەقیدە، ئەوەش سروشتیە کە تێروانینی جیاواز هەبێت بۆ ئەو پرسانە، لە پرسی ئیجتیهاد ئیبن قەیم دەڵێت: لەپرسی سوننەت و ئیجماع نەبێت، ئینکاری کارکرن بە ئیجتیهادی ناکرێت، ئەو کەسە ئیجتیهادی کردبێت، یان شوێن ئیجتیهاد کەوتبێت. (اعلام الموقعین ٣ – ٣٦٥).

ئیمامی حەرەمین دەڵێت: موجتهەید بۆی نیە ڕەخنە و سەرزەنشتی موجتهەیدێکی تر بکات، لە بابەتێک کەڕاجیایی لەسەرە، چونکە هەموو موجتهەیدێک لە بابەتی فەرعی پێکاویەتی، هەرکەس گووتی: ئەو موجتهەیدە پێکاویەتی دیارینەکراوە، قەدەغە دەبێت سەرزەنشتی موجتهەیدی مەزهەبەکانی تر بکات. (الإرشاد ص ٣١٢(

ئەو توندییەی لەلای هەندێک لە ئیسلامییەکانی کوردستان بینمان لە پرسی ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەت، یان ئۆپۆزسیۆن، سەرچاوەی لە نەزانی بە ڕەحمەتی فراوانی ئیسلام و قبوڵ نەکردنی فرەیی وەگرتووە، هەروەها تێکەوتنە لە تەنگەبەری بیری شمولی کە خراوەتە پاڵ ئیسلام، یان خۆشکردنی ئاگر لەپێناو دروستکردنی ئاژاوە لە نێو ماڵی کورددا، هەندێک لە کادیرانی ئیسلامی کە باگراوندێکی بەهێزی فیکریان نیە، پەنایان بردە بەجوێن و بوختان، تەنها بۆچوونی خۆیان پێ ڕاستە، ئەوەش جۆرێک لە پیرۆزی بۆ دیدوبۆچوونی خۆیان دروستکردووە.

ئەسڵ لە ئیسلام گومان باشی بەکاری خەڵکانی تر و مامەڵەی جوان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دیمان جیاوازە بنەمایەکە لە بنەماکانی ئیسلام، یەکێکە لە مەبادیئی شەریعەت، لە فەرمودەیەک هاتووە، کەسێک لە مزگەوتەکەی پێغەمبەر میزی دەکرد، هاوەڵان سەرزەنشتیان کرد، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نهەی لێکرد، فەرمووی: لێی گەڕێن با تەواوی بکات، پاشان شوێنەکەی بە ئاو پاک بکەنەوە، بەو پیاوەشی فەرموو: مزگەوتەکان بۆ ئەو پیسیانە ناشێن.

ئێمە پێویستمان بە گەشەپێدانی فیقەی سیاسی ئیسلامی هەیە، کە لە شەریعەتی ئیسلامیی و توراسی ئیسلامی بە ڕەچاوکردنی (مقاصد الشریعە) سەرچاوەی گرتبێت، قبوڵی فرەیی و ڕای جیاواز بکات.